# دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسیی

## ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهێنانی زانینی سیاسیی لەهەرێمی کوردستاندا

له بڵاوكراوەكانی

ناوی کتێب: دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسیی رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهێنانی
بابەت: سیاسی
ناوی نووسەر: د. ئاراز رەمەزان ئەحمەد
دیزاینی بەرگ و ناوەوە:
تیراژ: 500 دانە
چاپ: 2019
نرخ:
چاپ: چاپخانەی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (      )ی ساڵی 2019ی پێدراوە

# دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسیی

## ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهێنانی زانینی سیاسیی لەهەرێمی کوردستاندا

د. ئاراز ڕەمەزان ئەحمەد

2019

**ئەم توێژینەوەیە:**

بە دایکم
بە شەهید رائید سالار شینە رسوڵ
پێشکەشە

ئاراز

# پێڕست

## پێشەکی

لێتوێژینەوەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کایە جیاوازەکاندا، بە یەکێک لە بابەتە جێبایەخەکان هەژماردەکرێت، چونکە پەیوەندییەکی تۆکمەی بە ژیانی تاک و کۆمەڵەوە هەیە، بە تایبەت پرسی (زانینی سیاسی) و ڕۆڵی (پێگە ئەلیکترۆنییەکان) لە پێکهاتنیدا، کە هەم بابەتێکی نوێیەو هەم پێویست و گرنگە.

وەک چۆن، کرانەوەی هەرێمی کوردستان و ڕاگەیاندنەکەی، بە ڕوی جیهاندا، و پێشکەوتنی خێرای زانستو تەکنەلۆژیا، گەشەو پێشکەوتنی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. لەو نێوانەدا بایەخدانی ئەو پێگانە بە پرسو بابەتە جیاجیاکان بۆتە بوارێکی دیاری تاووتوێکردنو توێژینەوەی زانستی.

لەم ڕوانگەیەوە، دەست بە تاووتوێکردنی (ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا/ توێژینەوەیەکی شیکاری و مەیدانییە) کرا، کەوا ڕاپرسی گۆشەنیگای مامۆستایانی هەردو زانکۆی (ڕاپەڕین، جیهان)ـە سەبارەت بە بابەتەکە لەلایەک، و ناخشیکارییە بۆ هەواڵە سیاسییەکانی پێگەی ئەلیکترۆنیی (ڕووداو) لەلایەکیترەوە. چونکە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە گشتی، لە سەردەمی ئێستای جیهانگیریو تەکنۆلۆژیای نوێدا، ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەرییان هەیە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریو ڕۆشنبیریو شرۆڤەی سیاسیی، دەربارەی پرۆسەو کەسێتییو پارتە سیاسییەکان، هەروەک ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە چاندنی زانینو ڕۆشنبیرییو هۆشیاریی سیاسیی لای جەماوەر.

هەربۆیە هەموو ئەو هۆکارانە وایان لە توێژەر کردووە بە پشتبەستن بە میتۆدی زانستی لەم بوارەدا بکۆڵێتەوە، بۆئەوەی بتوانرێت نارۆشنی و

تەمومژاویبونی "رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا" رونبکرێتەوە. کە سەرەکیترین کێشەی توێینەوەکەیە. هەروەها بۆ رۆشنکردنەوەی زیاتری کێشەکە، دەکرێ چەند پرسیارێکی تر بخرێنەڕوو، لەوانە: ئاستی رۆڵبینینی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە چاندنی زانینی سیاسیی لای جەماوەری دەستەبژێر (نوخبە) لە هەرێمی کوردستاندا چۆن بوە؟ ئایا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، کاریگەریی ئەرێنیو نەرێنیان هەبووە لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا؟ ئایا جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا، تا چ ئەندازەیەک پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دەبەستن بۆ وەرگرتنی زانیارییو رۆشنبیریی و شرۆڤەی سیاسیی؟ پێکهاتەو ناوەڕۆکی هەواڵی سیاسیی لە پێگە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چییە؟

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (وەسفی)یە و، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە پراکتیکیەکەی، هەردوو رێکاری (ناخشیکاری و راپرسی) بەکارهێنراون. هەروەها لەڕێی سازاندنی ساڵێکی دەستکردەوە بۆ مشتەی توێژینەوەکە، کە پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)ـە، ناخشیکاری بۆ داتاکان کراوە.

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە کۆی مامۆستای زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەلایەک و، لەلایەکیترەوە کۆی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ساڵی (٢٠١٧)دا.

مشتەی توێژینەوەکە، بریتییە لە مامۆستایانی (٢) زانکۆی هەرێمی کوردستان، کە زانکۆیەکی حکومی: (زانکۆی راپەڕین)، هەروەها زانکۆیەکی ئەهلی: (زانکۆی جیهان/ هەولێر) لەلایەک و، پێگەی ئەلیکرۆنیی (رووداو) لەلایەکیترەوە. بۆیە مشتەی توێژینەوەکە مامۆستایانی زانکۆ هەڵبژێردراون، چونکە پێمانوابووە، کە مامۆستایانی زانکۆ ئاستی رۆشنبیرییان لە ئاستێکی

بالآدایە بە بەراورد بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ، لەبەرئەوە گریمانەی ئەوە کراوە زۆرترین کاریگەریی میدیای ئەلکترۆنیان لەسەر بێت، جگەلەوە بەکارهێنانی راگەیاندنی ئەلکترۆنی ئاستێکی بەرزی خوێندەواری و زانینی پێویستە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)، دەگەڕێتەوە بۆ بەرفراوانیی ئەو پێگەیە لە روی پەخش و بابەت و روماڵەکانییەوە بۆ رووداوە سیاسییەکان لە ئاستە جیاوازەکاندا.

لەناو ژانرە رۆژنامەوانییەکانی ئەو پێگەیە، بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە، (هەواڵ) هەڵبژێردراوە، لەناو هەواڵەکاندا (هەواڵی سیاسی)، بەهۆی رۆڵی لە پێکهاتنی زانین و رۆشنبیری و هۆشیاریی سیاسییدا.

گرنگترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، بریتییە لە: فۆرمی راپرسی، کە لە چەندین برگەو پرسیار پێکهاتووە، بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، هەروەها توێژەر لە توێژینەوەکەدا کەرەستەی ئاماری بەکارهێناوە، وەک پرۆگرامی (SPSS[١]). ئەمە جگە لە چاوپێکەوتن و تێبینیکردن.

ئەم توێژینەوەیە، لە شەش بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، کە ئەم تەوەرانەی لەخۆگرتوە: رەهەندەکانی توێژینەوەکە، دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە، توێژینەوەکانی پێشوو، تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو.

---

[١] (SPSS)، بە سیستمێکی پێشکەوتوو و گرنگ دادەنرێت، کە لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامارێکی راست و دروست، هەروەها کەرەستەیەکی ئاماریی پێشکەوتووە، بۆ شیکردنەوەی زانیاریی و داتاکان بەکاردێت، بە تایبەت لە بوارەکانی زانستیی کۆمەلایەتییدا.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە، تایبەتە بە (ڕاگەیاندن و زانینی سیاسیی)، کە بەسەر دوو باسدا دابەشبووە، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ زانینی سیاسیی و پێکهاتەکانی، هەروەها باسی دووەم ڕۆڵی ڕاگەیاندنی لەپێکهاتنی زانینی سیاسییدا گرتۆتەخۆ.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە، بەناونیشانی (پێگەی ئەلیکترۆنی و زانینی سیاسیی)، لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان و قۆناغەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنیان. لە باسی دووەمدا، ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی لە چوارچێوەی تیۆری (چاندنی ڕۆشنبیری)دا خراوەتەڕوو.

بەشی چوارەمی توێژینەوەکەش، لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و تایبەتە بە خستنەڕووی تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ، سەبارەت بە ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەپێکهاتنی زانینی سیاسیی لەهەرێمی کوردستاندا، و شرۆڤەکردنی.

وەک چۆن بەشی پێنجەمی توێژینەوەکە پەیوەستە بە لایەنی شیکاریی توێژینەوەکە، کە تایبەت کراوە بە ئاست و ئاڕاستەی زانینی سیاسیی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، کە لەم بەشەدا مشتەیەکی ئامانجداری ڕێکخراو وەرگیراوە، بۆ ناخشیکاریی ئەو هەواڵە سیاسییانەی، کە لە ماوەی ساڵێکدا لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (ڕووداو)دا پەخش و بڵاوکراونەتەوە.

بەشی شەشەمی توێژینەوەکە، پێکدێت لە خستنەڕووی دەرەنجامو ڕاسپاردەو پێشنیازەکانی توێژینەوەکەو سەرچاوەکان.

لە گرنگترین دەرەنجامەکان:

١. زۆرترین ڕێژەی ڕادەی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان (١-٣) کاتژمێردایە،

له ماوەی (٢٤) کاتژمێردا.

٢. زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان وەکو سەرچاوەیەکی (زانینی سیاسی) بەکاردەهێنن.

٣. هۆکارەکانی (ئاسانی لەبەکارهێنانو خێرایی لە گواستنەوەی زانیاری)دا، بە گرنگترین هۆکارەکانو پاڵنەری (خێرایی لە گەیاندن) بە گرنگترینو یەکەمین پاڵنەر لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا دادەنرێت، بۆ بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک سەرچاوەیەکی زانینی سیاسی.

٤. (زمان) رۆڵی گرنگی هەبووە لە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە بیانییەکان، لەناو پێگە ئەلیکترۆنییە بیانییەکاندا پێگە عەرەبی و ئینگلیزییەکان زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا.

٥. پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان سەرچاوەیەکی باشی (هۆشیاریی سیاسی)ین لای مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا.

٦. مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ دەوڵەمەندکردنی (زانیارییە سیاسییەکان)یان پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن.

٧. (کاروباری سیاسیی هەرێمی کوردستان) بە گشتی گرنگترین بوارە، کە لە رێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوەو لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا بەدواداچوونیان بۆ کراوە.

٨. (شیکردنەوەی سیاسیی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا) جێی متمانەن، چونکە پشت بە لێکدانەوەی زانستییو بابەتیبوونی رووداوەکان دەبەستن، هەروەها دەبێتەهۆی هۆشیارییەکی کاتی، کە دەکرێ بە جەختکردنەوەی بەردەوام رەگ داکوتێ، وەکچۆن شیکردنەوەی سیاسیی بە شێوەیەکی واقیعی گوزارشت لەوێناکردنو دنیابینیی وەرگران دەکات.

٩. (هەواڵی سیاسی) لە نێو هەواڵەکانی پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)دا، زۆرترین رێژەی هەیەو بەرزترین ئاستی وەرگرتوە لە روی ژمارەوە.

١٠. لەناو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە کاروباری عیراق لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)دا، هەواڵەکانی پەیوەست بە (پرسی پەیوەندیی عیراقو هەرێمی کوردستان) پلەی یەکەمو هەواڵەکانی پەیوەست بە (پرسی ئاسایشو جەنگ) پلەی دووەمی وەرگرتووە.

١١. پرسی هەڵبژاردنو ریفراندۆم لە باشوری کوردستانو لەناویاندا هەواڵەکانی پەیوەست بە (ریفراندۆمو سەربەخۆیی باشوری کوردستان) پلەی یەکەمو زۆرترین پانتایی هەواڵەکانی پێدراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)دا.

١٢. لە پرسی شەڕی تێرۆرو باشوری کوردستاندا لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)دا، (رووداوەکانی تەقەکردنو رفاندن لە شارەکاندا، سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لەشەڕی دژی تێرۆردا) بایەخی تایبەتیان پێدراوە.

ئاراز رەمەزان
araz.ahmad٨٥@gmail.com

# بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

## یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

### ١. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:

میدیای ئەلیکترۆنی لە ڕۆژگاری ئێستادا پانتاییەکی زۆری جەماوەریی داگیرکردووەو زۆرترین ڕێژەی پەیام تێیدا ئاراستەی وەرگرو جەماوەر دەکرێت، بەهۆی ئاسانیی بەکارهێنان و بوونی تایبەتمەندیی زۆر تێیدا، بەکورتی گرنگترین هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشان و بیرۆکەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو لەوانە:

أ. کەمیی توێژینەوەی ئەکادیمی دەربارەی ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنیەکان (وێب سایتەکان) لەپێکهێنانی زانینی سیاسیی لەهەرێمی کوردستان، و بەپێی سەرچاوەکان ئەم توێژینەوەیە دەبێتە یەکەم توێژینەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دەربارەی "ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەپێکهێنانی زانینی سیاسیی لەهەرێمی کوردستان"، ئەوە وای لەتوێژەر کردووە ئەم بیرۆکەیە هەڵبژێرێت، واتە نوێبوونی بابەت فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

ب. زانیاریی زۆری توێژەر دەربارەی میدیای ئەلیکترۆنی، بەجۆرێک ماستەرنامەی توێژەر بەهەمان شێوە لەسەر سۆشیال میدیاو کاریگەری لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بووە، کە سۆشیال میدیا فۆڕمێکی تازەی میدیای ئەلیکترۆنیەو هاوکات بەشداریی سیاسی بەشێکی گرنگی توێژینەوەی ماستەری توێژەر بووە.

ج. گەشەی میدیای ئەلیکترۆنی و پاشەکشەی میدیای چاپ و گرنگیدانی زیاتری وەرگر بە میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا، هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردنی بیرۆکەی توێژینەوەکە بووە، بەجۆرێک لەساڵانی (٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧)، بەهۆی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و

دابەزینی ڕێژەی فرۆشی ڕۆژنامەکان، بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەکان لەچاپکردن وەستێندران و هاوکات پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان بەردەوامیان هەیە.

## ٢. کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوە، ئەو خاڵە بنەڕەتیەیە، کە توێژینەوەی زانستیی لێوە سەرچاوە دەگرێ، لەپێناو چارەسەرکردنی پرسی زۆری بواری توێژینەوە، لەو سۆنگەیەوە، کۆمەڵێ بابەت و پرسگەلی پەیوەست بە راگەیاندن هەن، کەوا دەکرێ لە ڕێگەی توێژینەوەوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

سەرەکیترین کێشەی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ناڕۆشنی و تەمومژاویبونی "رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا."

بۆ رۆشنکردنەوەی زیاتری کێشەی توێژینەوەکە، دەکرێ چەند پرسیارێکی دیکە بخرێنەڕو، لەوانە:

١. ئاستی رۆڵبینینی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە چاندنی زانینی سیاسیی لای جەماوەری بژاردە (نوخبە) لە هەرێمی کوردستاندا چۆن بووە؟

٢. ئایا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنیان هەبووە لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا؟

٣. ئایا جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا، تا چ ئەندازەیەک پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاریی و رۆشنبیریی و شرۆڤەی سیاسیی بەکاردەهێنن؟

٤. پێکهاتە و ناوەڕۆکی هەواڵی سیاسیی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چییە؟
٥. رادەی بایەخدانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەو پرس و بابەتانەی سەرچاوەی پێکهاتنی زانینی سیاسیین، چەندە؟
٦. ئایا پێگە ئەلیکترۆنییەکان رۆڵیان هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی و هۆشیاریی سیاسیی جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا؟

### ٣. بایەخی توێژینەوەکە:

ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و رۆڵی لە دروستکردنی زانینی سیاسی لەرۆژگاری ئێستای مرۆڤایەتیدا بابەتێکی گرنگ و حەتمییە، بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان کە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوەو ئەو شەپۆلە جیهانگیرییە بەهەمان شێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو لەهەرێمی کوردستان کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی سیاسیی و جێکەوتە سیاسییەکان دروستکردووە، بەتایبەتی ئینتەرنێت و لەو نێوەندەدا پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر سروشتی هۆشیاریی سیاسی لەئێستادا کاریگەریی زۆری بەجێهێشتووە. هەروەک توێژینەوەکە هەم بۆ پسپۆڕانی بواری راگەیاندن گرنگیی تایبەتی خۆی دەبێت و دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت، هەم لەبواری پراکتیکدا، دامەزراوەو کەناڵەکانی راگەیاندن لەکوردستاندا دەتوانن لێی سوودمەندبن، جگەلەوە کتێبخانەی کوردی کەمترین توێژینەوەی لەسەر بابەتی رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و زانینی سیاسیی تێدایە.

**٤. ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، ئامانجی زانستی و بابەتی لەپشتەوەیە، ئەم توێژینەوەیەش ئامانجی زانستیی خۆی هەیە، و لەگرنگترین ئامانجەکان بریتین لە:

١. ئاشکراکردنی ئاستی رۆڵبینینی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە چاندنی زانینی سیاسیی لای جەماوەری دەستەبژێر (نوخبە) لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. دەرخستنی کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنیی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. دیاریکردنی رادەی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بۆ وەرگرتنی زانیاریی و رۆشنبیریی و شرۆڤەی سیاسیی لەلایەن جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا.

٤. زانینی پێکهاتە و ناوەڕۆکی هەواڵی سیاسیی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

٥. ئاشکراکردنی رادەی بایەخدانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەو پرس و بابەتانەی سەرچاوەی پێکهاتنی زانینی سیاسیین.

٦. زانینی رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی و هۆشیاریی سیاسیی جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا.

**٥. جۆرو ڕێکاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی (وەسفی)یە و، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە پڕاکتیکیەکەی، هەردوو ڕێکاری (ناخشیکاری و ڕاپرسی) بەکارهێنراون.

هەروەها لەڕێی سازاندنی ساڵێکی (گریمانەیی) دەستکردەوە بۆ مشتەی توێژینەوەکە، کە پێگەی ئەلیکترۆنیی (ڕووداو)ە، ناخشیکاری بۆ داتاکان کراوە.

**٦. سنورو بواری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە بەسەر سێ بواری جیاوازدا دابەشبووە، کە ئەمانەن:

أ. بواری شوێن: توێژەر، زانکۆکانی (ڕاپەڕین و جیهانی) لەشارەکانی ڕانیەو هەولێر لەهەرێمی کوردستانی عیراق وەک مشتەی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە.

ب. بواری کات: کاتی توێژینەوەکە بریتییە لە ساڵی (٢٠١٧)، کە پرسیار دەربارەی ڕوداو و پێشهاتەکانی ئەو ماوەیە کراوە و لە پرس و بابەتەکانی کۆڵراوەتەوە، چونکە زۆرترین ڕوداوی سیاسیی لەو ساڵەدا ڕویانداوە.

ت. بواری مرۆیی: توێژەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی ڕاپرسینامە (فۆڕمی ڕاپرسی)یەوە چەندین پرسیارو بڕگە بەسەر (٢٤٣) مامۆستای زانکۆدا دابەش بکات و، بیکاتە مشتەی توێژینەوەکەی و وەڵامی وردی دەربارەی پرسیارەکان دەستبکەوێت.

پ. بواری بابەتی: پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دەگرێتەوە بە پێکهاتەی ناوەڕۆکییانەوە، کە پێگەی ئەلیکترۆنیی (ڕووداو) وەکو نمونەیەک وەرگیراوە.

**٧. شێوازو ئامرازەكانی توێژینەوەكە:**

بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەكانی توێژینەوەكەو بەدیهێنانی ئامانجەكانی، توێژەر ئەم ئامرازانەی بەكارهێناوە بۆ كۆكردنەوەی زانیارییەكان و شیكارو شرۆڤەی زانستیانەی داتا وەرگیراوەكان:

**یەكەم**/ فۆڕمی ڕاپرسی: بۆ كۆكردنەوەی داتاو زانیاریی پێویست لە ڕێی ڕاپرسی، چەندین پرسیاری پەیوەست بە توێژینەوەكە ئاڕاستەی بەشداربوان كراون، كە لە سەرچاوە ئاساییەكاندا ئەو زانیارییانە بەردەست ناكەون.

**دووەم**/ چاوپێكەوتن: بۆ كۆكردنەوەی هەندێ زانیاریی پێویست دەربارەی نمونەی توێژینەوەكە بەكارهاتوە، كە لەگەڵ بەڕێوەبەری پێگەی ئەلیكترۆنیی (ڕووداو) ئەنجامدراوە.

**سێیەم**/ تێبینیكردن: بریتییە لە سەرنجدانی توێژەر بۆ بابەت و ڕەوش و ڕوداوەكان، هەروەها تێبینیكردنی سەبارەت بە ڕاگەیاندنی كوردی و ڕۆڵ و كاریگەریی.

**١. رواڵەتە دروستی و جێگیری:**

**١. راپرسی:**

ا. رواڵەتە دروستی:

بە مەبەستی دڵنیابون لە ڕێکوپێکیی فۆڕمی راپرسیەکە و گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا، و دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی راپرسیەکە، بە پشتبەستن بە رواڵەتەدروستی (الصدق الظاهري)، لەلایەن ژمارەیەک (پسپۆڕ)ـەوە(*) هەڵسەنگێنرا، پاشان سەرنجەکانیان تاوتوێکرا، و بەپێی پێویست و گونجان گۆڕانکارییان تێدا کرا. و لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (هۆڵستی)یەوە رادەی دروستییەکە دەرهێنرا، کە بریتییە لە (٩٦%)(*)، کە لە رووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە. بڕوانە پاشکۆی (١).

ب. جێگیری:

بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری (الثبات)ی راپرسیەکە لە ڕێگەی کاتەوە، بەشێوازی دووبارە کردنەوەو بەپشت بەستن بە هاوکێشەی (هۆڵستی)، توێژەر گەیشتە ئەوەی کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٩٣%)، کەوا لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە. بڕوانە پاشکۆی (٢).

---

(*) ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی هەڵسەنگاندنی فۆرمی راپێوی:

١- پ.ی.د. مەغدید خدر ئەحمەد سەپان/ راگەیاندن/ رۆژنامە/ کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین

٢- پ.ی.د. رزوان خدر احمد/ راگەیاندن/ رۆژنامە/ کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین

٣- پ.ی.د. حبیب مال الله ابراهیم/ راگەیاندن / تەلەفزیۆن/کۆلێژی ئەدەبیات / زانکۆی سەلاحەددین

٤- پ.ی.د. هێمن مەجید حەسەن/ راگەیاندن / تەلەفزیۆن/ فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی

٥- پ.ی.د. نەزاکەت حەمەسەعید حسێن/ راگەیاندن/ تەلەفزیۆن/ فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

٦- پ.ی د. حەکیم عوسمان حمید/ راگەیاندن/ تەلەفزیۆن/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی و راگەیاندن/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

٧- د. سامان جەلال مەولود/ راگەیاندن / تەلەفزیۆن / کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین

٨- د. کاروان عەلی قادر/ راگەیاندن / رۆژنامە/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

٩- د. محمد خدر مەولود/ راگەیاندن / رۆژنامە/ کۆلێژی ئاداب و هونەر/ زانکۆی جیهان

(*) بڕوانە پاشکۆی (١) و (٢).

٢. **ناخشیکاریی:**

آ. رواڵەتە دروستی:

بە مەبەستی دڵنیابون لە ڕێکوپێکیی ناخشیکارییەکە و گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا، و دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی ناخشیکارییەکە، بە پشتبەستن بە رواڵەتە دروستی (الصدق الظاهري)، لەلایەن ژمارەیەک (پسپۆڕ)ـەوە(**) هەڵسەنگێنرا، پاشان سەرنجەکانیان تاوتوێکرا، و بەپێی پێویست و گونجان گۆڕانکارییان تێدا کرا. و لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (هۆڵستی[٢])یەوە ڕادەی دروستییەکە دەرهێنرا، کە بریتییە لە (٩٤.٢%)(*)، کە لە رووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە. بڕوانە پاشکۆی (٣).

ب. جێگیری:

---

(**)ناوی شارەزایان و پسپۆرانی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ناخشیکاریی:

١- پ.ی.د. مەغدید خدر ئەحمەد سەپان/ راگەیاندن/ رۆژنامە/ کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین

٢- پ.ی.د. حبیب مال الله ابراهیم/ راگەیاندن / تەلەفزیۆن/کۆلێژی ئەدەبیات / زانکۆی سەلاحەددین

٣- پ.ی.د. هێمن مەجید حەسەن/ راگەیاندن / تەلەفزیۆن/ فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی

٤- پ.ی.د. فواد علی احمد / راگەیاندن/ رۆژنامە / فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

٥- پ.ی د. عومەر ئەحمەد رەمەزان/ راگەیاندن / رۆژنامە / فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی

٦- پ.ی.د. یەحیا عومەر ریشاوی/ رۆژنامە/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

٧- د. صادق حەمەغەرین حمەصالح/ راگەیاندن/ رۆژنامە/ کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین

[٢] هاوکێشەی هۆڵستی: هاوکێشەیەکی ئامارییە بۆ ئەو جۆرە توێژینەوانە بەکاردێت کە فۆڕمی ڕاپرسییان هەیەو بەشێوەیەکی مەیدانین یان شیکارین، لەڕێگەی ئەو هاکێشە ئامارییەوە ڕادەی جێگریی و دروستی فۆڕمی ڕاپرسیی و فۆڕمی شیکاری دیاردیدەکرێت.

(*) بڕوانە پاشکۆی (٣) و (٤).

بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری (الثبات)ی ناخشیکارییەکە لە ڕێگەی کاتەوە، بەشێوازی دووبارە کردنەوەو بەپشت بەستن بە هاوکێشەی (هۆڵستی)، توێژەر گەیشتە ئەوەی کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٨٢%)، کەوا لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە. بڕوانە پاشکۆی (٤).

**٩. کۆمەڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە کۆی مامۆستای زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەلایەک و، لەلایەکیترەوە کۆی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ساڵی (٢٠١٧)دا.

**١٠. مشتەی توێژینەوەکە:**

مشتەی توێژینەوەکە، بریتییە لە مامۆستایانی (٢) زانکۆی هەرێمی کوردستان، کە زانکۆیەکی حکومی: (زانکۆی ڕاپەڕین)، هەروەها زانکۆیەکی ئەهلی: (زانکۆی جیهان/ هەولێر) لەلایەک و، پێگەی ئەلیکرۆنیی (ڕووداو) لەلایەکیترەوە. بۆیەشە مشتەی توێژینەوەکە مامۆستایانی زانکۆ هەڵبژێردراون، چونکە مامۆستایانی زانکۆ ئاستی ڕۆشنبیرییان لە ئاستێکی باڵادایە بە بەراورد بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ، بۆیە گریمانەی ئەوە کراوە زۆرترین کاریگەریی میدیای ئەلکترۆنیان لەسەر بێت، جگەلەوە بەکارهێنانی میدیای ئەلکترۆنی ئاستێکی بەرزی خوێندەواری و زانینی پێویستە.

کۆمەڵی توێژینەوەکە خۆی لە مامۆستایانی زانکۆکانی (ڕاپەڕین و جیهان/ هەولێر) دەدۆزێتەوە، لە دەستەی وانەبێژی خاوەن ناونیشانی زانستی ( مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر، پڕۆفیسۆر)، لەهەردوو پسپۆڕی زانستە سروشتییەکان و زانستە مرۆییەکان. بەو پاساوەی مامۆستای زانکۆ نوێنەرایەتی توێژێکی کۆمەڵایەتی دەکات، کەوا تا

ئەندازەیەکی زۆر لەرووی رۆشنبیری و هۆشیاری و (مەعریفی)وە بەهرەمەندەو، بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە لە چین و توێژەکانی دیکە گونجاوترە. هەروا ژمارەی مامۆستایانی (زانکۆی راپەڕین) دەکاتە (٢٣٥[٣])، لەم توێژینەوەیەدا سامپڵێکی رێکخراو (عينة منتظمة) لەکۆمەڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە رێژەکەی دەکاتە (٥٨.٢٩%) مامۆستا وەرگیراوەکان ژمارەیان (١٣٧) مامۆستا بووە، هەروەها مامۆستایانی زانکۆی جیهان/ هەولێر رێژەیان (٢٩.٤٤%)بوەو مامۆستا وەرگیراوەکان ژمارەیان (١٠٦) مامۆستا بووە لەکۆی (٣٦٠[٤]) مامۆستا، بەکۆی گشتی هەردوو زانکۆ مامۆستا وەرگیراوەکان ژمارەیان (٢٤٣) مامۆستا بووە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)یش، دەگەڕێتەوە بۆ بەرفراوانیی ئەو پێگەیە لە روی پەخش و بابەت و روماڵەکانییەوە بۆ رووداوە سیاسییەکان لە ئاستە جیاوازەکاندا.

لەناو ژانرە رۆژنامەوانییەکانی ئەو پێگەیە، بە هۆی کاریگەرییەکەیەوە، (هەواڵ) هەڵبژێردراوە، لەناو هەواڵەکاندا (هەواڵی سیاسی)، بە هۆی رۆڵی لە پێکهاتنی زانین و رۆشنبیری و هۆشیاریی سیاسییدا.

**دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

لەم تەوەرەدا، واتای دیارترین چەمک و زاراوە بەکارهاتوەکانی نێو توێژینەوەکە روندەکەینەوە و مەبەستەکانییان دیاریدەکەین:

---

٣. بەڕێوەبەرایەتی ئامارو ئایتی زانکۆی راپەڕین، ئایاری ٢٠١٨. و (پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆی راپەڕین، لەم لینکەوە (https://www.uor.edu.krd/)

٤. پێگەی ئەلیکترۆنی زانکۆی جیهان/ هەولێر، ئایاری ٢٠١٨، لەم لینکەوە (https://w.cihanuniversity.edu.iq/about-us/).

١. **ڕۆڵ:** چالاکییەکە لە شوێنێک، یان ئامانجێکە، کەسێک یان دامەزراوەیەک لە بارودۆخێکدا ئەنجامیدەدات، لە ڕێکخراوێکدا، لە کۆمەڵدا، یان لە پەیوەندیدا دەگێڕدرێت(Cambridge Dictionary, ٢٠١٧).

٢. **پێگەی ئەلیکترۆنی** (**وێب سایت**): پێگەیەکی (Hyperlink)ـە و لە چەند لاپەڕەیەک پێکهاتووەو لەناو تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی جیهانی ( World Wide Web) بەیەکەوە بەستراونەتەوە، و دەتوانرێت نووسین و دۆکیومێنت و دەنگ و ڤیدیۆو وێنەو گرافیکی تێدا جێگیربکرێت و بڵاوبکرێتەوە لەلایەن تاکەکەس، ڕێکخراو و دامەزراوەی جیاوازەوە(Dictionary.com, ٢٠١٧).

٣. **زانینی سیاسی:** زانینی سیاسیی بریتییە لە گەشەکردن و ئەزموونی سیاسیی و هەڵگرتن و وەرگرتنی زانیاریی دروست دەربارەی زانینی سیاسیی، جا دەربارەی بەشداریی سیاسیی بێ، یان هەر بابەت و پرۆسەیەکی دیکەی سیاسیی(Cambridge Dictionary, ٢٠١٦)

٤. پێکهاتن: مەبەست لێی دروستبوون، چاندن، یان هاتنەئارای پرس و بابەت و دیاردەیەکی تایبەت و دیاریکراوە، بەهۆی ڕۆڵ و کاریگەریی کەسێک، گرووپێک، ئامرازێک، یان پرۆسەیەک، ... تاد. (en.oxforddictionaries.com,٢٠١٨)

٥. **هەرێمی کوردستان:** ناوچەیەکی جوگرافیاییە، دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵیە لە چوارچێوەی کۆماری عیراق، و لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بە پشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عیراق، دانی پێدانراوە (دەستوری هەمیشەیی عیراق، ٢٠٠٥)

**سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

لێرەدا ئەو توێژینەوانە دەخرێنەڕوو و بەراورد دەکرێن لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا کە پێشتر لەم بوارەدا ئەنجامدراون لەلایەن توێژەرانی تر لە کوردستان و عیراق و لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشوو هاوکاریی توێژەر دەکات بۆ هەڵبژاردن و دۆزینەوەی کێشەو ئامانجێکی روون و نویێ بۆ توێژینەوەکەی، هەروەکو دووری دەخاتەوە لە دووبارەکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها هاوکار دەبێت بۆئەوەی بە میتۆدێکی زانستی تاوتوێی بابەتەکە بکات. کە لێرەدا توێژینەوەکان لەسەر بنەمای شوێن ریزبەندیان بۆ کراوە:

**یەکەم/ توێژینەوەی کوردستانی**

١. **هێمن مجید حسن (زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی راگەیاندن)/ لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی نوسراوە.**

**بەرنامە سیاسیەکان لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان و رۆڵیان لە پێکهاتنی هۆشیاریی سیاسیی لای جەماوەر (٢٠١١)**

ئەم توێژینەوەیە، جەختیکردۆتەوە لەسەر رۆڵ و گرنگیی بەرنامە سیاسییەکان لە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاریی سیاسیی لەنێوان سالانی (٢٠٠٩/١١/١ تاکو ٢٠١٠/١/٣١) و هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (KNN) و (PUK) بە کەیسی توێژینەوەکە وەرگیراون.

ئەم توێژینەوەیە، لەو توێژینەوە (وەسفی)یانەیە کە لەهەوڵی ئاشکراکردن و روونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی خۆیدایە، و لە پانتایی رێبازەکانی (شیکاریی و ڕووماڵکاریی) دا و بە پشتبەستن بە کەرەستەکانی (راپرسی و ناخشیکاری).

**له گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. دڵنیابوون لە تاووتێکردن و شیکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە دەبنە هۆکاری پێکهێنان و گەشەکردنی هۆشیاریی سیاسی و تواناکانی لەلایەن ئەو بەرنامە سیاسیانەوە کە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان پەخشیدەکەن.

٢. دڵنیابوون لەو هەوڵانەی کە ئەو ئامرازانە خستوویانەتە گەڕ بەمەبەستی دارشتنی بایەخبەندی (ئەجێندا) خەڵکی کوردستانی عیراق، و لەوێوە دیاریکردنی ئاڕاستەو چۆنێتی بەرجەستەبوونەکەی.

٣. ئاشکراکردنی جۆری ئەو زانیاریی و هزرانەی کە ئەو بەرنامە سیاسیانە پێشکەشیان کردووە بەمەبەستی پێکهاتنی هۆشیاری سیاسی و گەشەکردنی لە هەرێمی کوردستاندا.

**له گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١. بەرنامە سیاسیە کوردیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەبواری دوو رەهەندی دژبەیەکدا، رۆڵی خۆیان بەرجەستە کردووە، واتە رۆڵی (پۆزەتیڤ) و رۆڵی (نێگەتیڤ)، لە بەرامبەر کۆمەڵدا. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەماو گوتارە پێکهاتەییە لێکنەچوانەی ناو کۆمەڵ کە لەسروشتی پێکهاتەیی گروپە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

٢. کۆنترۆڵکردنی بوارەکانی شیکاری سیاسی و راڤەکردنەکەی لەلایەن کەسایەتی حیزبی و سیاسیەکانەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە پسپۆڕنین و ناشارەزان لە بواری سیاسیدا. کە ئەوە دەکاتە بەکەم تەماشاکردنی پسپۆڕێتی و هەبوونی زانین لەلایەک و باڵکێشانی حزب بەسەر کایەکانی گەیاندن و راگەیاندندا.

٣. بایەخنەدان بە لایەنە یاساییەکانی ئەو دۆز و بابەتانەی، کە کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان پەخشی دەکەن لە بەرنامە سیاسیەکانیاندا. ئەوە

دەگەڕێتەوە بۆ بە پەراوێز کەوتنی یاسا و داوەری لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. **عمر احمد رمضان** (**زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن**)/ **لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی نوسراوە.**

**ڕۆڵی ڕۆژنامەنوسیی ئەلیکترۆنیی کوردی لە پێکهاتنی ئاراستەی سیاسیی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی** (٢٠١٢)

ئەم توێژینەوەیە جەختیکردۆتەوە لەسەر ڕۆڵی ڕۆژنامەنوسیی ئەلیکترۆنیی کوردی لە پێکهاتنی ئاراستەی سیاسیی و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بە سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون و داتاکان لەرێگەی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسیەوە بوە لە (١٥/١٠/٢٠١١- ١٥/٤/ ٢٠١٢). توێژینەوەکە لەروی جۆرەوە وەسفیەو ڕێبازی توێژینەوەی روپێوکاری تێدا بەکارهاتوە.

**لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. ئاشکراکردنی ڕادەی بایەخپێدانی مامۆستایانی زانکۆ، بەوەی لە ڕۆژنامەنوسیی ئەلیکترۆنیی کوردیدا بڵاودەبێتەوە لە بابەتە سیاسییەکان، کەوا کاریگەرییان لە پێکهاتنی ئاراستەی سیاسییاندا هەیە .

٢. دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییانەی کە مامۆستایانی زانکۆ بەلایدا دەچن و بەریاندەکەون، بەپێی لەپێشینەییان.

٣. زانینی ئاستی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ڕۆژنامەنوسیی ئەلیکترۆنیی کوردی لە دروستکردنی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی سیاسییدا.

**له گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١- بەرجەستەکردنی رۆڵی رۆژنامەنوسیی ئەلیکترۆنیی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و بە نەرێنی و ئەرێنییەوە بەرامبەر کۆمەڵ، ئەم هەمەڕەنگییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی سروشتی پێکهاتەیی سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردی و پاڵنەرەکانی، سەرباری بونیادی پێکهاتەیی رۆژنامەنوسیی ئەلیکترۆنیی کوردی .

٢- زۆرینەی بەرتوێژان جەخت لەوەدەکەنەوە، رۆژنامەنوسیی ئەلیکترۆنیی کوردی رۆڵی لە پێکهاتنی ئاراستەی سیاسییاندا هەیە. ئەمە مانای ئەوەیە، کە ئینتەرنێت، وەک یەکێک لە ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری، پێگەیەکی کاریگەری داگیرکردوە لە کۆنترۆڵکردنی پرۆسەکانی پێکهاتنی ئاراستە سیاسییەکاندا .

٣- داتا مەیدانییەکانی توێژینەوەکە، ئاماژەن کەوا ئەو بابەتانەی لە رۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە بڵاودەبنەوە، کاریگەرییان لەسەر پێکهاتنی ئاراستە سیاسییەکانی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی هەیە.

**دووەم/ توێژینەوەی عیراقی**

**د. علاء نجاح نوری (جامعه بغداد، كليه الإعلام، قسم الصحافه الإذاعية و التلفزيونية)**

**پشتبەستن بە رادیۆو تەلەڤزیۆنە نێودەوڵەتییەکان و رۆڵیان لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی لای رۆژنامەنووسانی عیراق (٢٠١٤)**

ئەم توێژینەوەیە جەختیکرۆدتەوە لەسەر ئەوەی کە رادیۆ رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسیی لەناو جەماوەردا. ئەم رۆڵە لەدوای سەرهەڵدانی جیهانگیری و پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکانەوە گەشەی زۆرتری بەخۆیەوە بینیوە.

ئەم توێژینەوەیە، بە توێژینەوەیەکی (وەسفی) هەژماردەکرێت، و پشتدەبەستێت بە تاووتوێکردنی دیاردەکە، وەک چۆن بە شێوەیەکی ورد وەسفیان دەکات، بە گوزارشتکردن لە چەندێتی و چۆنێتیی زانین، و تایبەتمەندی و قەبارە و پلەی پەیوەندیی لەگەڵ دیاردەکانی دیکەدا. هەروا توێژەر رێبازی (روپێوکاری) بەکارهێناوە.

وەک چۆن توێژەر لە تێزەکەیدا پەنای بردۆتەبەر گریمانەکانی (تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن)، کە گریمانگەلی هەڵێنجراون، و هەوڵدەدەن بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی زانستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، لە رێگەی گەیشتن بە دیارترین کاریگەرییەکانی زانین، کە بەرهەمی پشتبەستنی میدیاکارانی عیراقن بە رادیۆ نێودەوڵەتییە ئاڕاستەکراوەکان. لەو گریمانانە:

١. کاریگەریی زانین، تایبەت بە کاروباری سیاسی لە رێگەی ئاشکراکردنی نارۆشنییەکانەوە بۆ میدیاکاران دروستدەبێت، ئەویش بەهۆی بەرکەوتنیان لەگەڵ رادیۆ نێودەوڵەتییە ئاراستەکراوەکانەوە.

٢. کاریگەریی زانین، تایبەت بە کاروباری سیاسی لە ڕێگەی دروستکردنی ئاڕاستەی میدیاکارانەوە دێتە ئاراوە، ئەویش بەهۆی بەرکەوتنیان لەگەڵ رادیۆ نێودەوڵەتییە ئاڕاستەکراوەکانەوە.

**دیارترین ئەو دەرەنجامانەش کە توێژینەوەکە پێیگەیشتوە، بریتیین لەمانەی خوارەوە:**

١. رادیۆ نێودەوڵەتییە ئاڕاستەکراوەکان، سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی سیاسیین بۆ میدیاکارانی عیراق، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ بایەخدانی فراوانی ئەو رادیۆیانە لەو بارەیەوە.

٢. رادیۆ نێودەوڵەتییە ئاراستەکراوەکان، خۆ تێهەڵقورتاندنی زانینی میدیاکارانی عیراق تێردەکەن، بەوەی (بەرنامە سیاسییەکان) و (گەشتەکانی هەواڵ و بەرنامەکانی هەواڵ)، کە لەلایەن ئەو رادیۆیانەوە پێشکەشدەکرێن، بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریدەکەن لە بونیادنانی زانینی سیاسی لای میدیاکارانی عیراق.

**سێیەم/ توێژینەوەی عەرەبی**

١) **رافت مهند عبدالرزاق، زانکۆی (البترا الاردنیة)**

**رۆڵی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی (٢٠١٣)**

توێژینەوەیەکی مەیدانیەو ماوەی جوڵانەوەکانی (٢٠١٣/٣/١ بۆ ٢٠١٣/٦/١) کراوە بە کەیسی توێژینەوەکە و خوێندکارانی زانکۆکانی موسڵ و ئەنبارو تکریت بە سامپڵ وەرگیراون. ئەم توێژینەوەیە جەتیکردۆتەوە لەسەر رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (فەیسبووک، تویتەرو یوتیوب)، لەسەر هۆشیاریی سیاسیی لەسەر کۆمەڵ بەگشتی، و بە تایبەت گەنجان، هەروەک

توێژەر بۆ گەیشتن بەدەرەنجامی زانستیی و شیکارکردنی داتاکان ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە.

**لە گرنگترین گریمانەکانی توێژینەوەکەش بریتین لەم گریمانانەی خوارەوە:**

١. هیچ پەیوەندییەکی ئاماژەداری ئاماری نییە لەنێوان کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەر و یوتیوب، لەسەر خوێندکارانی زانکۆکان لە دروستکردنی ئاڕاستەو فیکری سیاسیاندا بە جیاوازبوونی گۆڕاوەکانی (جۆری توخم و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاستی خوێندن و زانکۆو تەمەن)ی بەشداربووان.

٢. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەرو یوتیوب، بابەتی سەردەمی دەربارەی پرسیە سیاسییەکان دەخەنەڕوو، کە کاریگەری ڕێژەیی دروستدەکەن لەسەر ئاڕاستەو فیکری سیاسیی خوێندکارانی زانکۆکان.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی (فەیسبووک، تویتەرو یوتیوب)، کاریگەری و بەشداریان هەبووە لە دروستکردنی ئاڕاستە و فیکری سیاسیی لای خوێندکارانی زانکۆکانی موسڵ و ئەنبار و تکریت لەعیراق.

٢. (٨٠%)ی خوێندکارانی زانکۆکان سامپڵی توێژینەوەکە هاوڕابوون کە میدیای کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆری لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەم سەردەمەی جیهانی عەرەبی هەبووە، بەڵام (٢٠%)ی بەشداربووان پێچەوانەی ئەم بیروڕایە بوون.

**٢) پ.د. طه عبد العاطى نجم، له زانكۆی (السلطان قابوس – سلطنه عومان)**

**د. انور بن محمد الرواس، لەزانكۆی (السلطان قابوس – سلطنه عومان)**

**پەیوەندیی نێوان بەریەككەوتنی میدیای نوێ و گەنجانی عومان، و ئاستی زانینی سیاسیی (٢٠١١)**

ئەم توێژینەوەیە، جەختدەكاتەوە لەسەر پەیوەندیی میدیای نوێ و ئاستی زانینی سیاسیی لەنێو گەنجانی عوماندا، ئاماژە بەوەدراوە كە لەدوای كۆتایی هێنان بەسیستمی كۆنترۆڵكردنی زانیارییەكان لەلایەن حكومەتەكانەوە، ئینتەرنێت و میدیای نوێ وەک ئامرازێک بۆ بنیادنانی دیموكراسیی و بڵاوكردنەوەی زانیاری دەربارەی زانینی سیاسیی بەكاربراوە، بۆیە میدیای نوێ كاریگەریی زۆری هەبووە لە دروستكردنی زانینی سیاسیی.

گرنگترین گریمانەی توێژینەوەكە دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان میدیای نوێ و كاریگەرییەكەی بووە لەناو گەنجانی عەممان وەک ئامرازێكی بڵاوكردنەوەی رۆشنبیریی و هۆشیاریی سیاسیی.

توێژینەوەكە، توێژینەوەیەكی وەسفیەو بۆ شیكاری داتاكان رێبازی رووپێوی و شیكاری ناوەڕۆک لە توێژینەوەكەدا بەكارهاتووە.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. گەنجانی عەممان زانینییان بە پلەی یەكەم بۆ پرسە سیاسیە ناوخۆییەكان و دواتر هەرێمیی و ئینجا پرسە سیاسییە نێودەوڵەتییەكان هەیە، بەتایبەتی بۆ پرسی فەلەستین و كەیسی چەكی ئەتۆمی ئێران.

٢. پەیوەندییەكی هاوتا لەنێوان بەكارهێنانی ئینتەرنێت و میدیای نوێ و دروستكردنی هۆشیاریی سیاسیی هەیە لەناو گەنجانی عوماندا.

**٣) د. وديع العزيزى، زانكۆی (جامعة صنعاء – اليمن)**

**رۆڵی میدیا لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی لای گەنجانی یەمەن (٢٠٠٧)**

ئەم توێژینەوەیە، جەختدەکاتەوە لەسەر رۆڵی میدیا لە دروستکردن و پێکهێنانی هۆشیاری و زانینی سیاسیی لای گەنجانی یەمەن، لەساڵانی رابردوودا یەمەن ئاڵوگۆڕی سیاسیی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەروەک شەپۆلی میدیا زیاتر وڵاتەکەی تەنیوەو بەتایبەتی تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکان و دواتر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، وایکرد گۆڕانکاری زۆر لەهۆشیاریی سیاسیی لای یەمەنیەکان دروست بکات و بەتایبەتی لای گەنجان.

**گرنگترین گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

١. پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان پشتبەستنی خوێندکارانی زانکۆ بە میدیا و ئاستی بەشداریکردنی سیاسیان هەیە.

٢. پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان پشتبەستنی خوێندکارانی زانکۆ بە میدیا و ئاستی هۆشیاریی سیاسیان هەیە.

ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوە وەسفییەکانەو دیاردەیەکی تایبەتمەندی وەک هۆشیاریی سیاسیی و خوێندکارانی زانکۆی وەرگرتووە بۆ توێژینەوە، هەروەها توێژینەوەکە پشتی بەرێبازی رووپێوی بەستووە.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان خوێندکارانی زانکۆکانی یەمەن و پشتبەستینیان بە میدیای لۆکاڵی و ئاستی هۆشیاریی سیاسییانەوە نییە، بەڵام پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لەنێوان ئاستی هۆشیاریی سیاسیی خوێندکارانی زانکۆکان و پشتبەستنیان بە کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکانەوە.

٢. خوێندکارانی زانکۆکانی یەمەن بە پلەی یەکەم پشت بە تەلەڤزیۆن و دواتر بە ئینتەرنێت دەبەستن بۆ وەرگرتنی زانیاریی سیاسیی.

**٤) عبدالحكيم عبدالله عمر مكارم، زانکۆی (جامعه الدول العربيه - معهد البحوث و الدراسات- مصر)**

**رۆڵی میدیا لە پێکهاتنی هۆشیاریی سیاسیی لای گەنجانی زانکۆ (٢٠٠٣)**

**(توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر خوێندکارانی زانکۆکانی یەمەن)**

ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن لەپێکهێنانی هۆشیاریی سیاسیی سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان لای گەنجانی زانکۆکانی یەمەن، توێژەر لەتوێژینەوەکەدا هەوڵیداوە سروشتی پەیوەندی گەنجانی یەمەن بە ئامرازەکانی راگەیاندنەوەو پشتبەستنیان بەو ئامرازانە وەک سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاریی سیاسیی بدۆزێتەوە، کە سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی سیاسیین.

ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوە وەسفیەکانەو توێژەر رێبازی بەراوردکاری بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەدەرەنجامەکانی توێژینەوەکەو لەگەڵ توێژینەوەی وڵاتانی دیکە بەراوردکاری کردووە.

**لە گرنگترین گریمانەکانی توێژینەوەکە بریتین لەم گریمانانەی خوارەوە:**

١. هەبوونی پەیوەندی لەنێوان ئامرازەکانی راگەیاندنی ناوخۆیی یەمەن و میدیای عەرەبی و بیانی و کاریگەرییان لەسەر هۆشیاریی سیاسیی لای خوێندکارانی زانکۆ.
٢. هەبوونی پەیوەندی لەنێوان رێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن لەسەر ئاستی هۆشیاریی سیاسیی لای خوێندکارانی زانکۆ لەیەمەن.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. گەنجانی زانکۆ چاودێریی رووداوە سیاسییە ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان دەکەن لەرێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە.

٢. ئامرازەکانی راگەیاندن لەگەڵ پێدانی زانیاریی سیاسیی بەخوێندکارانی زانکۆ بەسەرچاوەی یەکەمی بڕیاردان و دروستکردنی لایەنگیری سیاسی دادەنرێت لەدوای کاریگەریی خێزان و هاوڕێ-وە.

٣. پرسە سیاسییە عەرەبییەکان لە پلەبەندی یەکەم دێن، کە خوێندکارانی زانکۆ زانیاری دەربارەی وەردەگرن لە میدیاوە، بە بەراورد بە پرسە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

٥) **نیهال سعید، زانکۆی** (Ohio University)

**رێژەی بەکارهێنانی میدیاو بۆشایی زانینی سیاسیی لە قاهیرە، میسر (٢٠١٥)**

ئەم توێژینەوەیە جەختیکردۆتەوە لەسەر کاریگەری رێژەی بەکارهێنانی میدیای نوێ لەدروستکردن و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی سیاسیی لای جەماوەری میسر، بۆ ئەو مەبەستە راپرسییەکی رووبەڕوو لەگەڵ هاوولاتیانی میسر ئەنجامدراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە دەربارەی زانین و بەشداریی سیاسیی، کۆمەڵی توێژینەوەکە بۆیە میسر وەرگیراوە چونکە لەماوەی سالانی رابردوودا رووبەڕوی چەندین کێشمەکێشمی سیاسیی بۆتەوە لەناوچەکەدا، بەتایبەتی لەساڵی (٢٠١١)ەوە کە بەسەرەتای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ناسرابوو میدیای کۆمەلایەتی کاریگەریی زۆری لەسەر شۆڕشەکان هەبوو.

**گرنگترین گریمانەی توێژینەوەکە بریتین لە:**

١. بەپێی جیاوازی توخم و شوێنی دانیشتوانی، ڕێژەی هۆشیاریی سیاسیی جیاوازە.
٢. بەکارهێنانی میدیا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداری و زانینی سیاسیی.

توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە کە راپرسییەکی رووبەڕوو بووەو لەناو میسر ئەنجامدراوەو (١٥٧) کەس وەڵامیانداوەتەوە، هەروەها راپرسییەکە لە رۆژی (٦)ی مانگی تەمموزی (٢٠١٣) ئەنجامدراوە، لە شاری قاهیرە.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. میدیای نوێ کاریگەریی زۆرتری دروستکردووە بەبەراود بە میدیای کۆن (Traditional Media) لە دروستکردنی هۆشیاریی سیاسیی و بەشداریی سیاسی لەهەمان کاتدا لای جەماوەری میسر.
٢. جێندەر کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر زانینی سیاسیی لەمیسرو بە پێچەوانەی توێژینەوەکانی رابردوو، لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە، لەدوای ساڵی (٢٠١١)ەوە توخمی مێ ئاستی زانینی سیاسییان زیاتر بووە لە میسر بەبەراورد بە توخمی نێر.

**چوارەم/ توێژینەوەی بیانی**

**١) دانێلا ڤ. دیمیترۆڤا ، ئادام جیسپێر سترۆمباک و لارس دەبلیو نۆرد**

**کاریگەریی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر پێکهاتنی زانین و بەشداریی سیاسی لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا** (٢٠١١)

ئەم توێژینەوەیە، جەختیکردۆتەوە لەسەر کاریگەریی میدیای ئەلیکترۆنی لە دروستکردن و بنیادنانی زانینی سیاسیی و بەشداریی سیاسیی لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا، ئەم توێژینەوەیە بە دوو ئاڕاستەی کاریگەری توێژینەوەی کردووە، لەئاستی یەکەمدا هەوڵیداوە کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر زانینی سیاسیی و بەشداریی سیاسیی بدۆزێتەوە، لەئاستی دووەمیشدا هەوڵدراوە کاریگەری جۆرە جیاوازەکانی میدیای ئەلیکترۆنی بەشێوەی جیاواز لەسەر خەڵک بدۆزێتەوە.

گرنگترین گریمانەی توێژینەوەکە، دۆزینەوەی کاریگەریی میدیای ئەلیکترۆنی بووە لەسەر فێربوونی سیاسیی، و هەروەک کاریگەریی هەستپێکراوی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر بەشداریی سیاسی.

لەتوێژینەوەکەدا، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهاتوە، لەڕێگەی دوو فۆڕمی ڕاپرسییەوە زانیاری کۆکراوەتەوە بەشێوەی ئۆنلاین، و بواری کاتی توێژینەوە مەیدانییەکە لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی سوید ئەنجامدراوە.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. هەواڵ، بڵاوترین ژانری میدیای ئەلیکترۆنی بووە لەناو بەکارهێنەراندا.

٣. پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری زیاتریان هەبووە لە پێگەی ئەلیکترۆنی خودی سیاسییەکان.

٢) **ئیڤا ئەندیوزە، زانکۆی** ( Universidad Autónoma de Barcelona. Spain)

**ئاینا گالیلۆ، زانکۆی** ( Universidad Pompeu Fabra. Barcelona. Spain)

**لایا جابرا، زانکۆی** ( Universidad Autónoma de Barcelona. Spain)

**بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بۆشایی زانینی سیاسیی لە ئیسپانیا (٢٠١٢)**

ئەم توێژینەوەیە، جەختدەکاتەوە لەسەر شیکردنەوەی چۆنێتی دروستکردنی کاریگەری ئینتەرنێت لەسەر سیاسەت بە پشتبەستن بەئاستی خوێندن و حەز و بەرژەوەندی سیاسیی لەئیسپانیا، لەتوژێژینەوەکەدا ئەگەری ئەوە خراوەتەڕوو کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت زانیاری زیاتریان دەربارەی سیاسەت هەیە بەبەراورد بەو کەسانەی ئینتەرنێت بەکارناهێنن.

هەروەک گرنگترین گریمانەی توێژینەوەکە دۆزینەوەی ئاستی کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی (ئینتەرنێت) بووە، لەسەر زانیاری و مەعریفەی سیاسیی لەنێوان بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەئاستی خوێندن و حەزی جیاوازیان بۆ زانیاریی سیاسی.

توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و ڕێبازی تاقیکاریان بەکارهێناوەو لەرێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە زانیاریان کۆکردۆتەوەو کاریان لەسەر سامپڵی توێژینەوەکەیان کردووە. ڕاپرسییەکە لە مانگی (٢٠٠٧/١١) لە وڵاتی ئیسپانیا ئەنجامدراوە.

**له گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. ئاستی زانینی سیاسیی لە ئیسپانیا پەیوەندی زۆر بە ئاستی فێربوون و خوێندن-ەوە هەیە لەناو بەکاربەرانی ئینتەرنێتدا.

٢. میدیای نوێ (New Media) واتە (میدیای ئەلیکترۆنی) کاریگەری زۆرتری لەسەر زانینی سیاسیی هەیە بەبەراورد بە میدیای کۆن (Traditional Media) ( رادیۆ، تەلەڤزیۆن، رۆژنامەو گۆڤار).

٣) **دیمیتری گێنادیڤیچ بالیوف، لەزانکۆی** ( Lobachevsky State University of Nizhny Novgorod)

**دیمیتری ئیگۆریڤیچ کامین چینغۆ لەزانکۆی** ( Lobachevsky State University of Nizhny Novgorod)

**کاریگەریی میدیای کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیا، لەسەر زانینی سیاسیی، تایبەتمەندیی کەیسی روسیا بەنموونە** (٢٠١٥)

ئەم توێژینەوەیە، تیشکدەخاتە سەر کاریگەریی میدیای کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیا، لەسەر زانینی سیاسیی، کە بۆ تایبەتمەندی توێژینەوەکە کەیسی روسیا بەنموونە وەرگیراوە، توێژەر جەخت لە کاریگەری میدیای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە وەک میدیای مۆدێرن و نوێ لەسەر زانینی سیاسیی لە روسیا. توێژەران ئەوەیان رونکردۆتەوە، میدیای کۆمەڵایەتی فاکتەرێکی گاریگەربووە بۆ پشتگیری سیستمی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لە پانتایی گشتی لەروسیا.

هەروەک گرنگترین گریمانەی توێژینەوەکە دۆزینەوەی کاریگەری میدیای کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیای نوێ بووە لەسەر زانینی سیاسیی لە روسیا،

توێژەران هەوڵیانداوە ئەوە بسەلمێنن بە گرتنەبەری شیکردنەوەی رەخنەگرانە بۆ توێژینەوەی توێژەرانی روسیا.

توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا لە رێگەی ناخشیکارییەوە، چەندین توێژینەوەی توێژەرانی روسیایان هەڵسەنگاندوەو دەرەنجامەکانیان خستوونەتەڕوو. بۆ بەرجەستەکردنی دەرەنجامەکانی پرۆژەی "دەستپێشخەریی روسیا"، کە تایبەت بووە بە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی روسیا لە (٤ی ئاداری ٢٠١٢)دا بە سامپڵ وەرگیراوە.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. میدیای کۆمەڵایەتی ئامرازێکی گرنگی بڵاوکردنەوەی زانیاریی سیاسیی بووەو کاریگەریی زۆریشی دروستکردووە لەسەر بەرزکردنەوەی رێژەی بەشداریی سیاسیی لە روسیادا.

٢. میدیای کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیای نوێ، دەتوانن بۆچوونی بەکاربەران بگۆڕن و، کاریگەرییان هەبێت لەسەر گۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لە رێگەی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی سیاسیی بەشداربووانەوە.

**٤) ئەیان مکالیستەر: سکوڵی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی** (Australian National University).

**بەکارهێنانی ئینتەرنێت، زانینی سیاسیی و بەشداریی سیاسی لەنێوان دەنگدەرانی گەنج لە ئوسترالیا (٢٠١٥)**

ئەم توێژینەوەیە جەختیکردۆتەوە لەسەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت و کاریگەری لەسەر هۆشیاری و بەشداریی سیاسی لەناو گەنجانی ئۆستراڵیادا، و توێژەر رێبازی ناخشیکاری و راپرسیی نیشتمانی ئوسترالیاوە

بەکارهێناوە، بۆ کەمپەینی هەڵبژاردنی (٢٠١٣)، کە بەشێکی راپرسییەکە بەشێوەی ئۆنلاین بووە و بەرێژەی (٣٣.٩%)ی دەنگدەران بەشداریان تێداکردووەو رێژەیان زیاتر لە (١٠٠) هەزار کەس بووە لە شارەکان و ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان لە تەمەن و توخمی جیاوازدا.

گرنگترین گریمانەی توێژینەوەکە کاریگەری بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بووە لەسەر پێکهێنانی هۆشیاریی سیاسیی و بەشداریی سیاسی لەنێوان دەنگدەرانی گەنج لە ئوستralیا لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٣)دا.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووە بریتیین لە:**

١. ئەو بەشداربووانەی تەمەنیان لەخوار (٦٠) ساڵی و زیاتر لە (٧٠) بۆ (٨٠) ساڵیەوەیە، ئاستی هۆشیاریی سیاسییان بەرزترە دەربارەی پرسە سیاسییەکان.

٢. پەیوەندییەکی هاوتاو پۆزەتیڤ لەنێوان ئاست و رێژەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و میدیای کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی هۆشیاریی سیاسیی و رێژەی بەشداریی سیاسیی هەیە.

**٥) پ، چ، ج، هێندریکس ڤێتیهن**

**س،پ،م، هەیگمان**

**ب، ڤان سناپپێنبێرگ**

**زانینی سیاسی و بەکارهێنانی میدیا لە هۆڵەندا** (٢٠٠٤)

ئەم توێژینەوەیە جەختیکردۆتەوە لەسەر هۆشیاریی سیاسیی و بەکارهێنانی میدیا لە هۆڵەندا، هەروەک توێژینەوەکە تیشکی خستۆتە سەر

کاریگەرییە دیمۆگرافی، و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، لەسەر هۆشیاریی سیاسیی.

گرنگترین گریمانەی توێژینەوەکە، ئاستی زانین و هۆشیاریی سیاسیی بووە، لەنێوان دانیشتوانی هۆڵەنداو کاریگەریی میدیا لە بڵاوکردنەوەی زانینی سیاسیی، هەروەها بەپێی جیاوازیی ئاستی خوێندن و توخم و تەمەن و ئاستی داهات، جیاوازیی لەئاستی هۆشیاریی سیاسیی هەیە.

توێژەران بۆ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان پشتیان بەستووە بە ڕێبازی ناخشیکاری، هەروەک، توێژەران لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتای توێژینەوەکە پشتیان بە ڕاپرسیی نەتەوەیی هۆڵەندا بەستووە کە لەساڵی (٢٠٠٠) ئەنجامدراوە لەلایەن بەشی زانستی کۆمیونیکەیشن لە زانکۆی (University of Nijmegen) و لەنێوان مانگەکانی کانوونی دووەم بۆ مانگی ئاداری (٢٠٠٠)، ڕاپرسییەکە لە دوو بەشی سەرەکیدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەشداربووانی وەرگرتووە، کە تەمەنیان لەنێوان (١٨ - ٨١) ساڵیدا بووە و ژمارەی بەشداربووان (٨٢٥) کەس بووە.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. ئاستی خوێندن، توخم و تەمەن و ئاستی داهات، کاریگەریی زۆریان لەسەر ئاستی زانین و هۆشیاریی سیاسیی هەیە لەنێوان خەڵکدا.
٢. میدیا، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر بڵاوکردنەوە و پێکهێنانی هۆشیاریی سیاسی لەناو جەماوەردا لە هۆڵەندا.

٦) **ریان پایک، لەزانکۆی ( -UNIVERSITY OF CALGARY**
**(Canada**

**دەرخستنی کاریگەریی بەکارهێنانی میدیا لەسەر زانینی سیاسیی (٢٠١٤)**

ئەم توێژینەوەیە، جەختدەکاتەوە لەسەر ئاشکراکردنی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی میدیا لەسەر زانین و هۆشیاریی سیاسیی لای خەڵک، توێژینەوەکە لە کەنەدا ئەنجامدراوە لەساڵی (٢٠١٤)دا، و تیشکی خستۆتە سەر ئاستی هۆشیاریی سیاسیی گەنجانی کەنەداو کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی میدیا لەلایەن تاکەکانەوە، توێژینەوەکە باسی لەوەشکردووە، کە لەگەڵ کاریگەرییەکانی میدیای ئۆنلاین لەسەر هۆشیاریی سیاسیی، فاکتەرەکانی تەمەن و ئاستی خوێندن و داهات، کاریگەریان هەیە لەسەر ئاستی زانینی سیاسیی.

**گرنگترین گریمانەی توێژینەوەکە:**

گریمانەی یەکەم روونیدەکاتەوە، کە وەرگرانی هەواڵە ئەلیکترۆنییەکان زانیاریی زیاتر دەربارەی هۆشیاریی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەدەستدەهێنن بەبەراورد بەوەرگرانی رۆژنامە و تەلەڤزیۆن.

گریمانەی دووەم ئەوە دەخاتەڕو کە بەکارهێنەرانی میدیای ئۆنلاین زیاتر زانیاری پراکتیکی دەربارەی هۆشیاریی سیاسی بەدەستدەهێنن بەبەراورد بە وەرگرانی رۆژنامە و تەلەڤزیۆن.

توێژەر بۆ کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکەی راپرسیی نیشتمانی کەنەدای بەکارهێناوە، کە بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٩٦٥) ئەنجامدراوەو توێژەر راپرسیی ساڵی (٢٠١١)ی هەڵبژاردنەکانی بەکارهێناوە، کە لە راپرسییەکەدا نزیکەی (٤٣٠٨) کەس وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، و دواتر داتاکان کراون بە خشتەو ناخشیکارییان بۆ کراوە.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووە بریتیین لە:**

١. میدیای ئەلیکترۆنی زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر کەنەدییەکان لە دروستکردنی هۆشیاریی سیاسی لەناوخۆو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە بەراورد بە رۆژنامە و تەلەڤزیۆن.

٢. هیچ پەیوەندییەک لەنێوان تەمەن و ئاستی زانینی پرسە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان بوونی نییە.

٧) **ئیندەر یوینس، پەمانگەی** ( Stockholm, Sweden-Royal Institute of Technology)

**رۆڵی میدیای کۆمەڵایەتی لە پێکهاتنی زانین و بەشداریی سیاسیی خۆپیشاندانەکان، تورکیا وەک نموونە** (٢٠١٣).

ئەم توێژینەوەیە، جەخت لەسەر رۆڵی میدیای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە لە دروستکردن و پێکهێنانی زانینی سیاسیی لای خۆپیشاندەران و وڵاتی تورکیا وەک سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە، هەر لەتوێژینەوەکەدا باس لە گرنگی تەکنۆلۆژیای زیرەک، بە تایبەتی مۆبایلی زیرەک کراوە، کە رۆڵی گرنگی هەبووە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و میدیای کۆمەڵایەتی لەلایەن گەنجانی تورکیاوە وەک سەرچاوەی هەواڵە سیاسییەکان.

هەروەک گرنگترین گریمانەی توێژینەوەکە بریتیی بووە لە بوونی کاریگەریی میدیای کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی زانیني سیاسیی لەناو گەنجانی تورکیاداو هاندانیان بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانە سیاسییەکاندا.

توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرەنجامەکان، رێبازەکانی رووپێوی و ناخشیکاریی بەکارهێناوە بۆ ئەو داتایانەی کۆیکردوونەتەوە، هەروەها ئەم

توێژینەوەیە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی تورکیاو رۆڵی میدیای کۆمەڵایەتی تێیاندا وەک سەرچاوەی دروستکردنی زانینی سیاسیی بە سامپڵ وەرگرتووە، بە تایبەتی هەردوو خۆپیشاندانەکانی (Gezi Parki Protests) و (Internet Censorship Protests) کراون بە کەیسی توێژینەوەکە، هەروەک چاوپێکەوتن لەگەڵ دوو پسپۆڕی تورکیا ئەنجامدراوە، لە هەمان کاتدا توێژەر راپرسیی لەگەڵ بەشداربووانی هەردوو خۆپیشاندانەکە ئەنجامدراوە، کە ژمارەیان (١٥٨)بەشداربوو بووە و لەماوەی (٢١ی نیسانی ٢٠١٣) بۆ (١٢ی تەمموزی ٢٠١٣) ئەنجامدراوە، لەگەڵ ئەوەدا شیکردنەوەی بۆ ئەو پۆست و وێنەو ڤیدیۆو دۆکیومێنتانە کردووە، کە لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

**لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوون بریتیین لە:**

١. لە (٧٢.٦٤%)ی بەشداربووان، پێیانوابووە کە لەرێی میدیای کۆمەڵایەتییەوە زانینی سیاسییان زیادیکرووەو زیاتر لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەواڵ و چالاکی و زانیارییان دەربارەی خۆپیشاندانەکان و پرسە سیاسییەکان وەرگرتووە.

٢. میدیای کۆمەڵایەتی، ئامڕازێکی سەرنجڕاکێش بووە لە تورکیا لە دروستکردنی ئۆپۆزسیۆن و هزری سیاسی جیاواز.

**چوارەم: تاووتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:**

دوای خستنەڕووی (١٥) توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، کە پێکهاتبوون لە توێژینەوەی کوردستانی و عیراقی و عەرەبی و نێودەوڵەتی، لێرەدا تاووتوێیان دەکەین، و ئەم توێژینەوەیە لە رووەکانی: کێشە یان گریمانە، رێباز، و دەرەنجامەکانی توێژینەوەوە، لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا، خاڵی هاوشێوەو لێکچوو و جیاوازیان دیاریدەکەین.

**آ. لە روی کێشە یان گریمانەی توێژینەوەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، لە روی کێشە یان گریمانەی توێژینەوەوە، لەگەڵ تویژینەوەکانی (هێمن مجید حسن، دانێلا ڤ. دیمیترۆڤا ، ئادام جیسپێر سترۆمباک و لارس دەبلیو نۆرد، ئیڤا ئەندیۆزە و ئاینا گالیلۆ و لایا جابرا، دیمیتری گێنادیڤیچ بالیوف و دیمیتری ئیگۆریڤیچ کامین چینغۆ، ئەیان مکالیستەر، ریان پایک، ئیندەر یوینس، عمر احمد رمضان) خاڵی لێکچو و هاوشێوەی هەیە، وەک چۆن لەگەڵ تویژینەوەکانی (علاء نجاح نوری، رافت مهند عبدالرزاق، پ.د. طه عبد العاطی نجم و د. انور بن محمد الرواس، د. ودیع العزیزی، عبدالحکیم عبدالله عمر مکارم، نیهال سعید، پ، چ، ج، هێندریکس ڤێتیهن و س،پ،م، هەیگمان و ب، ڤان سنایپێنبێرگ) خاڵی جیاوازی هەیە.

**ب. لە روی رێبازەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، لە روی رێبازی توێژینەوەوە، لەگەڵ تویژینەوەکانی (هێمن مجید حسن، د.علاء نجاح نوری، رافت مهند عبدالرزاق، پ.د. طه عبد العاطی نجم و د. انور بن محمد الرواس، د. ودیع العزیزی، نیهال سعید، دانێلا ڤ. دیمیترۆڤا ، ئادام جیسپێر سترۆمباک و لارس دەبلیو نۆرد، دیمیتری گێنادیڤیچ بالیوف و دیمیتری ئیگۆریڤیچ کامین چینغۆ، ئەیان مکالیستەر، پ،

چ، ج، هێندریکس ڤێتیهن و س،پ،م، هەیگمان و ب، ڤان سناپپێنبێرگ، ریان پایک، ئیندەر یوینس، ئیندەر یوینس، عمر احمد رمضان) خاڵی لێکچو و هاوشێوەی هەیە. وەکچۆن خاڵی جیاوازی لەگەڵ تویژینەوەکانی (عبدالحکیم عبدالله عمر مکارم، ئیڤا ئەندیۆزە و ئاینا گالیلۆ و لایا جابرا)دا هەیە.

**ج. لە روی دەرەنجامەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، لە روی دەرەنجامی توێژینەوەوە، لەگەڵ تویژینەوەکانی (هێمن مجید حسن، پ.د. طه عبد العاطی نجم و د. انور بن محمد الرواس، دانێلا ڤ. دیمیترۆڤا ، ئادام جیسپێر سترۆمباک و لارس دەبلیو نۆرد، ئیڤا ئەندیۆزە و ئاینا گالیلۆ و لایا جابرا، دیمیتری گێنادیڤیچ بالیوف و دیمیتری ئیگۆریڤیچ کامین چینغۆ، ئەیان مکالیستەر، ریان پایک، عمر احمد رمضان) خاڵی لێکچو و هاوشێوەی هەیە. وەکچۆن خاڵی جیاوازی لەگەڵ تویژینەوەکانی (د. علاء نجاح نوری، رافت مهند عبدالرزاق، د. ودیع العزیزی، عبدالحکیم عبدالله عمر مکارم، نیهال سعید، پ، چ، ج، هێندریکس ڤێتیهن و س،پ،م، هەیگمان و ب، ڤان سناپپێنبێرگ) دا هەیە.

# بەشی دووەم: راگەیاندن و زانینی سیاسی

## باسی یەکەم: زانینی سیاسی و پێکهاتەکانی

## باسی دووەم: رۆڵی راگەیاندن لە پێکهاتنی زانینی سیاسییدا

## باسی یەکەم: زانینی سیاسیی و پێکهاتەکانی:

### ١. پێناسەو چەمکی زانین (المعرفة - Knowledge)

### چەمکی زانین:

لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا زانین واتە مانای 'شتێک وەکو خۆی کە هەیە" هەروەها زانین مانای دیکەی هەیە و وا پێناسە کراوە کە بەخشین و ئارامگرتن و ئاماژەیە بە شتێکی تایبەت و باش یان چاکەو بەخشین و دانپێدانان و یەکترناسینە، هەروەها زانین بەمانای جێگیربوون دێ لە دڵ و دەروون و لەرێگەی وەرگرتنی گەواهی عەقڵییەوە" (علی، ١٩٧٢، ص٢١٠). هەروەها (صینی، ١٩٩٤، ص١٣) پێیوایە کە "زانین کردارە لە پەیبردن بە زانین بەرامبەر نەزانی، و وشەی زانین بەوە پێناسەکراوە، کە تێگەیشتنی مرۆڤە لە هەست و راستی و بیروباوەڕی پێگەیشتوو کە بەشداری دەکات لە زانینی چۆنێتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا."

هەروەکو لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی زانین وا پێناسە کراوە کە بریتییە لە "راستییەکان و زانیاری و توانستی ئەزمونکراو و ئاستی خوێندن، و تێگەیشتن لە بابەتەکان بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی. (en.oxforddictionaries.com, ٢٠١٨)

هەروەک (الجابری، ٢٠٠٠، ص٢٥١)، لەتوێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی (بنية العقل العربي) دەڵێت: زانین بریتییە لە "پەیبردن بە زانین و بەخشینی زانین، وشەی زانین لە وشەی (عرفان)ەوە هاتووە کە بەمانای بەخشندەیی دێ لەلای سۆفیگەرە ئیسلامیەکان و وەکو جۆرێکی بەرزی زانین باسکراوە. هەروەها (السید، ١٩٧٩، ص١٧٣) روونیدەکاتەوە، کە پەیوەندیی زانین و بەخشین ئاماژەیە بۆ شتێک، چونکە رەتکردنەوەی بابەتێک، واتای وریابونە دەربارەی ئەو بابەتە.

هەر یەکێک لە فارابی و ابن سیناء و ابن طفیل، وا پێناسەی زانین دەکەن، کە "زانین یەکانگیرە لەگەڵ بوون (وجود) یاخود وێنەیەکی بوونە"، هەروەها فەیلەسوفی (القرطبی) ابو ولید بن رشد دەڵێت: "زانینی مرۆڤایەتی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ کاروباری هەستپێکراوو چالاکی عەقڵی کە یەکێکە لە هێزە دەرونیەکانی مرۆڤ" (هلال، ١٩٧٧، ص٥٣). هەروەها (یاسین، ٢٠٠٧، ص١٥-١٦)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لەرووی چەمکەوە، زانین لەوانەیە تەنها باسکردنی حاڵەتی تێگەیشتن لەڕێگەی هزری بێت، یاخود بیرکردنەوەی عەقڵی، هەروەکو بیرمەندە عەرەبەکان لەکۆنەوە دەڵێن کە زانین حاڵەتێکی هزریی تێگەیشتن و زانینی راستیەکانە، یاخود سەیری زانین دەکرێت لەدەروازەی شتێک، و زانین رەگەز و شتەکان وا دەخەملێنێ کە دەتوانێ کۆیانبکاتەوە و چارەسەریان بکات.

چەندین پێناسەی دیکە بۆ زانین هەن، لەوانە: "کۆمەڵێک ماناو بیروباوەڕ و رێوشوێن و تێگەیشتن و تێڕوانینی هزری لەلای مرۆڤ دروست دەبن، بەهۆی هەوڵی بەردەوام بۆ زانینی دیاردەو شتەکانی دەوروبەری. یاخود تێگەیشتنی هەریەک لەئێمە بۆ راستی کە لەناو زهنی تاکەکاندا خەزن دەبێت، یاخود لە بەڵگەکانی کۆمەڵ و بەرهەم و کەلوپەل و سیستم، کە هەڵسوکەوتێکی کاریگەر دروستدەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیارکراو." (الشمری، ٢٠٠٩، ص ٩٠). لەگەڵ ئەوەدا، (الکامل، ٢٠٠١، ص ١٠٤) پێیوایە "هەر زانیارییەک کە بەڕاست یاخود هەڵە دانیپێدابنێی" بریتییە لەزانین، بەڵام (یاسین، ٢٠٠٧، ص٩) رای جیاوازەو دەڵێت: "هەموو ئەوەی لەخۆی گرتوە، یاخود لەخۆی دەگرێ لەسەرچاوە و کتێب و بەڵگە و راپۆرت، کە هەن لەهۆکارەکانی کۆکردنەوەی کۆن و ژمارەیی زانینە"، هەروەها (ابو سمرە،

٢٠٠٩، ص١٥١) روونیدەکاتەوە، کە زانین بریتییە لە "زانینی ناوەڕۆکی شتەکان و شیکردنەوەی دیاردەکان."

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی بۆ زانین خرانەڕوو و بەپێی تێڕوانینی (حنفی، ٢٠١٠، ص١١) و (عثمان و ساری، ٢٠١٠، ص٥)، دەتوانرێت بگوترێت کە زانین بریتییە لە:

١. مرۆڤ لەرێگەی زانینەوە ژینگە و دەوروبەری دەناسێتەوە، بۆ گەیشتن بەشیکردنەوە و کرداری تێگەیشتن و بیرکردنەوە و بیرهێنانەو ەو پرسیارکردن و شێوەکردن، و هەموو حوکمدانێک.

٢. زانین بەرزترە لەزانیاریی، چونکە ئێمە هەوڵدەدەین زانیاریی دەستبخەین بۆ زانین و زۆرترکردنی زانین.

٣. زانین بەرهەمی کەڵەکەبوونی زانیاریی و شارەزایی و بیروباوەڕە و، هەوڵی پابەندبون و مەودای کارلێکردنیانە.

٤. تاک هەوڵی وەرگرتنی زانیاریی دەدات بۆ تێگەیشتن لەوێنەیەکی روونی خودی خۆی و جیهانی دەروبەری، بۆئەوەی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ هەڵسوکەوتی دابنێت.

٥. زانین و زانیاریی لێکدراوە لەتاقیکردنەوە و راستییەکان و بەها و حوکمدانەکان.

٦. چەمکی زانین هاو واتا نییە لەگەڵ چەمکی زانست، چونکە زانین زیاتر گشتگیر و درێژتر و سنوری فراوانترە، لەرووی ماناوە لەزانست، دەتوانین بڵێین هەموو زانستێک زانینە بەڵام هەموو زانینێک زانست نییە، زانین زانیاریی زانستی و نا زانستی لەخۆدەگرێت.

٧. زانین تەنها لەبوارێک یاخود کاروباری دیاریکراو تایبەت و قەتیس ناکرێت، بەڵکو بەپێی بارودۆخەکە درێژدەبێتەوە کە تاک تێیدا دەژی،

لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە بەکاریدەهێنێت لەدیاردە جیهانیەکان (مرۆڤ و رووەک و بێ گیان) و دیاردەی وەرگیراو لە فیزیاو کیمیاو بایۆلۆژی و گەردونناسیی و ... هتد، هەروەها دیاردەی پەیوەندیدار بەژیانی مرۆڤایەتی وەکو دیاردەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و بەڕێوەبردن و رۆشنبیری و ....هتد، و دیاردەکانی پەیوەندیدار لەخۆدەگرێت.

٨. زانین تەنها رێگایە بۆ مرۆڤ کە بەهۆیەوە دەتوانێت بەربەستەکان ببڕێت و خۆی لەهەڵەکان لابدات و پلان بۆ داهاتوو دابنێت.

## ٢. جۆرەکانی زانین:

زانینی مرۆڤایەتی بەهۆی عەقڵی مرۆڤەوە پێشکەوتووە، چونکە زانین بەرهەمی ئەو عەقڵەیە کە پێگەیشتن و تێگەیشتنی عەقڵی مرۆڤایەتی دیاریدەکات،هەریەک لە (العبدالله ٢٠١١، ص١٨ و مطلب ١٩٨٠، ص٤٢ و - خليل ١٩٧١، ص ١٢٢-١٢٤)، زانینی مرۆڤایەتی بەسەر چەند جۆرێک دابەشدەکەن، لەوانە:

### ١. زانینی هەستپێکراو (ئەزمونکراو):

هەندێکجار دەوترێت زانینی خودی، یاخود گشتی: کۆنترین و ئاسانترین جۆری زانینە لە روی ئەنجامگیری و راهێنان و شیکردنەوەوە، چونکە لەبنەڕەتدا پشت بەشارەزایی رۆژانە و هەستەکان دەبەستێت کە پێویستی بەبەڵگەو دۆکیومێنت نییە بۆ پشتگیری شوێن و بوونی، و بەهۆی ئەزموون و شارەزایی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی لەژیان زیاتر دەبێت، لەگەڵ بینینی دیاردەکان لەلایەن مرۆڤەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان دیاردەکان و هۆکارەکانیان لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتی بەڵکو زیاتر رۆڵی

کورتکراوە بووە لەبەدیهێنانی پێداویستیەکان و کارە سادەکان بەهۆی نەتوانینی شیکردنەوەی هۆکار و راستیی دیارەدەکان.

### ٢. زانینی فەلسەفی:

ئەم جۆرەیان قۆناغی دووەمی بیری مرۆڤایەتییە، کە مرۆڤ دەستی بەبەکارهێنانی عەقڵی کرد، وەکو بەرنامە و شێواز بۆ زانینی شتەکان، دوای ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ بەپلەی سەقامگیری گەیشت دەستیکرد بە بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو شتانەی دەوروبەری لەدیاردە سروشتیەکان، کە هەوڵدان بوو بۆ هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوە لەهۆکارەکانی دوور لە ئەودیوی سروشت، ئەمجۆرە لەزانین پەیوەندی بە بابەتە شاراوەکانەوە هەیە و ناتوانین بیخەینە ژێر تاقیکردنەوەوە.

### ٣. زانینی زانستی:

بەرزترین پلەی زانین و راستترینیانە، چونکە لەرێگای هەوڵدانی بیرکردنەوەی رێکوپێک بەدەستدێت و پێویستی بەپلەیەکی بابەتی و بێلایەنی هەیەو لەسەر بنەمای شتی ئامانجدارو دانانی گریمانەی گونجاو لەرێگای پشکنین و کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان بەمەبەستی گەیشتن بەپێوەر و رێساکان بەدەستدێت.

### ٤. زانینی سیاسیی:

جیاوازیی نێوان شارستانیەتی کۆمەڵەکان رۆڵی گرنگ دەبینێت لەبڕیاردان لەهەڵسوکەوتی سیاسیی تاک کە دروستبووە، لەبری زانینی سیاسیی ناوەوە لەو دەوروبەرەی شارستانی دیموکراسی لەوڵاتانی پێشگەوتوو کە تێیدا

دەكرێت خاوەنی مێژوویەكی پڕشنگدار یاخود لەناو سیاسەتێكی باڵادەست دەژیت كە خاوەنی ستەمكاری رەهان. (خضر، ٢٠٠٨، ص٢٦٣).

جیهان ئەمڕۆ بەگەورەترین گۆڕانكاریی مێژوویدا دەڕوات، ئەم گۆڕانكارییانە تەنها بۆ بەدەستهێنانی زانستی و تەكنۆلۆژی و گۆڕانكارییە سیاسیی و ئابورییەكان ناگەڕێتەوە، بەڵكو بەهۆی بەرزبونەوە و پێشكەوتنی زانین و هۆشیاریی ناو كۆمەڵەكان و زۆربوونی بزوتنەوەی پەیوەندی نێوان خەڵك و چالاكییە دیموكراسییەكانە، كە رێگە بەكۆمەڵەكان دەدات گوزارشت لەخودی خۆیان بكەن. (الهیتی، ٢٠٠٣، ص٧).

هەروەكو (هنتنغتون، ١٩٩٩، ص٢٣٧)، باس لەوە دەكات، كە دروستبوونی سیاسەتی جیهانی و دووبارە رانانەوەو جیاكردنەوەی بەهۆی هێڵەكانی زانین و رۆشنبیرییەوە دەبێت، هەروەها قۆناغی زانین و تێگەیشتنی سیاسیی قۆناغی دۆزینەوەی تاكە بۆ زانینی راستیەكان بەبێ كاریگەری دانان لەسەر هەڵوێست بەراستەوخۆ یان ناراستەوخۆ. هەروەها وەرگرتنی بیروباوەڕەكان و پاراستنیان و بیركردنەوە لێیان ئەم جۆرە لەزانینی هزرییە كە بەهۆی كارلێكردن لەگەڵ ئەوانیتر یاخود بەهۆی پەیوەندی كۆمەڵ و گشتی دروستدەبێت.

زانینی سیاسیی وەكو زانین تەنها بەهۆی بەهای زانستیی ناپێورێت، و تەنها دوو رەهەندی نییە، یان راست یاخود هەڵە بێت، یان زۆر یاخود كەم بێت، بەڵكو خاوەنی پێنج رەهەندە، دەكرێت زانینی سیاسیی لەئاستێكی نزمی راستگۆیی یان گشتگیر یان قوڵ و درێژ یاخود دەكرێت كەم یان زۆر یاخود ئاسان یان ئاڵۆز بێت، كە پێویستی بەتوانایەكی تایبەتە یاخود پێویستی بەتوانایەك نییە كە راهێنان و گونجاویەتی پێویست بێت، یان پێویستی بەتوانایەكی قورس بێت (صینی، ١٩٩٤، ص٢٧). پێناسەی روون و ئاشكرا بۆ

چەمکی زانینی سیاسیی ئەوەیە کە بریتییە لە (وەرگرتنی زانین و زانیاریی تایبەت بە ژیانی سیاسیی و سیستمی سیاسیی). (العزعزی، ٢٠٠٨).

پێناسەی دیکە بۆ زانینی سیاسیی هەن و هەروەک (حسن، ٢٠١٢، ص٧٠)، پێیوایە، کە زانینی سیاسیی بریتییە لە "هەموو ئەو زانیاریی و بیروڕا و بیروباوەڕ و بەها و چەمک و راستی و باوەڕە سیاسییانەی کە دەگاتە وەرگر لە سەرچاوەکان و دامودەزگاکانەوە، لەزەینی مرۆڤ خەزن دەکرێن و بینای زانین و هەڵسوکەوت و تێگەیشتن و رۆشنبیریی سیاسیی خۆی لەسەر بنیاد دەکات و دەبێتە هۆی دروستبونی شارەزایی سیاسیی، هەندێکجار لەبری زانین خۆی دەنوێنێ وەکو تێگەشتن و هۆشیاریی سیاسیی، یاخود لەلایەنی سۆزداری وەکو کارلێکردن و کاریگەریی یان هەڵسوکەوت وەکو بەشداریی سیاسیی."

### ٣. چەمک و پێناسەی زانینی سیاسی:

لەم تەوەرەدا، زانینی سیاسیی و رۆڵی راگەیاندن بە گشتی لە پێکهێنان و دروستکردنی زانینی سیاسیی رووندەکرێتەوە، هەروەها رۆڵی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهێنانی زانینی سیاسیی تاوتوێدەکرێت. بۆیە پێویستە لێرەدا بە وردی تیشک بخرێتە سەر پێناسەو ناساندنی چەمکی زانینی سیاسیی لە تێڕوانینی جیاوازی توێژەران و پسپۆڕانی بوارەکەوە.

یەکێک لە پێناسە گشتگیرەکانی زانینی سیاسیی بریتییە لە ئەندازەی توانای خەڵک لەوەڵامدانەوەی راستی هەندێ پرسیاری تایبەتمەند لەبواری سیاسەتدا. (Boudreau & Lupia ،٢٠١١،p١) توێژەرانی تر رای جیاوازتریان هەیەو وەکو (Valenzuela and De ، ٢٠١٠, p٥١٥-٥١٦

Zúniga) پێیانوایە، کە زانینی سیاسیی بریتییە لە چالاکی و دەرفەت و هاندان و توانا، لەکاتێکدا پەروەردەی رەسمیی ئاستی تاکەکان بەرزدەکاتەوە بۆ پرۆسەی زانیاریی سیاسیی و رووداوە سیاسییەکان، لەوانە بۆ کەمپەینی هەڵبژاردن، هەروەها ئارگیومێنتە سیاسییەکان رەنگە هانی خەڵک بدەن بۆ بەدواداچوونی کاروباری گشتی. ئەوە دەرکەوتووە، کە راگەیاندن بە شێوەیەکی کاریگەرو پۆزەتیڤ دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانینی سیاسیی تاکەکان.

زانینی سیاسیی بەشێکە لەزانیاریی چالاکیەکانی حکومەت، و کەسانی سیاسیی و ئۆپۆزسیۆن و چەندین لایەنی دیکەی پەیوەست بە سیاسەت و حکومەتەوە، ئەوە وا دەکات خەڵک زانیاریی زیاتر بزانن دەربارەی سیاسەت، و باشتر لە رەفتاری سیاسیان وەدەردەکەوێت لەو بوارە سیاسیانەی کە حەز و خولیایان بۆی هەیە. هەروەها بەشداریکردنیان لەپرۆسە سیاسییەکان زیاتر دەکات و وا دەکات دیموکراسی باشتر کارا بێت.

ئاشکرا نییە کە خەڵک تا چ ئاستێک پێویستی بە زانینی سیاسیی هەیە بۆ هەڵبژاردەیەکی سیاسیی عەقڵانی، بەڵام ئەوە روونبۆتەوە، کە لانیکەم ئاستێکی کەمی زانینی سیاسیی پێویستە، ئەوە خراوەتەڕوو کە رەنگ، و توخم و تەمەن و ئاستی بژێویی ژیان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاستی زۆری و کەمیی زانینی سیاسیی لای تاکەکان، هەروەها شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی زانینی سیاسیی، بەتایبەتی ئاستی زانینی سیاسیی ناوخۆیی و نیشتمانیی و نێودەوڵەتیی هەیە. (٨٠٩-٨١٠ , p ,٢٠٠٩Shaker).

هەروەها (٩٩٥-٩٩٧ p ,١٩٨٨، Ronald, James, Curtis and Steven) لەتوێژینەوەیەکدا دەڵێن: "زانینی سیاسیی وا شیکار کراوە کە

موژده بەخشینە بەچالاکی سیاسیی لەوانە پرۆسەی دەنگدان هەروەها ئەوە تاکە ریگایە بۆ بەشداریی سیاسیی خەڵک، وەک کاریگەریی سیاسی و دەتوانرێت بگوترێت کە زانینی سیاسیی فۆرمێکی گرنگی بەشداریی سیاسییە." هەر لەو روانگەیەوە (Pastarmadzhieva ,٢٠١٥, p١٦-١٧)، روونیدەکاتەوە کە زانینی سیاسیی چەمکێکی بنچینەیی تیۆری کەلتوری سیاسییە، لەهەمان کاتدا کەلتوری سیاسیی رەنگدانەوەی بەهای سیاسییە لەکۆمەڵدا و کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕینی سیستمی سیاسیی، رەگەزی کەلتوری سیاسیی کە بە بەهای مەدەنی و رەفتاری سیاسیی ناسراوە، دەتوانرێت بەزانینی سیاسیی پێناسە بکرێت. هەروەک زانراوە دیموکراسی پێویستی بەتاکی خاوەن مەعریفە و زانیاریی سیاسیی هەیە دەربارەی بابەت و رووداوە سیاسییەکان و سەرکردە تازەکان.

ئەو توێژەرە پێیوایە، رەگەزی سەرەکی لە فەرهەنگی سیاسییدا، بەشداریکردنی سیاسیی خەڵکە، لەکاروبارە سیاسییەکاندا، گرنگترین هۆکار، کە بەشداریی سیاسیی تایبەتمەند دیاریدەکات زانینی سیاسییە. زانینی سیاسی پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بەبەشداریی سیاسیی خەڵکەوە، وەک رەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی کەلتوری دیموکراتیی سیاسیی. ئەو پەیوەندییە کاریگەری دەبێت لەسەر ئارامی سیاسیی و گەشەی ئابوریی وڵات.

(Pastarmadzhieva) ئەوە شیدەکاتەوە، کە بوونی کاریگەریی زانینی سیاسیی لە کۆمەڵی دیموکراسیدا روون و ئاشکرایە، بۆیە گرنگە واتای چەمکی (زانینی سیاسیی) بزانرێت و پێناسە بکرێت. بەگەڕانەوە بۆ راوبۆچوونی پسپۆڕان، بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی پێناسەو ناساندنی جیاواز بۆ چەمکی زانینی سیاسیی کراوە، زۆرێک لەپسپۆڕان پێناسەی

خۆیان هەیە بۆ چەمکەکەو بەشێکی زۆریان دەگەڕێنەوە بۆ توێژینەوەو توێژینەوەکانی پێشووتر لەم چەمکە. زۆرترین ڕا لەسەر ئەوەیە کە زانینی سیاسیی بریتییە لە "کۆمەڵێک زانیاریی ڕاست دەربارەی سیاسەت، کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن خەزنکراون لە بیردا."

هەروەها (Clark ,٢٠١٣, p٦١-٨٠) ئەوە دەخاتەڕوو، کە چەمکی زانینی سیاسیی ئاماژەپێدانە بە فاکت و زانیارییەکانی پەیوەست بەسیستمی سیاسیی، کە تاکەکان دەتوانن لە بیریاندا وەبیریان بکەوێتەوە بۆ شیکارو لێکدانەوەی ڕووداوەکان و گەشەکردنەکانی سیستمی سیاسیی، بەڵام لەهەمان کاتدا (Bathelt ,٢٠١٦, p ٧)، پێیوایە کە زانینی سیاسیی توانای خەڵکە لەبەدواداچوونی پاشماوەکانی سیاسەت و هەندێکجار گواستنەوەیەتی، هەروەها بەشداریکردنە لەپڕۆسەی سیاسیی کە لانیکەم پێویستی بە ئاستێکی مامناوەندی زانینی سیاسیی هەیە بۆ بەشداریکردن لەپڕۆسە سیاسییەکاندا. هەروەک زانینی سیاسیی وا لەخەڵک دەکات توانای لێکدانەوەو شیکاری بیرۆکەو حەزی سیاسیی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

هەروەها (Delli ,٢٠٠٠, p ١٨)، لەتوێژینەوەکەیدا باس لەوە دەکات کە زانینی سیاسیی ڕۆڵی گرنگی هەیە لەبەرزکردنەوەی توانای هاونیشتمانیان و پەیوەندییەکی هاوتایان بۆ دروست دەکات دەربارەی گەشەکردنی تێڕوانینیان بۆ ڕێساو سیاسەتی گشتی، و پارتە سیاسیەکان و ڕەفتارە سیاسییەکانیان .

**٤. ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر زانینی سیاسیی هەیە:**

سیستمە سیاسییەکان جیاوازن، وەکو سیستمی پێشکەوتوو یاخود نا، ئەم جیاوازییە دروست دەبێت بەهۆی ناسەقامگیری و پێنەگەیشتنی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و نەبوونی عەقڵانیەت لە پڕۆسەی بڕیاری سیاسییدا، ئەم سیستمانە هەندێ ڕەگەز لەخۆدەگرن، جیاکاری لەنێوان حاکم و مەحکومین و

نەبوونی بەشداریی سیاسیی و دەستبەسەراگرتنی سیستمی سیاسیی و نەبوونی ڕێککەوتن لەسەر ناسنامەی کۆمەڵ و لاوازی پابەندبون بە کۆمەڵ و دەوڵەت (الفضلی ٢٠١٠، ص١٣، لیبنتز ١٩٨٣، ص٩٦-٩٧ - الحسینی ١٩٧٠، ص٩٧-١٠٠، ابراهیم ،٢٠١٤، ص٧٣).

پێشکەوتنی ئەم سیستمەو گۆڕانی بۆ سیستمێکی پێشکەوتوو و پارێزراو بەرۆشنبیریی سیاسییی، لەرێگەی بیری پێشکەوتنی شارستانیی و شارەزایی مێژوویی بە کۆمەڵێک نموونە هەڵسوکەوت و چەمکی هزری دەبێت لەگەڵ بەها ترادسیۆنەکان، کە پەیوەندیان بە کۆمەڵی دیاریکراو هەیە. (ال ابراهیم ٢٠٠٣، ص٢٣٢ و محمد ١٩٨٠، ص١٦٣).

لەگەڵ ئەوەدا هەریەک لە (نجم و الرواس، ٢٠١١، ص ٤٦-٤٨) جەخت لەوەدەکەنەوە کە چەندین هۆکار هەن، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر زانینی سیاسیی، دەبنە هۆی ئەوەی جیاوازییەکانی تاک رون و ئاشکرابن، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، لەوانە:

١. رۆشنبیریی سیاسی: شێوازێکی تایبەتی ئاڕاستەکردنی تاکە بەرەو کێشە و بابەتە سیاسییەکان، ئەو ئاڕاستەکردنە بەرەنجامی ئامادەکاری پێشوەختە بۆ رەفتارو هەڵسوکەوتی سیاسیی کە بەهۆی فاکتەرەکانی وەکو کەلتور و مێژووەوە دروست دەبێت، هەروەها رۆشنبیریی سیاسیی هەڵوێستی تاکەکانە بەرامبەر حکومەت و سیاسەت، کە کاریگەری دەبێت لەسەر رەفتاری سیاسیی تاک، هەروەها رۆشنبیریی سیاسیی لە رەگەزەکانی تێگەیشتن و سۆزو هەڵسەنگاندن دروستدەبێت.

٢. شۆڕش و گۆڕانکاریی رۆشنبیری: لەناو هەموو شۆڕشێک کۆمەڵێک بەهاو تێڕوانین و تێگەیشتنی نوێ هەیە، کە کاریگەری لەسەر زانینی سیاسیی

لای تاکەکان و کۆمەڵ دروست دەکات، وەکو (بەلشەفیک[٥]) لە روسیا ساڵی (١٩١٧) کە بوە هۆی گۆڕانکاری لە بەهاو تێگەیشتن و گۆڕانکاری رۆشنبیریی تاکەکان لەروسیا.

٣. تواناو بەهرەی تایبەت و ئاستی فێرکردنی تاک: تاک کاتێک خاوەنی زۆرترین زانست و شارەزایی و رۆشنبیری بێت، دەتوانێت زیاتر لە زانیارییەکان و شارەزایی سیاسیی قوڵ بێتەوەو بینای رۆشنبیریی سیاسیی و هزری دەوروبەری بکات و شارەزایی لێ دروست بکات.

٤. سەرکردەی سیاسیی: بوونی سەرکردەی کاریزماتیک و مێژوویی خاوەن هزرو رۆشنبیریی سیاسیی فاکتەرێکی گرنگ و بەهێزە، کە ئەم سەرکردانە دەتوانن لە کاتی بونی قەیرانی سیاسیی ئاڕاستەی سیاسیی خەڵک بکەن.

## ٥- سەرچاوەکانی دروستبوونی زانینی سیاسیی:

زانینی سیاسیی بەهۆی بڵاوبونەوەی زانیاریی و تێگەیشتن لەناو خەڵکدا دروستدەبێت، کە لە بنەڕەتەوە بەهۆی بڵاوبونەوەی هۆشیاریی سیاسییەوە دێتەکایەوە، چونکە هاووڵاتی وردە وردە تێدەگات و لەگەڵ زانیاریی و هەواڵ و بەهای گواستراوەوە کارلێکدەکات. بەهۆی کاریگەریی کەناڵە نێودەوڵەتییە ئاڕاستەکراوەکان لە گواستنەوەی زانینی سیاسیی، کە دەبنەهۆی ئەوەی خەڵک لە وەرگرتنی زانیاریی دەربارەی کێشە سیاسییەکان و قەیرانەکان پەنایان بۆ بەرن و پشت بەو کەناڵانە ببەستن.

---

[٥] شۆڕشی بەلشەفیک (Bolshevik) لەئۆکتۆبەری (١٩١٧) لە روسیا واتە یەکێتی سۆڤیەتی کۆن دژی دەسەڵاتی قەیسەر ئەنجامدراو بوو بەهۆی گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە یەکێتی سۆڤیەت، و پارتی کرێکاران و سۆسیال دیموکرات و لایەنگرانیان دەسەڵاتی دەوڵەتیان گرتە دەست.

ئەمجۆرە لە زانین، لە ئەنجامی شارەزابوون لە سروشتی دەسەڵات و جۆرەکانی و شێوەکانی و تێگەیشتنی پەیوەندییە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕکردنیان لەنێوان دەوڵەت و هەڵوێستە سیاسیەکان کە کۆمەڵ دەیگرێتەبەر بە پشتبەستن بەزانینی سیاسیی، کە لەکۆتاییدا ئەم زانینە رەفتاری سیاسیی کاریگەر دروستدەکات. (حلس ٢٠١٠، ص١٣٦).

هەروەک (الحسینی، ٢٠٠٩، ص١٤٧) و (قربان، ١٩٨٥، ص١٤)، بەمشێوەیە سەرچاوەکانی دروستبوونی زانینی سیاسیی، پۆلێندەکەن، کە لەئەنجامی پشتبەستن بە زۆر سەرچاوەوە بونیادەنرێت، گرنگترینیان ئەم سەرچاوانەی خوارەوەن:

١. شارەزایی تاک: شارەزایی تاک بەشێوەیەکی گشتی فێربون بەڕێکەوت و ئەزمون و تێکۆشانی پێشووە، و شارەزاییەکی کرداری پێشوترە کە لەڕێگەی وەرگرتنی زانیاریی و هەستەکانەوە دروستبووەو پشتی پێبەستراوە وەک سەرچاوەیەکی زانیاریی.
٢. رای خەڵکی دیکە: یەکێکە لە سەرچاوەکانی زانینی سیاسیی و بەشێوەیەکی گشتی بۆ شیکارکردن و لێکدانەوەی رووداو کێشە سیاسییەکان پشت دەبەسترێت بەڕاو بۆچوونی کەسانی پسپۆڕو شارەزا بۆ ئاگاداربون و دروستکردنی شارەزایی لەڕێگەی گفتوگۆو شیکارییەکانیان دەربارەی کێشە سیاسییەکان.
٣. شارەزایی زانستی: بەسەرچاوەیەکی گرنگی زانینی سیاسیی دادەنرێت و تاقیکردنەوەی زانستی و هەڵێنجان و بیرکردنەوەی پێوانەیی و دەرەنجامەکان لەخۆدەگرێت، کە بۆ دیاریکردنی کێشە سیاسیەکان پشتدەبەستێت بە دانانی گریمانەو تاقیکردنەوە بۆ گەیشتن بە دەرەنجام و دواتر گشتاندنیان.

٤. سیستمی سیاسیی و دەسەڵات: زانینی سیاسیی پەیوەندییەکی زۆری بە سیستمی سیاسیی و دەسەڵاتەوە هەیە، کە یاساکان دادەنرێن و رەنگرێژی ئایدۆلۆژیان پێدەکرێت بە سیاسەتی دیاریکراو، بۆئەوەی بەهانە بۆ کردارەکانی دواتر بهێنێتەوە.

٥. هۆکارەکانی راگەیاندن: دەزگاکانی راگەیاندن لە سەرەتاوە پێگەیەکی لەبننەهاتوون بۆ زانینی سیاسیی، لە رۆژنامە بۆ رادیۆو سینەماو تەلەڤزیۆن و دواتر گەشەی تەکنۆلۆژیای نوێ، کە لەئێستادا هەموو ئەو کێشەو رووداوە سیاسیانەی روودەدەن بەخێراترین کات دەیانگوازنەوە، ئەوە بووە هۆی کردنەوەی گەلان و زیادبوونی رۆشنبیریی سیاسیی و گواستنەوەی شارەزایی و زانیارییە و ئاڵوگۆڕی رۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی.

### ٦. زانینی سیاسیی و پەیوەندی بە گەشەپێدانی سیاسییەوە:

گەشەپێدانی سیاسیی، یەکێکە لە پایەکانی زانینی سیاسیی و دەرگایەکە بۆ چونە ناو رۆشنبیریی سیاسیی کۆمەڵ. گەشەپێدانی سیاسیی کردارێکە لە رێگەیەوە تاک رۆشنبیریی سیاسیی وەردەگرێت و ئاراستەکانی دروستدەکات، بەرەو هەندێ کێشەی سیاسیی و گرنگیان لە رێگەی دەرهاویشتەی ئاراستەکان و بەهای سیاسیی، کە کرداری رۆشنبیریی سیاسییەو کردارێکە لەرێگەیەوە کار لە دروستکردنی رۆشنبیریی سیاسیی دەکات، کەوا کۆمەڵێک بەهای ئاراستەو شارەزایی و پێوەرو هەستن بەرەو سیستمی سیاسیی و رۆڵە جیاوازەکان. بەشێوەیەکی گشتی گەشەی سیاسیی، زانینی بەها کاریگەرەکانەو هەستکردنە بەرانبەر دەرهاویشتەو

داواکاری و پێداویستیی سیستم و بەرهەمی دەسەڵاتی تایبەت (٢٠٠٤, p١٨٦، Tansey)

**گرنگترین دامودەزگاکانی گەشەپێدانی سیاسیی:**

هەریەک لە (خلیفە، ٢٠٠٠، ص٢٢-٣٠) و (أبراش، ١٩٩٨، ص٢١٣-٢٢١)، بەم شێوەیەی خوارەوە گرنگترین دامودەزگاکانی گەشەی سیاسیان پۆلێنکردووە:

١. **خێزان:** ناوەندو فاکتەری یەکەمە، کە رۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێت، لە پێدانی هۆشیاریی سیاسیی و چاندنی کۆمەڵێک بەهاو بیروباوەڕو رەفتارو هەڵسوکەوت لە منداڵدا، کە دواتر بە پلەی جیاواز کاریگەری لە ئاڕاستەو رەفتاری سیاسیی دروستدەکەن. ئاستی ئابوری و کۆمەلایەتیی خێزان کاریگەرییان لەسەر گەشەی هۆشیاریی سیاسیی هەیە، بەهۆی ئەوەی کاریگەریان دەبێت لەسەر توانای دایک و باوک لە فێرکردن و رۆشنبیریی سیاسیی بە منداڵەکانیان، لەناو خێزاندا مرۆڤ دەتوانرێت ئاشنا بکرێت بە چەمکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی رۆشنبیریی سیاسیی و ماف و ئەرکەکان و زانیاریی پێویست دەربارەی دەوڵەت و حکومەت، ئەوە کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر هەڵسوکەوت و رەفتاری سیاسیی لە دوارۆژدا، چونکە بەشێوەیەکی گشتی خێزان دەتوانێت کاریگەربێت لەسەر یەکگرتنی تاکەکان و دواجار کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر سیاسەتی گشتی لەکۆمەڵدا.

٢. **خوێندنگا:** لەرێگەیەوە خوێندکار زانین و هزر و ئاڕاستەی سیاسیی وەردەگرێت، هەروەها دەبێتە هۆی پێشکەوتنی تێگەیشتن لە چەمکی سیاسیی و تاک دەتوانێت پێگەی خۆی تێدا دروست بکات، چونکە لەدوای دروکەوتنەوە لەخێزان خوێندنگا بەناوەندی دووهەمی

پەروەردەیی دادەنرێت و دەتوانرێت کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر دروستکردنی کەسێتیی تاک و دواتر لەئایندەدا کاریگەری دەبێت لەسەر رۆشنبیرکردنی تاک و پێدانی زانیاریی سیاسیی.

٣. **پارتە سیاسییەکان:** پارتە سیاسییەکان دەزگاو ناوەندی فێرکارین، کە زانیاریی و زانینی سیاسیی پێشکەشدەکەن، بۆ زۆرترکردنی هۆشیاریی سیاسیی لە ڕێگەی کۆبونەوەو کۆنفرانس و کۆنگرەو کۆبونەوە جەماوەری و بۆنە سیاسەکانەوە، زۆرجار پارتە سیاسییەکان لە ڕێگەی بەرنامەی تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکانەوە بەرنامەو زانیاریی سیاسیی خۆیان بڵاودەکەنەوە، بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لەئاڕاستە سیاسییەکان و هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان لەناو کۆمەڵ، و هەروەها هەلی بەشداریی سیاسیی دەڕەخسێنێت و بەهاکان جێگردەکات و، بەهای نوێ دروستدەکات.

٤. **هۆکارەکانی ڕاگەیاندن:** هۆیەکانی ڕاگەیاندن (بیستراو، بینراو، خوێندراو، ئەلیکترۆنی)، کاریگەریی زۆریان هەیەو دامودەزگای گرنگن بۆ گواستنەوەی بیروباوەڕو ڕاو زانیاریی سیاسیی بۆ زۆربەی تاکەکان، لەسەر ئاستی کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بەهۆی توانای لەدەستبەسەراگرتنی هزری خەڵک و دانانی کاریگەریی زۆر لەسەر بیروڕایان لەسەر کێشە گرنگە نێودەوڵەتییەکان و پەخش و ڕومالی بەردەوام هاوکاری دەکەن لەزۆرترکردنی کاریگەریی بە تایبەتی لەدوای شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی بوارەکانی پەیوەندیکردن و تەکنۆلۆژیا.

٧.**پێکهاتەکانی زانینی سیاسیی:** زانینی سیاسیی، لەناو تاکەکان ئاستی جیاوازی هەیە، ئەوە بەهۆی بوونی سەرچاوەی جیاوازی زانینی سیاسیی،

لەکۆمەڵە دیموکراسیەکاندا بەهۆی بوونی سەرچاوەی زۆرو جیاوازی زانینی سیاسیی، ئاستی زانین بەرزترە، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەگرنگترین سەرچاوەکانی زانینی سیاسیی دران، کە هاوکات لەزۆربەی وڵاتانی جیهان و لەهەرێمی کوردستان تاکەکان بۆ وەرگرتنی زانیاریی سیاسیی لەکاتی هەڵبژاردن و کەمپەینی هەڵبژاردن و بۆنەو رووداوە سیاسییەکان پشتیان پێدەبەستن و بە پێچەوانەوە پارتە سیاسییەکان لەو سەرچاوەو رێگایانەوە زانیارییەکانیان ئاڕاستەی جەماوەر دەکەن.

بەپێی بۆ چوونی پسپۆڕانی بواری سیاسەت و کۆمیونیکەیشن، پێکهاتەی جیاوازی زانینی سیاسیی بونیان هەیە، ئەو پێکهاتانە کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر پرۆسەی زانینی سیاسیی، کە گرنگترینیان بریتین لە (زانیاریی سیاسیی، هزری سیاسیی، و شیکردنەوەی سیاسیی)، کە لێرەدا روونیان دەکەینەوە :

أ. **زانیاریی سیاسیی (Political Information)** : زانیاریی سیاسیی، پێکهاتەیەکی سەرەکیی زانینی سیاسییە، بەشێوەیەکی گشتی زانیاریی بنەمای دروستبوونی زانینە، بە تایبەتی بۆ زانینی سیاسیی زیاتر لەپرۆسە سیاسییەکانی وەک کەمپەینی هەڵبژاردن، سودی لێوەردەگیرێت و لەرێگەی سەرچاوەی جیاوازەوە زانیارییەکان ئاڕاستە دەکرێن، لەو روانگەیەوە (Nelson ،١٩٧٦، p٣١٥-٣١٦)، پێیوایە، وەک چۆن لەپەیامی رێکلامی بازرگانیدا زانیاریی بەشێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بڵاودەکرێتەوە، بەهەمان شێوە لە رێکلامی پەیامی سیاسیدا بڵاوکردنەوەی زانیاریی بەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوونی هەیە. ئەوە زیاتر لەرێگەی گەیاندنی زانیاریی دەربارەی کاندیدەکان دەبێت، دەربارەی ئێستاو رابردوویان و پلان و پرۆگرامی ئایندەیان بۆ

جەماوەرو دەنگدەران، ئەوە لەدەرەنجامی لێنەکۆڵینەوەی جەماوەرو دەنگدەرانەوە دروستبووە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی لە بەرەنجامی گوێگرتن و سەیرکردنی تەلەڤزیۆن و خوێندنەوەی رۆژنامەو گفتوگۆکردن لەگەڵ هاورێکانیان و ... هتد وەردەگرن زانیارییەکان.

هەروەک چۆن (Levendusky ,٢٠١١, p٤٢-٤٣)، لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی (دووبارە بیرکردنەوە لە رۆڵی زانیاریی سیاسییدا) روونیدەکاتەوە کە زانیاریی سیاسیی گۆڕاوێکی سەرەکییە لەتوێژینەوە لە رەفتاری کۆمەڵایەتی، زۆربەی تیۆرییەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە ئەو دەنگدەرانەی کە زانیاریی زیاتریان هەیە بەشێوەیەکی باشتر رەفتار دەکەن لەوانەی زانیاریی کەمتریان هەیە، زۆربەی توێژینەوەکان سەلماندویانە، کە زانیاریی کاریگەری هەیە لەسەر رەفتار. ئەوە لەچەندین نەوەی لەدوای یەکەوە وەدەرکەوتووە، کە پسپۆڕان جەستەیەکی کاریگەریی زانینیان بنیادناوە دەربارەی رۆڵی زانیاریی سیاسیی لەسەر رەفتاری دەنگدەران.

بەشێوەیەکی گشتی، توێژەران و پسپۆڕان لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی تەرکیزیان خستۆتە سەر لێتوێژینەوە لە زانیاریی سیاسیی:

یەکەم: زانیاریی سیاسیی رۆڵێکی پێوانەیی یەکلاکەرەوەی هەیەو ئەو کەسانەی پڕ زانیارین بەشداریی کارایان هەیە لە سیاسەتدا، هەروەها کەسانی پڕ زانیاریی رۆڵی کاریگەریان هەیە لەگەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسیی، بەهۆی بەشداریی زۆریان لەپرۆسە سیاسییەکاندا.

دووەم: زانیاریی سیاسیی گۆڕانکاری دەکات لە رەفتاری هاونیشتیمانیان و زۆربەی تیۆرەکان ئەوەیان یەکلاکردۆتەوە، کە کەسانی پڕ زانیاری، جیاوازتر رەفتار دەکەن لەوانەی زانیارییان کەمترە لەکاتی بەشداریکردنیان لەپرۆسە سیاسییەکاندا.

هەروەها (Krassa ,١٩٩٠, p٣١٥-٣١٦)، روونیدەکاتەوە، کەسانی پڕ زانیاریی کراو بەشێوەیەکی گشتی بەسەنتەری دیموکراسیی دانراون، کەسانی پسپۆڕ، تیۆریستەکان و سیاسییەکان، هەموویان کۆکن لەسەرئەوەی کەسانی پڕ زانیاریی سیاسیی، توانای هەڵبژاردنی سیاسییان باشترە. ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئاستی زانیاریی سیاسیی گۆڕانکاری بەسەردادێت و زۆرجار ئاستی خوێندن و داهات و حەزو خولیا رۆڵی گرنگ دەبینن لەمانەوەو گەشەکردنی ئاستی زانیاریی سیاسیی تاکەکان. هەروەها خوێندنەوەو گوێگرتن لەهەواڵ کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی سیاسیی تاکەکان، هەروەک ژینگە یەکێکی دیکەیە لەهۆکارەکان، و ژینگەی گەورەی وەکو شارە گەورەکان کاریگەری زۆرتری هەیە لەسەر زانین و ئاستی زانیاریی تاکەکان دەربارەی حکومەت و سیاسەت. هەروەها شوێنی بۆنەو رووداوە سیاسییەکان بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر ئاستی زانیاریی سیاسیی تاکەکان دەبێت، بۆ نمونە رووداوە سیاسییە ناوخۆییەکان کاریگەرییان زۆرترە. لەدەرەنجامدا دەرکەوتووە، کە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر زانیاری.

لەگەڵ ئەوەدا (Stephen ,٢٠١٠, p٣٢٧-٣٢٨)، باس لە کاریگەریی رادەو ئاستی زانیاری دەکات لەسەر لایەنی لایەنگیریی ئایدۆلۆژیی دەنگدەران لەپرۆسەیەکی سیاسیی وەک هەڵبژاردن لەسەر هەڵبژاردە سیاسییەکان، پێیوایە، ئەو دەنگدەرانەی کەم زانیاریین زۆرتر دەکەونە ژێر هەژموونی لایەنگیریی ئایدۆلۆژیی پارتە سیاسیەکانەوە، بەپێچەوانەوەش ئەو دەنگدەرانەی پڕ زانیاریین کەمتر دەکەونە ژێر هەژموونی لایەنگیریی ئایدۆلۆژیی پارتە سیاسییەکان، هەرچەندە لەناو دەنگدەرانی پڕ زانیاری لایەنگیری بوونی هەردەمێنێت بە رێژەیەکی جیاواز.

**ب. هزری سیاسیی (Political Thought)** : هزری سیاسیی، بنەمایەکی گرنگی زانینی سیاسییەو یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکیەکانی زانینی سیاسیی.

هەر لەو سۆنگەیەوە (Bowle and Arneson, ٢٠١٧)، لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیکا روونیدەکەنەوە، بەپێی سەرچاوە زانستیەکان روونبۆتەوە، یەکەم کار کە لەسەر هزری سیاسیی کرابێت و وەک سەرچاوەیەکی بنچینەیی بەکاردەهێنرێت، دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی کۆماری پلاتۆن، کە بەیەکەمین سەرچاوەی هزری سیاسیی ئەوروپی دادەنرێت، کە هزری (ئەفلاتۆن) لەدەوڵەت و یاساکانی دەوڵەتەکەی بەناوی (کۆمار) رەنگدەداتەوە، ئەوە بەیەکەمین یۆتۆپیا، و بەیەکەم هەنگاوی فەیلەسوفێکی ئەوروپی دادەنرێت، کە هەوڵی دروستکردنی ژیانی سیاسیی داوە. دواتر (ئەرستۆتالیست) لەکتێبی (سیاسەت) باس لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی سیاسەت دەکات، ئەوە بە مێژووی سەرەتای هزری سیاسیی دادەنرێت. تا دەگاتە سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەکاتی (١٦) بۆ (١٨) و (نێکۆلا مێکیاڤێلی و تۆماس هۆبس و سپینۆزا و جۆن لۆک) و چەند تیۆریست و فەیلەسوفێکی تر دیارترین فەیلەسوف بوون لە گەشەپێدانی هزری سیاسیی لەخۆرئاوا، تا دەگاتە سەدەی (١٩) و گەشەکردنی هزری سیاسیی ئەمەریکایی لەسەردەمی (تۆماس جیڤرسۆن)، هەروەک لەهەمان سەدەدا هزری سیاسیی ئەوروپا لەسەر دەستی فەیلەسوفانی وەک (هیگڵ و مارکس و ئەنگڵس) گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینی.

هزری سیاسیی، جۆرێکی بڵندی دەستکەوتی رۆشنبیری نوێنەرایەتی دەکات، هەروەکو جۆرەکانی دیکەی هزری فەلسەفی، لەگەڵ ئەوەدا حەزو بەهایەکی تەواوی کرداری هەیە لەگەڵ هەموو بنەماکانیدا. هەروەها هزری سیاسیی بنەمایەکی گرنگی بیردۆزی سیاسیی سەرۆکایەتییەو، پێیوایە، هزری سیاسیی لەرابردوودا پێویستە بۆ تێگەیشتن لەسیاسەتی رۆژو پەیوەندییە

نێودەوڵەتییەکان، لەکۆتاییدا رونیدەکاتەوە، کە هزری سیاسیی دەستکەوتێکی گەورەی هزرییە. (Gettell, ١٩٢٣, p٢١٤)

هەروەها (Strauss, ١٩٥٩, p١٠) ، لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (هزرو فەلسەفەی سیاسیی) روونیکردۆتەوە، بوونی هزری سیاسیی باش، بنەمای دروستکردنی کۆمەڵێکی باشە، ئەم بۆچوونەی نوسەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێیوایە سەرەتا هزری سیاسیی لە ئەسیناوە سەریهەڵداوەو لەو زەمەنەوە هزری سیاسیی کاری بۆ ئەوە کردوە، پارێزگاری یاخود گۆڕانکاری لەکۆمەڵدا بکات، هەموو چالاکیە سیاسییەکان کار بۆئەوە دەکەن بارودۆخەکان باشتر یاخود خراپتر بکەن، زانینە سیاسیەکان لەبنەڕەتدا بۆئەوەن کە ژیان و کۆمەڵ باشتر بکەن. هەروەک باس لەوەدەکات، کە هزری سیاسیی لقێکی فەلسەفەیەو پێناسەو ناساندنی زۆر بۆ هزری سیاسیی هەن.

هەروەک چۆن (Puntambekar and Puntambeker ,١٩٥١, p٣٠)، پێیانوایە، ئەوە هزری سەردەمییە کە تێیدەڕوانین، نەک هزری رۆشنبیرێک، هزری سیاسیی جیاوازە لە تیۆری سیاسیی، تیۆری سیاسیی تێڕوانینی تاکی رۆشنبیرو تیۆریستە، کە لەوانەیە دوورمەودابێت لەو راستیەی کە تێیدا دەژین، بەڵام هزری سیاسیی لە فەلسەفە لەدایکبووە لەدەرەوەی تیۆرو تەمەنی رەفتاری کۆمەڵایەتی، کە شێوازو چالاکیی ژیان رێکدەخات. هەروەها تیۆری سیاسیی رۆشنبیریی تاکیە، بەڵام هزری سیاسیی هزری گشتیی کۆمەڵەو دەتوانێت ژیانی سیاسیی رێکبخات. هەروەها (Bowle and Arneson ,٢٠١٧)، لەئینسکلۆپیدیای بەریتانیکادا هزری سیاسیی بەو شێوەیە پێناسە دەکەن، کە لقێکە لە فەلسەفەو پەیوەستە بەبەرزترین ئاستی ئەبستراکتەوە، لەگەڵ چەمک و ئارگیومێنتی پەیوەست بە رای سیاسییەوە.

هەروەک چەمکی سیاسەت بۆخۆی گەورەترین کێشەی هزریی سیاسییە کە هەموو فەرمانگەو دامودەزگاکانی پەیوەست بە حکومەت لەخۆدەگرێت.

لێرەدا روندەبێتەوە، کە سەرچاوەی زۆرو بیروبۆچوونی پسپۆڕانی فەیلەسوفی جیاواز هەیە دەربارەی هزری سیاسیی، کە لێرەدا بەکورتی ژمارەیەکیان ئاماژەیان پێکراوە بۆ روونکردنەوەی چەمکی (هزریی سیاسیی)، کۆی رایەکان لەسەر ئەوە کۆکن، هزری سیاسیی، یاخود فەلسەفەی سیاسیی، هزرو بیری کۆمەڵە بۆ چالاکی و رووداوە سیاسییەکان و پێگەو رۆڵی گرنگی هەیە لە پڕۆسە سیاسییەکاندا.

ت. **شیکردنەوەی سیاسیی (Political analysis)**: شیکاری سیاسیی یەکێکە لەپێکهاتەکانی زانینی سیاسیی و گرنگی و بایەخی زۆری هەیە لە دروستکردنی زانینی سیاسییدا. بیروبۆچون و پێناسەی جیاواز هەن بۆ شیکاری سیاسیی، کە لێرەدا بەکورتی باس لەهەندێ پێناسەو تێڕوانینی گرنگی پسپۆڕانی بوارەکە دەکەین.

لەو بارەیەوە (Joseph ,١٩٩١, p٤٨-٤٩)، روونیدەکاتەوە، مەبەست لە شرۆڤەی سیاسیی توێژینەوەیە لە پێکهاتەو ستراکتۆری دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی، و زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی کۆمەڵ و پڕۆسەی دووبارە بەرهەمهێناوەو دانوستاندن و وتووێژو بەرەنگاری کە بەشداری و بەرەوپێشچوونەکانی ئەم ستراکتۆرە بەهێز دەکات و دەیانگۆڕێت. شیکاری سیاسیی بریتیی نییە لەتێڕوانینی پسپۆڕان و زانایانی بواری سیاسەت بەتەنیا، بەڵکو تێڕوانینی زۆر بوارو پسپۆڕی تریش لەخۆدەگرێت. لێرەوە روندەبێتەوە، کە چەمکی کەلتور گرنگی و بایەخی زۆری هەیە لە شیکاری سیاسیی سەردەمی و مۆدێرندا، و شیکاری کەلتورییش هاوکارمان دەبێت بۆ شیکاری پڕۆسەی سیاسیی بەشێوەیەکی گشتی.

هەروەها (العزاوي، ٢٠١٧)، باس لەوەدەكات، شیكاری سیاسیی، توانستەكانی هونەری كۆكردنەوەی زانست و شیكاری سیاسییە بەیەكەوە، هەروەها زانستە، چونكە پشتدەبەستێت بە میتۆدو ڕێگەی زانستی بۆ توێژینەوەو گەیشتن بە سەرنجڕاكێشترین دەرەنجام لە شیكاری سیاسیدا. هەروەها هونەرە، چونكە پشتدەبەستێت بە هێزی تێبینیكردن و ئەزموونی كەڵەكەبوی شرۆڤەكارانی سیاسیی. هەروەها شیكاری سیاسیی كارامەیی و توانستە چونكە پشت دەبەستێت بەتوانستی هزریی لە پرۆسەكانی توێژینەوەو شیكاركردندا.

## باسی دووەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەپێکهاتنی زانینی سیاسییدا

### زانینی سیاسیی و ڕاگەیاندن:

لەئێستادا لەناو شۆڕشی ڕاگەیاندندا دەژین، کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە، دەتوانرێت چاودێریی وەرگرتنی هەواڵ و روداو و واقیعە سیاسییەکان بکرێت، لەدوورترین شوێن لەجیهاندا.

ڕاگەیاندن ئەمڕۆ ڕوویەکی تری سیاسییە، چونکە ناتوانرێت ڕاگەیاندنێک هەبێت بەبێ مەبەست و ئامانجی سیاسیی، کە هەوڵدەدات لەڕێگەیەوە هەواڵ و شیکردنەوەو بەرنامە سیاسییەکان وەکو ماددەی بەسودو بنەڕەتی زانینی سیاسیی دروست بڵاودەکەنەوە. (عمر، ٢٠٠٢، ص١٧٢). هەر لەوبارەیەوە (الحمداني، ٢٠١٠، ص٣٢)، پێیوایە، ڕاگەیاندن کاردەکات لەسەر دروستکردنی تێگەیشتنی زانینی سیاسیی لەچوارچێوەی پێداویستییەکانی تاک بۆ زانینی سیاسیی، و هاوکاری دەکات لەتێگەیشتنی. هەروەها (مکویل، ١٩٩٢، ص٢) ڕوونیدەکاتەوە، هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبنە هۆی بەرهەمی بەردەوام و گواستنەوەی هەموو جۆرەکانی زانینی سیاسیی بۆ کۆمەڵ لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانییەوە.

هەروەها هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەردەوام هزری مرۆڤ بە زانینی سیاسیی و ئایدۆلۆژیا ئاودەدەن و کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئاستی هۆشیاریی تاک. (عوض، ٢٠١٠، ص٣٦١). هەروەک هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی لەسەر بیروڕاو هەڵوێستی سیاسیی دەبێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ. (الحسن، ١٩٨٤، ص١١٣).

هەندێک پێیانوایە، هەموو ئەو شتانەی لەهۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەشدەکرێن، زانینی سیاسییەو ئاستی وەرگر زیاد دەکەن، بەڵام ئەوان

بیریان چووە کە "دەزگاو چینی دەسەلآت و حاکم" هەیە کە هەندێکجار بەنهێنی کاردەکات، بۆئەوەی ئەو پەیامەی مەبەستیەتی بەدیبهێنێت لەسەر حسابی بابەتیبوون و پیشەیی راگەیاندن. (المشاقبە، ٢٠١١، ص ٦٣).

هەروەها ئامانجی راگەیاندن لە رێگەی بەرنامەو هەواڵە سیاسیەکان، رونکردنەوەو شیکردنەوەی روداوە سیاسییە ساردو گەرمەکانە لەیەک ئاست، کە دەبنەهۆی زۆربوونی زانینی سیاسیی، دەیەوێت لەرێگای ئەم رۆڵەوە بگاتە ئاستێکی هۆشیاری لەو روداوانەی لەدەوروبەرمان رودەدەن و جیاوازن لەولآتێکەوە بۆ یەکێکی ترو لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر.

زۆربونی هەواڵ و زانیاری دەبێتە هۆی زیادبونی زانینی سیاسیی، هەرچەندە راگەیاندن زۆرجار ئەمجۆرەی زانین پشتگوێ دەخات، بەڵام بەتەواوی نا (وولتون، ٢٠١٢، ص١٢٦)، هەروەک (الهاشمی، ٢٠٠٩، ص٦٣) ئەوەدەخاتەڕوو، کە بەکارهێنانی روپۆش هەندێکجار رۆڵی گرنگی هەیە لەگۆڕانکاریی بیروباوەڕی خەڵک، بۆ نموونە لەباشییەکانی هەڵبژاردن.

زانینی سیاسیی لای تاکەکان تەنیا لەزانینی سیاسیی ناوچەیی دیاریکراو کۆناکرێتەوە، لەچوارچێوەی ئەو پێشکەوتنەی هۆیەکانی راگەیاندن و بڵاوبونەوە بەسەریاندا هاتووە، بەڵکو بەرووی جیهانی دەرەوە کراوەتەوە و گرنگیدان بە قەیران و کێشە نێودەوڵەتیەکان بۆتە ئەرکێکی گرنگی هۆیەکانی راگەیاندن (عودة، ١٩٨٩، ص٣٩٣). ململانێکانی بریتانیاو ئەرژەنتین لەسەر دورگەکانی فۆکلاند ساڵی (١٩٨٢) لەململانێی نێوان دوو دەوڵەت گواسترایەوە بۆ کێشەیەکی جیهانی، چونکە هۆکارەکانی راگەیاندن دەربارەی ئەو کێشەیە گرنگی زۆریان بە روماڵ و گواستنەوەی زانیارییەکاندا، تا بوو بەهۆی ئەوەی وەک کێشەیەکی جیهانی سەیری بکرێت. (السرور و الالوسی، ٢٠١٢، ص٤٥).

هەروەک چۆن (الهاشمي، ٢٠٠٩، ص٧٣)، بەو شێوەیە ڕۆڵ و گرنگیی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەپێدانی زانینی سیاسیی لەئەنجامی ئەم هۆکارانە دیاریکردووە، گرنگترینیان بریتین لە:

١. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕێژەیەکی زۆری وەرگریان هەیە لەخەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیر.

٢. متمانەی وەرگران بەو هەواڵ و زانیارییانەی لەڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەشدەکرێن.

٣. هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەبەردەوامی هەوڵ دەدەن، سەرنجی وەرگرو زۆرترکردنیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، لەچوارچێوەی ئەوەی کە هونەری ڕاگەیاندن بەشێوازی جیاواز پێشکەشی دەکات، کە هەندێکجار پەیامەکان بێ ناوەڕۆکی سیاسین، بەڵام بێ ئاماژەی سیاسیی نین.

٤. ئەو ڕێژە زۆرەی زانیاریی کە پێشکەشدەکرێت وا لەوەرگر دەکات باوەڕ بەهۆیەکانی ڕاگەیاندن بکات، لەوانەیە توانای جیاکردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکانی نەبێت.

مجد الهاشمی ئەوە باسدەکات، زانین و زانیارییەکان دەمێننەوە، بڕیاری ڕاست و هەڵەیان لەسەر بدەین، کە خۆی لەهەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی و گەنجینەی زانینی مرۆڤایەتی دەبینێتەوە، هەندێکجار ڕێگەیەکی تایبەت لەئەوانیتر لەژیان دەگرێتەبەر لەسەر بونی چەندایەتی و چۆنایەتیی زانینی بەردەست، بەڵام زانینی سیاسیی بەشێکە لەزانینی گشتی، و تایبەتمەندە بە بوارێکی دیاریکراو کە سیاسەتە، و تاک لەڕێگەیەوە هەوڵی بەدیهێنانی وێنەیەکی ڕوون لەسەر خودی خۆی و دەروربەرو جیهان ببینێت، دواتر ڕەهەندی زانین ڕەهەندێکی گرنگ و ژیارییە، چونکە زانیاریی و بیروباوەڕو هەواڵ کە وەریدەگریت، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کارامەیی زانین.

ئاماژەی بەوەداوە، زانینی سیاسیی، بەشێکە لە هۆشیاریی سیاسیی، لەهەمان کاتدا بنەمای رۆشنبیریی سیاسیی و ئەنجامی پێگەیاندنی سیاسییە، هەندێکجار بەرهەمی تێگەیشتن و هەڵسوکەوتی سیاسیی و بەشداریی سیاسیی و بینای بیروباوەڕی سیاسییە، هۆکارەکانی راگەیاندن رۆڵی گرنگ دەبینن لەبارودۆخی بەردەوام کە تاک تێیدایەو ئەوەی لەدەوروبەری روودەدات، بەهۆی شۆڕشی نوێی پەیوەندیکردن کە دەرگای کردۆتەوە بۆ توێژەران و وەرگران لەیەک کاتدا، رەنگدانەوەی ژینگەی سیاسییە، واتە وێنەی رووداو و ململانێ و کارلێکە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانە لەسەر ئاستی سیاسیی، لەپێشکەشکردنی رووداو و هەواڵ و زانیاریی و بیروباوەڕەوە دەستپێدەکات، بەشێوەی بەردەوام. هەندێکجار بەهۆی گرنگیی ئەم هۆکارانە لەلایەن بەکارهێنەرانی ئەم هۆیانە یان سیستمی سیاسیی دەقۆزرێتەوە بۆ ئاڕاستەکردن و بەسیاسیکردنی ئەو وێنەیەی ئەوان دەیانەوێت، نەک ئەوەی خەڵک دەیەوێت.

هەروەک (Kim and Vishak ,٢٠٠٨, p٣٣٨-٣٣٩)، باس لەوەدەکەن، کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرنگییەکی زۆر بە هەواڵ بەگشتی و بەتایبەت هەواڵی تەلەڤزیۆنی دەدرێت، توێژەران بۆیان دەرکەوتووە، ناوەندەکانی راگەیاندن، بە تایبەتی تەلەڤزیۆن سەرچاوەی سەرەکیی وەرگرتنی زانیاریی سیاسین بۆ زۆربەی دەنگدەرانی ئەمەریکا، بەتایبەتی (Entertainment Media)واتە میدیای کاتبەسەربردن، رۆڵ و کاریگەری زۆر لەسەر بەشداری گەنجان دروستدەکات لە پرۆسە سیاسییەکانداو بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکاندا.

هەروەک روونیانکردۆتەوە، میدیای کاتبەسەربردن ناتوانێت پەروەردەی وەرگر بکات، بەڵام توانای زۆری دروستکردنی کاریگەریی کاتی هەیە لەسەر

وەرگرانی گەنج، بەپێچەوانەوە نکۆڵی لە کاریگەریی و رۆڵی هەواڵەکانی راگەیاندن ناکرێت لەسەر وەرگران و گەشەکردنی زانیاریی سیاسیی لایان. هەروەها (Happer and Philo ,٢٠١٣, p٣٢١-٣٢٢)، پێیانوایە راگەیاندن رۆڵی سەرەکی هەیە لەپێدانی زانیاری بەوەرگران، دەربارەی ئەو رووداوانەی لەجیهاندا روودەدەن، بەتایبەت لەو شوێنانەی خەڵک توانای وەرگرتنی زانینی راستەوخۆو ئەزموونکردنیان نییە، یاخود رێگەیان پێنادرێت، بۆیە هەمیشە پشت بە راگەیاندن دەبەستن بۆ وەرگرتنی زانیاریی، لێرەوە دەردەکەوێت کە راگەیاندن کلیلە بۆ دانانی ئەجێنداو ئاڕاستەکردنی تێڕوانینی جەماوەر دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو. هەربۆیە راگەیاندن رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا.

هەر لەوبارەیەوە (Aarts and Semetko ,٢٠٠٣, p٧٥٩-٧٦١)، لەتوێژینەوەکەیاندا باس لەوە دەکەن، ژمارەیەکی زۆر لەو توێژینەوانەی لە ئەمەریکا ئەنجامدراون و پشتیان بە کۆکردنەوەی داتا بەستووە، دووپاتی کاریگەری راگەیاندن دەکەنەوە لەسەر ئاڕاستە سیاسییەکان، لەناوەڕاستی سالانی (١٩٧٠) و سەرەتای سالانی (١٩٨٠)کاندا هەواڵەکانی راگەیاندن، بەتایبەت هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن پەیوەندییەکی راستەوخۆیان هەبوو بە گەشەکردنی پەتا سیاسییەکان، ئەوە بەهۆی گرنگیدان نەبوو بە هەواڵە خراپ و نێگەتیڤەکانی پەیوەست بە ناتوانستی سیاسیی و ئابڕوچونەکان و گەندەڵییەوە، تەنانەت لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سالانی (١٩٦٠ - ١٩٩٢)ی ئەمەریکا کەمپەینە هەواڵییەکان زیاتر شیکاری بون لەوەی وەسفی بن، هەروەها زیاتر گەمەی نارێکخراوبون لەوەی سیاسەتی دارێژراوبن، هەواڵی تەلەڤزیۆنی لەئەمەریکا بۆ کەمکردنەوەی ئەوەبوو کە سیاسییەکان دەیانەوێت

چی بڵێن. بەکورتی پێیوایە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی نێگەتیڤی هەبوو و کەمتر گرنگی بەگواستنەوەی گوتاری سیاسیی سیاسییەکان دراوە لەو سەردەمەدا.

ڕوونیدەکەنەوە، هەندێ توێژینەوەی تر ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئەرێنی هەبووە لە بەشداریی سیاسیی و چالاکیە مەدەنییەکان و زانینی سیاسیی و گفتوگۆو دیبەیتی سیاسیی، هەروەها لەگەشەپێدانی ئایدۆلۆژیا لەچەند وڵاتێکی جیاواز لەماوەی دەیەکانی ڕابردوودا ئەوە بەهۆی ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندنەوە بووە، بەتایبەت ڕۆڵی تەلەڤزیۆن لە بە ڕۆشنبیرکردنی خەڵک. دەرکەوتووە، سەیرکردنی هەواڵە تەلفزیۆنییەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو بریتانیا کاریگەری هەبووە لەسەر ئاستی زانینی سیاسیی و بەشداریی سیاسیی و چالاکیی کەسیی لەو وڵاتانەدا.

هەروەها (Weaver ,١٩٩٦, p٣٥)، لەتوێژینەوەکەیدا دەربارەی ئەوەی دەنگدەران چی لە ڕاگەیاندنەوە فێردەبن؟ ڕوونیدەکاتەوە، کەوا پەروەردەکردنی دەنگدەران وەک ڕەهەندێکی کاریگەریی ڕاگەیاندن سەیردەکرێت، هەروەک کاریگەریی ڕاگەیاندن لەماوەی سەدەی ڕابردوودا جێگەی مشتومڕی زۆرێک لەپسپۆڕان و هاووڵاتیان و سیاسییەکان بووە، بەتایبەتی لەدوای بەکارهێنانی پڕوپاگەندە لەڕاگەیاندندا لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر ئەو ڕێژە زۆرەی ڕێکلام کە بۆ کاندیدەکان بەکاردەهێنرا، ئەو گرنگیپێدانەی کاریگەری ڕاگەیاندن لەو کاتەوە زیادیکرد دوای ئەوەی لەساڵی (١٩٥٠)کانەوە بەکارهێنانی تەلەڤزیۆن بە ڕێژەیەکی زۆر زیادیکرد.

هۆی زۆر هەن لەپشت بەهێزبوونی کاریگەریی ڕاگەیاندن، کە گرنگترینیان پەیوەست بووە بە گۆڕینی خوێندن و لێتوێژینەوەی ڕایگشتی بۆ فێرکردن.

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە راگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریی گرنگی لەسەر کۆمەڵ هەیە، بەتایبەت لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئەو کاریگەرییە دەگۆڕدرێت و لەزۆربەی بارودۆخەکاندا کاریگەرییەکی کورتخایەنە، لەگۆڕینی بیروڕای خەڵک و رایگشتی، و هەڵسوکەوت و رەفتاری تاکەکان.

لێرەوە دەردەکەوێت، کە راگەیاندن بەشێوەیەکی بەرچاو رۆڵ و کاریگەریی هەیە لەسەر دروستکردن و زیادکردنی زانینی تاکەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەتی دەربارەی بابەتە سیاسییەکان و لەکاتی پرۆسە سیاسییەکانی وەک هەڵبژاردندا وەک سەرچاوەیەکی زانین، دەبێتە هۆی زیادکردنی زانینی سیاسیی خەڵک دەربارەی پرۆسە سیاسییەکان، کاندیدەکان، پارتە سیاسییەکان، پرۆگرامی کاندیدەکان، زانیاریی دەربارەی سیاسییەکان، زانیاری پەیوەست بەحکومەت و سیاسەتی حکومەت.

هەروەک (Kotze ,١٩٨٦, p٤١٨-٤١٩) رونیدەکاتەوە، لەرۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەو هۆیانەی رۆڵی راگەیاندن لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسیی دیاریدەکەن، لە زانستی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیراون، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. راگەیاندن، بەربڵاوترین سەرچاوەی زانیاریی سیاسییە لەناو هەرزەکاران و منداڵاندا لەزۆربەی کەلتورەکاندا.

٢. گفتوگۆیەکی گشتگیر هەیە، دەڵێت راگەیاندن کەمترین کاریگەری لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سیاسیی هەیە. لەو بارەیەوە گفتوگۆ هەیە کە دەڵێت: "سەرکردەکانی ڕا هەمیشە خۆیان لەنێوان راگەیاندن و وەرگراندا دەبیننەوە، بەواتایەکی تر، پەیامی راگەیاندن کاتێک دەگاتە وەرگر کە کارلێکی لەگەڵ رای تر کردووە، بۆ نموونە لەگەڵ خێزان،

خوێندنگە یاخود گرووپی تر. لەلایەکی ترەوە بەڵگە هەیە کە وەرگر ڕاستەوخۆ دەتوانێت بەپەیامە میدیاییەکە بگات، بەڵام ئەو پەیامە ڕەتدەکرێتەوە ئەگەر زانیاریی ناو پەیامەکە گونجاو و هاوتا نەبوو لەگەڵ بیروباوەڕی وەرگرەکە. دەرەنجام لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کەمی هەیە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی – سیاسیی."

٣. ناتوانرێت مەزەندەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن بکرێت، لە گواستنەوەی ئاڕاستە سیاسییەکاندا، بەڵام ئەوە دەرکەوتووە، ڕاگەیاندن دەتوانێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەبێت لەگواستنەوەی ئاڕاستە سیاسییەکاندا، هەروەک چۆن لەنێوانی ساڵانی (١٩٦٠ – ١٩٧٠)کاندا، ڕاگەیاندنی ئەمەریکی توانی ڕۆڵی هەبێ لەزیادکردنی نوێنەری کەمە نەتەوەکان و ڕۆڵی پۆزەتیڤ ببینێت لە ئاشناکردن و تێکەڵاوکردنی کەمایەتییەکان لەگەڵ کۆمەڵی ئەمریکی.

Kotze پێیوایە، بەشێوەیەکی گشتی بەشێک لەپسپۆڕان و توێژەران ئەوەی ئاشکراکردووە کە ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی پێویستی بە پڕۆسەی دانانی کاریگەریی درێژخایەن هەیە، بەڵام ڕای جیاواز لەوبارەیەوە هەیەو بەشێک لەپسپۆڕان دەڵێن ڕاگەیاندن دەتوانێت لەڕێگەی پرۆسەی کاریگەری کورت خایەنەوە ڕۆڵ و کاریگەریی خێرای هەبێت لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لەکۆمەڵدا.

هەروەها (Ladd, ٢٠١٠, p٥٦٧-٥٦٨)، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ڕاگەیاندنی نوێ ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت لەدیموکراسیی مۆدێرندا، خەڵک پشت دەبەستێت بەڕاگەیاندن بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی چالاکی

و پڕۆپۆزەلی سیاسییەکان. بەو واتەیەی ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیاریی سیاسییە بۆ خەڵک بۆیەشە هەمیشە وەک ناوەندێکی وەرگرتنی زانیاریی پشتی پێدەبەسترێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو فۆڕمەکانی ڕاگەیاندن وەک ڕادیۆ و چاپەمەنی و تەلەڤزیۆن، کە بە فۆڕمی گشتی و کۆنی ڕاگەیاندن ناسراون کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر پێکهێنانی زانینی سیاسیی لەناو کۆمەڵەکاندا لەدنیادا. لەو ڕوانگەیەوە (Clarke and Fredin, ١٩٧٨, p١٤٣) ڕوونیدەکەنەوە کە هەواڵەکانی ڕاگەیاندن وەک سەرچاوەیەکی بەهێز توانای پەروەردەکردن و فێرکردنی گشتیان هەیە لەناو خەڵکدا بۆئەوەی پەروەردەیان بکەن بۆ هەڵبژاردە سیاسییەکانیان. دەڵێن: تاکی بێ زانیاریی هەمیشە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ڕێساو یاساکان و دەنگدان بەکاندیدەکان دەدات.

هەروەک چۆن (Atkin and Gantz, ١٩٧٨, p١٨٥-١٩٦) ئەوە دەخەنەڕوو کە مرۆڤ ڕەفتاری زۆر فێردەبن لەئەنجامی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن، و تەلەڤزیۆن ڕۆڵی زۆری هەیە لەسەر پڕۆسەی سیاسیی، بەتایبەتی پڕۆگرامەکانی زانیاریی و کات بەسەربردن، کاریگەری زۆریان دەبێت لەسەر دروستبوونی کاراکتەری سیاسیی. تا ساڵانی (١٩٧٠) زۆربەی توێژەران وا تەماشای ڕاگەیاندنیان نەدەکرد کە کاریگەری جدی هەبێت لەسەر پڕۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی. ژمارەیەکی کەمی توێژینەوە ڕاگەیاندنی جەماوەرییان وەک گۆڕاوی بنەڕەتی بەکارهێنا کە ڕۆڵی هەبووە لە پڕۆسەی فێربوونی سیاسیی، بەڵام توێژینەوە تازەکان دەریانخست کە ڕاگەیاندن کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر پڕۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی.

بەپێی سەرچاوە زانستییە بەکارهاتووەکان لەم بەشەداو بەگەڕانەوە بۆ رای توێژەران لەبوارەکەدا روونده‌بێتە کە راگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی رۆڵ و کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر زانینی سیاسیی، لەکۆمەڵەکانداو بەتایبەتی لەبەڕێوەبردنی پرۆسە سیاسییەکاندا وەک کەمپەینەکانی هەڵبژاردن و دەنگدان. راگەیاندن دەتوانێت کاریگەریی زۆر لەسەر دەنگدەران و وەرگران بەشێوەیەکی گشتی دروست بکات لەرێگەی پێدانی زانیاریی سیاسیی دەربارەی پرسە سیاسییەکان و پرۆسە سیاسییەکان و کاندیدەکان و سیستمی حکومەت و پەرلەمان و ...هتد، ئەوە تاکێکی پەروەردەکراوو پڕ زانیاری دروست دەکات و وایلێدەکات بتوانێت بەشداری کارای سیاسیی هەبێت و هەڵبژاردەی سیاسیی دیاری بکات.

## زانینی سیاسیی و جیهانگیری

لەئێستادا لەسەردەمی جیهانگیریدا دەژین، جیهانگیری بەجۆرێک کارلێکی لەگەڵ کۆمەڵی مرۆڤایەتی کردووە، کاریگەرییەکەی لەسەر هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ دروست بووە، بۆیە پێناسەکردنی جیهانگیری چەندین رەهەندی جیاوازی هەیەو تێڕوانینی زۆریش هەن بۆ ناساندنی جیهانگیری، هەروەکو یونیسکۆ پێناسەی کردووە بە "جیهانگیری پرۆسەیەکی فرە رەهەندەو کاراکتەرەکانی وەکو بنەما ئابورییە جیهانییەکان، کا کاریگەری لەسەر کوالیتی کالای بازرگانی دورست دەکات، هەروەها کاراکتەری داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان و گۆڕانکاریی لەسیستەمی دەوڵەتان و بێهێزبونی سنوری نێوانیان و هەروەها ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و سیستەمە سیاسییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکان و ئاڵوگۆڕە کەلتورییەکان، هەموویان بەیەکەوە کاراکتەری گرنگ و بنچینەین لەناساندن و دروستکردنی کاریگەرییەکانی جیهانگیری لەنێوان ولاتان" (Unesco ،٢٠١٨)

جیهانگیری کاریگەری زۆری لەسەر سیاسیەت و پەیوەندی نێوان وڵاتان و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیان دروستکردووە، هەروەکو چۆن جیهانگیری توانیویەتی فاکتەرێکی گرنگ و کاریگەر بێت لەسەر راگەیاندن بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان دەربارەی زانینی سیاسیی بۆ جەماوەر. لەو روانگەیەوە (Dannreuther and Lekhi ,٢٠٠٠)، روونیدەکاتەوە، کە هەرچەندە کاریگەرییە کانی جیهانگیریی زۆرن لەسەر سیاسەت و ئابوری سیاسیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیهانگیری مەترسی زۆر دروست دەکات و زۆرجار پەیوەندیی و زانیارییە سیاسییەکان دەبێتە مەترسی و کێشە بۆ رەهەندە ئابورییەکەی جیهانگیری. هەروەکو (Berger ,٢٠٠٠)، پێیوایە کە تیشکخستنە سەر جیهانگیری لەلایەن توێژەرانەوە بابەتێکی تازەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئابوری ئازاد لەنێوان وڵاتان کە بەرهەمی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان وڵاتانەو کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر کۆی پڕۆسە سیاسییەکان لەسەر ئاستی جیهان.

هەرچەندە زۆرترین گفتوگۆ دەبارەی جیهانگیری پەیوەست کراوە، بە بازرگانی و رەهەندە ئابورییەکان بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لەهەمان کاتدا جیهانگیری کاریگەری زۆری لەسەر زانین و زانیارییەکان دروستکردووە، هەروەکو (Renn ،٢٠٠٧)، باس لەوە دەکات، کە بڵاوکردنەوەی زانیاریی یەکێکە لەرەهەندە کاریگەرییەکانی جیهانگیری بۆ نموونە داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان، و بیرۆکە نوێیەکان، هەروەها جیهانگیری بەرهەمی پڕۆسەیەکی مێژووی دوورو درێژە لەنێوان وڵاتان، بەتایبەتی فاکتەرە ئابوریی و سیاسیی و کەلتوریی و تەکنۆلۆژییەکان رۆڵ و کاریگەریی زۆریان هەبووە لەدروستبوونی، بۆیە دەتوانرێت بوترێت، کە جیهانگیری ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییە دەربارەی ئەو رەهەندانەی ئاماژەیان پێدرا.

پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان گۆڕانکاری زۆریان دروستکردووە لەسەر جیهانگیری کە لەبنچینەدا پەیوەستە بەپەیوەندی نێوان وڵات، هەروەکو (Ardis ,٢٠٠٣)، روونیدەکاتەوە کە لەدوای گەشەکردنی ئینتەرنێت و کۆنترۆڵکردنی بۆشایی و کات، مرۆڤ و تەنانەت کەلوپەلەکان و پەیوەندییەکانیشیان خرانە بۆشاییەوە، و پەیوەندیکردنی جیهانیی هیچیتر پێویستی بەتێپەڕاندنی سنوری نێوان وڵاتان نەما، ئەوەش کاریگەری نەک تەنیا لەسەر ئابوریی و پەیوەندییە بازرگانییەکان و بازاڕەکان دروستکرد، بەڵکو کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسە سیاسییەکان و زانیارییەکانیش دروستکردووە کە لەنێوان وڵاتان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت لەبۆشاییدا. هەروەها دەڵێت: زانیارییە ئەلیکترۆنییەکان داهێنران و گواستنەوەیان خێرایە، بەڵام زۆرجار لایەنگیریی حکومەت و پارتە سیاسیی و کەسێتییە سیاسییەکانیان لەسەر دروست دەبێت، بۆیە زانیاریی سیاسیی یەکێکە لەو زانیارییانە کە جیهانگیری رۆڵی زۆری هەبووە لەگواستنەوەی لەنێوان وڵاتان لەڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانی میدیاوەو بەتایبەتیش ئینتەرنێت.

جیهانگیری هاوکات لەگەڵ کاریگەرییە زۆرەکانی لەسەر زانیاریی و زانیاریی سیاسیی، بەهەمان شێوە کاریگەری زۆریشی لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن دروستکردووە بەشێوەیەکی گشتی، لەو بارەیەوە (Vineet ،٢٠١١) ، روونیدەکاتەوە کە هەرچەندە بمانەوێت یاخود نا، ئامادەبین یاخود نا، لەئێستادا جیهانگیریی لەهەموو زەمەنێکی تر ئامادەیی زیاترە، پەیوەندیی جیهانگیریی بەئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەوە زۆرەو میدیاو بەتایبەتیش میدیای نوێ واتە ئەلیکترۆنی باشترین شۆفێری گواستنەوەی زانیارییەکانی سەردەمی جیهانگیریی و جیهانگیریی خۆیەتی، بەتایبەتیش میدیای ئەلیکترۆنیی و سەتەلایتەکان و دواتریش پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و ئامرازەکانی وەکو مۆبایل و کۆمپیوتەرەکان، کاریگەریی زۆریان لەسەر گەشەپێدانی جیهانگیریی دروستکردووە.

ئاماژە بەوەدەدات کە میدیا وەکو ئامڕازێکی سەردەمی جیهانگیریی کاریگەریی زۆری لەسەر وەرگران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروستکردووە، بەجۆرێک کاریگەرییەکانی گەیشتوونەتە سەر دروستکردنی گۆڕانکاریی رەفتاریی و پەروەردەیی و کەلتوریی و تەندروستیی و ....هتد، هەروەکو زانیارییە سیاسییەکانیش پانتاییەکی زۆریان لەمیدیادا داگیرکردووەو بەهۆی کاریگەری جیهانگیریشەوە توانراوە زانیارییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لەنێوان وڵاتان ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت. ئەوەش وایە لەدامەزراوەکانی راگەیاندن کردووە پرۆگرامەکانیان کەمتر بۆ ناوخۆیی ئامادە بکەن، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییە زۆرەی میدیای جیهانیکراو بە جیهانگیری دروستیدەکات لەسەر کۆمەڵەکان و وەرگران لەوڵاتانی جیاواز.

لێرەدا دەردەکەوێت، کە جیهانگیری بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری زۆری دروستکردووە لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان دەربارەی رەهەندو بابەتی جیاوازی پەیوەست بەئابوریی و کەلتورو زمان و تەکنۆلۆژیا...هتد، لەناو ئەو رەهەندانەدا زانیاریی بەگشتی و زانیاریی سیاسیی بەتایبەتی پانتاییەکی زۆری دروستکردووە لەمیدیای جیهانیی و بەتایبەتی لەفۆڕمە نوێیەکانی میدیا وەکو میدیای ئەلیکترۆنی، ئەو کاریگەرییەش بەهۆی ئەو پانتاییە گشتییە نێودەوڵەتییە نافیزیکییە دروست بووە کە بەرهەمی جیهانگیرییە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت کە جیهانگیریی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پێکهاتنی زانینی سیاسیی دەربارەی پرسە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان و کەسێتییە سیاسییەکان و رووداوە سیاسییەکان، لای وەرگری نێودەوڵەتی.

# بەشی سێیەم: پێگەی ئەلیکترۆنی و زانینی سیاسیی

باسی یەکەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان و قۆناغەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنیان لەهەرێمی کوردستان و جیهاندا

باسی دووەم: رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی، لەبەر رۆشنایی تیۆری (چاندنی رۆشنبیری)ـدا

## باسی یەکەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان، و قۆناغەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنیان لەهەرێمی کوردستان و جیهاندا

### یەکەم: سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە جیهاندا:

راگەیاندنی ئەلیکترۆنی، لە ئێستادا بەبەهێزترین فۆرمی راگەیاندن دادەنرێت، کە زۆرترین رۆڵی هەیە لە گۆڕانکارییە سیاسییو کۆمەڵایەتییو ئابورییەکاندا لە کۆمەڵە جیاوازەکانی جیهاندا، لەو نێوانەدا، پێگە ئەلیکترۆنییەکان (وێب سایتەکان) رۆڵ و کاریگەریی زۆریان لەسەر پرۆسە سیاسییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە دنیادا هەبوە.

دوای رووخاندنی رژێمی بەعس لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانەوە لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە، لە عیراق بەشێوەیەکی گشتییو هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت، راگەیاندنی ئەلیکترۆنی گەشەکردنی زۆری بەخۆیەوە بینیی، و پێگە ئەلیکترۆنییەکان ژمارەیان زیادیکردو گەشەی زیاتر بەناوەڕۆکی پێگە ئەلیکترۆنییەکان درا. ئەم بەشە، لەگۆشەنیگایەکی تیۆرییەوە، کاردەکات لەسەر گەشەسەندن و مێژووی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، و کەموکوڕیی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و تایبەتمەندیی و خزمەتگوزارییەکانیان، کە وەکو فۆرمێکی راگەیاندنی نوێ پێشکەشی دەکەن.

#### ١. پێگەی ئەلیکترۆنی:

پێناسەی زۆرو فرەلایەن بۆ ئینتەرنێت هەن، لە پێگەی ئەلیکترۆنی (BBC ،٢٠١٢) ئینتەرنێت پێناسەکراوە بەوەی، تۆڕێکی نێودەوڵەتی بەیەکەوەبەستنەوەی کۆمپیوتەرەکانە، و زیاتر لە شێوەی سیستمی پۆستە ئیشدەکات، ئەوە جیاوازییەکەی لە خێرایی گەیاندن و زۆری گەیاندن و هەمەجۆریی گەیاندندایە، بە بەراورد بە سیستمی پۆستەی کۆن، بۆ ئەوە

زمانی هابەشی تەکنۆلۆژیایی هەیە، کە لە ئینتەرنێتدا بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە هەرکەسێک لەناو تۆڕی ئینتەرنێت بێت پێویستە(IP[٦]) ی ئەدرێسی هەبێت، ئەوە بە زمانێکی هاوبەش دادەنرێتو نێرەر و وەرگر لەم سیستمە پێشکەوتووەدا پێویستیان بە پۆست ئۆفیس و شەمەندۆفێرو تاکسی و هۆکانی گواستنەوە نییە.

هەروەک لە فەرهەنگی (dictionary.com ,٢٠١٧) وا پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنی کراوە کە "کۆمەڵێک لاپەڕەی بەیەکەوە بەستراون لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو کە بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن تاکەکەس یان دامەزراوەیەک بەڕێوەدەبرێت و تایبەتە بە بابەتێک یان چەند بابەتێکی پەیوەست و نزیک لەیەکەوە".

لەلایەکیترەوە، پێگەی (Merriam-webster.com ,٢٠١٧) بەم جۆرە پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنی کردووە کە "گروپێک لاپەڕەی ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتە کە لە هایپەر (hyperlinks) پێکهاتوون و بەشێوەی ئۆنلاین بەردەستن، و دەربارەی تاکەکەس، کۆمپانیا، دامەزراوەکانی پەروەردەو خوێندن، حکومەت یاخود دامەزراوەو رێکخراوەکانن".

٦. (IP) ئای پی رێگایەکە کە بەکاردێت بۆ ناردن و ئاڵوگۆڕکردنی داتا لە نێوان کۆمپیوتەرەکانەوە لە رێگای ئەنتەرنێت، هەر کۆمپیوتەرێک بۆ ناردن و وەرگرتنی داتا و زانیاری پێویستی بە ئای پیە. ئای پی رێگە دەدات بە ئامێرە جیاوازەکان پێکە وە پەیوەندی دروست بکەن هەرچەند نیزامی جیاوازیان هەبێت، هەروەها ئایپی ژمارەیەکە کە هەر ئامێرێک کە کۆنێکتی ئەنتەرنێت دەبێت وەری دەگرێت پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ژمارە دابەشدەبێت بە سەر دوو پۆلی لۆکاڵ و گشتی ئایپیە گشتیەکان لە لایەن Internet Assigned Numbers Authority (IANA) چاودێری دە کرێن و بۆ وڵاتان دەستنیشان دەکرێن.

هەروەکو فەرهەنگی (dictionary.cambridge ,٢٠١٧)ی پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنی کردووە بەوەی کە "کۆمەڵێک لاپەڕەی زانیاریی ڕێکخراون لەناو ئینتەرنێتدا دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو کە بڵاودەکرێتەوە لەلایەن تاکەکەسێک یان دامەزراوەیەک".

وەکو باسکرا پێناسەی هەمەجۆرو زۆر هەن بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی (Website)، هەر لەوبارەیەوە فەرهەنگی (businessdictionary.com ,٢٠١٧)پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنی دەکات بەوەی کە "شوێنێکی ڕاستییەو بەردەستە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، لەکۆمەڵێک بابەت پێکهاتووە لەسەر بابەتێک یان کۆمپانیایەک، کە پەیوەستن بە لاپەڕەتی ئینتەرنێتەوەو لەرێگەی وێب گەڕ-ەوە (Browser) بەردەستن، هەموو پێگەیەکی ئەلیکترۆنی ناونیشانێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانرێت بدۆزرێتەوە لاپەڕەی کردنەوەی پێگەی ئەلیکترۆنی پێیدەوترێت (homepage)کە لە (hyperlinks) ی لاپەڕەکانی تر پێکهاتووە لەسەر هەمان یان پێگەی دیکەی ئەلیکترۆنی".

### ٣. جۆرەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی:

بەشێوەیەکی گشتی چەندین جۆر پێگەی ئەلیکترۆنی بوونیان هەیە لەدنیادا، و بەپێی پسپۆڕییە جیاوازەکان و بۆ مەبەست و ئامانجی جیاوازو بۆ جەماوەری مەبەستداری بەکاردەبرێن، ماڵپەڕی (xislegraphix.com) لەساڵی (٢٠١٧)دا بەم شێوەیەی خوارەوە جۆرەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی دیاریکردوون:

١. ماڵپەری تاکەکەسی (شەخصی): وەکو پێگەی (www.mariasharapova.com)

٢. ماڵپەری بڵاوکردنەوەی وێنەو و ڤیدیۆ: وەکو پێگەی (www.YouTube.com – www.flickr.com)

٣. ماڵپەری تایبەت بە نوسەران: وەکو پێگەی (www.hawking.org.uk)

٤. مالپەرە کۆمەلایەتیەکان : وەکو پێگەی (www.kurdishcommunity-uk.org)

٥. ماڵپەڕی تایبەت بەئامێرەکانی مۆبایل: وەکو پێگەی (www.nokia.com)

٦. ماڵپەڕی بلۆگەکان: وەکو پێگەی (www.wordpress.com)

٧. ماڵپەری تایبەت بە پێدانی زانیاری: وەکو پێگەی (www.yahoo.com)

٨. ماڵپەری تایبەت بە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت: وەکو پێگەی (www.microsoft.com)

٩. ماڵپەرەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییە ئۆنلاینەکان: وەکو پێگەی (www.kurdshopping.com)

١٠. ماڵپەڕەکانی پەیوەست بە گەڕان: وەکو پێگەی (www.google.com)

**٢. کاریگەریی ئینتەرێت لەسەر کۆمەڵ:**

لەدوای ئەوەی ئینتەرنێت بوو بە موڵکی گشتی و خەڵک توانی بەکارییبهێنێت، بە شێوەیەکی خێرا بەکارهێنەرانی زیادیکرد، بەشێوەیەک کە لەئێستادا بەملیۆنان بەکارهێنەری هەیە، بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی ئینتەرنێت

لەنێوان وڵاتان، شارەکان و تەنانەت لادێکان وایکرد، کە لەئێستادا زۆرینەی مرۆڤایەتی لە ڕێی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بەیەکەوە ببەسترێنەوە.

هەروەها (Hilbert and López ،٢٠١١, p٦٠-٦٣)، پێیانوایە، کە کۆمەڵی ئێستای مرۆڤایەتی کۆمەڵێکی نێتوێرککراوە، ئەوە وایکردووە لەبەرئەوەی سنور لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بوونی نییە لەنێوان زۆرێک لەوڵاتان، بۆیە دەتوانرێت کۆمەڵی ئینتەرنێت، یان ئۆنلاین بە کۆمەڵێکی نێودەوڵەتی بناسین، پێشیوایە لەگەڵ کاریگەرییە زۆرەکانی ئینتەرنێت، کە لەسەر کۆمەڵ دروستیکردوون، بەڵام ئەوە بە مانای کۆتایی شوێن و پەیوەندییە ڕووبەڕووەکان نایەت، بەڵام لە هەمانکاتدا گۆڕانکاریی زۆری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەهەندەکانی وەک بەهای پەیوەندییەکان و حەزی تاکەکان و پرۆژەکانیاندا دروستکردووە. هەروەک هیلبێرت و لۆپێز لە توێژینەوەیەکدا ڕوونیانکردۆتەوە، کە ئەوە ئینتەرنێت خەڵکی تووشی گۆشەگیری دەروونی ناکات و چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانیان کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە چالاکییەکانیان زیاتر دەکات و زیاتر گرنگی بە پرۆسەی تاکگەرایی و ئازادیی تاک دەدەن، بۆ وەرگرتنی زانیاریی جیاواز دەربارەی بابەت و ڕووداوە جیاوازەکان.

ئینتەرنێت بەهۆی سەلامەتی بەکارهێنانیەوە هێز دەبەخشێت بەتاکەکان، هەروەک ئینتەرنێت ئازادی زیاتر بەتاکەکان دەبەخشێت و ئەوە پەیوەست نابێت بەتەمەن و جێندەرەوە، بەڵام بۆ ژنان کاریگەری زۆرتر دەبێت بەتایبەت لەکۆمەڵە داخراوەکاندا.

هەروەک (Rajani and Chandio ,٢٠٠٤, p١٥٧-١٥٨)، ڕوونیانکردۆتەوە، کە ئینتەرنێت کاریگەری لەسەر چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی دروستکردووە، ئەوە بەهۆی زۆری بەکارهێنانی ئینتەرنێت و پەیوەندیی

ئۆنلاین لەگەڵ کۆمەڵ و تاکەکانی دیکە دەبێت، بە تایبەتی لەگەڵ کۆمەڵی جیاوازو پێشکەوتوودا، ئەوا کاریگەریی پەروەردەبوون و بەمەدەنی بوون زیاتر دەبێت، ئەوە وایکردووە مرۆڤ خێراتر دەستگیری زانیارییە جیاوازەکان بێت و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابوری زیاتری هەبێت دەربارەی رووداوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، هەروەها تۆڕەکانی ئینتەرنێت بوون بە خێراترین ناوەندی گواستنەوەی زانیاریی و بەتایبەتی زانیاریی سیاسیی بۆ وەرگران ئەوە هۆشیاریی خەڵکی لەرووی سیاسییەوە زیاتر کردووە بەبەراورد بەڕابردوو.

لەلایەکی ترەوە، پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی و کۆمیونیکەیشن و ماس میدیا بۆچوونی جیاوازتریان هەیە، و هەروەک (Nie, ٢٠٠٠) زانای ئەمەریکی لە زانستی کۆمەڵایەتی پێیوایە، کە ئینتەرنێت تەنها کاریگەری نەبووە لە رووی سیاسییەوەو تەنانەت کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووەو پێیوایە مرۆڤەکان لەئێستادا زیاتر گرنگی بە پەیوەندییەکانیان دەدەن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بە بەراورد بە دنیای کلاسیک، کە ئەوە کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر کۆی پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ، هەروەها وایکردووە بەشداریی و ئاڵوگۆڕی زانیاریی دەربارەی رووداوەکانی وەک سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵایەتی لە دوورەوە و لەناو ئینتەرنێتدا ئاڵوگۆڕ بکرێن .

بەشێوەیەکی گشتی ئینتەرنێت کاریگەری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە لەسەر کۆمەڵ، هەروەها میدیای نوێ واتە میدیای کۆمەڵایەتی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کۆمەڵ، هەوەکو (Nicoleta،٢٠٠٨) وا روونیدەکاتەوە کە ئینتەرنێت گۆڕانکاری گەورەی لەژیان و شێوازی ژیانو هەڵسوکەوتی مرۆڤەکاندا دروستکردووە، ئینتەرنێت شێوە فەرهەنگێکی مۆدێرنی

بەرهەمهێناوە، لەو ڕێگەیەوە زیاتر تاکەکان هەڵسوکەوت دەکەن، پەیوەندی دەکەن و فێردەبن، ئەوە هۆکارگەلی زۆری لەپشتەوەیە، بەڵام دیارترینیان ئاسانی بەکارهێنانی ئینتەرنێتە، کە لەهەمان کاتدا دەتوانرێت لەناو هەمان تۆڕدا فۆڕمەکانی دیکەی میدیا بەکاربهێنیت وەک سەیرکردنی تەلەڤزیۆن و گوێگرتن لەرادیۆو خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار، هەروەها یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان وای لەبەکارهێنەران کردووە هیچیتر لەگەڵ میدیا پاسیڤ نەبن، واتە بکەرنادیار نەبن، بەڵکو دەتوانن لەهەمان کاتدا هەم ڕۆڵی وەرگرو هەم ڕۆڵی نێرەری پەیام بگێڕن ئەوە گۆڕانێکی جەوهەری بوو بۆ تاکەکان و وایکرد ئینتەرنێت بە خێرایی گەشەبکات و کاریگەری زۆر لەسەر کۆمەڵ بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی بەجێبهێڵێت، و لەو ناوەندەوە پەیامە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەربارەی ڕووداوەکان ئاڕاستە بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

### ٤. مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی وێب لە جیهاندا:

داهێنانی رادیۆو تەلەڤزیۆن، و لەسەرەتاوە دەرکردنی رۆژنامە کاریگەریی زۆری لەسەر کۆمەڵە مرۆییەکان دانا، بە تایبەتیش لەسەر رەفتاری تاکەکان، و هەروەها بیرکردنەوەیان. هەروەک (Dennis and Kahn, ٢٠١٥) پێیوایە، کە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمپیوتەر، تاقیگەکانی پاکێتی نێتوێرکینگ (packet networking) لە وڵاتانی ئەمەریکاو بریتانیاو فرەنسا گرنگییان پێدراو ئەوەبوو وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا گرێبەستێکی بۆ پاکێت نێتوێرک ئەنجامدا لەگەڵ گەشەپێدانی پرۆژەی (ARPANET) ی وەزارەتی بەرگری، کە کورتکراوەی (The Advanced Research Projects Agency Network)ە کە لە ساڵی (١٩٦٩) دامەزرا. دواتر ئەم سیستمە گەشەی پێدراو لەکۆتایی شەستەکان و

سەرەتای حەفتاكانی سەدەی رابردوو هەروەک (دۆناڵد دەیڤس[٧]) لەتاقیگەی نیشتمانی فیزیاییدا لەبریتانیا ئەو سیستمە نێتوێركیەی خستەگەڕ كە خۆی دیزاینی كردبوو. دواتر سیستمەكە زیاتر گەشەی پێدرا، بە تایبەتی لە رێی پرۆژەیەكی (دامەزراوەی نیشتمانیی زانستی) لە ساڵی (١٩٨٢)، دواتر گەشەی زیاتر بە ئینتەرنێت و نێتوێركینگ درا، تا ئەوەی لە ساڵی (١٩٩٥)دا بەكارهێنانی ئینتەرنێت تەنیا لای حكومەت نەماو گەشەی پێدراو رێگەدرا خەڵكی دیكە بە گشتی بەكاریبهێنن .

واتە بەشێوەیەكی گشتی لەساڵی (١٩٦٩)و لەدوای گەشەی نێتوێرک (رایەڵ)، لەهەمان ساڵ و لە(٢٩)ی ئۆكتۆبەر لەكاتژمێر (١٠:٣٠)ی شەوداو بۆ یەكەمجار نێتوێركەكە تاقیكرایەوە لەنێوان زانكۆی كالیفۆڕنیا لە لۆس ئەنجلۆس و پەیمانگای ستانفۆرد بۆ توێژینەوە، كە لەلایەن (لیۆنارد كلینرۆک[٨]) داهێنراو تاقیكرایەوە، ئەوە بە سەرەتای مێژووی نێتوێرک دادەنرێت (Jeremy, ٢٠١٦).

هەروەک، دواتر بەهۆی بەربڵاوبوونی ئینتەرنێتەوە لەوڵاتانی جیهاندا، میدیای كۆمەڵایەتی گەشەی كرد بەهۆی زۆربوونی خواستی بەكارهێنان و لەو سۆنگەیەوە (Dijck, ٢٠١٣, p٧) كە پسپۆری بواری میدیای بەراوردكارییەو راگری زانكۆی ئەمستەردام بووە لەكتێبەكەیدا بەناوی (كەلتوری بەیەكەوەبەستراو: مێژوویەكی رەخنەگرانەی سۆشیال میدیا)،

---

[٧] (Donald Watts Davies) زانای بواری كۆمپیوتەر بوو و كە لەبنەڕەتدا خەڵكی وێڵز بووەو لەساڵی (١٩٢٤) لەدایكبوەو، لە تاقیگەی نیشتیمانی فیزیایی بەریتانیا كاریكردوەو لەساڵی (٢٠٠٠) كۆچی دوایكرد.

[٨] لیۆنارد كلینرۆک ( Leonard Kleinrock ) زانای ئەمریكی بواری كۆمپیوتەر بوو، و چەندین داهێنانی زانستی كردوە لەبواری كۆمپیوتەرو نێتۆركینگ و رۆڵی گرنگی گێڕا لە گەشەپێدان و دیزاینی پرۆژەی (ARPANET)دا.

باسی ئەوە دەکات، کە لە کۆتایی نەوەدەکاندا "پێگەی ئەلیکترۆنی" بلۆگ دروستکراوەو دواتر بەم شێوەیە مێژووی میدیای کۆمەڵایەتی گەشەیکردووە:

(Blogger ١٩٩٠) و (Wikipedia ٢٠٠١) و (Myspace ٢٠٠٣) و (Facebook ٢٠٠٤) و (Flicker ٢٠٠٥) و(Twitter ٢٠٠٦)، تا ئەوەی لەئێستادا فەیسبووک بەربڵاوترین کەناڵی راگەیاندنی کۆمەڵایەتییە لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتداو بەپێی راپۆرتێکی وێب سایتی ستاتیستیکس تا مانگی (٢٠١٦/١) بەکارهێنەرانی فەیسبووک (١) ملیارو (٥٥) ملیۆن بەکارهێنەری تێپەڕاندووە، کە لە (٢ی شوباتی ٢٠٠٤) لەلایەن (مارک زوکەبێرگ[٩]) کە خوێندکاربوو لە (زانکۆی هارڤارد) دروستکرا.

**٥. سەرهەڵدان و گەشەکردنی پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی دەردەکەوێت، کە لە سەرەتاداو لە دوای ساڵی (١٩٧٠)ەوە تەنیا دوو جۆر لە رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنران، کە (Teletext) و (Videotex) بوون، هەروەها لە ماوەیەکی زەمەنی کەمدا سیستمی (Videotext) گۆڕانکاریی زۆری بەخۆیەوە بینی و چوار سیستمی جیاوازی لێ دروستبوو، کە بە سیستمەکانی (Videotex) و (Computer bulletin boards) و (consumer online services) و (the world wide web) بوون. (Carlson ,٢٠٠٣, p٣١-٥٥)، ئەوە ڕوونده‌کاتەوە، کە یەکەمین جۆری رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی لە وڵاتی بریتانیا لەساڵی (١٩٧٠) سەریهەڵدا، لەلایەن دامەزراوەی پەخشی بریتانیا (BBC) ، ئەو سیستمە تەنیا لە ئەوروپا

---

[٩] مارک زوکەبێرگ (Mark Zuckerberg) دۆزەرەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، کە لەئێستادا یەکێکە لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی زۆرترین بەشداربوی هەیە لەجیهاندا لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تردا.

پەرەی پێدرا، دوای ئەم داهێنانە، کە دواتر بۆ لەساڵی (١٩٧٣) لە شاری لەندەن نمایشکراو بۆ یەکەمجار بە (Teledata) بانگ دەکرا، دواتر (BBC) ناوەکەی گۆڕی بۆ .(Ceefax) ئەوە سەرنجی دەزگا رۆژنامەوانییەکان و رایگشتی راکێشا بەلای ئەم داهێنانە نوێیەو وایکرد چەند مانگێک دواترو لەهەمان ساڵدا دامەزراوەی دەسەلاتی پەخشی سەربەخۆی بریتانیا (Britain Independent Broadcasting Authority) سیستمێکی کۆمپیوتەری بەناوی (Oracle) راگەیاند، کە تائێستا هەردوو سیستمەکە لە بەریتانیاو زۆر وڵاتی دیکە بەکاردەهێنرێن و گەشەی زۆریان پێدراوە.

هەروەک هەمان نووسەر لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (مێژووی رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی) باسی لەوەکردووە، کە هەر لەبریتانیا یەکەمین سیستمی (Video text) سیستمی (Prestel) بوو کە لەلایەن سیستمی پۆستەی بریتانیا داهێنرا، و لەلایەن (سام فیدیدە) کە ئەندازیاری تاقیگەکانی سیستمی پۆستەی بریتانیا بوو داهێنرا، و بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٩٧٤) لە لەندەن نمایشکرا. تائێستا روون نییە چ رۆژنامەیەک بۆ یەکەمجار ڤێرژنی ئۆنلاینی بڵاوکردەوە بەڵام ئەوە زانراوە کە رۆژنامەکانی (Financial Times of LondonوThe post and Echo of Liverpool و Eastern Counties)لەیەکەمین رۆژنامەکانی بریتانیا بوون کە لەساڵی (١٩٧٨)دا لەسەر سیستمی پرێستل لە لەندەن تاقیکرانەوە بە شێوەی ئۆنلاین.

دواتر لە ئەمەریکاو وڵاتانی تر، بە تایبەتی لەساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەشێکی زۆری رۆژنامەکان کران بە ئۆنلاین، لەئێستادا رۆژنامەوانی ئۆنلاین لەسەر ئاستی جیهاندا بەئاراستەیەکی زۆر خێرا گەشەی کردووەو ئەم گەشەسەندنە رۆژنامەوانی کوردی گرتۆتەوە.

### ٦. مێژووی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە عیراق و هەرێمی کوردستاندا:

تائێستا بە وردی نەزانراوە لە چ مێژوویەکدا ئینتەرنێت بۆ یەکەمجار هێنراوەتە عیراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێی چەند سەرچاوەیەک، مێژووی جیاواز بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەعیراق دیاریکردووە هەروەها زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن رژێمی سەدام حسێن (بەعس) تا ساڵی (٢٠٠٢) تەنیا رێژەیەکی کەم لەهاووڵاتیان مافی بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان هەبووە. هەروەک لە دوای روخانی حکومەتی بەعس لە عیراق لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانەوە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بەکارهێنانی ئینتەرنێت گەشەی زیاتری پێدراو لە ئێستادا بە دەیان کۆمپانیای خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت مۆڵەتی کارکردنیان هەیە. هەروەها بە پێی ئامارێکی جیهانی ساڵانەی ئینتەرنێت، کە لە پێگەی ئەلیترۆنی (Internet world stats ،٢٠١٥) بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە، کە عیراق سێهەمین وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە لە زۆریی رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، کە تا رێکەوتی (٢٠١٦/٦/٣٠)، (١٤) ملیۆن عیراقی ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە، لەکاتێکداو بەپێی هەمان راپۆرت لە ساڵی (٢٠٠٠)دا تەنیا (١٢.٥٠٠) عیراقی ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە، لە راپۆرتەکەدا هاتووە، کە عیراق لەدوای ئێران و سعودیە سێهەمین وڵاتە لە زۆریی رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەپێی راپۆرتێکی دامەزراوەی توێژینەوەی عیراقی بۆ شیکاریی و گەشەپێدان، لەساڵی (٢٠٠٣)ەوەو لەدوای روخاندنی رژێمی بەعسی عیراقی، دەستیان کرد بە پرۆسەی گەیاندن (کۆمیونیکەیشن) لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، هۆکاری زۆر بەکاربردنی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی

کەناڵەکانی راگەیاندن لەعیراق لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە بەڕێوەدەبرێن و هاوکاریدەکرێن. (IRFAD ,٢٠١٧).

هەروەها (Sterling ,٢٠٠٨, p٢٤٠-٢٤٢) لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (کۆمیونیکەیشنی جەنگ: لە سەردەمی کۆن بۆ سەدەی بیست و یەک) روونیدەکاتەوە، کە جەنگی کەنداو (١٩٩٠ – ١٩٩١) بەیەکەمین شەڕی سەردەمی زانیاری دادەنرێت و هەروەکو جەنگی عیراق بە یەکەمین جەنگی سەردەمی پەیوەندیی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، ئەو خێرا گەشەسەندنەی پەیوەندیی ئەلیکترۆنی سوپای ئەمەریکای بەهێزکردو پەیوەندییەکانی جەنگی لەمرۆڤ بۆ مرۆڤەوە کرد بە پەیوەندیی ئەلیکترۆنی، ئەوە بوو بە بەردی بناغەی ئازادکردنی عیراق.

لێرەوە، لەئەزموونی جەنگی عیراق دەردەکەوێت، کە پەیوەندیی مۆدێرنی جەنگ بۆتە پەیوەندییەکی ئەلیکترۆنی و دەتوانرێت بووترێت، ئەوە هەنگاوی یەکەمی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بووە لەعیراقدا، لەپاڵ هەنگاوەکانی تردا.

هەروەکو (سعید، ٢٠٠٧) لە وتارێکدا لەرۆژنامەی (الشرق الأوسط) دەربارەی گەشەکردنی ئینتەرنێت لەجیهانی عەرەبی بڵاوی کردۆتەوە تێیدا ئاماژەی بەوە داوە کە حاڵەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت حاڵەتێکی تایبەتە لەجیهانی عەرەبیدا بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابوری و سیاسیی و سەربازیانەی تێیدا گوزەر دەکەن، تەنیا لە (٢٠٠١)دا رێژەی بەکارهێنەران لە (٢١.٥٠٠) بەکارهێنەوە بەرزبۆتەوە بۆ (١٢٠.٠٠٠) بەکارهێنەر لەساڵی (٢٠٠٤)دا هەروەکو پێشبینی لە(٥٠٠%)ی زیادبوونی رێژەکە کرابوو بۆ (٥) ساڵی داهاتوو لەکاتێکدا ئەو ژمارانە خاڵێکی بێهێزدەبن بۆ بنیادنانی ژێرخانی ئەلیکترۆنی بەهۆی ئەو بارودۆخەی عیراقی تێدایە. ئەوە لەکاتێکدایە کە نرخی ئینتەرنێت گرانە لەو وڵاتەدا.

ئەوە روونکراوەتەوە کە لەپێش ساڵی (٢٠٠٣)دا سانسۆری زۆر لەسەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەعیراق هەبووەو ڕێگەنەدراوە هاووڵاتیان لەماڵەکانیاندا ئینتەرنێت بەکاربهێنن تەنها لە سەنتەرو کافێی ئینتەرنێتی حکومی ڕێگە بەبەکارهێنانی دراوە، بەجۆرێک هەموو ئەو وێبپێگانەی دەربارەی (ئیسلام و سیاسیەت و پۆرنۆگرافی) بوون، سانسۆر کرابون. دواتر ڕێگە بەهاووڵاتیان درا لەشەوانداو لەدوای نیوەشەو لەماڵەکانیان ئینتەرنێت بەکاربهێنن تەنیا بۆ ئیمەیڵ واتە ناردنی نامەو وێنەو زانیاریی.

لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە زۆربەی سیستمەکانی کۆنترۆڵکردن لابران بەڵام بەتەواوەتی نا، واتە سانسۆر بەردەوام بوو لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە (سۆشیالیست، ئازادیی و پۆرنۆگرافی و تیرۆریستیی و مافەکانی مرۆڤ و هەندێ هەواڵ کە پێشبینی ڕووداوی تریان لێدەکرا لەوڵاتدا)، بەڵام بەبێ سانسۆری فەرمی و تەنها چاودێری دەکران، تەنانەت هێزی هاوپەیمانان چەند بەکارهێنەر و کافێی ئینتەرنێتیان داخستن و دەستیان بەسەر کەلوپەلەکانیاندا گرت بەگومانی ئەوەی هەندێ گروپی تیرۆریستی لەرێگەی ئۆنلاینەوە کاروبارەکانیان ڕێکدەخەن لەو کافێ نێتانەدا.

هەروەکو بەپێی ڕاپۆرتێکی پێگەی ئەلیکترۆنی (Wordpress ,٢٠١٧) ، لەساڵی (١٩٩٨)ەوە ئینتەرنێت هاتۆتە عیراق بۆ یەکەمجار بەڵام تەنها بۆ کاروباری حکومەت بەکارهاتووە و ژمارەیەکی کەم لەدەوڵەمەندەکان ڕێگەیان پێدراوە بەکاریبهێنن بەهۆی گرانی نرخەکەی و ئەو سانسۆرە قورسەی لەسەر ئینتەرنێت دانرابوو هەروەها ئەو ژمارەی بەکارهێنەرانە لەدوای ساڵی (٢٠٠٢)ەوە گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتوو و ژمارەکە بۆ (٤٥) هەزار بەکارهێنەر زیادیکرد.

هەروەها هیچ ئامارێکی ورد نییە بۆ زانینی ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بە گوێرەی راپۆرتێکی ساڵی (٢٠١٣)ی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە پێگەی ئەلیکترۆنی رۆژنامەی (الشرق الأوسط، ٢٠١٣) بڵاوکراوەتەوە، تێیدا روونکراوەتەوە، کە لە هەرێمی کوردستاندا (٢) ملیۆن بەکارهێنەری ئینتەرنێت هەیەو لە بەرامبەردا (٢٦) کۆمپانیای خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت مۆڵەتی کارکردنیان هەیە.

لەهەرێمی کوردستاندا، بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە هەردوو کەرتی حکومەت و ئەهلیدا گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینیوەو بەپێی پێگەی ئەلیکترۆنی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێم (٢٠١٧) "پرۆژەی ئینتەرنێتی میری پرۆژەیەکی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کەوا تیایدا بۆچوونی حکومەت دەردەکەوێت بۆ یەکخستنی هەوڵەکان بۆ دابینکردنی سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت، هەروەها کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە بەکارهێنانی شێوازی جیاواز بۆ دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە. وەک سیستمی(Modem – Dial Up - ADSL) ، هەروەها کەمکردنی رۆتینی حکومی لە شێوازی ئەنجامدان‌و جێبەجێکردنی کارەکانی ژمێریاری و دانی پارەی ئەم خزمەتگوزارییە کە بە شێوەی لە( Prepaid)بەکاردەهێنرا، یان داواکاری تایبەتی هەر فەرمانگەیەک بە تەنیا".

لەهەمان پێگەدا ئەوەخراوەتەڕوو، کە "ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەران دەرگایەکیان بۆ کرایەوە لە بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزارییە، کە پێشتر ژمارەیەکی زۆر کەم لە فەرمانبەران بەکاریان دەهێنا لەم پرۆژەیەدا لەهەردوو قۆناغی یەکەم و دووەم دا سیستمی (Wi-Fi) بەکارهاتووە بە

لەرەلەری (GH ٥.٨) کەوا ئەو لەرەلەرە لەباندی (FreeBand) بەکاردێت لە قۆناغی یەکەمدا پرۆژەکە (١٣)شاری بەخۆوەگرت بەتێکڕای باند(Mb ٧٦) لە قۆناغی دووەمدا پرۆژەکە (١٣) شاری بەخۆوەگرت بەتێکڕای باند (Mb٧٥)تێکڕای ژمارەی فەرمانگەکانی میری کە تاکو ئێستا ئەم خزمەتگوزایەی پێ گەیشتبێت خۆی لە (٦٠٠) فەرمانگە دەدات."

### ٧. خزمەتگوزاریی پێگە ئەلیکترۆنیەکان:

خزمەتگوزارییەکان لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت، زۆرو هەمەچەشنن، هەروەها لەناو پێگە ئەلیکترۆنیەکاندا هەمەچەشنی زۆر هەیە لە خزمەتگوزارییەکاندا، ئەوە یەکێکە لەفاکتەرەکانی زیاتر گەشەسەندن و بەربڵاوبوونی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی کە سەرچاوە سەرەکیەکەی پێگە ئەلیکترۆنیەکانە، هەروەک توێژەرانی بواری میدیا Medoff and Kaye) (٢٠١١, p٧, لە کتێبی 'راگەیاندنی ئەلیکترۆنی، لەئەوسا، ئێستاو داهاتوودا وا روونیدەکەنەوە کە گەیاندنی پەیام لە فۆڕمە لەپێشینەکانی میدیا وەک تەلەفۆن، رادیۆ، تەلەڤزیۆن و رۆژنامەو گۆڤار پێویستی بەکاتی زیاتر هەبوو و بەرێژەیەکی کەمتر بەوەرگران دەگەیشت، بەڵام لەسەردەمی ئێستادا لەرێگەی ئینتەرنێتەوە کە بە ملیۆنان مرۆڤ لەڕێگەی کۆمپیوتەرەکان و تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە پەیوەندییان بەیەکەوە بەستراوەتەوە گەیاندنی پەیام لەناوەندە ئۆنلاینەکانەوە خێراتر بووە و تەنانەت دامەزراوەکان و کەسەکان دەتوانن پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆیان دروست بکەن و زانیاری و ژانرەکانی تری وەک: وێنەو ڤیدیۆو دەنگ بڵاوبکەنەوە. بە گەڕانەوە بۆ مێژوو بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر ناوەندێکی گەیاندنی جەماوەری پێویستی بە (٥٠) ملیۆن وەرگر هەبووە وەک بنەمایەکی بوون بەناوەندی گەیاندنی جەماوەری، بۆ نموونە رادیۆ لەسەرەتای دروستبوونی پێویستی بە (٥٠)

ساڵ بوو تا گەیشت بە (٥٠) ملیۆن وەرگر، هەروەها تەلەڤزیۆن پێویستی بە (١٣) ساڵ بوو بۆ گەیشتن بەو ڕێژەیە، بەڵام ئینتەرنێت لەدوای دروستکردنی تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی (World Wide Web) تەنیا پێویستی بە (٥) ساڵ بوو بۆ گەیشتن بە (٥٠) ملیۆن بەکارهێنەرو وەرگر. ئەوە لەبەرئەنجامی ئەوەبوو کە ئینتەرنێت نوێترین فۆڕمی ڕاگەیاندن بوو کە هەموو فۆڕمەکانی تری گەیاندنی جەماوەری لەناو خۆیدا کۆکردەوەو هەموو کارەکتەرەکانی دیکەی میدیای ترادیسیۆنی لەخۆگرت لەوانە (نووسین، گرافیک، وێنەی جوڵاو، وێنە، دەنگ) لە ناوەندێکی گەیاندنی دەگمەنی وەک وێب سایت-دا.

لەهەمان کاتدا ئەم توێژەرانە ڕوونیدەکەنەوە کە یەکێکی تر لەهۆکارەکانی دەرکەوتنی ئینتەرنێت وەک ناوەندێکی گەیاندنی دەگمەنی جەماوەری پەیوەست نەبوونی بوو بە بوونی کاتو دیاریکردنی بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکان وەک لە ڕادیۆو تەلەڤزیۆن پەیڕەوی لێدەکرێت، هەروەها پابەندنەبوون بە قەبارەی شوێنی بڵاوکردنەوەی زانیاری وەک ئەوەی لەڕۆژنامەو گۆڤار پەیوەستە بە ڕێژەی لاپەڕەو کۆڵۆمەکانەوە، ڕوونتر بگوترێت کە لە پێگە ئەلیکترۆنیەکاندا بێ گوێدانە کات بەخێراترین کات و لەهەر کات و ساتێکدا بێت دەتوانرێت زانیاری و وێنە و ڤیدیۆو دەنگ بڵاوبکرێتەوە، بەهەر قەبارەیەک بێت.

### ٨. تایبەتمەندیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان:

لەسەردەمی ئێستای گەشەکردووی تەکنۆلۆژیاو بەربڵاوی تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، تایبەتمەندییەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان جیاوازن، بۆ نموونە پێگەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەتمەند لەبواری بازرگانی جیاوازە لە پێگەیەکی تایبەتمەند بە پەیمانگایەکی فێربوونی زمان.

پێگەی ئەلیکترۆنی (creativeslice.com) بۆ ساڵی (٢٠١٧)، بەم شێوەیەی خوارەوە تایبەتمەندی پێگەی ئەلیکترۆنیەکانی بەشێوەیەکی گشتی دیاریکردوون: لە پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە بە پێی ئیشوکاری پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردێن، لێرەدا گرینگترین تایبەتمەندییەکان دەخرێنەڕوو کە بریتیین لە:

١. دانانی بەشی (پەیوەندیکردن) و (ناونیشانی پێگە ئەلیکترۆنیەکە) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.
٢. بەشی بلۆگ یان بابەتەکان کە باشتروایە ڕێگە بەبەکارهێنەران بدرێت کۆمێنت بۆ بابەتەکان بنوسن
٣. هەبونی تایبەتمەندیی کڕینی ئۆنلاین
٤. هەبونی بەشی فێرکردن و کۆرساتی ئۆنلاین
٥. ڕۆژژمێری بۆنە و روداوەکان (ئیڤێنت کالێندەر)
٦. بەشی فۆریۆم، یان پرسیارو وەڵام
٧. بەکارهێنانی (گووگڵ مەپ جێنێرەیتۆر) بۆ دروستکردنی نەخشەی پێگە ئەلیکترۆنییەکە
٨. بەشی گەلەری وێنەکان
٩. دانانی نەخشەی گوگڵ مەپی شوێنی کار، یان بزنەسەکە
١٠. بەشی چات و ڕێنمایی ئۆنلاین بۆ بەکارهێنەران
١١. بەشی گەڕانی تایبەت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکە
١٢. بەشی (FAQ) کە بریتیە لە دانانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە بەکارهێنەران زۆر پرسیاری دەربارە دەکەن.

١٣. بەشی هەواڵنامە، کە هەر بەکارهێنەرێک ویستی بەداخڵکردنی ئیمەیڵەکەی لەلایەن بەڕێوەبەری پێگە ئەلیکترۆنیەکە دواین هەواڵ و ئاگادارییەکانی بۆ بنێردرێت.

١٤. دانانی دەنگ و ڤیدیۆ ئەگەر پێویست بوو.

هەروەها پێویستە پێگەی ئەلیکترۆنی ریسپۆنسیڤ بێت، واتە خۆی لەگەڵ هەموو جۆرە ئامێرێک بە هەموو پێوەرێکەوە بگونجێنێت.

**٩. رۆڵی پێگە ئەلیکرۆنیەکان لە دروستکردنی زانینی سیاسییدا:**

زۆربەی توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی زانینی سیاسیی سەنتەری پرۆسەی دیموکراسییە، هەروەک کۆکن لەسەر ئەوەی کە هاوولاتیان لەسیستمە دیموکراسییەکاندا پێویستیان بە پرزانیاریکردن هەیە بۆ ئەوەی خاوەن زانین بن بۆ بەشداریکردن لە پرۆسە سیاسییەکاندا. هەروەها ژمارەیەک توێژەر پێیانوایە کە پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ لەنێوان راگەیاندنی ئەلیکترۆنی (Electronic Media) و زانین و بەشداریی سیاسییدا بوونی هەیە، چونکە ئینتەرنێت وەک ئامرازێکی سیاسیی سەیرکراوەو لەسەرەتاوە تەنیا لەلایەن حکومەت و سیستمە سیاسییەکانەوە بەکاربراوە، تا ئەوەی لەمانگی ئابی (١٩٩١)ەوە رێگە بە خەڵکی ئاسایی درا بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت، هەروەها لەسەردەمی ئێستادا و بۆ بەرەنگاربونەوەی سیستمە نادیموکراسییەکان هاوولاتیان و گروپ و رێکخراوەکان تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەکاردەبەن بۆ بلاوکردنەوەی زانیاریی و هۆشیاریی سیاسی بەئامانجی دروستکردنی زانینی سیاسی لەناو جەماوەرو هاندانیان بۆ بەشداری سیاسی، هەروەک چۆن لەساڵی (٢٠١٠)ەوە لەدوای راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لەباکوری ئەفریقاو خۆرهەلاتی ناوەڕاست ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گشتی بەکاربراو رۆڵ و کاریگەریی گرنگی گێڕا.

پێگە ئەلیکترۆنییەکان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان هەیە لەدروستکردن و پێکهاتنی زانینی سیاسییدا لەناو جەماوەردا، لێرەدا هەوڵی ڕوونکردنەوەو شیکاری ئەو ڕۆڵە دەدەین کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر دروستکردنی زانینی سیاسیی بەشێوەیەکی گشتی دروستی دەکەن:

لەو ڕوانگەیەوە توێژەرانی وەک (Dimitrova, Shehata, Strömbäck. and Nord ,٢٠١٤, p٩٥-١١٨) جەخت لەسەر ئەو پەیوەندییە پۆزەتیڤەی لەنێوان ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و پرۆسە سیاسییەکاندا هەیە دەکەنەوە، بەتایبەتی بەشداریی سیاسیی و هەروەها زانینی سیاسییدا، هەروەک ڕوونیدەکەنەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر زانینی سیاسیی، بەتایبەت لەکاتی کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا.

ئەوە باس دەکەن، کە بەکارهێنان و گرنگی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی لەکەمپەینەکانی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی هێواش گەشەی کردووە بەپێی کات، کە لەساڵی (١٩٩٢)ەوە بەکەمپەینی (کلنتن) دەستیپێکردووەو سەرەتا زانیارییەکانیان دەربارەی هەڵبژاردن و کاندیدەکان و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت بڵاوکردەوە، بەشێوەیەکی کاتی و لەکەمپەینی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەساڵی (٢٠٠٠)دا پێگەی ئەلیکترۆنی (وێب سایت)ی کاندیدەکان بوو بە ئامڕازێکی گشتی کە زۆرێک لەپسپۆڕان بەیەکەمین (هەڵبژاردنی ئینتەرنێت)، ناوزەدی دەکەن. چونکە لەم کەمپەینەدا کاندیدەکان زانیارییە سیاسییەکانیان دەبارەی پڕۆفایلەکانیان و کارو پڕۆژەو دیبەیتەکانیان لەناو ئینتەرنێت بڵاودەکردەوەو ئاڕاستەی جەماوەرو دەنگدەرانیان دەکرد. لەساڵی (٢٠٠٤)دا کاندیدە سیاسییەکان بڕۆشەرەکانیان لەناو ئینتەرنێت بڵاودەکردەوەو پێیان دەگوت (بارەگای سەرکردایەتی

ئەلیکترۆنی). کە وەک ناوەندێکی گرنگی گواستنەوەی زانیاریی کاندیدەکان تەماشا دەکراو ناوەندێکی گرنگی ئاڕاستەکردنی پەیامی سیاسی بوو. هەروەک لەساڵی (٢٠٠٨)یشدا بەسەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مایکرۆ بلۆگەکان لەناو تۆڕەکانی مۆبایل بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و کاریگەر لەلایەن کەمپەینەکەی (باراک ئۆباما) بەکاربرا بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی ئۆباما .

لەرۆژگاری ئێستادا، هیچ کاندیدو پارتێکی سیاسیی لەئەمەریکا ناتوانێت بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات بەبێ ئامادەگی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت، ئەوە یەکلاکراوەتەوە کە کاریگەری ئینتەرنێت بەهەموو ئاستەکانی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هەموو ئاستەکان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە.

ئەو نووسەرانە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە هەندێ فۆڕمی (جۆری) ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی ڕۆڵی چارەنووسسازیان هەیە لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشنی سیاسییدا، لەوانە (بلۆگینگ، پۆدکاست (تۆمارە دەنگیە ئەلیکترۆنییەکان)، پێگە ئەلیکترۆنییە سیاسییەکان، فیدباکی ئەلیکترۆنی، بەشداری ئەلیکترۆنی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئاڵوگۆڕی ڤیدیۆی ئۆنلاین) .

هۆکاری زۆر هەیە بۆئەوەی لەسەردەمی ئێستادا زیاتر خەڵکی پشت بە ئینتەرنێت دەبەستن بۆ بەشداریی سیاسیی و وەرگرتنی زانینی سیاسیی، لەوانە:

١. ئینتەرنێت دەرفەتی زۆرو هەمەچەشن دەڕەخسێنێت بۆ بەشداریی سیاسیی، بۆ نموونە بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان لەڕێگەی سندوقی ئەلیکترۆنییەوە، دیبەیتە ئۆنلاینەکان، بلۆگەگان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی زیاترن.

٢. بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان لەرێگەی سندوقە ئەلیکترۆنییەکان تێچوویەکی کەمی دەوێت و کاتی کەمی تێدەچێت بۆ بەشداربووان و لەناو ماڵەکانیان دەتوانن دەنگبدەن.
٣. ئینتەرنێتدا سەرچاوەیەکی دەڵەمەندی زانیارییەوە دەتوانرێت چەندین سەرچاوەی جیاوازی زانیاریی لەناو ئینتەرنێتدا بکەیتەوەو سوودی لێوەربگریت لەهەر کات و شوێنێک کە وەرگر بیەوێت.
٤. ئینتەرنێت زانیاریی دەوڵەمەندی دەربارەی سیاسەت و ژیانی مەدەنی پێشکەش دەکات، ئەوە وەرگران زیاتر پڕزانیاریی دەکات دەربارەی پڕۆسە سیاسییەکان.
٥. دەتوانرێت پانتایی گشتی لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت دروستبکرێت بۆ گفتوگۆو دیبەیت دەربارەی پرسە سیاسییەکان.
٦. ئینتەرنێت پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان جەماوەر (وەرگران) یاخود دەنگدەران و کاندیدەکان و سیاسییەکاندا دروستدەکات، دەتوانرێت گفتوگۆ لەنێوانیان بەشێوەی ئۆنلاین و راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بکرێت و تەنانەت سیاسییەکان دەتوانن فیدباک بەدەستبهێنن لەجەماوەرەوە، ئەوە کارلێکێکی سیاسیی گرنگ دروستدەکات.

توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە جەختیان لەوەکردۆتەوە کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، راگەیاندنی ئەلیکترۆنی بە پێگەی ئەلیکترۆنی کاندیدەکان و هەواڵە ئۆنلاینەکان و رۆژنامە ئۆنلاینەکان کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر ئاستی زانینی سیاسیی دەنگدەران، لەیەکێک لەتوێژینەوەکان کە دەربارەی کەمپەینەکانی ساڵی (٢٠٠٠) ئەنجامدراوە تێیدا رونکراوەتەوە کە ئەو دەنگدەرانەی سەردانی پێگەی ئەلیکترۆنی کاندیدەکانیان کردبوو ئاستی زانینی سیاسییان بەرزتربووە. هەروەک چۆن راگەیاندنی ئەلیکترۆنی

له کەمپەینەکانی ساڵی (٢٠٠٤) و (٢٠٠٨)یش بەهەمان شێوە رۆڵ و کاریگەری گرنگیان گێڕا لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانینی سیاسیی بەشداربووان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاریی سیاسییەوە .

لەتوێژینەوەیەکی دیکەدا کە لەلایەن توێژەران (Vergeer, ٢٠١٣,-p١٢) Hermans and Sams, ئەنجامدراوە دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا لەساڵی (٢٠٠٩) کە کاندیدەکان زیاتر بۆ بانگەشەی کەمپەینی هەڵبژاردن پشتیان بە (مایکرۆ بلۆگینگ و تویتەر)، بەست. لەتوێژینەوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لە دوو دەیەی رابردووەوە کاریگەری و رۆڵی ئینتەرنێت لەلایەن کاراکتەرە سیاسییەکانەوە دەرکەوتووەو بەکاربراوە بۆ پرۆسە سیاسییەکان، و ئەو کاریگەریانە کە لەسەر کەمپەینەکانی هەڵبژاردن دروستیدەکات چەندین توێژینەوەی زانستیان دەربارە کراوە. گفتوگۆی جدی دەربارەی ئەو رۆڵەی ئینتەرنێت هەیە لەسەر گواستنەوەی زانیاریی بۆ وەرگران و ئەو گفتوگۆو دیبەیتەی کە ئەنجامدەدرێت زۆرجار لەنێوان دەنگدەران و کاندیدەکاندا.

توێژینەوەی زۆر دەربارەی رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پێکهێنانی زانینی سیاسیی ئەنجامدراون، لەو بارەیەوە (Singer ,٢٠٠٦ ,p٢٦٥-٢٦٧) روونیدەکاتەوە کە لەکەمپەینی سیاسیی ساڵی (٢٠٠٤) لەئەمەریکا، سەرنوسەرانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان هاوشانی رۆژنامەکان یەکەمین و گرنگترین سەرچاوەی باوەڕپێکراوی بڵاوکردنەوەی زانیاریی سیاسیی بوون، لەگەڵ ئەوەدا باوەڕیان وابووە کە زانیارییە سیاسییەکان کەمتربو لەبنەڕەتدا بۆ بەشداریکردن و هاوبەشیکردنی بەکارهێنەرانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەکەمپەینە سیاسیەکەدا. ئەوە سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی سیاسیی بووە لەو کاتەدا بۆ هاووڵاتیان و رۆڵ

و کاریگەری زۆری بەجێهێشتووە. ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە پێویستە ڕۆژنامەنووسان پێداچوونەوەی بە پاسەوانی دەرگا بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییە سیاسییەکان لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا. ئەوەی خستۆتەڕوو کە لەئێستادا نزیکەی (١٢٠٠) ڕۆژنامەی ئەمریکی فێرژنی (چاپی) ئۆنلاین-یان هەیە وەک پێگەی ئەلیکترۆنی لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا، دەڵێت: "ئینتەرنێت سەرچاوەیەکی ڕێکوپێکی هەواڵ و زانیارییە بۆ نیوەی ئەمریکیەکان"، هەروەک ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بۆتە بابەتێکی گرنگی ئەکادیمی.

ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، کە ئینتەرنێت، کاریگەری گرنگی لەسەر دەرهاویشتەکانی کۆمەڵی دیموکراسی بەجێهێشت، بەو بیرۆکەیەی کە وەرگر یاخود بەکارهێنەری، ئەکتیڤی دروست کردو توانای فیدباک و ناردنەوەی پەیامی پێدا، توانی کاریگەریی وەرگران لەسەر پانتایی گشتی دروست بکات، و وەک کۆمارێکی ئەلیکترۆنی پێناسە بکرێت و بکرێت بەهێزی خەڵک، هەروەک چۆن پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانن کاریگەریی زۆر دابنێن لەسەر پڕۆسەی کۆمیونیکەیشنی سیاسیی لەرێگەی بڵاوکردنەوەو ناردنی پەیام و زانیارییە سیاسییەکان ئەوە وا دەکات زانینی سیاسیی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت زیاد بکات و هۆشیاریان هەبێت لەسەر پڕۆسە سیاسییەکاندا.

ئینتەرنێت، توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەناو جەماوەرداو زانین و هۆشیارییەکی سیاسیی گرنگ بنیادبنێت، بەشێوەیەک لەهەندێک وڵات ئینتەرنێت توانیویەتی بەشداریی کارای سیاسیی و ڕووداوە سیاسییەکان بکات.

هەروەک (Howard, Duffy, Freelon, Hussain, , Mari, ٢٠١١) , and Maziad لەتوێژینەوەکەیاندا ڕوونیدەکەنەوە کە کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە ( محمد بوزیزی) ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەو شەپۆلی

خۆپیشاندان و راپەڕینانەی لەپێناو دیموکراسی لەباکوری ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامدران. ئەوە لەدەرەنجامی ئەوە هات کاتێک محمد بوزیزی میوەفرۆش کاتێک لەتونس ئاگری لەجەستەی بەرداو گیانی لەدەستدا لە رۆژی (٢٠١٠/١٢/١٠)، بەزوویی دەنگی ناڕەزایی و بەشداریکردن لەخۆپیشاندان و راپەڕینەکان لەناوچەکەدا سەریانهەڵداو لەتونسەوە بۆ میسرو لیبیاو دواتر جەزائیرو مەغریب و سوریاو یەمەن و وڵاتانی تردا بڵاوبۆوەو دوای چەند مانگێک حکومەتەکانی تونس و میسرو دواتر لیبیاو یەمەن کەوتن. توێژەران و پسپۆڕان پێیانوایە کە هۆکارگەلی زۆر هەبوون بۆ دروست بوون و سەرهەڵدانی راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی کە ناوی تری هەیە وەک هەندێ پسپۆڕ بە پایزی عەرەبی ناوی دەبەن، بەڵام گرنگترین فاکتەر ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media) بوون کە هێزی جەماوەریان لەئۆپەراسیۆنە سیاسییەکاندا وەگەڕخستبوو لەرێگەی بڵاوکردنەوەی زانین و هۆشیاریی سیاسیی زیاتر هانی خەڵک درا بۆ بەشداریکردن لەراپەڕین و مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا.

هەروەها (Rowbottom ,٢٠٠٦, p ٤٨٩-٤٩٠)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەگەڵ گەشەکردنی وێب، لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەتی لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا وێب بلۆگ(weblog or blog) ، گرنگی زیاتری پێدراو گەشەیکرد، بوو بەکەناڵێکی کاریگەری ئاڵوگۆڕی بیروڕاو زانیاریی سیاسیی بەتایبەت لەنێوان هاووڵاتیان و سیاسییەکاندا، و وایلێهات کەسانی سیاسیی وێب بلۆگی تایبەت بەخۆیان دروستکردو لەو کەناڵانەوە پەیوەندیان لەگەڵ جەماوەرەکەیان دروستدەکردو زانیارییەکانیان بۆ دەگواستنەوە، تەنانەت تەکنۆلۆژیای نوێ فۆری پەیامەکانی لەنوسراو و دەنگەوە گۆڕی بۆ ڤیدیۆ بەشێوەی ئۆنلاین و راستەوخۆ. بەجۆرێک کاتێک پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ

بانگەشەی سیاسیی بەکاردەبرێن پێویستە هاوشێوەی پۆستەرە چاپکراوەکان زانیارییە پێویستییەکان دەربارەی کاندیدەکان بڵاوبکەنەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتووە کە تەکنۆلۆژیای نوێ و ئینتەرنێت ئامرازێکی گرنگی کۆمیونیکەیشنی سیاسیین.

(Gurevitch, Coleman, and Blumler, ٢٠٠٩, p١٦٥) ئەوە دەخەنەڕوو کە لەئێستادا ئارگیومێنتی جدی هەیە دەربارەی کۆتایی هاتنی رۆڵی تەلەڤزیۆن لە بانگەشە سیاسییەکاندا، کە لەماوەی نیو سەدەی رابردوودا هەژموونی بەسەر پڕۆسەکەدا کێشابوو و زاڵ بوو بەسەر فۆڕم و جۆرەکانی دیکەی راگەیاندندا، بەو پێیەی پەیوەندییەکی باش لەنێوان سیاسەت و تەلەڤزیۆندا هەبووە، بەڵام لەئێستادا بارودۆخەکە گۆڕاوە لەدوای سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئینتەرنێت. رۆژنامەکان خوێنەرەکانیان لەدەستدەدەن، و تەلەڤزیۆنەکان بینەرەکانیان لەدەست دەدەن، بەپێی توێژینەوەیەکی ((Pew ٢٠٠٨) Internet & American Life Project) دەرکەوتووە کە ئەو ئەمریکیانەی لەکەمپەینی هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٤) ئینتەرنێتیان کردووە بەسەرچاوەی زانیاریی سیاسیی ژمارەیان بەرزبۆتەوە بۆ رێژەی (٢٣%)، لەبەرامبەردا تەلەڤزیۆنەکان بەڕێژەی (٤%) بینەرەکانیان لەدەستداون لەهەمان کاتدا. ئەوە دەرکەوتووە کە میدیا بەشێوەیەکی گشتی زانیاریی کۆدەکاتەوەو لەئینتەرنێتدا بڵاویدەکاتەوە، لەوێب بلۆگەکان، پێگە ئەلیکترۆنییە کەسییەکان، پێگەی حکومەتەکان، پێگەی ئینتەرنێتی کاندیدەکان، یاخود سیاسییەکان. یەکێکی تر لەفاکتەرە کاریگەرەکانی گەشەی پەیوەندی ئینتەرنێت و سیاسەت لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە زۆرینەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت گەنجانن و ئینتەرنێت وەک فۆڕمێکی نوێ و سەردەمی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی دەرفەتی بەشداریداوە بە وەرگران و

دەتوانن تەنانەت لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگە ئەلیکترۆنییەکان، پەیام ئاڕاستە بکەن، فیدباکیان هەبێت و نامە بنێرن و ڤیدیۆو وێنەو نووسین و دۆکیومێنت و دەنگ بڵاوبکەنەوە.

هەروەها (Yun and Chang ,٢٠١١, p١٣٥-١٣٧)، باس لەوە دەکەن کە لەتوێژینەوەکەیاندا کە تایبەتە بە راگەیاندنی نوێ و پڕۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، و خۆپیشاندانەکانی رووناکی مۆمی ساڵی (٢٠٠٨)ی کۆریای باشوری بەکەیسی توێژینەوەکە وەرگرتووە، ئەوەیان خستۆتەڕوو کە گەنجان بەتایبەتی خوێندکاران کە بەشداری کارایان لەخۆپیشاندانەکانی کۆریادا هەبوو، لەرێگەی ئینتەرنێتەوە بەشداریان دەکردو زانیارییە سیاسییەکانیان وەردەگرت و چالاکی و بۆنەکانیان رێکدەخست. ئەوە خراوەتەڕوو کە رێژەی بەشداری خوێندکارانی کچ زۆرتربووە لەخوێندکارانی کوڕ. ئەوە درێژەی کێشاو ماوەی نزیکەی (١٠٠) رۆژ خۆپیشاندانەکان بەردەوامیان پێدراو زیاتر لە (٣.٥) ملیۆن کەس بەشداریان تێداکرد کە رێژەی (٥٠%)یان هەرزەکاربون و توانای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەمی و ئینتەرنێتیان بەباشی هەبوو ئەوە فاکتەرێکی کاریگەری بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و هاندانی خەڵک بوو بۆ بەشداریکردن.

ئینتەرنێت لەخێزانەکان و خوێندنگەکان زیاتر کاریگەری لەسەر هەرزەکارەکان هەبوو، بەگوێرەی ئەوەی بەشداربووانی ئینتەرنێت بەشداری لەچەندین گروپ و پێکهاتەی جیاوازی کۆمەڵایەتی دەکەن لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتداو وەک سەرچاوەیەکی زانیاریی و زانینی سیاسیی بەکاریاندەهێنن و بەشداریی سیاسییان لەناو جیهانی ئۆنلایندا زیاتر دەبێت. گەشەی زۆری ئینتەرنێت وایکردووە کاریگەریی زۆرتر لەسەر پڕۆسە سیاسییەکان دروست

بكات، بەشێوەیەکی تایبەتمەند دەەتوانین کاریگەرییەکانی ئینتەرنێت لەسەر سیاسەت بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

١. ئینتەرنێت، تێچووی بەشداریی سیاسیی کەمدەکاتەوە. بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی خۆڕایی.

٢. ئینتەرنێت، دەرفەتی هۆشیاریی سیاسیی زیاد دەکات، بەپێشکەشکردنیی زۆرترین و تازەترین زانیاریی.

٣. ئینتەرنێت، کەناڵی زۆرو جۆراوجۆر دەخاتە بەردەست بۆ بەشداریکردنی سیاسیی، لەوانە گفتوگۆی گشتی، دەنگدانی ئۆنلاین، بلۆگینگ.

٤. ئینتەرنێت، پەیوەندیی و کارلێککردنی گروپە سیاسییەکان بەهێزتر دەکات.

٥. ئینتەرنێت، وا لەتاکەکان دەکات بەئامانجی گشتی بەیەکیانەوە ببەستێتەوەو ناسنامەیەکی گشتیان بۆ دروست بکات.

توێژەران لەگەڵ ئەوەدان کە هەواڵە ئۆنلاینەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر زانینی سیاسیی هەیە، هەروەک (De Zúñiga, ٢٠١١, p٥٦٤-٥٦٥ , Abril, and Rojas، روونیدەکەنەوە کە هەواڵ پەیوەندییەکی پۆزەتیڤی لەگەڵ بەشداریی سیاسیی هەیە بەشێوەی ئۆنلاین یاخود ئۆفلاین بێت، بەشێوەیەکی گشتی هەواڵ و زانیاریی ئۆنلاین بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ کاریگەرییان هەیە لەسەر بەشداریی سیاسیی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و زانینی سیاسیی بۆ جەماوەر. هەر لەو گۆشەنیگایەوە (٢٠٠٦, p١٧٣-١٧٤ , Kenski and Stroud)باس لەوە دەکەن کە لەماوەی دەیەکانی رابردووەوە رێژەی بەردەستی زانیاریی سیاسیی زیادیکردووە بەهۆی ئینتەرنێتەوە، کاندیدە سیاسییەکان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن بۆ تازەکردنەوەی زانیارییەکانیان لەرێگەی ئیمەیڵ و پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان، بۆ خستنەڕووی زانیاریی دەربارەی پۆستەکانی ئێستایان، ئەوە کاریگەری دروستکردووە

لەسەر زانینی سیاسیی لای جەماوەر و دواجار بڕیارو بەشداریی سیاسییان لەپڕۆسە سیاسییەکاندا.

هەروەکو چۆن (Jensen and Venkatesh ,٢٠٠٧,p٣-٤)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تەکنۆلۆژیای زانیاریی هەیکەلی ڕێکخراوەیی سیاسیی دروست ناکات، بەڵام پەیوەندی نێوان بەکارهێنەران و دامەزراوە سیاسییەکان ڕێکدەخات و توانای دروستکردنی فۆڕمی نوێی دامەزراوەی سیاسیی هەیە. لێرەوە دەردەکەوێت کە ئینتەرنێت ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگ دەبینێت لەدروستکردن و ڕێکخستنی پەیوەندی چالاکییە سیاسییەکان و دامەزراوە ناحکومیەکان و تاکەکانی کۆمەڵە سیاسییەکان و حکومەتەکان، لەرۆژگاری ئەمڕۆدا زۆربەی حکومەتە ناوخۆییەکانی ئەمەریکا پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییە سیاسییەکانیان. دەڵێن: " شارەکان بەبێ پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە (١٩٩٩) ەوە وابینراون کە لە پشت کاتەوە بن"، ئەم پێگە ئەلیکترۆنییانە دوو رۆڵی گرنگ بۆ حکومەتە لۆکاڵییەکان دەگێڕن، یەکەمیان، چالاکییەکان ڕێکدەخات لەنێوان بەرپرسانی حکومەتەکان و هاووڵاتیان، دووەمیان، بانگەشە بۆ حکومەت دەکات لەناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت لای جەماوەرو هەوڵی بەهێزکردنی پێگەکەشی دەدات لەناو کۆمەڵدا. و پەیوەندی لەنێوان حکومەت و هاووڵاتی دروستدەکات. واتە بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵی ئەلیکترۆنیدا بۆشایی بەشداریی سیاسیی و گەیشتن بەزانیارییە سیاسییەکان ئاسانترە.

هەروەها (Chigona ,٢٠١٠, p١-٥)، ئەوە دەخاتەڕوو کە ئینتەرنێت توانیویەتی گۆڕانکاری بکات لە ژینگەی پەیوەندیکردنی سیاسییدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەروەک چۆن ئینتەرنێت لەرێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەرفەتی رەخساندووە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی

باوەڕپێکراوو بە بەها، ئەوە دەرکەوتووە، کە ئەو پارتە سیاسییەی دەیەوێت لەهەڵبژاردنەکاندا کێبڕکێ بکات بەبێ بوونی پێگەی ئەلیکترۆنی، بۆ رۆژگاری ئێستا مەحاڵە.

وەک چۆن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٩)ی باشوری ئەفریقادا، زۆربەی پارتە سیاسییەکان پێگەی ئەلیکترۆنیان دروستکردو پێگەی پارتە سیاسییە گەورەکان دەوڵەندتربوون بە زانیاری، بە بەراورد بە پێگەی پارتە سیاسییە بچوکەکان. بۆیە لەئێستادا لەدنیادا زۆبەی پارتە سیاسییەکان پێگەی ئەلیکترۆنیی بە ئامڕازێکی پێویست و کاریگەری کەمپەینەکانی هەڵبژاردن دەزانن.

بەهۆی گرنگی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە لە بڵاوکردنەوەی زانینی سیاسیی بۆ کەمپەینەکانی هەڵبژاردن، زیاتر کار لەسەر هەندێ وڵات کراوە کە ئینتەرنێت رۆڵی گرنگی بینیوە لەوانە ئەمەریکا، بریتانیا، یابان، ئوستراڵیا، نیوزلەند، ئیتاڵیا و ئەڵمانیا.

هەروەک (Gibson and Ward ,٢٠٠٠, p٣٠١-٣١٩)، چەند ئامانجێکیان دیاریکردووە کە پارتە سیاسییەکان لەرێگەی پێگە ئەلیکرۆنیەکانیانەوە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن:

١. پێدان و بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی سیاسەتی حزب و رێساکانی.

٢. کەمپەینی هەڵبژاردن، هەوڵدەدات زۆرترین دەنگدەر بەدەستبهێنێت.

٣. دروستکردنی نەوەی نوێ، و زیادکردنی ئەندامی تازە بۆ حزب.

٤. دروستکردنی پەیوەندی و بەهێزکردنی لەناو حزب و لەگەڵ دامەزراوەکانی دەرەوە.

٥. هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردنی سیاسیی و بەشداریکردن لەپڕۆسە سیاسییەکانیان و بۆنەو چالاکییەکانیان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی کارلێککراو.

لەگەڵ چەندین ئامانجی تر کە حزبە سیاسییەکان هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن، لەڕێگەی خستنەگەڕو گەشەپێدانی پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان، کە جەوهەری ئامانجەکەیان بەرزکردنەوەی زانین و هۆشیاریی سیاسییە لەناو جەماوەردا بۆئەوەی بتوانن زۆرترین بەشداریی سیاسیی بکەن لەدەنگدانەکاندا.

هەروەها (Lupia and Philpot, ٢٠٠٥, p١١٢٢-١١٢٤)، ئاشکرایدەکەن، کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی گشتی توانای گەیشتنیان بە زانیاریی لە دامەزراوە گەورەو بچووکەکان، کەمپەینە سیاسییەکان، و پێگە ئەلیکترۆنییە گشتیەکان و بەهەزاران بریکاری حکومەت. کاریگەریی پێگە ئەلیکرۆنییەکان لەسەر سیاسەت لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئینتەرنێت ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات بابەت و زانیاریی بڵاوبکەنەوە. هەر لەو بارەیەوە (Semetko and Krasnoboka ,٢٠٠٣, p٧٧-٧٨)، باس لەوەدەکەن کە لەسەرەتاوە پێشبینی ئەوە دەکرا، کە ئینتەرنێت توانایەکی زۆری هەیە بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و بەهێزکردنی جەماوەرو هاندانی بەشداریکرنی گشتی. هەروەها ئینتەرنێت ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە گەشەپێدانی زانینی سیاسیی جەماوەر. و دەرفەتی زۆری داوە بە پارتە سیاسییەکان بۆئەوەی پشتیگریی سیاسیی بەدەستبهێنن .

لێرەدا، بەپشتبەستن بەدەرەنجامی توێژینەوە زانستییە ئەنجامدراوەکان دەربارەی ڕۆڵ و کاریگەریی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر دروستکردنی زانینی سیاسیی دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ڕاگەیاندنی

ئەلیکترۆنی و بەتایبەتی پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر دروستکردن و زیادکردنی زانینی سیاسیی و زیادکردنی بەشداریی سیاسیی وەرگران و جەماوەر لەپرۆسە سیاسییەکانداو بەتایبەتی لە پرۆسەکانی دەنگداندا هەیە.

## دووەم: پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:

### ١. پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و مێژووی سەرهەڵدانیان:

مەبەست پێگە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان لەو جۆرەی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنییە، یان ئەو ویبسایتانە کە پەیامەکانیان بە زمانی کوردی پەخش و بڵاودەکەنەوە، ئیتر لە هەر ناوچەیەکی جوگرافییدا کاربکەن.

دەستنیشانکردنی مێژووی سەرهەڵدانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتاوە قۆناغی سەرەتای دەستپێکی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەشێوەی (PDF) لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاوکراونەتەوە، ئەوە زۆر جیاواز بووە لەرۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی کە لەدینادا بوونی هەیە، هەندێک لە پێگە کوردییەکان بەبێ بوونی رۆژنامەی کاغەزی دامەزراون . لێرەوە سەرەتای رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیی کوردی سەرهەڵدەدات و پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردی دادەمەزرێت.

(حمەصالح، ٢٠٠٨، ل ٤٦)، لەماستەرنامەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دامەزراندنی تۆڕی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، لەڕۆژی (١٩٩٩/٩/١٥) بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دامەزراندنی ئەم تۆڕە جالجالۆکەییە لەکوردستان راگەیەندرا، دوای ئەوە لەسلێمانی یەکەمین ناوەندی ئینتەرنێت بە ناوی(سەرچنار) دامەزرا، بەڵام لە ناوەندە حیزبی و حکومییەکاندا پێش ئەو مێژووە تۆڕی ئینتەرنێت بەکارهێنراوە. هەروەک فەرهادی (١٩٩٨، ل١٨) پێیوایە کە (رۆژنامەی خەبات) لەرۆژی (١٩٩٦/١٠/١) بەشێوەیەکی ئەزموونیی، یەکەم ژمارەی ئەلیکترۆنیی خۆیی بڵاوکردەوەو لەرۆژی (١٩٩٧/١/١)ەوە بەشێوەی ئاسایی دەستی بەبڵاوکردنەوە کرد بەشێوەی

(pdf)لەسەر پێگەی (www.xebat.net) کە یەکەمین ژمارەی کاغەزی لەرۆژی (١٩٥٩/٤/٤)دا لەم پێگەیەدا بڵاوکردەوە.

(کوردستانی نوێ) وەک یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی دوای راپەڕین، کە یەکەمین ژمارەی لەرۆژی (١٩٩٢/١/١٢)دا بڵاوکرایەوە، یەکەم ژمارەی ئەلیکترۆنیی خۆی لەتشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٠)دا، لەسەر پێگەی (pukmedia.com)بڵاوکردەوە. (فەوزی، ٢٠٠٤، ل٦). بەڵام لەوڵاتی روسیا رۆژنامەیەک بەزمانی روسی بەناوی (کوردستانی نوێ-[١٠] Новый Курдистан в интернете) لەساڵی (١٩٩٨) یەکەم ژمارەی رۆژنامەکە لەپێگەیەکی ئەلیکترۆنی کوردی بەناوی (http://www.aha.ru/said/index.) بەسەرپەرشتی دکتۆر (مەغدید سەپان) بڵاوکرایەوە. هەروەها لە هەمان رۆژنامەی ناوبراو لە ژمارەی (٣)ی ئابی (١٩٩٧) لەژێر سەردێری (کوردستان لەپێگەکانی ئینتەرنێت)دا ناوی چەندین پێگەی ئەلیکترۆنیی بۆ خوێنەران دەخاتەڕوو، لەوانە (www.puk.org) (http://www.kurdistan.org).....تاد، جگەلەوە رۆژنامەی ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم پێگانە خوێنەران دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانە (said@aha.ru) بکەن. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیی کوردی بە

---

[١٠]. ئەم رۆژنامەیە بە ناوی (کوردستانی نوێ) سەر بە ئۆرگانەکانی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بوو، لە وڵاتی روسیا بە زمانی روسی دەردەچوو، بەڵام تە واو جیاوازبوو لەگەڵ ئەوەی لە کوردستان پەخش دەبوو، رەوەها سەرجەم بابەتە کانی تایبەت بوونە بە رۆشنبیری و کەلتووری کوردی. بڕوانە:

Новый Курдистан на страницах интернета. No ١, (١٩٩٧ г.

Новый Курдистан в интернете. No (١٨), ١٩٩٨г.

Новый Курдистан на страницах интернета. No. (٣), ١٩٩٧ г.

هۆی ئازادبوونی باشووری کوردستانەوە، لە چاو وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی زۆر دوانەکەوتووەو لە پێش وڵاتانی عەرەبییەوەیە، کە رۆژنامەگەری کاغەزی کوردی ئەم پێشکەوتنەی دەستنەکەتووە.

پێگەی ئەلیکترۆنیی (کوردستان نێت)، کە "رۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە"، لە رۆژی (١٩٩٩/٨/١٣) دامەزراوە، مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی کوردی راستەقینە بە بێ دانەی کاغەزی لەم پێگەیەوە دەستپێدەکات، کە (عومەر فارس عەزیز) توانی ئەم رۆژنامە ئەلیکترۆنییە کوردییە لە دەرەوەی کوردستان لە وڵاتی هۆڵەندا بڵاو بکاتەوە.(Новый Курдистан в интернете ١٩٩٨) هەروەها عومەر فارس (٢٠١٢) لە چاوپێکەوتنی لە رۆژنامەی (زاری کرمانجی) دەڵێت: (کوردستان نێت) لە سەرەتای دروستبوونی ناوی سایتی (ژیلەمۆ) بوو، دوای ماوەیەکی کەم، کرا بە (کوردستان نێت).

(کوردیو)، رۆژنامەیەکی رۆژانەی ئۆنلاینی کوردییە، بەردەوام بەرهەمەکانی بە زمانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی) بە تێکست، فۆتۆ، دەنگ و ڤیدیۆ بڵاودەکاتەوە، کوردیو لە رێکەوتی (١٩٩٩/٩/١٤) لە شاری هەولێر دامەزراوە. بۆ گەیاندنی رووی راستی رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان (٢٤) کاتژمێر لە رۆژێکداو (٧) رۆژ لە هەفتەیەکدا و(٣٠) رۆژ لە مانگێکدا هەواڵ و زانیاری بۆ وەرگران بڵاوکردۆتەوە (پێگەی کوردیو، ٢٠١٧). هەروەک (پێگەی خەندان) یەکێکە لە پڕۆژەکانی (دامەزراوەی خەندان) بۆ پەخش و وەشاندن، کە لە ساڵی (٢٠٠٤) لە شاری سلێمانی دامەزرا. (پێگەی خەندان) وەک پڕۆژەیەکی دامەزراوەی (خەندان) لە کانوونی دووەمی (٢٠١٠) خرایەگەڕ. لەسەرەتای دامەزراندنیەوە رەزامەندی یاسایی لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان

وەرگرتووە، دوای فراوانبوونی چالاکییەکانی لەسەر ئاستی عیراق، رەزامەندیی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی لەبەغدا وەرگرتووە. (خەندان دۆت ئۆرگ)، وەک رۆژنامەیەکی ئۆنلاینی کوردی کاردەکات و بەرهەمەکانی بە تێکست، فۆتۆ، دەنگ و ڤیدیۆ بڵاودەکاتەوە، (خەندان) (٢٤) سەعات لەرۆژێکدا (٧) رۆژ لەهەفتەیەکدا. بۆ هەواڵی ناوخۆ پشت بەهەواڵسازانی ئۆفیس و پەیامنێران لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان و عیراق دەبەستێت. بۆ هەواڵی جیهانی پشکی مانگانەی لەگەڵ ئاژانسی فرانس پرێس هەیە بۆ فۆتۆ و هەواڵ. (محی الدین، ٢٠١٢، ل١٦٩).

(سەپان، ٢٠٠٦)، روونیکردۆتەوە کە پێگەی (پەیامنێر) لەرۆژی (٢٢ی نیسانی ٢٠٠٤) لە شاری هەولێر دامەزراوە، ئەم پێگە ئەلیکترۆنییە (١) ساڵ کاری کرد. لە (٢٢ی نیسانی ٢٠٠٥) هەمان پێگە بەبڕیاری مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان- پەیامنێر) لەسەر بناغەی پەیامنێری کۆن دامەزرا. ئێستا (پەیامنێر (PNA-رۆڵی ئاژانسی هەواڵی لە کوردستان دەبینێت. پەیامنێر لە شاری هەولێر بە زمانی کوردی زاراوەی "سۆرانی و کرمانجی" پیتی عەرەبی و لاتینی، زمانی ئینگلیزی لەگەڵ زمانی عەرەبی هەواڵ و نووسینەکانی بڵاودەکاتەوە.

لێرەوە سەرەتای مێژووی پێگە ئەلیکترۆنیەکان سەریهەڵدا و لەئێستادا بەسەدان پێگەی ئەلیکترۆنی کوردی بەزمانی کوردی و زمانە بیانیەکان دامەزرێنراون و رۆژانە هەواڵ و زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ، بۆ وەرگران بڵاودەکەنەوە.

## ٢. جۆری پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:

دەتوانین جۆرەکانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بۆ ئەمانەی خوارەوە دابەشی بکەین (محی الدین، ٢٠١٢، ل١٦١).

١. **پێگەی بازرگانی:** ئەم پێگەیە بابەتگەلی رۆژنامەوانی، بابەتی هەواڵ و زانیاری تێدا نییە، بەزۆری وایە کە کلێشەی راگەیاندن و رۆژنامەوانیی بەکارناهێنێ، و پشت نابەستێت بە شارەزایی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی تایبەتمەند. هەروەها پشت نابەستێت بەپەیکەری گەورەی کارگێریی، بە زۆری وایە کە لە رێگەی کۆمپانیایی تایبەتمەندەوە هەڵدەستێ بە نوێکردنەوەی بابەتەکانی کۆمپانیا یان زانیارییەکانی کۆمپانیا بۆ نموونە وەکو: (پێگەی دەسی دوو)، (پێگەی کوردشۆپینگ)، (ئاسیاسێڵ) و (کۆرەک تێلیکۆم) و ....هتد.

٢. **پێگەی کارلێکیی:** ئەم پێگانە جەخت لەسەر کرداری کارلێکردن لەگەڵ وەرگراندا دەکەن. وەکو (پێگەی کوردماکس).

٣. **پێگەی پێگە پێناسینەکان:** ئامانجی ئەم پێگانە ناساندنی چالاکیەکانی ئەو دەزگایانەن کە دایمەزراندووە بێ ئەوەی گرنگی بەرۆماڵکردنی رۆژنامەوانی بدات، ئەم دەزگایانە بەزۆری دەزگای خێرخوازی و زانستی و فیکری و رۆشنبیرین. ئەم پێگانە پشت بەپسپۆران نابەستن بۆ رۆملکردنی چالاکییەکانیان و بەدووری ماوەی نوێکردنەوەی پێگەکە دەزانرێت وەکو (پێگەی سی فۆر کورد). (حسن، ٢٠١٢، ص٥٣)

٤. **پێگەی تەواوکاریی ئەلیکترۆنیی:** ئەم پێگانە لەگەڵ دامەزراوگەلی راگەیاندندا تەواو دەبن، جا ئەم دەزگایانە رۆژنامەوانی بن یان رادیۆ یان کەناڵە ئاسمانییەکان بن (منیر، ٢٠١٠، ص٤٨١). بۆ نموونە: (پێگەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ)، (رۆژنامەی خەبات)، (کورسات (TV)

کوردستان (TV) کەناڵی (NRT ) پێگەی (Rudaw)  و (رادیۆی دەنگی کوردستان).

٥. **پێگەی رۆژنامەنووسیی:** ئەم پێگانە بە تەواوەتی بە پێگەی رۆژنامەوانی دادەنرێن، و (محی الدین، ٢٠١٢، ص١٦٢)، لەتوێژینەوەکەیدا بەو ئەنجامە گەیشتووە کە پێگەی رۆژنامەوانی یان پێگەی ئەلیکترۆنی بە سەر دوو جۆردا دابەش دەبێت :

أ- **پێگەی ئەلیکترۆنیی تەواو**: ئەمانە ئەو پێگانە دەگرێتەوە کە بێ ئەوەی رۆژنامەی کاغەز یان خاوەن دەزگایەکی تایبەتمەند بێت، بەڵکو تەنیا خاوەن پێگەیەکی ئەلیکترۆنییە، کە لە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، پەخش دەکرێت. نموونەش بۆ ئەم جۆرە، (پێگەی کوردستان نێت) و (پێگەی Puk Media)هتد...

ب- **وێنەیەکی ئەلیکترۆنیی لە رۆژنامەی کاغەز**: ئەم پێگانە، پێگەی رۆژنامەوانی کاغەزن، کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دانراون، کە هەموویان بەشێک لە ناوەڕۆکی رۆژنامەوانی کاغەز پێشکەش دەکەن، هەروەها خزمەتگوزاریی ریکلام کردنیشی هەیە، وەکو (پێگەی رووداو) و (رۆژنامەی باس)....هتد.

جگە لەمە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەرەو تایبەتمەندی جۆرایەتی هەنگاویان ناوە، هەندێ لەو جۆرانە:

١. **پێگە ئەلیکترۆنییە دینییەکان**: ئەم پێگانە تایبەتمەندن بەبواری ئاینییەوە، واتە گرنگی و بایەخ دەدەن بەلایەنەکانی ئایین، وەکو پێگەی قورئانی پیرۆز(www.quran-kurd.com) ، پێگەی بەهەشت.(ba٨.org).

٢. **پێگە ئەلیکترۆنییە وەرزشییەکان**: ئەم پێگانە دەگرێتەوە، کە بایەخ و گرنگی بە سەرجەم بوارە وەرزشییەکان دەدەن، وەکو (پێگەی یاریگا)، (پێگەی ئاوێزە) و (پێگەی وەرزشی خەندان).

٣. **پێگە حکومییەکان**: لایەنی حکومی هەڵدەستێت بەئامادەکردنی بۆ ناساندنی حکومەت و چالاکییەکانی و ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەشیان دەکات. بۆ نموونە: لە هەرێمی کوردستان (پێگەی پەرلەمانی کوردستان)، (پێگەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران)، (پێگەی وەزارەتی ناوخۆ)، (پێگەی وەزارەتی پێشمەرگە)، (پێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵا) و چەندین پێگەی وەزارەتەکانی تر و دەزگا حکومییەکان.

٤. **پێگەی فێرکاریی و ئەکادیمیی**: دەزگاکانی فێرکردنی تایبەت سەرپەرشتی دامەزراندنی ئەمجۆرە پێگانە دەکەن وەک: (زانکۆکان و کۆلێژەکان) بەمەبەستی ناساندنی پرۆگرامەکەیانو چۆنیەتی قبوڵکردن لەم زانکۆ و کۆلێژانە، هەندێک لەم زانکۆ و کۆلێژانە لە وڵاتانی دوور لە خۆیان خوێندن بۆ قوتابییان دابیندەکەن. نموونە بۆ ئەم جۆرە: پێگەکانی (زانکۆی راپەڕین) و (زانکۆی سەلاحەدین).

٥. **پێگەی کەسێتیی**: ئەم پێگانە تاکەکەس دایاندەمەزرێنێ بۆ ناساندنی خۆی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و فیکری و هونەری خۆی بۆ جەماوەر، بەم بەرهەمانە دەگوترێت (بلۆگ(Blog–، یان دەتوانین بڵێین پێگەی "کەسێتی شوێنێکی ئینتەرنێتی، یان ماڵپەرێکە کە بە شێوەی ئاسایی لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێکەوە بابەتەکانی نوێ دەکرێنەوە، ئەوە بەپێی زانیارییەکانی کتێبی پێشوەچوونە میدیاییەکان لە وەرگێڕانی (گۆدەرزی، ٢٠١٢، ل١٢٢)"، نموونە بۆ ئەم جۆرە پێگەی شەماڵ موفتی و پێگەی کەسیی هونەرمەند زەکەریا....(zakariamusic) تاد.

به پێی ئەم پۆلێنەی سەرەوە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لە هەرێمی کوردستان پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەرەوپێشچوونی باشیان بەخۆیانەوە بینیوە، و بەسەر پسپۆڕی و تایبەتمەندیی جیاوازدا دابەشبوون، ئەوە یەکێکە لە فاکتەرە کاریگەرەکانی گەشەسەندنی میدیای ئەلیکترۆنی و بە تایبەتی پێگە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان، هەربۆیە دەبینین بەپێی پۆلێنبەندیی پێگەی ئەلیکترۆنییی ئەلێکسا (www.alexa.com[١١]) کە سەر بە کۆمپانیای ئەمازۆنە بەشێکی زۆر لەپێگە ئەلیکترۆنیە کوردییەکان پلەبەندی لەپێشینەیان گرتووە بەتایبەتی لەسەر ئاستی عیراق، بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ئەلێکسا تا مانگی نیسانی (٢٠١٧) پێگەی (Nrttv) پلەی شەشەم و پێگەی (Xendan) پلەی هەشتەم و پێگەی (BasNews) پلەی دەیەمی لەسەر ئاستی عیراق وەرگرتووە (Alexa.com، ٢٠١٧).

### ٣. ئەرکی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:

سەرچاوە زانستییەکان ئەوەیان یەکلاکردۆتەوە، کە ڕۆژنامەوانیی کوردی لەسەرەتادا بەهۆی ئەوەی سروشتێکی میدیای شۆڕشیی هەبووە زۆربەی ژانرەکانی لەو پێناوەدا بەکارهێناوە، و هەوڵدراوە زیاتر زانیاریی سیاسیی بگەیەنێت بەوەرگرانی و بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر جەماوەر دروست بکات، بەڵام لەدوای ئازادکردنی باشوری کوردستان لە (٥ ئاداری ١٩٩١)ەوەو لەدوای دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بە بواری چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانی دراو هەر زوو چاپخانەی

---

[١١]. (www.alexa.com): ئەلێکسا سەر بە کۆمپانیای ئەمەزۆنی ئەمەریکییەو ئاست و ڕانکی پێگە ئەلیکترۆنییەکان (وێب سایتەکان)، لەسەر ئاستی وڵاتان و بەپێی کاتەگۆری و جۆریان، لەسەر بنەمای ڕێژەی سەردانیکەران و بەکاربەرانیان ڕیزبەندیان بۆ دەکات. و کۆمپانیاکە لەساڵی (١٩٩٦) لە ئەمریکا دروستکراو لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە خاوەندارێتی دراوە بە کۆمپانیای ئەمەزۆن.

زیاتر خرانە کارکردن و لەڕێگەی ڕێنمایی تایبەتەوە حکومەتی هەرێم کاری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ڕێکخست، دواتر بەهۆی شەپۆلی کاریگەریی بەربڵاوی جیهانگیری و شۆڕشی تەکنۆلۆژیا کە کاریگەری زۆری لەسەر ماس میدیا بەگشتی دانا، ڕۆژنامەنووسان و دەزگا ڕۆژنامەوانییە کوردییەکانی ناچار کرد لەگەڵ ئەم شەپۆلە بەرفراوان و خێرا گەشەسەندووەی تەکنۆلۆژیا خۆیان بگونجێنن، و ئەو گۆڕانکارییانە ئەرکی میدیای بەگشتی و دواتر پێگە ئەلیکترۆنییەکانی گۆڕی.

پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک جۆرێک لە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیی "لە نێوان تەکنەلۆژیا و جیهانگیری لە دایکبووە، بۆیە وەک دەبینرێت سنوورەکان دەبڕێت و گوێ بەو بنەمایانە نادات، کە لە ڕێگەی ناسنامە و نەتەوە و ڕەگەزایەتییانەوە دەستنیشانکراون، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەگەڵ ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانییە ڕاهاتوون، خۆیان بە ڕۆژنامەنووسی جیهانی دادەنێن و ئینتیمایان بۆ ناسنامەیەکی دیاریکراوی ڕۆژنامەوانی نییە، تەنها ئەو ڕۆژنامەنووسانە نەبن، کە لەسەرەتادا لەگەڵ ڕۆژنامەوانیی چاپکراودا ڕاهاتوون پێش ئەوەی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی تاقی بکەنەوە، یان بە واتایەکی تر ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لەسەردەمی هەردوو جۆری چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا کاریانکردووە، بەڵام لێرەدا سەدان ناو هەن کە تەنها لە تۆڕی ئینتەرنێتدا دەخوێنینەوە و ناتوانین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بیانبینین" (سلیمان، ٢٠٠٨، ص١٠٨).

میدیای ئەلیکترۆنی چەندین ئەرکی هەیە کە لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین، لەوانە: بەهۆی زۆر بەکارهێنانی، میدیای ئەلیکترۆنی گۆڕانکاری زۆری لەژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکاندا دروست دەکات، هەروەها گۆڕانکاری لەژیانی کارکردن و لەشوێنی کارکردندا دروستکردووە. هەروەک

ڕۆڵی زۆر دەبینێت لەبڵاوکردنەوەی زانیاری و زانیندا. و ڕێگەیەکی نوێی فێرکردنە. لەگەڵ ئەوەدا، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەخێراترین ڕێگەو لەکەمترین کاتداو بوونی ڕێگەی زۆری کات بەسەربردن بۆ وەرگران، ئەرکی تری ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنین، هەروەها فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندیکردن و گەیاندن بەشێوەیەکی گشتی و یەکێکی تر لە ئەرکەکانی میدیای ئەلیکتۆنی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر ڕەفتاری وەرگر. گەشەپێدانی دیموکراسی و بڵاوکردنەوەی زانینیاری سیاسیی ئەرکی تری میدیای ئەلیکترۆنین. (Howard and Hussain, ٢٠١١).

بۆیە زۆرێک لە پسپۆڕانی میدیای ئەلیکترۆنی باوەڕیان وایە کە گرنگترین ئەرکی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەئەستۆگرتنی داهاتوویی ڕۆژنامەوانیی چاپکراوە، هەروەها میدیای ئەلیکترۆنی قۆناغێکی پێشکەوتووترە لە قۆناغەکانی چاپکراودا، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمە نیشانەی نەمانی سەردەمی ڕۆژنامەوانیی چاپکراوە، هەرچەندە کاریگەری هەبووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کۆتایی میدیای کاغەزە، بەڵکو ڕۆژنامەی چاپکراو تایبەتمەندی خۆی هەیەو هەر دەمێنێ، ئەوە بەهۆی بوونی خوێنەری تایبەت بە ڕۆژنامە کاغەزییەکان و سروشت و تایبەتمەندیی و گرنگیان.

### ٤. کەموکورتیی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:

بەهۆی تازابوونی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان و کەم ئەزموونی ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکان لەو بوارە نوێیەدا، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان چەندین کەموکورتییان تێدا بەدیدەکرێت، هەروەکو (ئیبراهیم، ٢٠١٤، ل١٦٧) بەم شێوازەی خوارەوە باس لە کەموکوڕیی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دەکات و ڕوونیان دەکاتەوە:

١. بوونی هەڵەی زەق لە داڕشتنی هەواڵ و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بە جۆرێک، کە ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی ناکەن.

٢. لە ڕووی بەکارهێنانی ڕەگەزە تایپۆگرافییەکانی وەکو وێنەی جووڵاو و فۆتۆ و نەخشە و هێڵکاری و دەنگ، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هەژارن، بە شێوەیەکی سنووردار نەبێ ئەو ڕەگەزانە بەکارناهێنن.

٣. ئەو قووڵییە مەعریفییەی بڕیارە لە پێگەی ئەلیکترۆنیدا هەبێت، وەک دانانی لینک لە ناوەڕۆکی بابەت، بوونی لینکی بابەت، پێگەی پەیوەندیدار، ئەرشیفی هەواڵ و بابەتە هاوشێوەکان، لە کەمترین ئاستدا بەکاردەهێنرێن، بۆیە پێگە ئەلیکترۆنییەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ڕۆژنامە کاغەزییەکاندا نییە.

٤. بەشێک لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان لە ڕووی بنەمای دیزاین و خستنەڕووی ڕێکخستنی دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنییەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو کەموکوڕتییان تێدا بەدیدەکرێت، کە قەرەباڵغییەکی بەرچاویان تێدایە، و ئەزیەتی چاوی خوێنەر یان بەکاربەر دەدات و ناتوانێت لینکەکان بە ئاسانی بەدەستبخات، هەروەها لە ڕووی زمانەوانیی، کە یەکێک لە پرۆسەکانی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی فلتەری زمانە، فلتەرێکی لاوازە، چونکە ڕۆژنامەنووسی ئەلیکترۆنی کە بابەتەکە ئامادە دەکات ڕاستەوخۆ دەنووسێ و (Publish) و پەخشدەکات، لەو کاتەدا پێداچوونەوەی ڕێزمانی و زمانەوانی وەک پێویست ناکات، ئەمە دەبێتە هۆی دەیان هەڵەی زەقی ناو بابەتەکانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان.

٥. نەبوونی کادری پرۆفێشناڵ، لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، کە درک بە تایبەتمەندیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بکات، واتە ڕۆژنامەنووسان بەهەمان

شێوازی رۆژنامەوانیی کاغەزیی کاری تێدا دەکەن و ئەمە وا دەکات بکەونە هەڵەوە. بۆیە پێویستە پێگە ئەلیکترۆنییەکان سوود لە تایبەتمەندیی ئینتەرنێت وەربگرن، بە تایبەتی لە بابەتی کارلێکی و هایپەرلینک و دانانی لینک لە ناو تێکست، کە ئەمە بۆ خۆی بابەتێکی گرنگە، بەڵام زۆرێک لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پەیرەوی ئەم بابەتە پڕ بایەخ و گرنگە ناکەن (عبدالعزیز، ٢٠١٠، ل٧٣-٧٤).

سەرەڕای ئەم کەموکوڕتییانە، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان زۆربەیان جۆرە لێکچوونێکان پێوە دیارە، کە تەنیا دەتوانین لە رووی رەنگەکانیانەوە لێکیان جیابکەینەوە، ئەگەرنا لە رووی دیزاینەوە زۆرێکیان لە یەک سەرچاوە هەڵقولاون. هەروەها نەبوونی خزمەتگوزاریی نەخشە (Map) لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان کە ئاسانکاری بۆ بەکارهێنەر دەکات بۆ ئەوەی ئەو بابەتەی پێویستییەتی بە ئاسانی بیدۆزێتەوە نییە یاخود کەمە، هەروەها کۆپی رایتی بابەتەکان لەبەرچاو ناگیرێت.

٦. نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان، یاخود رێکخستنێک، کە هەر کەسێک بیەوێت بە ئارەزووی خۆی پێگەیەک دروستدەکات، بەبێ بوونی یاسایەک بۆ رێکخستنیان، ئەمە رێگە خۆشکەردەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی چەندین هەواڵی نادروست و تەشهیرکردن و ناوزڕاندنی کەسایەتیەکان، سەرەڕایی ئەمە پێگەی ئەلیکترۆنی هەیە بەدەستکارییەوە بابەت بڵاودەکاتەوە، ئەمە بۆ لێدانی کەسایەتی نووسەرانە. هەروەها نەبوونی پۆلێنبەندیی دۆمەین، یاخود پاشگری (com.)، (org.)، (net.)، و (edu.)و... هتد، لە نێو پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا.

## باسی دووەم: ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسیی، لەبەر ڕۆشنایی تیۆری (چاندنی ڕۆشنبیری)دا

### تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری (Cultivation Theory)

### دەروازەیەک بۆ تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری:

لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، چەمکی (چاندن) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وەکو تێڕوانینێکی نوێ بۆ تاووتوێکردنی کاریگەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی (تەلەڤزیۆن) سەریهەڵدا.

بەپێی ئەم چەمکە، بەردەوامبوونی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن بۆ ماوەی درێژخایەن، باوەڕ لای ئەو بینەرە گەشەپێدەدات، کەوا ئەوەی لە شاشەی تەلەڤزیۆنەوە دەیبینێت، وێنەیەکی دەقاودەقی ئەو جیهانەیە، کە ئەوی تێدا دەژی.

دانەرانی ئەم تیۆرە پێیانوایە کە ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری، بە تایبەت تەلەڤزیۆن کاریگەریی بەهێز دەکاتە سەر هەستی خەڵک سەبارەت بە جیهانی دەرەوە، بە تایبەت ئەوانەی بۆ ماوەی دوورو درێژ و بەرێکوپێکی سەیری تەلەڤزیۆن دەکەن، ئەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی (هزرەوێنە) باوەکان لای ئەوە کۆمەڵە کە دەرەنجامی چەند بارەبوونەوەی سەیرکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە بۆ جۆرێکی تایبەت لە پەیامە جەماوەرییەکان . (Moon ,٢٠٠٧)

ماکلوید و شافی، واقعە کۆمەڵایەتییەکانی بەم جۆرە پێناسەکردووە، کە ڕادەی زانینی کەسێکە لەبارەی هەڵوێستە ناڕاستەوخۆکان، نەک ڕوبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆی هەڵوێستەکان (د. مەکاوی و د. ئەلشەریف – ٢٠١١، ل٢١٨)

زۆر لە توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوە داوە، کە پەیوەندییەک لەنێوان بینەری تەلەڤزیۆن و پێکهاتنی باوەڕەکان هەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی واقیعی کۆمەڵایەتی، سەیرکردنی تەلەڤزیۆن بەشداری لە بونیادنانی تاک لەو واقیعەدا دەکات، هەمان ئەو باوەڕانەش بە رۆڵی خۆیانەوە کار لەسەر تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن لە پەیوەندییەکی بازنەییدا دەکەن.

بۆ شرۆڤەکردنی تیۆری (چاندنی رۆشنبیری)، راو بۆچوونی جیاواز هەن، هەروەک (Moon, ٢٠٠٧) پێیوایە، تیۆری چاندنی رۆشنبیری روونیدەکاتەوە، کە خەڵک چۆن پەیدەبەن بە ژیانی راستینەو بە کارلێکردنیان لە رێگەی کاریگەرییەکانی تەلەڤزیۆنەوە، گریمانەی چاندنی رۆشنبیری وایدادەنێت، ئەوانەی زیاتر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن، شیکردنەوەی زیاترو نزیکتریان هەیە بۆ ژیانی راستینەی کۆمەڵایەتی، بە بەراورد بەوانەی کەمتر تەماشاکەری ئەو ئامرازەی راگەیاندنن.

هەروەک ئەم توێژەرانە (Comstock, Chaffee, & Kautzman, ١٩٧٨, p٩٩٥-٩٩٧) وایدەبینن، کە خەڵک زۆرتر کاتەکانیان بە تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن بەسەردەبەن، بە بەراورد بە ئەنجامدانی چالاکییەکانی تر. لە توێژینەوەکانیاندا روونیانکرۆدتەوە، کە گەنجانی ئەمەریکا لانیکەم (٣– ٤) کاتژمێر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن، هەروەک دەزانرێت، ئەستەمە خێزانەکان بەبێ تەلەڤزیۆن بتوانن زانیاریی زۆر وەربگرن و کاتی خۆش بەسەربەرن، بۆیە تەلەڤزیۆن بووە بە بەشێک لە زانینی کۆمەڵ، و بەشێک لە کاتبەسەربردن و هەڵسوکەوت و رەفتارو هەستکردن و تێڕوانین بۆ ژیان، هەروەک لەگەڵ ئەوەدا ئاماژە بۆ ئەوە دراوە، کە لە هەمانکاتدا تەلەڤزیۆن کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیانی مرۆڤ دروستکردووە، لەوانە دوورکەوتنەوە لە وەرزشکردن، خوێندنەوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان،

جگەلەوەی توندوتیژیی زۆر دەگوازێتەوە ناو خێزانەکان و کێشەی سێکسۆلۆژی و چەندین لایەنی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی.

(Morgan & Shanahan, ١٩٩٩, p٢-٣) هەربۆیە، هەردوو توێژەر روونیدەکەنەوە، کە چاندنی رۆشنبیری پێوانەکردنی کاریگەریی تەلەڤزیۆنە لەسەر تەماشاکەرانو بیرکردنەوەیان و رەفتار و هەڵسوکەوت و ئەتەکێتی ژیانیان. چاندنی رۆشنبیری گریمانەی ئەوە دەکات، ئەوانەی زۆرتر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن باشتر دەتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ژیانی جیهانی مرۆیی، هەروەک بە هەمانشێوە دەتوانرێت چەندین بیرۆکەی دیکەی لە رووی پراکتیکەوە توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت .

ئەم تیۆرە، وایدەبینێت سەیرکردنی تەلەڤزیۆن سەر دەکێشێ بۆ بنیاتنانی بیروباوەڕ لەبارەی سروشتی جیهانی کۆمەڵایەتی و داکۆکیدەکات لەسەر وێناکردنەکانی و بیروبۆچوونە کراوەکان، کە لە هەواڵ و کردارە تەلەڤزیۆنەکان پەخشدەکرێن، هەروەها هێزی تەلەڤزیۆنی لەو وێنە رەمزییانە دەردەکەوێت، کە لە دراماکان پێشکەشدەکرێن، کە باسی ژیانی راستینە دەکات و تاکەکان دەبینێت بۆ ماوەیەکی درێژ و کاریگەرییەکە لەو بوارە کاریگەرییەکی راستەوخۆ نییە، بەڵکو لە سەرەتادا فێرکردن پاشان بیناکردنی تێروانینی راستییە کۆمەڵایەتییەکان دێنێتەئاراوە، بەشێوەیەک کە پێیدەگوترێ "کردەی کارلێککردن لەنێوان پەیام و بینەران."

ئەم بۆچوونە، پەیوەستە بەوەی کە تەلەڤزیۆن ئامرازێکە بۆ شیکردنەوەی توندوتیژی و تاوان، هەروەها بەرەوپێشچوون و بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆن ئەوە دەردەخات، کە ئەو تاکەی زۆر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکات ئەو بەها و بۆچوونەی لا دەچەسپێت، کە ئەم شتانەی لە تەلەڤزیۆن دەیبینێت لە راستیدا هەن.

لە ئەنجامی توێژینەوەکانی تیۆری تایبەت بە چاندنی رۆشنبیری، وەکو دەرەنجامێک بۆ بەرکەوتنی چڕیی بەردەوامی تەلەڤزیۆن و بەستنی بە پەیوەندیی چڕ لەنێوان دیتن و هەستی واقعی کۆمەڵایەتی بەو وێنانەی تەلەڤزیۆن پیشانیدەدەن، (George Gerbner) پرۆژە تایبەتییەکەی دانا، کە پەیوەستە بە ئاماژەکان، یان ئەو جیهانە رۆشنبیرییەی ئامانجی داکۆکیکردنە لەسەر ئەو بەدواداچوونەی لەسەر سێ پایەی سەرەکی رادەوەستێت، کە ئەمانەن:

١. کرداری دەزگا نهێنییەکان، کە لە دوای بەڕێوەچوونی ناوەڕۆکی راگەیاندنەوە وەستاوە.
٢. ئەو هزرەوێنانەی هۆکارەکانی راگەیاندن دەیانکێشن.
٣. پەیوەندی لەنێوان بەرکەوتنی ئەو پەیامانەی لە تەلەڤزیۆن دێن و بیروبۆچونی جەماوەرو رێچکەی ئاکارەکانی.

لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا، بە هۆی فراوانبونی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لە وڵاتان و هەرزانیی نرخی بەکارهێنانی و ئاسانی لەبەکارهێنانی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی سەردەمیی و مۆبایل و تابلێتە زیرەکەکانەوە، رێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی بەرچاو رووی لەزیادبوون کردووە بە بەراورد بە بەکارهێنەرانی فۆڕمەکانی دیکەی راگەیاندن، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە فۆڕمی راگەیاندنی نوێ-دا واتە ئینتەرنێت، فۆڕمەکانی دیکەی وەکو نوسین و دەنگ و وێنە و ڤیدیۆی لەخۆیدا کۆکردەوە.

بەپێی راپۆرتی ساڵانەی پێگەی ئەلیکترۆنیی (٢٠١٨، internetworldstats)، لە کۆی زیاتر لە (٧) ملیار مرۆڤ لەسەر زەوی زیاتر لە (٤) ملیاریان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، واتە زیاتر لە نیوەی

دانیشتوانی جیهان، لەو ڕێژەیە زیاتر لە (١٤٦) ملیۆن بەکارهێنەری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، بە جۆرێک کە لە (٣.٩%)ی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهان پێکدێنێت.

جیهاندا هەبوو. هەروەکو (٢٠١٦) Taylor لە ڕاپۆرتێکی یەکێتیی تێلیکۆمیونیکەیشنی جیهانی کە لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (واشنتۆن پۆست) بڵاوکراوەتەوە، ڕوونیدەکاتەوە، کە تا ساڵی (٢٠١٦) لە(٤٧%)ی دانیشتوانی جیهان ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە، بەجۆرێک تەنیا لە ئەورووپا لە (٧٩.١%)ی دانیشتوان بەکارهێنەری ئینتەرنێت بوون لە هەمان ساڵدا، بەڵام لە ئەفریقا ڕێژەکە نزمترەو تەنیا لە (٢٥.١%) بووە، هەروەها لە ئاسیا لە (٤١.٦%) و لە وڵاتانی عەرەبی لە (٤١.٩%) بووە.

زیادبوونی ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهانداو ئامارەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە بەهۆی فراوانیی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و توانستی بڵاوکردنەوەی نوسین و وێنەو ڤیدیۆو دەنگ، ئینتەرنێت وەکو فۆرمێکی نوێی ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی گرنگی هەبێت لە چاندنی ڕۆشنبیری لای وەرگران. بڕوانە خشتەی (١).

خشتەی (١) ئاماری ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەجیهاندا تا مانگی (١٢)ی ٢٠١٧

| World Regions | Population ( ٢٠١٨ Est.) | Population % of World | Internet Users ٣١ Dec ٢٠١٧ | Penetration Rate (% Pop.) | Growth ٢٠٠٠-٢٠١٨ | Internet Users % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Africa | ١,٢٨٧,٩١٤,٣٢٩ | ١٦.٩ % | ٤٥٣,٣٢٩,٥٣٤ | ٣٥.٢ % | ٩,٩٤١ % | ١٠.٩ % |
| Asia | ٤,٢٠٧,٥٨٨,١٥٧ | ٥٥.١ % | ٢,٠٢٣,٦٣٠,١٩٤ | ٤٨.١ % | ١,٦٧٠ % | ٤٨.٧ % |
| Europe | ٨٢٧,٦٥٠,٨٤٩ | ١٠.٨ % | ٧٠٤,٨٣٣,٧٥٢ | ٨٥.٢ % | ٥٧٠ % | ١٧.٠ % |
| Latin America/ Caribbean | ٦٥٢,٠٤٧,٩٩٦ | ٨.٥ % | ٤٣٧,٠٠١,٢٧٧ | ٦٧.٠ % | ٢,٣١٨ % | ١٠.٥ % |
| Middle East | ٢٥٤,٤٣٨,٩٨١ | ٣.٣ % | ١٦٤,٠٣٧,٢٥٩ | ٦٤.٥ % | ٤,٨٩٣ % | ٣.٩ % |
| North America | ٣٦٣,٨٤٤,٦٦٢ | ٤.٨ % | ٣٤٥,٦٦٠,٨٤٧ | ٩٥.٠ % | ٢١٩ % | ٨.٣ % |
| Oceania/ Australia | ٤١,٢٧٣,٤٥٤ | ٠.٦ % | ٢٨,٤٣٩,٢٧٧ | ٦٨.٩ % | ٢٧٣ % | ٠.٧ % |
| WORLD TOTAL | ٧,٦٣٤,٧٥٨,٤٢٨ | ١٠٠.٠ % | ٤,١٥٦,٩٣٢,١٤٠ | ٥٤.٤ % | ١,٠٥٢ % | ١٠٠.٠ % |

**چەمکی چاندن:**

لێکۆڵەری ئەمەریکی (Gerbner) پێناسەی چەمکی چاندنی کردووەو بەوەی: "ئەو پرۆسەیەیە، کە رۆشنبیری دەیکات لە بنیاتناندا، رۆشنبیری خۆی هۆکارێکە، یان بوارێکە کە مرۆڤ تێیدا دەژی، و لەناویدا فێر دەبێت، و کاتێک ئەو کردارە گرنگیدەدات بە وەدەستهێنانی زانیاریی دەربارەی رەفتارو هەڵسوکەوت لە چوارچێوەی ئەو هۆکارە رۆشنبیرییەی مرۆڤ تێیدا دەژی، بەو پێیەش ژینگەکەی رۆشنبیرییە، لە رێی ئامرازەکانی رۆشنبیرییەوە دەستدەکات بە کرداری بەدەستهێنان و رێکخستن و بیناتنانی چەمکەکان و رەمزە رۆشنبیرییەکان لە کۆمەڵدا، و یەکێک لەو ئامرازانە هۆکارەکانی راگەیاندنن، کە لەمرۆدا رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەسەر رۆشنبیریی هاوچەرخ (Gerbner, G., ١٩٩٨, p١٧٦).

**مێژووی تیۆری (چاندنی رۆشنبیری)**

(Gerbner) وای بۆ دەچێت، کە پرۆژەی نیشاندەری کەلتوری لە ساڵانی (١٩٦٧ - ١٩٦٨) دەستیپێکرد لەگەڵ توێژینەوەیەک بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی دەربارەی هۆکار و رێگاکانی قەدەغەکردنی توندوتیژی، و پرۆژەکە بە سپۆنسەری لیژنەی راوێژکاریی گەورە پزیشکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تەلەڤزیۆن‌و رەفتاری کۆمەڵایەتی و پەیمانگای دەروون دروستیی نەتەوەیی و ئۆفیسی سیاسیی تێلی کۆمیونیکەیشن لە کۆشکی سپی و یەکێتیی پزیشکانی ئەمەریکا و ئیدارەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا و دامەزراوەی زانستی نیشتمانی لە ئەمەریکا، بەردەوامبوون لە گەشەپێدان و کاری هاوبەش بۆ زیاتر گەشەپێدانی پرۆژەکە، و دواتر لە ساڵی (١٩٨٧) پرۆژەکە بەردەوامی پێدراو لەلایەن چەند رێکخراوو دامەزراوەیەکی دیکەوە سپۆنسەرکراو هەندێ زانکۆو رێکخراوی نێودەوڵەتی لە وڵاتانی فیلەند و

هەنگاریا و یابان و روسیا بەشداری پڕۆژەکەیان کرد، کە دواتر تیۆری (چاندنی رۆشنبیری) لێ بەرهەمهات.

تەلەڤزیۆن بۆتە هێزێکی کاریگەرو زاڵ، چونکە رەگەزێکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی بیروبۆچوونیان لەسەر واقعی کۆمەڵایەتی. هەروەها پەیوەندی لەنێوان پێشاندان و نمایشکردنی تەلەڤزیۆن و بیرە بەدەستهاتووەکان، گرنگیی تەلەڤزیۆن لەسەر بەهاو بۆچوون و تێڕوانینەکان بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی ئاشکرادەکات.

بەم هۆیەوە واقعی راگەیاندن زانراوە، تەلەڤزیۆن بۆتە هۆکارێک تاکو تاک لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە پشتی پێ ببەستێ. ئەمە پێویستدەکات بۆ بەکارهێنانی دەروازە جیاوازەکان، کە لە توێژینەوەی کاریگەریی ئەم ئامرازەدا بەکاردێن، (Gerbner) پێیوایە تەلەڤزیۆن بۆتە بنکەیەکی سەرەکی بۆ کەلتوری کۆمەڵ، هەروەها کاریگەریی سەرەکی هەیە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بەهۆی نمایشکردن و پیشاندانی نموونەی دووبارە و شێوازی رەفتاری جیاوازیی کۆمەڵایەتی.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، شانبەشانی پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتیی و زانستەکانی تر، تیۆرەکانی راگەیاندن و کۆمیونیکەیشن زیادیانکردووە لەگەڵ هەریەک لە زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و رەهەندەکانی توێژینەوە لەبارەی ئەم زانستانەوە، هۆی پێشکەوتنەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا ئەو بەدواداچوونانە لەخۆبگرێت، کە کاردەکاتە سەر مرۆڤ و ژینگەکەی و پەیوەندییەکانی و سروشتییەکەی و بەدواداچوونەکانی، چ وەکو پێکهاتەکەی، یان یەکێتیی بنەڕەتی بۆ شیکردنەوە، یان لەسەر چەندێتیی پابەندبوونییە بە کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتییەکە.

## گریمانەکانی تیۆری (چاندنی رۆشنبیری)

(مەکاوی و ئەلشەریف، ٢٠١١، ل٢٢٧)، روونیانکردۆتەوە، کە تیۆری چاندنی رۆشنبیری جەخت لەسەر گریمانەیەکی سەرەکی و چەند گریمانەیەکی لاوەکی دەکاتەوە، بەمجۆرە :

- **گریمانەی سەرەکی:**

هەرچەند ئەو کاتەی کەسێک بە تەماشاکردنی تەلەڤزیۆنەوە خەریک دەبێت زیاتربێ، ئەوەندە هەستکردنی بە واقیعی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی نزیکتر لە نموونە و بیروبۆچوونەکان، کە تەلەڤزیۆن لەسەر ئەو واقیعە پێشکەشیاندەکەن، زیاتر دەبێت.

- **گریمانە لاوەکییەکان:**

١. تەلەڤزیۆن بەبەراورد لەگەڵ ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندن، بە ئامرازێکی دەگمەن دادەنرێت.
٢. پەیامەکانی تەلەڤزیۆن سیستمێکی رۆشنبیری یەکگرتوو و تۆکمە پێکدەهێنن و لە کۆمەڵدا دەربڕی ئاڕاستەی رۆشنبیریی باون، چونکە ئاراستەی باوی کۆمەڵ دەربڕی زۆرترین کاروباری گشتگیرو سەقامگیرن، بەهۆی ئەو رۆڵەی تەلەڤزیۆن لە ژیانماندا دەیبینێت، دەبێتە رەنگدانەوەی ئاڕاستەی باوی رۆشنبیریی کۆمەڵ.
٣. شیکردنەوەی پرۆسەی چاندن جەخت لەسەر بەشداریکردنی تەلەڤزیۆن دەکاتەوە لە گواستنەوەی هزرە وێنەکانی لە مەودایەکی دووردا.
٤. شیکردنەوەی پرۆسەی چاندن جەخت لەسەر پشتگیریی سەقامگیری و هاوگونجانی کۆمەڵ دەکاتەوە. ئەم گریمانەیە لەوەوە هەنگاو هەڵدەنێ کە تەلەڤزیۆن ئاراستەیەکی کەلتووری چەسپاو دەهێنێتەدی و کار لەسەر گەشەپێدانی چەمک و رەفتارەکان و بەها پتەو و یەکانگیر و

چەسپاوەکانی کۆمەڵ دەکات، دەتوانین بڵێین تەلەڤزیۆن بەشداری لە هێنانەدیی گونجاندن و هاوشێوەییەک لەناو توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەکات.

(هوکنز)و (بنجر) دوو توێژەرن، وایدەبینن لە پرۆسەی چاندن دوو رەگەزی سەرەکی هەن، ئەوانیش: (مەکاوی و ئەلشەریف – ٢٠١١، ل٢٢٦):

**یەکەم: فێربوون: کە چەند رەگەزێک لەخۆدەگرێت:**

١. تواناو کارامەیی عەقڵی: تواناو کارامەییە عەقڵییەکان رۆڵێکی کاریگەریان دەبێت لەسەر پرۆسەی فێربوون، هەندێکجار لەسەر چەندین رێگەی تری جیاواز وەستاوە، وەک تەمەن.

٢. هونەری تەرکیزکردن: توانای تەرکیزکردن و تیشک خستنەسەر هەندێ زانیاریی سەرەکی زیاتر لە زانیارییە لاوەکییەکان، کاریگەریی زۆری دەبێ لەسەر گەشەکردنی کرداری چاندن.

٣. ئاگایی و هۆشیاری: توانای هۆشیاریی کەسی تێوەگلاو (بەرکەوتوو) لە بینین، ئاماژەیە بۆ بینینی باش یان خراپ.

٤. تێوەگلان و بەشداربوون لە بینین: تێوەگلان و بەشداربوون لە بینینی تەلەڤزیۆن رۆڵی گرنگی دەبێت، بە تایبەت تێڕوانینی ئەو کەسەی شتەکان دەڵێت، هەروەها یارمەتی و هاوکار بێت بۆ فێربوون.

**دووەم: بنیاتنان:** چەند رەگەزێک لەخۆدەگرێت، لەوانە:

١. ئەزموونی تایبەت: ئەزموونی خودی کەسەکە، وەک سەرچاوەیەکی زانیاری لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی کاریگەریی زۆری دەبێت. دەتوانێت کۆک بێت، یان پێچەوانەی ئەو وێنانە بێت، کە لە تەلەڤزیۆن پێشکەشدەکرێن.

٢. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی بنیاتنانی کۆمەڵایەتی بۆ خێزان، وەک کۆمەڵە و هاوەڵ یان خێزان. رۆڵی گرنگیان دەبێت لە پاڵپشتیکردنی وێنەی پێشکەشکراو، کە تەلەڤزیۆن و کۆمەڵ و گروپ دەبنە هۆی زیاتر کاریگەریبوونی تێڕوانین و بۆچوونەکانی تەلەڤزیۆن لەسەر بۆچوونی تاکەکان.

٣. گشتاندن: مەبەست لە پەیوەندی نێوان بۆچوون و خەمڵاندنەکانی پلەی یەکەمە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی پلەی دووەم لەسەر هەمان بابەت لە هەمان شوێن. ئەو راستییانەی تاک دەستیکەوتوون لە جیهانی واقیعی، یان لە سەیرکردنی تەلەڤزیۆن، وەک بنچینەی باوەڕەکانی لەبارەی جیهان بەکاریدەهێنێت.

٤. چاندن: بریتییە لە پەیوەندی لەنێوان بینینی تەلەڤزیۆن و پێوەرەکانی جیهانی واقیعی، جا چ مەزندە و بۆچوونەکانی پلەی یەکەم بێت، یان بیرو باوەڕەکانی پلەی دووەم.

**تیۆری (چاندنی رۆشنبیری) و راگەیاندنی ئەلیکترۆنی:**

له سەردەمی ئێستای جیهانگیریدا، راگەیاندنی ئەلیکترۆنی و پێگە ئەلیکترۆنیەکان کاریگەریی زۆریان لەسەر پێکهاتنی زانینی سیاسیی دروستکردووە، هەروەک چۆن تەلەڤزیۆن کاریگەریی و رۆڵی هەبووە له پێکهاتنی زانینی سیاسیی، هەربۆیە توێژەران و پسپۆڕانی راگەیاندن له دنیادا بواری نوێی ئەنجامدانی توێژینەوەیان دۆزیوەتەوەو گەشەی زۆریان بە تیۆری چاندنی رۆشنبیری داوەو لەو بڕوایەدان بینەرانی تەلەڤزیۆن چەند کات له تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن بەسەر دەبەن، زیاتر لەو کاتە بە سەیرکردنی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و له زۆر حاڵەتدا هەر له رێگەی راگەیاندنی ئەلیکرۆنییەوە جارێکی تر دەبنەوە بینەری تەلەڤزیۆنەکان، بۆیە بواری زۆر بۆ لێتوێژینەوە دەربارەی تیۆری چاندنی رۆشنبیری و کاریگەریی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی لەئێستادا هەن.

توێژەر، لەم توێژینەوەیەدا بەهۆی زۆریی رێژەی بەکارهێنەرانی پێگە ئەلیکترۆنیەکان له هەرێمی کوردستاندا، یەکێک له ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکانە لەسەر پانتایی گشتی له هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی زانیاریی سیاسی لەلایەن جەماوەرەوە له رێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە، بە سودوەرگرتن له تیۆری چاندنی رۆشنبیریی له هەردوو چوارچێوەی تیۆری و لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەدا.

لەو روانگەیەوە، (Greer ,٢٠٠٨) لەتوێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (چاندن لەسەردەمی ئەلیکترۆنیدا) باس لەوە دەکات، کە ئەستەمە بتوانرێت پێشبینیی ئەو هەموو کاریگەرییە خێرایەی ئینتەرنێت بکرێت بە بەراورد بە کاریگەرییەکانی تەلەڤزیۆن، و بەتایبەت دراماکان لەسەر وەرگر، ئەستەمیشە

ئەو کاریگەرییە جیاوازو زۆرە هەست پێنەکەین، کە ئینتەرنێت لەسەر تەماشاکەرانی تەلەڤزیۆنەکان دروستیکردووە، چونکە لە رۆژگاری ئێستادا ئەوانەی بینەری تەلەڤزیۆنن جارێکی تر لە رێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە دەبنەوە وەرگرو بینەری تەلەڤزیۆنەکان.

ئەو توێژەرە، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، کە تیۆری چاندنی رۆشنبیری لەسەرەتادا لە رێگەی کاریگەریی سنوردارو بێهێزەوە و لە رێگەی درامای تەلەڤزیۆنییەوە زیاتر کاریگەری لەسەر کۆمەڵ دروستکردووە، بە تایبەتی لە گواستنەوەی توندوتیژی، بەڵام لە دوو دەیەی رابردوودا گۆڕانکاریی گەورە بەهۆی شۆڕشی تەکنۆلۆژیای نوێ و میدیای نوێ و ئینتەرنێتەوە رویانداوە، ئەوە وایکردووە لە رێگەی تیۆری چاندنی رۆشنبیرییەوە بەها و کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و باوەڕە سیاسییەکان زیاتر لە رێگەی راگەیاندنی ئەلیکترۆنییەوە فۆکەسیان بخرێتەسەر و کاریگەری لەسەر جەماوەر دروست بکەن لە رێگەی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان.

ئەوە دەخاتەڕوو، کە هیچ ئارگیومێنتێک ناتوانێت باس لە کاریگەرنەبوونی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی بکات، بەڵکو گەنجانو هەرزەکاران ئەگەر هەیە لە رێگەی ئەزمونکردنییانەوە باشتر سود لە ئینتەرنێت وەربگرن، ئەوە رونبۆتەوە، کە فۆڕمی راگەیاندنی جەماوەری لەئێستادا گۆڕانکاریی زۆری بەسەرداهاتووە، ئەوە رێژەی کاریگەرییەکانی گۆڕیوە لەسەر جەماوەر.

لە توێژینەوەیەکی تردا، دەربارەی تیۆری چاندنی رۆشنبیری و کاریگەرییەکانی تەلەڤزیۆن و راگەیاندنی ئەلیکترۆنی، هەروەکو توێژەر (Lau ٢٠١٥,)باس لەوەدەکات، کە سەردەمی راگەیاندنی کۆمەڵایەتی، و راگەیاندنی ئەلیکترۆنی زۆر بەناوبانگە، بەوەی کە هەموو کەسێک دەتوانێت لە رێگەی ئامرازەکانیانەوە لە هەر کات و شوێنێک بێت بچێتە ناو تۆڕەکانی

ئینتەرنێتەوە، لە هەمانکاتداو لەبەرامبەر ئەوەدا تەلەڤزیۆن بە راگەیاندنی کۆن ناسراوە، لەگەڵ ئەوەدا لەئێستادا کاریگەریی خۆی هەیە.

لە چەند دەیەی رابردوودا، تیۆری چاندنی رۆشنبیری لەلایەن (George Gerbner)ەوە گەشەی پێدرا، و تاقیکردنەوەی کاریگەریی درێژخایەنی تەلەڤزیۆنی کرد لەسەر جەماوەر، لەبەرئەوەی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی هەمان کار دەکات، کە تەلەڤزیۆن دەیکات، ئەوە گرنگە کە کاریگەریی راگەیاندنی ئەلیکرۆنی بدۆزینەوە لەسەر چاندنی رۆشنبیری.

تا ئێستا، داهێنانی ئینتەرنێت و پێشکەوتنی، چەمکی بەکارهێنانی راگەیاندنی لای خەڵک گۆڕیوە، هەروەکو راگەیاندنی ئەلیکترۆنی دەتوانێت هەمان کاری تەلەڤزیۆن بکات، و ئەوە گونجاوە کە ئینتەرنێت توانای چاندنی رۆشنبیری زۆری هەبێت.

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا ئاماژەی بەوەداوە، کە کاریگەرییەکانی راگەیاندن بەهێزن، بە تایبەت تەلەڤزیۆن و راگەیاندنی ئەلیکترۆنی، کە لە (هۆنگ کۆنگ) زۆر بەربڵاون، لەگەڵ ئەوەدا پێویستە نێرەرو وەرگرەکان بە وریاییەوە بەکاریانبهێنن، هەروەکو لە تیۆری چاندنی رۆشنبیری ئاماژەی پێدراوە، تێکڕای نەخۆشیی جیهانی لەناو بینەرانی تەلەڤزیۆنەکان دۆزراونەتەوە، هەربۆیە دامەزراوە تەلەڤزیۆنەکان بەرپرسن لە کەمکردنەوەی پەخشکردنی رێژەی دیمەنەکانی سێکس و توندوتیژی لە بەرنامەو دراماکانیاندا، هەروەها پێویستە تەماشاکەران کۆنترۆڵی کاتەکانی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن بکەن، هەروەکو بە وریایی بەکاربردنی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی رێگە لە بونیادنانی کاریگەریی نەرێنی و خراپ دەگرێت لەسەر رەفتاری بەکارهێنەران.

هەندێک شرۆڤەکار ئەوەیان دەرخستوە، کە ئەو بینەرانەی زۆر سەیری بەرنامەیەکی دیاریکراو دەکەن زۆرتر سەردانی پێگەی ئەلیکترۆنی ئەو بەرنامە دیاریکراوە دەکەن لە بینەرە ئاساییەکان، ئەوە باشتر دڵسۆزیی و خۆشەویستی بۆ پێگەی ئەلیکترۆنی بونیاددەنێن. ئەم دڵسۆزییە بەهۆی زۆربونێک لە بەکارهێنانی پەیوەندیی راستەوخۆ دامەزراندنی بەرهەمی ئۆنلاینەوە دەبێت، کە کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر هەڵوێستی بینەر دەبێت (Lin and Cho ,٢٠١٠, p٣١٦-٣١٨).

**بەکارهێنانی تیۆری (چاندنی رۆشنبیری) لەم توێژینەوەیەدا:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا تیۆری (چاندنی رۆشنبیری) بەکارهێناوە، بە سوودوەرگرتن لە تێگەیشتن لە چەمک و گریمانە و کاریگەرییەکانی، لە چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکەو دیزاینکردنی فۆرمی راپرسیی توێژینەوەکەدا.

تیۆرەکە هاوکاربووە لە دیاریکردنی چوارچێوەی توێژینەوەکەو رێکارە زانستییەکانی توێژینەوەکەدا، وەکچۆن هاوکاری توێژەر بووە لە گەیشتن بە دەرەنجامی وردو دروستی توێژینەوەکە، هەروەها دەرخستنی رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان (رووداو) لە پێکهاتنی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

هەروەکو (د. مال الله، ٢٠١٥) باس لەوەدەکات، کە تیۆری چاندنی رۆشنبیری چەندین بواری گرنگی لێتوێژینەوەی هەن، لەوانە: رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن لە چاندنی رۆشنبیری و لەناویانیشدا رۆڵی ئینتەرنێت، دەڵێت: "ئینتەرنێت رۆڵی سەرەکی هەیە لە چاندنی رۆشنبیری، چونکە لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانێت بگاتە هەموو جۆرە ناوەڕۆکێک، تەنانەت دەتوانێت لە رێگەی ئینتەرنێتەوە سەیری کەناڵە

تەلەڤزیۆنییەکان بکات." ئەوە رووندەکاتەوە، کە بواری کاریگەریی بوارێکی گرنگی لێتوێژینەوەیە لە تیۆری چاندنی رۆشنبیری و لە رێگەیەوە توێژەر دەتوانێت لەسەر بوارێک، یان زیاتر توێژینەوە بکات، لەوانە: کاریگەری لەسەر ئاستی زانین، ئاشناکردنی جەماوەر بەو واقیعەی کە راگەیاندن هەوڵی پێکهێنانی دەدات، پێکهێنانی هزرە وێنە، چاندنی بیروباوەڕ، چاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، چاندنی توندوتیژی، کاریگەریی لەسەر ئایدۆلۆژیا.

هەروەها (Faranak ,٢٠١٨)، لەتوێژینەوەیەکدا روونیدەکاتەوە، کە تیۆری چاندنی رۆشنبیری یەکێکە لە تیۆرەکانی کاریگەریی ئامرازەکانی راگەیاندن لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

١. ماس میدیا مەرجی سەرەکی دروستکردنی کاریگەری نین لەسەر وەرگر، بەڵکو دەتوانێت لەگەڵ فاکتەرەکانی تر کاریگەریی مامناوەندی هەبێت.
٢. فاکتەرە مامناوەندەکان وا لە ماس میدیا دەکەن کاریگەریی بەردەوامی هەبێت، بەڵام نابێتە فاکتەرێکی کاریگەر.

بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەما سەرەکییەکانی تیۆری چاندنی رۆشنبیری وا دەردەکەوێت، کە ناوەڕۆکی پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی بەشداربووان. بەهۆی سەیرکردنی بەردەوامی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە، کاریگەریی زیاتر لەسەر ئاستی زانین و زانینی سیاسیی دروست دەبێت.

## بەشی چوارەم: تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ، سەبارەت بە ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە پێکهاتنی زانینی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

## (ڕاپرسی)

بەمەبەستی دەرخستنی تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەرۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەپێکهاتنی زانینی سیاسی لەهەرێمەکەدا، توێژەر (ڕاپرسینامە) فۆرمێکی ڕاپرسی ئامادەکرد. پاش دابە شکردنی فۆڕمەکە بەسەر بەرتوێژاندا لە هەریەک لە زانکۆکانی (ڕاپەڕین، جیهان/ هەولێر)، و دوای بەداتاکردنی وەڵامەکان، لە چوارچێوەی چەند خشتەیەکدا، و بەپێی ڕیزبەندی و بڕگەکانی ناو ڕاپرسییەکە، ئەنجامەکان دەخەینەڕوو:

## کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە:

توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا بەرنامەی Statistical Package For Social Science) (SPSS وەک کەرەستەیەکی پێشکەوتووی ئاماری بەکارهێناوەبۆ شیکردنەوەی زانیاری و داتاکانی توێژینەوەکە و گەیشتن بەدەرئەنجام، هەروەها لە ڕێگەی ئەم بەرنامەئامارییەوەچەندین کرداری ئاماری دیکەبەکارهاتووە:

١)ڕێژەیی سەدی[١٢] $= \dfrac{\text{بەش} \times ١٠٠}{\text{کۆی گشتی}}$

٢) ناوەندە ژمێرەیی[١٣] $\text{س} = \dfrac{\text{مجـ س}}{\text{ن}}$ (د.أحسان محمد الحسن و د.عبدالحسين زيني، ١٩٨٢، ص٦٣)

٣) لادانی پێوانەیی[١٤] $\text{ع} = \sqrt{\dfrac{\text{مجـ}(\text{ح}^{٢}\text{ك})}{\text{مجـ ك}}}$ (د.عبدالحميد عبدالبلداوي، ٢٠٠٤، ص١٥٦)

٤) هاوکێشەی پەیوەستی بیرسۆن[١٥]: $\text{ڕ} = \sqrt{\dfrac{\text{ن}\sum\text{س ص} - (\sum\text{س})(\sum\text{ص})}{\{(\text{ن}\sum\text{س}^{٢} - (\sum\text{س})^{٢})(\text{ن}\sum\text{ص}^{٢} - (\sum\text{ص})^{٢})\}}}$

(د.طاهر حسو الزيباري، مصدر السابق، ص١٧٣)

٥) هاوکێشەیی پەیوەستی سپیێرمان براون[١٦]: $\dfrac{٦ \times \text{مج ف}^{٢}}{\text{ن}(\text{ن}^{٢} - ١)}$ (المصدر نفسه، ص١٧٤)

---

[١٢] . ڕێژەیی سەدی: دۆزینەوەی ڕێژەی ئەو سامپڵانەیە کە وەرگیراون بە رادەیەکی بەرامبەری .

[١٣] . ناوەندە ژمێرەیی: یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە ناوەندی سامپڵی وەرگیراو دیاری دەکات لەرووی ژمارە و بەشداربوو. واتە نێوەندی کۆمەڵێک ژمارە، لە ئەنجامی ئەو کۆمەڵە ژمارەیە یەکێکیان دەبێتە ناوەندی هەموویان ئەمەش کاتێک دەبێت کە کۆمەڵە ژمارەکە کۆدەکرێتەوە و دابەشی ژمارەی ژمارەکانی دەکەیت.

[١٤] . لادانی پێوانەیی: یەکێکە لە باشترینەکانی پێوانەکردن بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی هەموو ناوەندە ژمێرییەکان، ئەمەش کاتێک دەبێت کە هەموو ژمارەکان لەناو بەرنامەی (SPSS) تۆماربکرێن. هەرکاتێک ناوەندی ژمێرەیی برێکی زۆربوو ئەوا لادانێکی پێوانەیی کەم دەبێت و بە پێچەوانەوە.

[١٥] . هاوکێشەی پەیوەستی بیرسۆن: ئاماژەیەکی ژمێرارییە باس لە بوونی پەیوەندی یان نەبوونی نێوان دوو گۆڕاو یان زیاتر دەکات و بەکاردێت بۆ بۆ شیکاری داتا لە ئاستی رووبەرو ڕێژەدا.

[١٦] . هاوکێشەیی پەیوەستی سپیێرمان براون : ئاماژەیەکی ژمێرارییە باس لە بوونی پەیوەندی یان نەبوونی نێوان دوو گۆڕاو یان زیاتر دەکات و بەکاردێت بۆ شیکاری داتا لە ئاستی رووبەرو ڕێژەدا، توێژەر دەتوانێت بەکاریبهێنێت بۆ دۆزینەوەی کرداری پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان.

## یەکەم: پرسیارە تایبەتەکان:

### ١. مشتەی توێژینەوەکە:

مشتەی توێژینەوەکە دابەشبوون بەسەر دوو زانکۆ لەهەرێمی کوردستاندا، (زانکۆی راپەڕین)، کە زانکۆیەکی حکومییەو کەمپەسی سەرەکیی لە شاری رانیەیە، لە کۆی (٢٤٣) بەرتوێژی توێژینەوەکە، زۆرترین رێژەی بەرکەوتووە بە پلەی یەکەم، کە ژمارەیان (١٣٧) بەرتوێژ بووە بەرێژەی (%٥٦.٣). هەروەک ئەنجامەکان هێما بۆ ئەوەدەکەن، کە لە (زانکۆی جیهان/ هەولێر) رێژەی بەشداربوون (١٠٦) بەرتوێژبووە، بە رێژەی (%٤٣.٦) بە پلەی دووەم. بڕوانە خشتەی (٢).

**خشتەی (٢) کۆمەڵی توێژینەوەکە**

| ژ | زانکۆ | دووبارەبونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی راپەڕین | ١٣٧ | ٥٦.٣ | یەکەم |
| ٢ | زانکۆی جیهان/ هەولێر | ١٠٦ | ٤٣.٦ | دووەم |
| **کۆی گشتی** | | **٢٤٣** | **%١٠٠** | |

### ٢. توخمی بەرتوێژان:

ئەنجامەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە زۆربەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە توخمی (نێر)ن و (پلەی یەکەم)یان وەرگرتووە، بە ڕێژەی لە (٧٦.١%)، و کۆی بەشداربووان ژمارەیان (١٨٥) کەس بووە. ئەوانیتر لەتوخمی (مێ)ن و بە (پلەی دووەم) هاتوون، لە ڕیزبەندیی ئەگەرەکاندا، کە ژمارەیان (٥٨) بەرتوێژ بووە و ڕێژەی (٢٣.٩%)ی بەشداربوان پێکدێنن. بڕوانە خشتەی (٣).

**خشتەی (٣) توخمی مشتەی توێژینەوەکە**

| ژ | توخم | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ١٨٥ | ٧٦.١ | یەکەم |
| ٢ | مێ | ٥٨ | ٢٣.٩ | دووەم |
| **کۆی گشتی** | | **٢٤٣** | %١٠٠ | |

### ٣. تەمەنی بەرتوێژان:

ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە زۆربەی بەرتوێژان تەمەنیان لە نێوان (٢٨-٣٢) ساڵدایە، کە پلەی یەکەمی بەشداربووانیان وەرگرتووە، هەروەها ئەوانەی پلەی دووەمیان وەرگرتووە تەمەنیان لە نێوان (٣٣-٣٧) ساڵدایە، هەروەکو ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٢٣-٢٧) ساڵدایە پلەی سێیەمیان وەرگرتووە. لە بەرامبەردا ئەوانەی کە تەمەنیان لە (٥٢) ساڵ زیاترە، کەمترین ڕێژەیان هەیەو لە پلەی حەوتەمدان.

ئەوە ڕوونیدەکاتەوە، کە زۆربەی بەشداربووان تەمەنێکی گەنجیان هەیە لە هەردوو گرووپی (٢٨-٣٣) ساڵ و گرووپی (٣٣-٣٧) ساڵدان. بڕوانە خشتەی

**خشتەی (٤) تەمەنی مشتەی توێژینەوەکە**

| ژ | تەمەن بە ساڵ | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | (٢٣-٢٧) | ٢٧ | ١١.١١ | سێیەم |
| ٢ | (٢٨-٣٢) | ٩٧ | ٣٩.٩ | یەکەم |
| ٣ | (٣٣-٣٧) | ٧٥ | ٣٠.٨ | دووەم |
| ٤ | (٣٨-٤٢) | ١٩ | ٧.٨ | چوارەم |
| ٥ | (٤٣-٤٧) | ١٥ | ٦.١ | پێنجەم |
| ٦ | (٤٨-٥٢) | ٩ | ٣.٧ | شەشەم |
| | زیاتر لە (٥٢) | ١ | ٠.٤ | حەوتەم |
| | **کۆی گشتی** | **٢٤٣** | **%١٠٠** | |

(٤).

### پسپۆڕیی بەرتوێژان:

زۆرینەی بەرتوێژان، بە جیاوازییەکی کەم، کە (پلەی یەکەم)یان وەرگرتووە پسپۆڕییان لە زانستە سروشتی و پەتییەکانە، هەر بە گوێرەی ئەنجامەکان ئەوانیتر کە (پلەی دووەم)یان وەرگرتووە، پسپۆڕییان لە زانستە مرۆییەکانە. بڕوانە خشتەی (٥).

**خشتەی (٥) پسپۆڕیی مشتەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| ژ | پسپۆڕی | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زانستە پەتییەکان | ١٢٥ | ٥١.٤ | یەکەم |
| ٢ | زانستە مرۆییەکان | ١١٨ | ٤٨.٦ | دووەم |
| | **کۆی گشتی** | **٢٤٣** | **%١٠٠** | |

### ٤. بڕوانامەی بەرتوێژان:

زۆرینەی بەرتوێژان، هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر)ن، کە (پلەی یەکەم)یان هەیە، بەرێژەی لە (%٨٣,١)، هەروەک دواتر هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا) بە (پلەی دووەم) دێن، کە لە (%١٦,٩)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێکدێنن. بڕوانە خشتەی (٦).

**خشتەی (٦) بڕوانامەی مشتەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە**

| ژ | بڕوانامە | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ماستەر | ٢٠٢ | ٨٣.١ | یەکەم |
| ٢ | دکتۆرا | ٤١ | ١٦.٩ | دووەم |
| | **کۆی گشتی** | **٢٤٣** | **%١٠٠** | |

### ٥. پلەی زانستیی بەرتوێژان:

زۆرینەی بەرتوێژان (مامۆستای یاریدەدەر)ن، بە پلەی یەکەم، کە ڕێژەی لە (٧١,٢%)ی بەرتوێژان پێکدەهێنێت، هەروەها ئەوانەی ناونیشانی زانستییان (مامۆستا)یە لە (پلەی دووەم)دان، بە ڕێژەی لە (٢٥,٥%)، و ئەوانیتر کە ناونیشانی زانستییان (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ە، ڕێژەی لە (٣,٣%) پێکدێنن و لە (پلەی سێیەم)دان. بڕوانە خشتەی (٧).

**خشتەی (٧) پلەی زانستیی مشتەی توێژینەوەکە**

| ژ | پلەی زانستی | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مامۆستای یاریدەدەر | ١٧٣ | ٧١.٢ | یەکەم |
| ٢ | مامۆستا | ٦٢ | ٢٥.٥ | دووەم |
| ٣ | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٨ | ٣.٣ | سێیەم |
| ٤ | پرۆفیسۆر | ٠ | ٠ | چوارەم |
| | **کۆی گشتی** | **٢٤٣** | %١٠٠ | |

### ٦. کۆلێژەکان:

زۆرینەی بەرتوێژان لە کۆلێژی (زانستە مرۆڤایەتییەکان)ن، کە (پلەی یەکە م)یان هەیە و دواتر بە (پلەی دووەم) بەشداربووان لە کۆلێژی (زانست)ن، هە روەها کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت (پلەی سێیەم)ی ڕیزبەندییەکەی گرتووە، و لە هەمانکاتدا کەمترین ڕێژەی بەرتوێژان، کە بە (پلەی نۆیەم) دێ لە (بەشی ژمێریاری)ن. هەروەها کۆلێژی (پەرستاری) بە پلەی چوارەم و کۆلێژی (پەروەردە) بە پلەی پێنجەم و کۆلێژی (ئەندازیاری) بە پلەی شەشەم و کۆلێژی (زمان) بە پلەی حەوتەم و هەریەکە لە کۆلێژەکانی (کارگێڕی و ئابوری) و (یاسا) پلەی هەشتەمیان وەرگرتووە لە ڕیزبەندیی بەرتوێژاندا. بڕوانە خشتەی (٨).

**خشتەی (٨) کۆلێژەکانی مشتەی توێژینەوەکە**

| ژ | کۆلێژو بەش | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسا | ٧ | ٢.٩ | هەشتەم/د |
| ٢ | زمان | ١٢ | ٤.٩ | حەوتەم/د |
| ٣ | کارگێڕی و ئابوری | ٧ | ٢.٩ | هەشتەم |
| ٤ | بەشی ژمێریاری | ٣ | ١.٢ | نۆیەم |
| ٥ | پەرستاری | ٣١ | ١٢.٨ | چوارەم |
| ٦ | پەروەردە | ٢٧ | ١١.١ | پێنجەم |
| ٧ | پەروەردەی بنەرەت | ٣٦ | ١٤.٨ | سێیەم |
| ٨ | زانستەمرۆڤایەتییەکان | ٥٣ | ٢١.٨ | یەکەم |
| ٩ | زانست | ٤٤ | ١٨.١ | دووەم |
| ١٠ | ئەندازیاری | ٢٣ | ٩.٥ | شەشەم |
| **کۆی گشتی** | | **٢٤٣** | %١٠٠ | |

**دووەم: پرسیارەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پاڵنەرەکانی:**

**١. رادەی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە زۆرینەی بەرتویژان (١ – ٣) کاتژمێر پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنن لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا، و لە پلەی یەکە مدا دێن، دواتر ئەوانە دێن کە کەمتر لە (١) کاتژمێر بەکاریدەهێنن و بە پلەی دووەم دێن، ئینجا ئەوانە دێن کە (٣ – ٦) کاتژمێر بەکاریدەهێنن، و لە پلەی سێیەمدان، دواتر ئەوانە دێن کە (٦ – ٩) کاتژمێرو (٩-١٢) کاتژمێر پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردێنن و لە پلەکانی چوارەم و پێنجەمدان. ئەنجامەکە ئە وەی روونکردۆتەوە، کە هیچ بەرتویژێک زیاتر لە (١٢) کاتژمێر پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکارناهێنێت.

ئەوە هێمایە بۆئەوەی کە مامۆستایانی زانکۆ بەشدارییەکی کارایان هەیە لەبەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەو کاتانەی بواریان هەیە، و وەک سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ مەبەستی جیاواز بەکاریدەهێنن، ئەوە دەریدەخات کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان توانای دروستکردنی کاریگەری و چاندنی زانین هەیە لای بەکاربەران بەهۆی ئەوەی بۆ ماوەی درێژخایەن پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەبەن. بڕوانە خشتەی (٩).

**خشتەی (٩) رادەی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان**

| ژ | رادەی بەکارهێنان بە کاتژمێر | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کەمتر لە ١ | ٧٨ | ٣٢.١ | دووەم |
| ٢ | ١ – ٣ | ١١٣ | ٤٦.٥ | یەکەم |
| ٣ | ٣-٦ | ٣٦ | ١٤.٨ | سێیەم |
| ٤ | ٦-٩ | ١٥ | ٦.٢ | چوارەم |
| ٥ | ٩ – ١٢ | ١ | .٤ | پێنجەم |
| ٦ | زیاتر لە ١٢ | ٠ | ٠ | شەشەم |
| **کۆی گشتی** | | **٢٤٣** | %١٠٠ | |

**٢. بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان وەک سەرچاوەیەکی زانینی سیاسی:**

زۆینەی بەرتوێژان لە پلەی یەکەمدا (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانیان کردووە بەسەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانینی سیاسیان)، ئەوانەی هاوڕانین و وەڵامیان (نەخێر)ە بە پلەی دووەم دێن.

ئەوە دەرخەری ئەو راستییەیە، کە مامۆستایانی زانکۆکان لە باشوری کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان کردووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ وەرگرتنی زانیاریی سیاسی و دەوڵەمەندکردنی زانینی سیاسییان. بڕوانە خشتەی (١٠).

**خشتەی (١٠) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان وەک سەرچاوەیەکی زانینی سیاسی**

| ژ | وەڵام | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | بەڵێ | ١٤٩ | ٦١.٣ | یەکەم |
| ٢ | نەخێر | ٩٤ | ٣٨.٧ | دووەم |
| | **کۆی گشتی** | **٢٤٣** | **%١٠٠** | |

### ٣. هۆکارەکانی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:

زۆرینەی بەرتوێژان، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەهۆی (ئاسانی لەبە کارهێنان)دا، پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان کردووە بەسەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمە ندکردنی زانینی سیاسیان. ئینجا ئەوانەی لە پلەی دووەمدا دێن، ئەوانەن کە (خێرایی لە گواستنەوەی زانیاریی)دا بەهۆکار دەزانن، دواتر ئەوانەن کە فاکتە رەکانی (فرەسەرچاوەیی لەو پێگەئەلیکترۆنییانەدا) بە هۆکار دەزانن و لە پلەی سێیەمدان، دواتر نەبوونی تێچوو (خۆڕایی) و (راستگۆیی لەپێدانی زانیاریی) بە پلەی چوارەم و پێنجەم دێن.

لێرەوە بۆمان روونده‌بێتەوە، کە فاکتەری هەمەچەشن هەن وایانکردووە بەشداربووان پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاربهێنن و بیکەن بە سەرچاوەیەک بۆ زانیارییە سیاسیەکانیان و زانینی سیاسی پێ دەوڵەمەند بکەن، کە (ئاسانی لەبەکارهێناندا) بە گرنگترین فاکتەر دادەنرێت، چونکە بەشداربوو دەتوانێت لە رێگەی هەر ئامێرو ئامرازێکی وەکو (مۆبایل، لاپتۆپ، تابلێت و کۆمپیوتەر)ەوە بچێتە ناو تۆڕەکانی

ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە خۆڕایی بەکاربهێنێت لەهەر شوێن و کاتێکدا بیەوێت. بڕوانە خشتەی (١١).

**خشتەی (١١) هۆکارەکانی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان**

| ژ | هۆکار | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاسانیی لە بەکارهێنان | ١٣٦ | ٤٧.٨٨ | یەکەم |
| ٢ | خێرایی لە گواستنەوەی زانیاریی | ٧٨ | ٢٧.٤٦ | دووەم |
| ٣ | خۆڕایی ( تێچووی نییە) | ٢٢ | ٧.٧٤ | چوارەم |
| ٤ | راستگۆیی لە پێدانی زانیاریی | ٣ | ١.٠٥ | پێنجەم |
| ٥ | فرە سەرچاوەیی لەو پێگە ئەلیکترۆنییانەدا | ٤٥ | ١٥.٨٤ | سێیەم |
| | **کۆی گشتی** | **٢٨٤** | **%١٠٠** | |

**٤. هۆکارەکانی بەکارنەهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:**

ئەو بەرتوێژانەی (پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی زانینی سیاسی) بەکارنەهێناوە، بەهۆی (نەبوونی کاتی پێویست) بووە کە پلەی یەکەمی گرتووە، دواتر فاکتەری (خراپیی هێڵی ئینتە رنێت لە هەرێمی کوردستاندا) پلەبەندی دووەمی هەیە، و ئینجا (تێچووی زۆر)، واتە فاکتەری گرانیی نرخی ئینتەرنێت بە هۆکارێکی سەرەکی زانراوە و پلەبەندیی سێیەمی گرتووە. هەروەها هۆکارەکانی تری وەک: (پشتبەستن بە جۆرەکانی دیکەی راگەیاندن، وەک: رادیۆو رۆژنامە و تەلەڤزیۆن)، (کەمیی زانیاریی)، (نەبوونی متمانە و پێشێلکردنی بنەماکانی ئێتیکی پیشە) و ( قۆرخکاریی سیاسی)، لەناو فاکتەرەکاندا، کە بوونەتە هۆی پشتنەبەستنی جە

ماوەر بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی زانینی سیاسی، لە ریزبەندیی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەمن.

لەو ئەنجامانەوە، بەو راستیە دەگەین، کە ئەوانەی لە کوردستاندا پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکارناهێنن و نەیانکردوون بە سەرچاوەیەکی زانیاریی بە گشتیی و زانیاریی سیاسی بە تایبەت، هۆکاری جیاوازیان بۆ ئەوە هەیە، کە نەبوونی کاتی پێویست و خراپیی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە کوردستاندا لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن وایانکردووە مامۆستایانی زانکۆ پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکارنەهێنن وەک سەرچاوەیەکی زانیاریی سیاسی. بڕوانە خشتەی (١٢).

**خشتەی (١٢) هۆکارەکانی بەکارنەهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان**

| ژ | هۆکار | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نەبوونی کاتی پێویست | ٨٦ | ٢٦.١٣ | یەکەم |
| ٢ | پشتبەستن بە جۆرەکانی دیکەی راگەیاندن وەک رادیۆو رۆژنامە و تەلەڤزیۆن | ٥١ | ١٥.٥٠ | چوارەم |
| ٣ | کەمیی زانیاری | ٢٨ | ٨.٥١ | پێنجەم |
| ٤ | تێچووی زۆر | ٥٤ | ١٦.٤١ | سێیەم |
| ٥ | خراپیی هێڵی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستاندا | ٧٠ | ٢١.٢٧ | دووەم |
| ٦ | نەبوونی متمانە و پێشێلکردنی بنە ماکانی ئێتیکی پیشە | ٢١ | ٦.٣٨ | شەشەم |
| ٧ | قۆرخکاریی سیاسی (احتكار السياسي) | ١٩ | ٥.٧٧ | حەوتەم |
| | **کۆی گشتی** | **٣٢٩** | **%١٠٠** | |

**٥. ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە بیانییەکان:**

زۆربەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە عەرەبییەکان)، بە پلەی یەکەم بەکاردەهێنن بۆ دەوڵەمەندکردنی زانینی سیاسییان، جگەلە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، دواتر ئەوانەی (پێگە ئەلیکترۆنییە ئینگلیزییەکان) بەکاردەهێنن بەپلەی دووەم دێن. هەروەها ئەوانەی (پێگە ئەلیکترۆنییە فارسییەکان) بەکاردەهێنن کەمترین رێژەیان هەیە لەناو بەرتوێژانداو بە پلەی پێنجەم دێن.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە مامۆستایانی زانکۆ لە دوای پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، پێگە ئەلیکترۆنییە عەرەبییەکانییان کردووە بە سەرچاوەی زانینی سیاسییان، و ئەوە دور نیە بەهۆی نزیکی زمانی عەرەبییەوە و تێکەڵاوی و نزیکیی وڵاتانی عەرەبییەوە بێت لە روی جوگرافییەوە، هەروەها ئەوە دەردەخات کە زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆکان لەکوردستان زمانی عەرەبی دەزانن، هەروەک وا دەردەکەوێت، کە پێگە ئەلیکترۆنییە ئینگلیزییەکانیش رێژەی بەکارهێنانیان لەناو مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان زۆربێت و ئاستی دووەمیان وەرگرتووە لەناو پێگە ئەلیکترۆنییە بیانییەکان، چونکە وەک دەزانرێت لە ئێستادا گرنگی زۆر بە زمانی ئینگلیزی دەدرێت لەلایەن مامۆستایانی زانکۆوەو وەک سەرچاوەیەکی گرنگی وەرگرتنی زانیاری بەکاریدەهێنن، بۆیە لێرەدا وەک سەرچاوەیەکی وەرگرتنی زانیاریی سیاسی زۆر پشتیپێدەبەسترێت. بڕوانە خشتەی (١٣).

**خشتەی (١٣) ئاستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە بیانییەکان**

| ژ | پێگە ئەلیکترۆنییە بیانییەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پێگە ئەلیکترۆنییە عەرەبییەکان | ١٨٦ | ٦٥.٠٣ | یەکەم |
| ٢ | پێگە ئەلیکترۆنییە فارسییەکان | ١ | ٠.٣٤ | پێنجەم |
| ٣ | پێگە ئەلیکترۆنییە ئینگلیزییەکان | ٩١ | ٣١.٨١ | دووەم |
| ٤ | پێگە ئەلیکترۆنییە تورکییەکان | ٥ | ١.٧٤ | سێیەم |
| ٥ | پێگە ئەلیکترۆنییە ئەڵمانییەکان | ٢ | ٠.٦٩ | چوارەم/د |
| ٦ | پێگە ئەلیکترۆنییە فرەنسییەکان | ٢ | ٠.٦٩ | چوارەم/د |
| | **کۆی گشتی** | **٢٨٦** | **%١٠٠** | |

### ٦. مەبەستی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:

مەبەستەکانی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەلایەن بە شداربوانەوە جیاوازن، و زۆربەی بەرتوێژان بە مەبەستی (وەرگرتنی زانیاریی گشتی) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەکاردەهێنن و لە پلەی یەکە مدایە، هەروەها مەبەستی (وەرگرتنی زانیاریی سیاسی) لە پلەی دووەمدایە، و دواتر (وەرگرتنی زانیاریی تەندروستی) لە پلەی سێیەمدایە، لەگەڵ ئەوەدا مەبەستی (وەرگرتنی زانیاریی تەکنۆلۆژیا) و (زانیاریی سەربازی) کەمترین رێژەیان بەرکەوتووە و لە پلەی حەوتەمدان.

ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی پشدەبەسترێن بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاریی گشتیی و دواتر وەرگرتنی زانیاریی سیاسی دەربارەی رووداوە سیاسیەکان لە کوردستان و عیراق و ناوچەکەو جیهاندا کە روودەدەن، بۆیە پێگە ئەلیکترۆنییەکان کراون بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریی سیاسی لای بەشداربوان بە شێوەیەکی گشتی. بڕوانە خشتەی (١٤).

**خشتەی (١٤) مەبەستەکانی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان**

| ژ | مەبەست | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | وەرگرتنی زانیاریی گشتی | ١٢٣ | ٥٠.٦ | یەکەم |
| ٢ | وەرگرتنی زانیاریی سیاسی | ٤٩ | ٢٠.٢ | دووەم |
| ٣ | وەرگرتنی زانیاریی تەندروستی | ٢٠ | ٨.٢ | سێیەم |
| ٤ | وەرگرتنی زانیاریی ئابوری و بازرگانی | ١٢ | ٤.٩ | چوارەم |
| ٥ | وەرگرتنی زانیاریی وەرزشی و رۆشنبیریی | ١٢ | ٤.٩ | چوارەم |
| ٦ | وەرگرتنی زانیاریی زانستی | ١٠ | ٤.١ | پێنچەم |
| ٧ | وەرگرتنی زانیاریی هونەری | ١٢ | ٤.٩ | چوارەم |
| ٨ | وەرگرتنی زانیاریی ئاینیی | ٣ | ١.٢ | شەشەم |
| ٩ | وەرگرتنی خزمەتگوزاری گشتی (نرخی دراوەکان، کەشوهەوا..هتد) | ٠ | ٠ | هەشتەم |
| ١٠ | وەرگرتنی زانیاریی کۆمەڵایەتیی | ٠ | ٠ | هەشتەم |
| ١١ | وەرگرتنی زانیاریی تەکنۆلۆژیا | ١ | .٤ | حەوتەم |
| ١٢ | وەرگرتنی زانیاریی سەربازی | ١ | .٤ | حەوتەم |
| | **کۆی گشتی** | **٢٤٣** | **١٠٠** | |

### ٧. پاڵنەری بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییەکان:

پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان جیاوازن لەلایەن بەرتوێژانە وە، و پاڵنەری (خێرایی لەگەیاندن) بە پلەی یەکەم دێت، و دواتر پاڵنەری (ئاسانی لە بەکارهێنان، بۆ نموونە: لەرێگەی مۆبایلەوە) بەپلەی دووەم، و پاڵنەری (باسکردنی بابەتەکان بە راشکاوانە و بەبێ سانسۆر) بە پلەی سێیەم دێت. لە هەمانکاتدا، پاڵنەری (گرنگیدان بەپرسە کۆمەڵایەتییەکان)، بە بێهێزترین پاڵنەر دانراوە و لەپلەی دەیەمدایە.

لێرەدا دەردەکەوێت، لە کوردستاندا پاڵنەری زۆر هەن، کە وایانکردووە خەڵک پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاربهێنێت و بیانکات بە سەرچاوەی زانیاریی، کە پاڵنەری خێرایی لە گەیاندنی زانیاریی و هەواڵەکاندا پێدەچێت کاریگەرترین پاڵنەربێت لەلای بەکارهێنەرانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان، چونکە زۆربەیان هاوڕان لەسەری. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان لە جیهاندا بە گشتی و گەیشتنیان بە کوردستان، بە تایبەتی مۆبایلی زیرەک، کە لە رێگەیەوە دەتوانرێت بەکارهێنەران بچنە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاربهێنن. بڕوانە خشتەی (١٥).

**خشتەی (١٥) پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان**

| ژ | پاڵنەر | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خێرایی لە گەیاندن | ٦٩ | ٢٨.٣٩ | یەکەم |
| ٢ | ئاسانی لەبەکارهێنان (بۆ نموونە لە ڕێگەی مۆبایلەوە). | ٥٣ | ٢١.٨١ | دووەم |
| ٣ | هەرزانی لە بەکارهێنانی (بە خۆڕایی) | ١٢ | ٤.٩٣ | شەشەم |
| ٤ | بوونی متمانەی زیاتر بە پێگە ئەلیکترۆنیە کان بەراورد بە جۆرەکانی تری راگەیاندن. | ١١ | ٤.٥٢ | حەوتەم |
| ٥ | گرنگیدان بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان | ٦ | ٢.٤٦ | دەیەم |
| ٦ | خۆرزگارکردن لە تەنیایی (کاتبەسەربردن) | ١٨ | ٧.٤٠ | پێنجەم |
| ٧ | باسکردنی بابەتەکان بە راشکاوانەو بەبێ سانسۆر | ٢٩ | ١١.٩٣ | سێیەم |
| ٨ | بەمەبەستی کاری بازرگانی و بۆ بازاڕکردن | ٩ | ٣.٧٠ | هەشتەم |
| ٩ | وەرگرتنی هەواڵ و زانیاریی دەربارەی پرسە جیاوازەکان | ١٩ | ٧.٨١ | چوارەم |
| ١٠ | ئاسانی لە تێگەیشتن | ٤ | ٣.٢٩ | نۆیەم |
| ١١ | پەیوەندیی راستەوخۆی بابەتەکانیان لە خۆت و کۆمەڵەکەتەوە | ١٢ | ٤.٩٣ | شەشەم |
| | **کۆی گشتی** | **٢٤٣** | %١٠٠ | |

### ٨. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و هۆشیاریی سیاسی:

زۆرینەی رەهای بەرتوێژان پێیانوایە کە (تاڕادەیەک) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان سەرچاوەیەکی باشن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی سیاسیی، و لەپلەی یەکەمدایە، ئەوانەی تا ئاستێکی (زۆر) لەگەڵیدان لە پلەی دووەمدایە، و ئەوانەی تا ئاستێکی (کەم) هاوڕان لە پلەی سێیەمدان.

ئەوە روونیدەکاتەوە، کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان کراون بە سەرچاوەیەکی بەهێزی هۆشیاریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و بەکارهێنەران بە گشتی بۆ وەرگرتنی زانیاریی سیاسی، و زیاکردنی هۆشیاریی سیاسییان دەربارەی رووداو و پرسە سیاسی و کەسێتییە سیاسییەکان پشتیان پێدەبەستن، لێرەوە پرۆسەی چاندنی هۆشیاریی سیاسیی لای وەرگر بەهۆی کاریگەری پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەست پێدەکات. بڕوانە خشتەی (١٦).

**خشتەی (١٦) پێگە ئەلیکترۆنییەکان، سەرچاوەیەکی باشی هۆشیاریی سیاسین**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٥٩ | ٢٤.٣ | دووەم |
| ٢ | تارادەیەک | ١٣٢ | ٥٤.٣ | یەکەم |
| ٣ | کەم | ٥٢ | ٢١.٤ | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | | **٢٤٣** | **%١٠٠** | |

### ٩. پشتبەستن بەپێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ زانیاریی سیاسیی:

زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە، کە بە رێژەی (تا سنورێک) پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دەبەستن بۆ دەوڵەمەندکردنی زانینی سیاسییان، پاشان ئەوانەی (زۆر) پلەی دووەم، و ئەوانەی (زۆر کەم) پلەی سێیەم، و ئەوانەی (ئێجگار زۆر) پلەی چوارەمیان وەرگرتووە.

ئەو ئەنجامانە ئاماژەن بۆئەوەی کە بە رێژەی جیاواز خەڵک پشدەبەستێت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیاریی سیاسییان، بەڵام بە گشتی وادەردەکەوێت کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان سەرچاوەیەکی باشی دەوڵەمەندکردنی زانیارییە سیاسیەکانی وەرگران بن. بڕوانە خشتەی (١٧).

**خشتەی (١٧) ڕادەی پشتبەستن بە پێگەئەلیکترۆنییەکان، بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیاریی سیاسی**

| پلە | % | دووبارەبوونەوە | ئەگەرەکان | ژ |
|---|---|---|---|---|
| چوارەم | ١٥.٢ | ٣٧ | یەکجار زۆر | ١ |
| دووەم | ٢١.٤ | ٥٢ | زۆر | ٢ |
| یەکەم | ٣٢.٩ | ٨٠ | تا سنورێک | ٣ |
| پێنجەم | ١٢.٣ | ٣٠ | کەم | ٤ |
| سێیەم | ١٨.١ | ٤٤ | زۆر کەم | ٥ |
| | %١٠٠ | **٢٤٣** | **کۆی گشتی** | |

**١٠. بوارە سیاسیەکان و پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

لە ئەنجامەکانەوە دەرکەوتووە کە، بواری (کاروباری سیاسی هەرێمی کوردستان بە گشتی)، لە پلەی یەکەمدایە کە بەرتوێژان لەرێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەن، وەک بوارێکی سیاسی. ئینجا بواری (کاروباری سیاسی پارچەکانی کوردستان بەگشتی) بە پلەی دووەم و بواری (کاروباری سیاسیی نێودەوڵەتی بە گشتی) پلەی سێیەمی بەدەستهێناوە.

ئەوە نیشانیدەدات، کە لە هەرێمی کوردستاندا خەڵک بۆ بواری جیاواز پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی زانیارییان دەربارە وەربگرێت بە تایبەتی بواری سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کە بەهۆی نزیکیان لە ڕووداو و پرسە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هۆکاری سەرەکی دەبێت، بۆیە زۆرترین خەڵک بۆ ئەو بوارە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردەهێنێت. بڕوانە خشتەی (١٨).

**خشتەی (١٨) ئەو بوارە سیاسیانەی، کە لە ڕێگەی پێگەئەلیکترۆنییەکانەوە بەدواداچونیان بۆ کراوە**

| ژ | بوارە سیاسیەکان، کە لەڕێگەی پێگەئەلیکترۆنییەکانەوە بەدواداچونیان بۆ کراوە | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کاروباری سیاسی هەرێمی کوردستان بەگشتی | ١١٥ | ٤٧.٣ | یەکەم |
| ٢ | کاروباری سیاسی پارچەکانی کوردستان بە گشتی | ٤٤ | ١٨.١ | دووەم |
| ٣ | کاروباری سیاسی عیراق بەگشتی | ٢٧ | ١١.١ | چوارەم |
| ٤ | کاروباری سیاسی ئیقلیمی بە گشتی | ٢٣ | ١٠.٣ | پێنجەم |
| ٥ | کاروباری سیاسی نێودەوڵەتی بە گشتی | ٣٤ | ١٤.٠ | سێیەم |
| **کۆی گشتی** | | **٢٤٣** | %١٠٠ | |

## ١١. کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و رۆشنبیریی سیاسی:

زۆربەی بەرتوێژان، لەگەڵ ئەگەری (بەڵێ)دان و پێیانوایە، کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی سیاسییان، دواتر ئەگەری (نازانم) پلەی دووەم و ئەگەری (نە خێر) پلەی سێیەمیان بەدەستهێناوە.

ئەوە کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر وەرگران دەردەخات، کە بە شێوەیەکی گشتی توانیویەتی رۆڵ و کاریگەریی ئەرێنیی هەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی بەکارهێنەرانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەربارەی پرسە سیاسییەکان، کە دەبێتە فاکتەری چاندنی رۆشنیری سیاسیی لای جەماوەر. بڕوانە خشتەی (١٩).

**خشتەی (١٩) کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی سیاسی**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ١٣١ | ٥٣.٩ | یەکەم |
| ٢ | نەخێر | ٤٧ | ١٩.٣ | سێیەم |
| ٣ | نازانم | ٦٥ | ٢٦.٧ | دووەم |
| **کۆی گشتی** | | **٢٤٣** | **%١٠٠** | |

**١٢. کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و گۆڕانکاری سیاسیی:**

زۆرینەی بەرتوێژان پێیانوایە (بەڵێ)، (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان کاریگەرییان هەبووە لەگۆڕانکارییە سیاسیەکان لەهەرێمی کوردستاندا)،و لەپلەی یەکەمدان، هەروەها ئەوانەی بە(نازانم) وەڵامیان داوەتەوە لەپلەی دووەمدان، و ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە لەپلەی سێیەمدان.

لەماوەی دەیەی رابردووداو بەتایبەتی لەدوای راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، کاریگەری تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بەدەرکەوتن لەگۆڕانکارییە سیاسیەکاندا، هەربۆیە دەبینین لای بەشداربووان پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان کاریگەرییان هەبووە لە گۆڕانکارییە سیاسیەکاندا کە لەهەرێمی کوردستاندا روویانداوە، ئەوە بۆ کاریگەری ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە کە بەشێوەی خێراو لەماوەیەکی کەمدا دەتوانێت رای گشتی دروست بکات و ئاڕاستەی بکات لەسەر رووداوە سیاسیەکان. بڕوانە خشتەی (٢٠).

**خشتەی (٢٠) کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەگۆڕانکارییە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا**

| ژ | ئەگەرەکان | دوبارەبوونەوە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ١٢٣ | ٥٠.٦ | یەکەم |
| ٢ | نەخێر | ٥٦ | ٢٣.٠ | سێیەم |
| ٣ | نازانم | ٦٤ | ٢٦.٣ | دووەم |
| | **کۆی گشتی** | **٢٤٣** | **%١٠٠** | |

## سێیەم/ پرسیارەکانی پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکە:

### أ. زانیاریی سیاسی و بایەخی لەپێکهێنانی زانینی سیاسیدا:

### ١. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و کاروباری سیاسی بەگشتی:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی بەها بەرزیان سەبارەت بە کاروباری سیاسی بە گشتی پێشکەشکردووە)، هەروەها ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵیدان بەپلەی دووەم دێن و ئەوانەی هیچ لەگەڵیدا نین بەپلەی پێنجەم دێن.

هەروەها ئەوە خراوەتەڕو کە لادانی پێوەری (١.٢٧٢٧٣)بووە و لەهەمان کاتدا ناوەندی ژمێرەیی (٢.٥٥٥٦) بوە لەناو بەرتوێژاندا.

لێرەوە ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان کاریگەرییان هەبووە لە پێشکەشکردنی زانیاریی بە ها بەرز سەبارەت بەکاروباری سیاسی بەشێوەیەکی گشتی لەهەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢١).

**خشتەی (٢١) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی بەها بەرزیان سەبارەت بە کاروباری سیاسی بەگشتی پێشکەشکردووە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٥٢ | ٢١.٤ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩١ | ٣٧.٤ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٠ | ١٦.٥ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٣ | ١٣.٦ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٢٧ | ١١.١ | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| | لادانی پێوەری | ١.٢٧٢٧٣ | | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | ٢.٥٥٥٦ | | |

### ٢. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پارتە سیاسییەکان:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی تێروتەسەلیان سەبارەت بەحزبەکان پێشکەشکردووە)، ئەوانەی تەواو لەگەڵیدان بەپلەی دووەم دێن، و ئەوانەی لەگەڵیدان نین و هیچ لەگەڵیدا نین بەپلەی سێیەم و پێنجەم دێن.

هەروەک ئەوە خراوەتەڕوو کە لادانی پێوەری (١.٢١٢٠١) بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤٢٨٠) بووە.

ئەوە دەریدەخات کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستان رۆڵیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی زۆر دەربارەی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و جەماوەر لەپێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە ئاشنای ئەو زانیارییانە کراون بەشێوەیەکی تێروتەسەل کە لەلایەن پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە. بڕوانە خشتەی (٢٢).

**خشتەی (٢٢) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی تێروتەسەلیان سەبارەت بەحزبەکان پێشکەشکردووە**

| پلە | % | ژمارە | وەڵام | ژ |
|---|---|---|---|---|
| دووەم | ٢٤.٣ | ٥٩ | تەواو لەگەڵیدام | ١ |
| یەکەم | ٣٨.٧ | ٩٤ | لەگەڵیدام | ٢ |
| چوارەم | ١٣.٦ | ٣٣ | نازانم | ٣ |
| سێیەم | ١٦.٩ | ٤١ | لەگەڵیدانیم | ٤ |
| پێنجەم | ٦.٦ | ١٦ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٥ |
| | %١٠٠ | ٢٤٣ | کۆی گشتی | |
| | ١.٢١٢٠١ | | لادانی پێوەری | |
| | ٢.٤٢٨٠ | | ناوەندی ژمێرەیی | |

### ٣. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و کەسێتییە سیاسیەکان:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاری تێروتەسەلیان سەبارەت بە کەسێتییە سیاسیەکان پێشکەشکردووە). ئینجا ئەوانەی تەواو لەگەڵیدان بەپلەی چوارەم و ئەوانەی لەگەڵیدان نین بە پلەی دووەم دێن لەناو بەشداربواندا، هەروەک ئەوانەی نازانن پلەی سێیەمیان وەرگرتووە.

هەروەها ئەوە خراوەتەڕوو کە لادانی پێوەری (١.٢٢٨٠٥) و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٥٤٣) بووە.

ئەم ئەنجامە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی بەرتوێژان کۆکن لەسەر ئە وەی پێگەی ئەلیکترۆنییە کوردییەکان رۆڵ و کاریگەریی باشیان هەبووە لە پێدانی زانیاری دەربارەی کەسێتییە سیاسیەکان و ئاشناکردنی جەماوەر پێیان. بڕوانە خشتەی (٢٣).

**خشتەی (٢٣) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی تێروتەسەلیان سەبارە ت بەکەسێتییە سیاسیەکان پێشکەشکردووە.**

| پلە | % | ژمارە | وەڵام | ژ |
|---|---|---|---|---|
| چوارەم | ١٧.٧ | ٤٣ | تەواو لەگەڵیدام | ١ |
| یەکەم | ٣٦.٢ | ٨٨ | لەگەڵیدام | ٢ |
| سێیەم | ١٨.١ | ٤٤ | نازانم | ٣ |
| دووەم | ١٨.٩ | ٤٦ | لەگەڵیدانیم | ٤ |
| پێنجەم | ٩.١ | ٢٢ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٥ |
| | %١٠٠ | ٢٤٣ | کۆی گشتی | |
| | ١.٢٢٨٠٥ | | لادانی پێوەری | |
| | ٢.٦٥٤٣ | | ناوەندی ژمێرەیی | |

**٤. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و تەنگژەو رووداوە نێودەوڵەتییەکان:**

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەناساندنی تەنگژەو رووداوە نێودەوڵەتییەکان). ئە وانەی تەواو لەگەڵیدان بەپلەی دووەم دێن، دواتر ئەوانەی نازانن بەپلەی سێیەم و ئەوانەی لەگەڵیدا نین و هیچ لەگەڵیدان نین بەپلەی چوارەم و پێنجە م دێن. هەروەک ئەوە روونکراوەتەوە کە لادانی پێوەری (١.٠٦٤١٣) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.١٨١١) بووە.

ئەوە دەریدەخات، کە زۆرینەی بەرتوێژان بە شێوەیەکی گشتی هاوڕان لەسەرئەوەی کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان رۆڵیان هەبووە لە ناساندنی تەنگژە و رووداوە نێودەوڵەتییەکان بە جەماوەر لە هەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢٤).

**خشتەی (٢٤) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەناساندنی تەنگژ و رووداوە نێودەوڵەتییەکان.**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٦٤ | ٢٦.٣ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١١٢ | ٤٦.١ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٣٤ | ١٤.٠ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٢٢ | ٩.١ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١١ | ٤.٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٦٤١٣ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.١٨١١ | | |

٥. **بەشداری پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەپەرەسەندنە سیاسیەکان:**

ئەوانەی لەگەڵ ئەوەن کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەمانە وەیان لەسەر بەدواداچونی بەردەوام بۆ پەرەسەندنە سیاسیەکان) لەپلەی یە کەمدان، ئەوانەی تەواو لەگەڵ ئەو رایەدان لەپلەی دووەمدان و هاوکات ئە وانەی لەگەڵیدان نین و هیچ لەگەڵیدا نین ئەوا پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان وەرگرتووە.

هەروەها ئەنجامەکان دەریانخستووە کە لادانی پێوەری (١.٠٧٦٩٥) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢٤٢٨)بووە.

ئەنجامەکان دەرخەری ئەوەن کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بە شدارییەکی کارایان هەبووە لەسەر جەماوەر لەبەردەوامی بەدواداچوونیان بۆ پەرەسەندنە سیاسیەکان. بڕوانە خشتەی (٢٥).

**خشتەی (٢٥) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەمانەوەم لەسەر بە دواداچونی بەردەوام بۆ پەرەسەندنە سیاسیەکان.**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٦١ | ٢٥.١ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠٦ | ٤٣.٦ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٥ | ١٨.٥ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ١٨ | ٧.٤ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٣ | ٥.٣ | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| | لادانی پێوەری | ١.٠٧٦٩٥ | | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | ٢.٢٤٢٨ | | |

**٦. بەشداری پێگە ئەلیکترۆنییەکان و رۆشنبیریی سیاسیی:**

زۆرینەی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە زیادکردنی رۆشنبیریی سیاسییان)، و ئەوانەی تە واو لەگەڵ ئەو ئەگەرەدان بەپلەی دووەم دێن، و لەبەرامبەردا ئەوانەی نازانن لەپلەی سێیەمدان و ئەوانەی هیچ لەگەڵیدانین بەپلەی چوارەم دێن لەناو بەرتوێژاندا.

هەروەها دەرکەوتووە، کە لادانی پێوەری (١.٣٠٤٥٦) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٤٢٠) بووە.

ئەم ئەنجامانە ئاماژەیە بۆئەوەی کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان سە رچاوەیەکی بەهێز بوون بۆ رۆشنبیریی سیاسی و رۆڵیان هەبووە لە زیادکردنی رۆشنبیریی سیاسی بەرتوێژان. ئەوە بۆ زۆری بەکارهێنانی

ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە وەکو پلاتفۆرمێکی میدیایی بەبەراورد بەفۆرمەکانی دیکەی میدیا وەکو رادیۆو تەلەڤزیۆن و رۆژنامەو چاپەمەنییەکان کە لەبەرئەوەی ئینتەرنێت ئاسانتر بەکاردەهێنرێت و خێراتر دەتوانێت زانیارییەکان بگوازێتەوە، بۆ خەڵک بۆیە ئینتەرنێت کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئاستی رۆشنبیریی سیاسی بەتایبەتی لەو وڵاتانەی ئازادی بەکارهێنانی ئینتەرنێتیان هەیە کە کوردستان یەکێکە لەو هەرێمانەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت کەمترین سانسۆڕی لەسەر دانراوە یاخود دەتوانرێت بوترێت هیچ جۆرێک لەسانسۆڕی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی لە کوردستاندا بوونی نییە، ئەوە هۆکارێکی دیکەیە. بڕوانە خشتەی (٢٦).

**خشتەی (٢٦) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەزیادکردنی رۆشنبیریی سیاسیم**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٥ | ١٨.٥ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٥ | ٣٩.١ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٠ | ١٦.٥ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٢٨ | ١١.٥ | پێنجەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٣٥ | ١٤.٤ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٣٠٤٥٦ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٦٤٢٠ | | |

**٧. بەشداریی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و هۆشیاریی سیاسیی:**

زۆرینەی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەرتوێژن لەزیادکردنی هۆشیاریی سیاسییان)، ئەوانەی تەواو لەگەڵ ئەو ئەگەرەدان لە پلەی دووەمدان، و دواتر ئەوانەی هیچ لەگەڵیدا نین لەپلەی سێیەمداو ئەوانەی لەگەڵیدا نین لەپلەی چوارەمدان.

هەروەها بەپێی ئەنجامەکان، لادانی پێوەری (١.٢٧٤٦٥) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤١٩٨) بووە.

ئەو ئەنجامە دەریدەخات، کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان رۆڵی گرنگیان بینیوە لەهۆشیارکردنەوەی سیاسی جەماوەر بەهۆی ئەو زانیارییە سیاسیانەی دەربارەی رووداو و پرۆسە سیاسیەکان بڵاویدەکەنەوە، تۆڕەکانی ئینتەرنێت وایکردووە کە بەشێوەیەکی بەردەوام زانیاریی و هەواڵە سیاسیەکان بڵاوبکرێنەوە، بۆیە رێژەی زۆری زانیارییەکان و کوالیتی زانیارییەکان پێدەچێت کاریگەریی زۆریان هەبووبێت لەسەر زیادکردنی هۆشیاریی سیاسی لای هاوولاتیان لەهەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢٧).

**خشتەی (٢٧) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەزیادکردنی هۆشیاریی سیاسیم**

| پلە | % | ژمارە | وەڵام | ژ |
|---|---|---|---|---|
| دووەم | ٢٣.٠ | ٥٦ | تەواو لەگەڵیدام | ١ |
| یەکەم | ٤٦.١ | ١١٢ | لەگەڵیدام | ٢ |
| پێنجەم | ٨.٢ | ٢٠ | نازانم | ٣ |
| چوارەم | ١١.١ | ٢٧ | لەگەڵیدانیم | ٤ |
| سێیەم | ١١.٥ | ٢٨ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٥ |
| | %١٠٠ | ٢٤٣ | کۆی گشتی | |
| | ١.٢٧٤٦٥ | | لادانی پێوەری | |
| | ٢.٤١٩٨ | | ناوەندی ژمێرەیی | |

**٨. سودو بایەخی زانیاریی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا:**

زۆرینەی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان، کە (زانیاریی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بێسود بون و جێبایەخ نەبون)، ئەوانەی لە گەڵیدا نین بەپلەی سێیەم دێن و ئەوانەی نازانن لەپلەی چوارەمدان. ئەوە روونیدەکاتەوە کە بەلای بەشداربوانەوە ئەو زانیارییانەی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا دەربارەی سیاسەت خراونەتە روو جێی بایەخ نەبوون و بێسود بون. هەر بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (١.٢٤٦٢١) بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٧١١٩) بووە.

لێرەدا رایەکی جیاوازی وەرگران تێبینیدەکرێت، بە بەراورد بەزانیارییەکانی پێشووتر کە رێژەیەکی زۆر هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە

زانیاریی سیاسیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بێسوودبون و جێ بایەخ نەبوون، ئەوە نا هاوسەنگی لەگەڵ رایەکانی پێشووتر دروست دەکات کە زۆربەی بەشداربووان لەو بڕوایەدابوون بەشێوەیەکی گشتی پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبووە لەسەر ئاستی هۆشیاریی و رۆشنبیریی و دەوڵەمەندی زانیاریی سیاسی لای بەکارهێنەرانی پێگە ئەلیکترنییەکان، بۆیە ئەم دەرەنجامە جێی هەڵوەستەیە. بڕوانە خشتەی (٢٨).

**خشتەی (٢٨) زانیاریی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بێسود بون و جێبایەخ نەبون**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٩ | ٢٠.٢ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٦٨ | ٢٨.٠ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٨ | ١٩.٨ | چوارەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٦٠ | ٢٤.٧ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٨ | ٧.٤ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٢٤٦٢١ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٧١١٩ | | |

**٩. زانیاریی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و وێنەی حزب و کەسێتییە سیاسیە کان:**

ئەو بەرتوێژانەی لەگەڵ ئەوەدان کە (ئەو زانیارییە سیاسیانەی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا دەخرێنەڕوو، هۆکارن بۆ شێواندنی وێنەی حزب و کەسێتییە سیاسیەکان)، بەپلەی یەکەم دێن، و ئینجا ئەوانەی نازانن بەپلەی سێیەم و ئەوانەی لەگەڵیدانین بەپلەی چوارەم دێن. هەر بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (١.٠٤٢٧٢) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢٠١٦) بووە.

ئەو ئەنجامانە ئەوە دەخەنەڕوو کە رادەی متمانەبوون و بوونی تەشهیرپێکردن لەناو پێگە لیکترۆنییەکاندا بەتایبەت و تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردستاندا، کاریگەریی زۆریان هەبووە لەسەر دروستبوونی ئەو رایەی کە پێیانوایە زانیارییە سیاسیەکانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هۆکارێک بوونە بۆ شێواندنی وێنەی پارتە سیاسیەکان و کەسێتییە سیاسیەکان لەهەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٢٩).

**خشتەی (٢٩) ئەو زانیارییە سیاسیانەی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکوردییەکاندا دەخرێنەڕوو، هۆکارن بۆ شێواندنی وێنەی حزب و کەسێتییە سیاسیەکان.**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵێدام | ٦٦ | ٢٧.٢ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵێدام | ١٠٤ | ٤٢.٨ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٣٥ | ١٤.٤ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵێدانیم | ٣٤ | ١٤.٠ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵێدانیم | ٤ | ١.٦ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٤٢٧٢ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٢٠١٦ | | |

**١٠. زانیاریی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و وێنەی ڕووداوەکانی جیهان:**

ئەو بەرتوێژانەی لەگەڵ ئەوەدان کە (ئەو زانیارییە سیاسیانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا دەخرێنەڕوو، هاوکارن لە قەبەکردن (گەورە کردن)ی وێنەی ڕووداوەکانی جیهان)، بەپلەی یەکەم دێن. دواتر ئەوانەی نازانن بەپلەی سێیەم و ئەوانەی لەگەڵێدا نین بەپلەی چوارەم دێن. هەروەها لادانی پێوەری (١.٠١٦٩١) بووە و لەهەمان کاتدا ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢٩٢٢) بووە.

ئەوەی شایانی باسکردنە، زۆربەی مامۆستایانی زانکۆ لەگەڵ ئەوەدان کە ئەو زانیارییە سیاسیانەی بڵاودەکرێنەوە لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان،

هۆکارن بۆ گەورەکردنی ڕووداوەکانی جیهان، ئەوە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاریی مامۆستایانی زانکۆ لە چاودێریکردنی ڕووداوەکانی جیهان و ئەو زانیارییانەی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکاندا بڵاودەکرێنەوە، بەشێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵ و ڕاپۆرتی زۆری پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەربارەی ڕووداوەکان. بڕوانە خشتەی (٣٠).

**خشتەی (٣٠) ئەو زانیارییە سیاسیانەی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا دەخرێنەڕوو، هاوکارن لەقەبەکردن (گەورەکردن)ی وێنەی ڕووداوەکانی جیهان**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٥٥ | ٢٢.٦ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠٢ | ٤٢.٠ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥١ | ٢١.٠ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٠ | ١٢.٣ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٥ | ٢.١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠١٦٩١ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٢٩٢٢ | | |

## ١١. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و شکست و رەشبینی:

ئەو بەرتوێژانەی تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بونەتە هۆی دروستبوونی شکست و رەشبینی لای جەماوەر) لەپلەی یەکە مدان، ئەوانەی لەگەڵیدان لەپلەی دووەمدان، هەروەها ئەوانەی نازانن لەپلەی سێیەم و ئەوانەی لەگەڵیدا نین لەپلەی چوارەمدان. ئەو ئەنجامە روونیدەکاتە وە کە زۆرینەی بەرتوێژان هاوڕان کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا بوونەتە هۆی دروستبوونی شکست و رەشبینی لای جەماوەر. هەروەها دەرکەوتووە کە لادانی پێوەری (١.١٦٠٧٨) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢٧١٦) بووە.

لێرەدا بەدیاردەکەوێت کە کە رێژەی (٣٢.٥%)ی بەشداربووان کە زۆرترین رێژەیە جەختیان لەوەکردۆتەوە، کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بوونەتە هۆی دروستبوونی شکست و رەشبینی لای جەماوەر، ئەوە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەخاتەڕوو کە زۆرجار بەهۆی نەبوونی ستراتیژیەتی نەتەوەیی دەربارەی رووداو و پرۆسە سیاسیەکان پەیام و زانیاریی جیاواز لەپێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێن بەهۆی ئەوەی راگەیاندنی کوردی زیاتر لەژێر هەژموونی پارتە سیاسیەکاندایە و زیاتر ستراتیژیەتی پارتە سیاسی و گروپەکان پێش ستراتیژیەتی نیشتمانی دەخرێن، یاخود بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری نادروست زۆرجار ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤە زیاتر دەکات و وادەکات جەماوەر هەست بە رەشبینی و شکست بکات. بڕوانە خشتەی (٣١).

**خشتەی (٣١) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بونەتەهۆی دروستبوونی شکست و رەشبینی لای جەماوەر**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٧٩ | ٣٢.٥ | یەکەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٦٩ | ٢٨.٤ | دووەم |
| ٣ | نازانم | ٥٥ | ٢٢.٦ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٠ | ١٢.٣ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٠ | ٤.١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٦٠٧٨ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٢٧١٦ | | |

## ١٢. پێگە ئەلیکترۆنییەکان، و وردی و راستگۆیی زانیارییە سیاسیە کانییان:

زۆرینەی ئەو بەرتوێژانەی کە لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، وردو راستگۆیانە زانیارییە سیاسیەکان ناخەنەڕوو)، لەپلەی یە کەمدان، ئەوانەی نازانن لە پلەی سێیەم و ئەوانەی لەگەڵیدا نین لەپلەی چوارە مدا دێن. هەروەها ئەوە خراوەتەڕوو کە لادانی پێوەری (١.١٩٧٥٧) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٣٠٠٤) بووە.

لێرەوە ئاشکرا دەبێت، کە زۆرینەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستان وردو راستگۆیانە زانیارییە سیاسیەکانیان نەخستۆتەڕوو، ئەوە بۆ ناسەربەخۆیی راگەیاندنی کوردی بەگشتی دەگەڕێتەوە کە زۆرجار بابەتیانە لەسەر کەیس و رووداوە

سیاسیەکان زانیارییەکان بڵاوناکەنەوە، بۆیە ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی بێ متمانەیی لەنێوان پێگە ئەلیکترۆنییەکان و جەماوەردا و وا لەجەماوەر دەکات بڕوای بەزانیارییەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان کەم بکاتەوە و پێیوابێت کە بە وردی و راستگۆیی زانیارییەکان بڵاوناکرێنەوە. بڕوانە خشتەی (٣٢).

**خشتەی (٣٢) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، وردو راستگۆیانە زانیارییە سیاسیەکان ناخەنەڕوو**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٧٥ | ٣٠.٩ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٨٠ | ٣٢.٩ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤١ | ١٦.٩ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٤ | ١٤.٠ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٣ | ٥.٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٩٧٥٧ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٣٠٠٤ | | |

**١٣. پێگە ئەلیکترۆنییەکان، و بابەتیبون و بێلایەنی:**

زۆرینەی بەرتوێژان ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بابەتیی و بێلایەن نین لە خستنەڕووی زانیارییەکاندا)، لەپلەی یە کەمدان و ئەوانەی تەواو لەگەڵیدان لەپلەی دووەم و ئەوانەی نازانن لەپلەی سێیەم و ئەوانەی لەگەڵیدان نین لەپلەی چوارەمدان. هەربەپێی ئەنجامەکان دە رکەوتووە، کە لادانی پێوەری (١.١٣٤٤٨) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٣٠٤٥) بووە.

شایانی ئاماژەپێکردنە، سەبارەت بە مەسەلەی بابەتیبوون و بێلایەنی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەرتوێژان رای جیاوازیان هەبووە و ئەوە دەریخستووە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان نەیانتوانیوە بابەتەنیانەو بەبێلایەنانە زانیارییەکان بخەنە ڕوو، هۆکاری ئەوە وەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا بۆ نا سەربەخۆیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەگەڕێتەوە کە لایەنگیری دەکەن لە گواستنەوەی زانیارییە سیاسیەکان و کەمتر گرنگی بە مەسەلەی بابەتیبوون بدەن. بڕوانە خشتەی (٣٣).

**خشتەی (٣٣) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بابەتیی و بێلایەن نین لەخستنە ڕووی زانیارییەکاندا**

| پلە | % | ژمارە | وەڵام | ژ |
|---|---|---|---|---|
| دووەم | ٢٩.٢ | ٧١ | تەواو لەگەڵیدام | ١ |
| یەکەم | ٣١.٣ | ٧٦ | لەگەڵیدام | ٢ |
| سێیەم | ٢٣.٥ | ٥٧ | نازانم | ٣ |
| چوارەم | ١١.٩ | ٢٩ | لەگەڵیدانیم | ٤ |
| پێنجەم | ٤.١ | ١٠ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٥ |
| | %١٠٠ | ٢٤٣ | کۆی گشتی | |
| | ١.١٣٤٤٨ | | لادانی پێوەری | |
| | ٢.٣٠٤٥ | | ناوەندی ژمێرەیی | |

**١٤. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و بەرپرسیارێتیی:**

دەرکەوتووە کە زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، ڕەچاوی بەرپرسیارێتییەکان ناکەن)، ئەوانەی تەواو لەگەڵ ئەو ڕایەدان لەپلەی دووەمدان. هەروەها ئەوانەی پێچەوانەی ئەم ڕایەن و لەگەڵیدان نین و هیچ لەگەڵیدا نین لەپلەکانی چوارەم و پێنجەمدان، و ئەوانەی نازانن-یان هەڵبژاردووە لەپلەی سێیەمدان. هەروەک بەپێی ئەم ئە نجامە دەرکەوتووە کە لادانی پێوەری (١.١٤٦٣٢) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢٢٢٢) بووە.

ئەم ئەنجامە پێماندەڵێت، کە زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا ڕەچاوی بەرپرسیارێتییەکان ناکەن، هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا نەبوونی کۆدی پیشەیی یاخود یاسای تایبەت

بەچۆنێتی نووسینی مامەڵەکردنی یاسایی لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی گشتیی و پێگە ئەلیکترۆنییەکان وایکردووە پێگە ئەلیکترۆنییەکان کەمتر ڕەچاوی بەرپرسیارێتییە ئێتیکییەکان بکەن، هەروەها بوونی ئازادی زۆر لەتۆڕەکانی ئینتەرنێتدا یەکێکی دیکەیە لەهۆکارەکان و وایکردووە کە تاکەکان بتوانن پێگەی ئەلیکترۆنی دروست بکەن، لەژێر ناوی جیاواز، بۆیە ڕێکخستنی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی لەلایەن حکومەت و دامەزراوە یاساییەکان وادەکات پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەداهاتوودا زیاتر هەست بەبەرپرسیارێتی بکەن. بڕوانە خشتەی (٣٤).

**خشتەی (٣٤) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، ڕەچاوی بەرپرسیارێتییەکان ناکەن**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٧٧ | ٣١.٧ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٨٧ | ٣٥.٨ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٣٦ | ١٤.٨ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٤ | ١٤.٠ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٩ | ٣.٧ | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| | لادانی پێوەری | ١.١٤٦٣٢ | | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | ٢.٢٢٢٢ | | |

### ١٥. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پشێوی نانەوە:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، هۆکاری پشێوی نانەوەن لەکۆمەڵدا). ئەوانەی نازانن بەپلەی دووەم دێن، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدا نین بەپلەی چوارەم دێن. هەروەکو رونبۆتەوە کە لادانی پێوەری (١.١٥٨٣٨) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٥١٠٣) بووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم خشتەیەدا ڕوون دەبێتەوە، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەهۆی ئەو کاریگەرییەی دروستیان کردووە زۆرجار رۆڵی نێگەتیڤیان بینیوە لەنانەوەی پشێوی لەناو کۆمەڵدا، لەرێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاریی و هەواڵەکانیانەوە. بڕوانە خشتەی (٣٥).

**خشتەی (٣٥) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، هۆکاری پشێوی نانەوەن لە کۆمەڵدا**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٥٤ | ٢٢.٢ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٧٦ | ٣١.٣ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٦١ | ٢٥.١ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٩ | ١٦.٠ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٣ | ٥.٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٥٨٣٨ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٥١٠٣ | | |

**ب. هزری سیاسی و بایەخی لەپێکهێنانی زانینی سیاسیدا:**

**١. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پشتگیریکردنی پرۆژەی نەتەوەیی کورد:**

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەهاندان بۆ پشتگیریکردنی پرۆژەی نەتەوەیی کورد)، ئەوانەی تەواو لەگەڵیدان لەپلەی دووەمدان، هەروەها ئەوانیتر کە لەگەڵیدا نین لەپلەی سێیەمدان و ئەوانەی نازانن لەپلەی چوارەمدان و ئەوانەی هیچ لەگە ڵیدا نین لەپلەی پێنجەمدان. ئەوە خراوەتەڕوو کە لادانی پێوەری (١.١٧٢٦٠) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤٩٧٩) بووە.

لێرەدا دەردەکەوێت، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا رۆڵ و کاریگەرییان هەبووە لەناو جەماوەردا بۆ دروستکردنی پشتگیری بۆ پرۆژە ی نەتەوەیی کورد ئەو رۆڵە لای وەرگران بەشێوەیەکی گشتی رەنگدانەوەی هەبووە هەربۆیە پێیانوایە کە پێگە ئەلیکترنییەکان بەشدارییەکی کارایان هەبووە لەپرۆژە نەتەوەییەکاندا. بڕوانە خشتەی (٣٦).

**خشتەی (٣٦) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەهاندان بۆ پشتگیریکردنی پڕۆژەی نەتەوەیی کورد.**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٦ | ١٨.٩ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠٣ | ٤٢.٤ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٣٨ | ١٥.٦ | چوارەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٩ | ١٦.٠ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٧ | ٧.٠ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٧٢٦٠ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٤٩٧٩ | | |

### ٢. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پشتگیریکردنی پڕۆژەی عیراقی فیدراڵی فرە یی:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەهاندان بۆ پشتگیریکردنی پڕۆژەی عیراقی فیدراڵی فرەیی)، ئەوانەی نازانن لەپلەی دووەمدان و ئەوانەی لەگەڵیدا نین لەپلەی چوارەمدان. ئەنجامەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو کە لادانی پێوەری (١.١٥٥١٦) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٢٥٥) بووە.

ئەم ئەنجامە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە لەهەرێمی کوردستاندا پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەشداریی و کاریگەرییان هەبووە لەهاندانی جەماوەر بۆ پشتیگریکردنی پڕۆژەی عیراقی فیدڕاڵی فرەیی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو

زانیارییە سیاسیانەی بڵاویانکردونەتەوەو کاریانکردووە بۆ هۆشیاری سیاسی جەماوەر. بڕوانە خشتەی (٣٧).

**خشتەی (٣٧) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی پرۆژەی عیراقی فیدراڵی فرەیی**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٣٦ | ١٤.٨ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٥ | ٣٩.١ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٧ | ٢٣.٥ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٤ | ١٤.٠ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٢١ | ٨.٦ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٥٥١٦ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٦٢٥٥ | | |

### ٣. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پشتگیریکردنی بنەماکانی دیموکراسیی و بە شداریی سیاسی:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەهاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی دیموکراسیی و بەشداری سیاسی)، ئەوانەی نازانن لەپلەی دووەمدان و ئەوانیتر کە لەگەڵیدا نین لەپلەی چوارەمدان. ئەنجامەکان ئەوەیان روونکردۆتەوە کە لادانی پێوە ری (١.١٥١٢٦) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤٩٧٩) بووە.

ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان پەیوەستبوونێکی زۆریان بە ژینگەی دیموکراسیی و ئازادیی رۆژنامەوانییەوە هەیە، بۆیە زۆرینەی بەرتوێژان دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستان کاریگەرییان لەسەر بەشداری لەپشتگیرکردنی بنەماکانی دیموکراسیی و بەشداریی سیاسیدا هەبووە. بڕوانە خشتەی (٣٨).

**خشتەی (٣٨) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەهاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی دیموکراسیی و بەشداریی سیاسی**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٥٤ | ٢٢.٢ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٧٨ | ٣٢.١ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٩ | ٢٤.٣ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٤٠ | ١٦.٥ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٢ | ٤.٩ | پینجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٥١٢٦ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٤٩٧٩ | | |

### ٤. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پشتگیریکردنی بنەماکانی ئازادییە گشتییەکان:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەهاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی ئازادییە گشتییە کان)، ئەوانەی نازانن لەپلەی چوارەمدان و ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایەدا نین لەپلەی سێیەمدا هاتوون. ئەم ئەنجامانە دەریانخستووە کە لادانی پێوەری (١.٠٨٤٩٢) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤١١٥) بووە.

ئەوە دەریدەخات، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستان توانیویانە بەشدارییەکی کارایان هەبێت لەهاندانی جەماوەر بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی ئازادییە گشتییەکان، ئەوە بۆ رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەگەڕێتەوە کە رۆڵیان بینیوە لەئاشناکردنی جەماوەر بەبنەماکانی ئازادییە گشتییەکان. بڕوانە خشتەی (٣٩).

**خشتەی (٣٩) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەهاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی ئازادییە گشتییەکان**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٥٢ | ٢١.٤ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٦ | ٣٩.٥ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٢ | ١٧.٣ | چوارەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٤٩ | ٢٠.٢ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٤ | ١.٦ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٨٤٩٢ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٤١١٥ | | |

### ٥. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پشتگیریکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەهاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ)، ئە وانەی تەواو لەگەڵیدان بەپلەی دووەم دێن، و ئەوانیتر کە نازانن بەپلەی سێیەم، و ئەوانەی کە لەگەڵیدانین و هیچ لەگەڵیدا نین بەپلەی چوارەم و پێنجەم دێن. ئەنجامەکە ئەوەی دەرخستووە کە لادانی پێوەری (١.٠٩٣١٢) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٣٧٨٦) بووە.

ئەو ئەنجامە روونیدەکاتەوە، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا فاکتەرێکی کاریگەربوون لە پشتیگیرکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و هاندانی جەماوەر بۆ پشتگیرکردنی لەمافی مرۆڤ لەکوردستاندا. لەو روانگەیەوە دەردەکەوێت کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەریی و رۆڵیان هەبووە لەسەر جەماوەر بۆ ئاشناکردنیان بەمافەکانی مرۆڤ و دواتر پشتگیریکردنیان. بڕوانە خشتەی (٤٠).

**خشتەی (٤٠) پێگەئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەهاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ.**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٥٠ | ٢٠.٦ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠٧ | ٤٤.٠ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٠ | ١٦.٥ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٦ | ١٤.٨ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٠ | ٤.١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٩٣١٢ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٣٧٨٦ | | |

### ٦. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندیی هەرێم و ناوەند:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەجەختکردنەوە لەباشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لە گەڵ حکومەتی فیدڕاڵ)، ئەوانەی لەگەڵیدا نین بەپلەی دووەم دێن و ئەوانەی نازانن بەپلەی سێیەم هاتووە لەناو بەرتوێژاندا.

ئەو ئەنجامانە ئەوەیان خستۆتەڕوو کە لادانی پێوەری (١.١١٢٨٢) بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٧٤٩٠) بووە.

ئەوە ئاماژەیە، بۆئەوەی کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان رۆڵی کاریگەرییان بینیوە لە باشکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی بەغدا و ئەوە وایکردووە پێگە ئەلیکترۆنییەکان جێی

بایەخی جەماوەربن بۆ وەرگرتنی زانیارییە سیاسیەکان دەربارەی دیپلۆماسیەتی هەرێم لەگەڵ بەغداو بەپێچەوانەوە. بڕوانە خشتەی (٤١).

**خشتەی (٤١) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لە باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ.**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٢٧ | ١١.١ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٤ | ٣٨.٧ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٨ | ١٩.٨ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٦١ | ٢٥.١ | دووەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٣ | ٥.٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١١٢٨٢ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٧٤٩٠ | | |

**٧. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندیی هەرێم و وڵاتانی دەوروبەر:**

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدا کۆکن کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەجەختکردنەوە لەباشکردنی پەیوە ندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا)، ئەوانەی لەگەڵ ئەم رایە کۆک نین و لەگەڵیدا نین بەپلەی دووەم دێن، ئینجا ئەوانەی نازانن بەپلەی سێیەم دێن.

ئەنجامەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو کە لادانی پێوەری (١.٠٩٠١٨) بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٧٣٢٥) بووە.

ئەم ئەنجامە ئەوە شیدەکاتەوە، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان فاکتەرێکی کاریگە ربوون بۆ جەختکردنەوەی باشکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو دراوسێ و لەهەمان کاتدا رۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەردەخات لەئاشناکردنی جەماوەرو وەرگران بە زانیارییە سیاسیەکان و رووداوەکان و پەیوەندییە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو بەپێچەوانەوە. بڕوانە خشتەی (٤٢).

**خشتەی (٤٢) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەجەختکردنەوە لە باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٢٩ | ١١.٩ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٨٨ | ٣٦.٢ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٥ | ٢٢.٦ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٦١ | ٢٥.١ | دووەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٠ | ٤.١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٩٠١٨ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٧٣٢٥ | | |

### ١. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پەیوەندیی هەرێم و وڵاتانی جیهان:

زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان، (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەرتوێژن لە جەختکردنەوە لەباشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی جیهان) کەوا پلەی یەکەمی وەرگرتووە. پاشان ئەوانەی نازانن لە پلەی دووە مدان و ئەوانەی لەگەڵیدا نین پلەی سێیەمیان وەرگرتووە.

ئەوە خراوەتەڕوو کە لادانی پێوەری (١.١٣٠٨٣) بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٩٥٥) بووە.

ئەوە روونیدەکاتەوە، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیارییە سیاسیەکانەوە رۆڵ و کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئاشناکردن و ئاگایی و زانینی سیاسی جەماوەر دەربارەی پەیوەندییە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان، هەربۆیە بەشداربووان جەختیان لەوە کردۆتەوە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەشدارییان هەبووە لەجەختکردنەوە لەباشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی جیهان. بڕوانە خشتەی (٤٣).

**خشتەی (٤٣) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەجەختکردنەوە لە باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی جیهان**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٣٨ | ١٥.٦ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٧٦ | ٣١.٣ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٦٤ | ٢٦.٣ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٥٢ | ٢١.٤ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٣ | ٥.٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٣٠٨٣ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٦٩٥٥ | | |

**٢. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لەعیراقدا:**

زۆرینەی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان، کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لە جەختکردنەوە لەسەر بێتوانایی لە پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لەناو عیراقدا). ئەوانەی نازانن لەپلەی دووەمدان، هەروەها ئەوانە ی لەگەڵیدا نین پلەی سێیەمیان وەرگرتووە.

ئەوە خراوەتەڕوو، کە لادانی پێوەری (١.٠٦١٦٢) بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٥٠٦٢) بووە.

ئەم ئەنجامە ئەوە رووندەکاتەوە، کە زۆربەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوە هاوڕان کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا رۆڵیان هەبووە لەسە ر بێتوانایی پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لەعیراقدا، ئەوە روونیدەکاتەوە، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستاندا رۆڵیان هەبووە لە پێدانی زانیاری بە

جەماوەر دەربارەی پێکهاتەوە و مەزهەب و کەمە نەتەوەکان لەعیراقدا و ئەو ململانێ و کێشە ناوخۆییانەی هەیانە، ئەوە وایکردووە جەماوەر ئاستی زانینی سیاسیان دەربارەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان زۆرتربێت و دواتر پێیانوابێت کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەشداربوونە لەجەختکردنەوە لەبێتوانایی پێکەوەژیانی فرەیی هەموو کەمە نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان لەعیراقدا. بڕوانە خشتەی (٤٤)

**خشتەی (٤٤) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەجەختکردنەوە لە سەر بێتوانایی لە پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لەناو عیراقدا**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٣٥ | ١٤.٤ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١١١ | ٤٥.٧ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٦ | ١٨.٩ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٤١ | ١٦.٩ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٠ | ٤.١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٦١٦٢ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٥٠٦٢ | | |

### ٣. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پێکەوەژیان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا:

زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەسەر جەختکردنەوە لەپێکەوەژیان لەگەڵ وڵاتانی دە وروبەردا). ئەوانەی نازانن لەپلەی دووەمدان، هەروەها ئەوانەی لەگەڵیدا نین ئەوا پلەی سێیەمیان وەرگرتووە. ئەوانەی هیچ لەگەڵیدا نین پلەی پێنجەم و لە بەرامبەردا ئەوانەی تەواو لەگەڵ ئەو رایەدا هاوڕان پلەی چوارەمیان وە رگرتووە. هەروەها لادانی پێوەری (١.١٤٨٦٠) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٥٠٢) بووە.

ئەوە دەریدەخات، کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان رۆڵیان هەبووە لەپێدانی زانیاریی دەربارەی پێکەوەژیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، هەربۆیە دەردەکەوێت کە بەشداربووان پێیانوایە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا ئامڕازێک بوونە بۆ جەختکردنەوە لەپێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا. بڕوانە خشتەی (٤٥).

**خشتەی (٤٥) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەسەر جەختکردنە وە لەپێکەوەژیان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٣٢ | ١٣.٢ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠١ | ٤١.٦ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٠ | ٢٠.٦ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٤٠ | ١٦.٥ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٢٠ | ٨.٢ | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| | لادانی پێوەری | ١.١٤٨٦٠ | | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | ٢.٦٥٠٢ | | |

**٤. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و لایەنە نەرێنییەکانی فرەیی سیاسی و حزبی:**

زۆرینەی بەرتوێژان هاوڕان و لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە دەرخستنی لایەنە نەرێنییەکانی فرەیی سیاسیو حزبی)، ئەوە پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، هەروەها ئەوانەی پێیانوایە نازانن ئەوا پلەی دووەمیان وەرگرتووەو دواتر ئەوانەی تەواو لەگەڵ ئەو رایەدان پلەی سێیەمیان وەرگرتووە. لەبەرامبەردا ئەوانەی پێیانوایە لەگەڵیدا نین و هیچ لەگەڵیدا نین ئەوا پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان وەرگرتووە. ئەنجامەکان ئەوەیان رونکردۆتەوە، کە لادانی پێوەری (١.١٠٩٨٩) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤٤٨٦) بووە.

ئەوە دەریدەخات، کە ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گشتی رۆڵ و کاریگەریی هە بووە لەسەر هۆشیاریی سیاسی جەماوەر لەهەرێمی کوردستان و ژیانی

سیاسی و زانیاریی دەربارەی لایەنە نەرێنییەکانی فرەیی پارتە سیاسیەکان لە کوردستاندا، بۆیە ڕێژەیەکی بەرچاوی بەرتوێژان هاوڕان لەگەڵ بەشداری کارای پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەدەرخستنی لایەنە نەرێنییەکانی فرەیی سیاسی. بڕوانە خشتەی (٤٦).

**خشتەی (٤٦) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەدەرخستنی لایەنە نەرێنییەکانی فرەیی سیاسی و حزبی**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٧ | ١٩.٣ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٩ | ٤٠.٧ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥١ | ٢١.٠ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٣ | ١٣.٦ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٣ | ٥.٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٠٩٨٩ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٤٤٨٦ | | |

**٥. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و لایەنە نەرێنییەکانی ئازادییە گشتیەکان:**

زۆربەی بەرتوێژان کە لەپلەی یەکەمداهاتوون، لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لەسەر لایەنە نەرێنییە کانی دەرچونی ئازادییە گشتیەکان). ئەوانەی لەگەڵیدا نین و هاوڕانین ئەوا پلە ی دووەمیان وەرگرتووەو ئەوانەی نازانن-یان هەڵبژاردووە پلەی سێیەمیان گرتووە. هەروەها ئەوە روونکراوەتەوە، کە لادانی پێوەری (١.٠٦٩٣٧) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤٩٣٨) بووە.

لێرەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئینتەرنێت بەگشتیی و پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەتی رۆڵیان هەبووە لەئاشناکردنی جەماوەر بەئازادییە گشتییەکان و لایەنە نەرێنییەکانی، هەربۆیە زۆرینەی بەشداربووان رایانوایە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا بەشداریان هەبووە لەسەر جەختکردنەوە لەلایەنە نەرێنییەکانی ئازادییە گشتییەکان. بڕوانە خشتەی (٤٧).

**خشتەی (٤٧) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەجەختکردنەوە لە سەر لایەنە نەرێنییەکانی ئازادییە گشتیەکان**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٠ | ١٦.٥ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠٥ | ٤٣.٢ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٢ | ١٧.٣ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٥٠ | ٢٠.٦ | دووەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٦ | ٢.٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٦٩٣٧ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٤٩٣٨ | | |

**٦. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و لایەنە نەرێنییەکانی دەرچوونی مافی مرۆڤ:**

بەشی زۆری بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییە کان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی دەرچونی مافی مرۆڤ)، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، ئینجا ئەوانەی کە لەگەڵ ئەو هاوڕا نین و وەڵامی نازانن-یان هەڵبژاردووە لەپلەی دووەمدان و ئەوانەی تەواو لە گەڵیدان ئەوا پلەی سێیەمیان گرتووە، لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵیدانین و تە واو لەگەڵیدا نین ئەوا پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان گرتووە. هەروەها ئاشکراکراوە، کە لادانی پێوەری (١.١٢٢٠٣) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٥٩٢٦) بووە.

ئەو ئەنجامە ئەوەمان بۆ روندەکاتەوە، کە مافی مرۆڤ گرنگی و تایبەتمە ندی خۆی هەبووە لەناو دامەزراوەکان و فۆرمە جیاوازەکانی راگەیاندن لەهە

ڕێمی کوردستان و هاوکات ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی گشتی و پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاری جدیان لەسەر مافی مرۆڤ کردووە، بۆیە زۆربە ی بەرتوێژان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەرییان لە سەر لایەنەکانی مافی مرۆڤ هەبووە بەهۆی ئەو زانیارییانەی پەیوەست بەمافەکانی مرۆڤ بڵاوکراونەتەوە و کاریگەرییان دروستکردووە لەسەر ژێرخانی مەعریفی جەماوەر. بڕوانە خشتەی (٤٨).

**خشتەی (٤٨) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەجەختکردنەوە لە سەر لایەنە نەرێنییەکانی دەرچوونی مافی مرۆڤ**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٠ | ١٦.٥ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٨٧ | ٣٥.٨ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٦٣ | ٢٥.٩ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٨ | ١٥.٦ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٥ | ٦.٢ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٢٢٠٣ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٥٩٢٦ | | |

### ٧. پێگە کوردییەکان و بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا:

زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان گرتووە، لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لە بانگهێشتکردن بۆ ساردکردنەوە لە بە شداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا)، هەروەها ئەوانەی تەواو لەگەڵ ئەو رایەدان پلەی سێیەمیان گرتووە. لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵیدا نین و هیچ لەگەڵیدا نین، واتە کۆک نین لەگەڵ ئەو رایەدا ئەوا پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان گرتووە.

ئەو ئەنجامە ئەوەی نیشانداوە کە بەشێکی زۆری بەرتوێژان کە پلەی دووەمیان گرتووە لەگەڵ هەردوو رایەکەی سەرەوەدا ناکۆکن و وەلامی نازانن-یان هەڵبژاردووە. هەروەکو ئەوە خراوەتەڕوو، کە لادانی پێوەری (١.١٢٩٣٤) بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٥٨٤) بووە.

ئەوە دەریدەخات کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر جەماوەر لە رێگەی پێدانی زانیاریی پەیوەست بەهەڵبژاردنەکان و بارودۆخی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، هەربۆیە زۆرێک لەبەشداربووان لەو بڕوایەدان کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان رۆڵیان هەبووە لەساردکردنەوەی خەڵک لەبەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا. بڕوانە خشتەی (٤٩).

**خشتەی (٤٩) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەبانگهێشتکردن بۆ ساردکردنەوەی خەڵک لەبەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٠ | ١٦.٥ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٨٧ | ٣٥.٨ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٦٣ | ٢٥.٩ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٨ | ١٥.٦ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٥ | ٦.٢ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٢٩٣٤ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٦٥٨٤ | | |

**پێگە ئەلیکترۆنییەکان و ئایندەو چارەنووسی کێشەی کورد:**

زۆربەی بەرتوێژان، کە لەپلەی یەکەمدان، لەگەڵ ئەوەدان، (کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەرتوێژن لە برەودان بە رەشبینیی بەرامبەر ئایندە و چارەنووسی کێشەی کورد). ئینجا دواتر ئەوانەی تەواو لەگەڵ ئەو رایەدان پلەی دووەمیان گرتووە. ئەوانەی ناکۆکن لەگەڵ ئەم دوو رایەی سەرەوەدا کە لەگەڵیدانین و هیچ لەگەڵیدا نین ئەوا پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان گرتووە. هەروەها رایەکی جیاوازتر لەهەردوو رایەکی سەرەوە ئەوەیە کە بەشێکی زۆری بەرتوێژان هەڵیانبژاردووە بریتییە لەنازانن، کە پلەی سێیەمی وە رگرتووە.

هەروەکو ئەوە خراوەتەڕوو کە لادانی پێوەری (١.١٢٠٩٤) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٣٩٥١) بووە.

ئەوە دەریدەخات، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا رۆڵیان هەبووە لەپێدانی زانیاری پێویست بەجەماوەر دەربارەی کێشەی کورد و ئایندە و داهاتووی دۆز و کێشەی کورد، بۆیە بەشێکی زۆری بەشداربوان پێیانوایە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەشداریانکردووە لەبرەودان بەرەشبینی بەرامبەر بەکێشەی کورد. بڕوانە خشتەی (٥٠).

**خشتەی (٥٠) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەبرەودان بەرە شبینیی بەرامبەر ئایندەو چارەنووسی کێشەی کورد**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٥٧ | ٢٣.٥ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٨٨ | ٣٦.٢ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٤ | ٢٢.٢ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٣ | ١٣.٦ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١١ | ٤.٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٢٠٩٤ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٣٩٥١ | | |

### ٨. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و دواکەوتویی جەماوەر:

ئەو بەرتوێژانەی نازانن کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەرتوێژن لە قوڵترکردنەوەی دواکەوتویی جەماوەر). پلەی یەکەمیان وەرگرتووە کە پێیانوایە نازانن ئایا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ئەم کاریگەرییان هەبووە یاخود نا. بەڵام لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدان و تەواو لەگەڵیدان پلە کانی دووەم و سێیەمیان بەدەستهێناوە، هەروەها لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵیدا نین و تەواو لەگەڵیدا نین ئەوا پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان گرتووە.

ئەو ئەنجامانە ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە لادانی پێوەری (١.١٠٠٦٩) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٥٨٠٢) بووە.

لێرەدا روونده‌بێتەوە، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا لەسەر پڕ زانیاریکردنی جەماوەر دەربارەی رووداو و پرۆسە سیاسیەکان رۆڵ و کاریگەریی پۆزەتیڤیان هەبووە و سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی سیاسی بوون، بۆیە زۆربەی بەشداربووان هاوڕانین لەسەر ئەوەی کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان رۆڵ و بەشدارییان هەبوبێت لەقوڵکردنەوەی دواکەوتووی جەماوەر لەهەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٥١).

**خشتەی (٥١) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەقوڵترکردنەوەی دواکەوتویی جەماوەر**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٧ | ١٩.٣ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٧٠ | ٢٨.٨ | دووەم |
| ٣ | نازانم | ٧٢ | ٢٩.٦ | یەکەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٤٦ | ١٨.٩ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٨ | ٣.٣ | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| | لادانی پێوەری | ١.١٠٠٦٩ | | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | ٢.٥٨٠٢ | | |

### ٩. پێگە ئەلیکترۆنییەکان و گەلچێتی (پوپۆلیسم):

زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لە برەودان بەگەلچێتی (پوپۆلیسم). کە پلەکانی یەکەم و دووەمیان وەرگرتووە لەناو بەرتوێژاندا. هاوکات ئەوانەی کە لەگەڵ نازانن ئەوا لەپلەی دووەمدان، و. لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایەدا کۆک نین و لەگەڵیدا نین و تەواو لەگەڵیدا نین، پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان گرتووە.

ئەو ئەنجامە ئەوەی ئاشکراکردووە، کە لادانی پێوەری (١.١٦٤٤٨) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٧٦١٣) بووە.

لەدەرەنجامەکانەوە روونەدەبێتەوە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر گرنگیانداوە مەسەلەی گەلچێتی (پوپۆلیسم)، کە ئەوە بەشێکی پەیوەندی بەئێتیکی راگەیاندنەوە هەیە بەشێوەیەکی گشتی، و لە

رەهەندێکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەرێگەی زانیارییەکانیانەوە لەسەر جەماوەر بەجێیانهێشتووە. بڕوانە خشتەی (٥٢).

**خشتەی (٥٢) پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لە برەودان بەگەلچێتی (پوپۆلیسم)**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٣٤ | ١٤.٠ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٧٣ | ٣٠.٠ | دووەم |
| ٣ | نازانم | ٧٨ | ٣٢.١ | یەکەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٣ | ١٣.٦ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٢٥ | ١٠.٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٦٤٤٨ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٧٦١٣ | | |

**ج. شیکردنەوەی سیاسی و بایەخی لە پێکهێنانی زانینی سیاسیدا:**

**١. شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان و ڕەهەندی راستیی ڕووداوەکان:**

زۆربەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، ڕەهەندی راستیی ڕووداوەکان ڕووندەکاتەوەو هاوکاردەبێت بۆ تێگەیشتنیان)، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە. هەروەکو ئە وانەی لەگەڵ ئەو رایەدا نین پلەی دووەمیان وەرگرتووە، دواتر ئەوانەی نازانن-یان هەڵبژاردووە پلەی پێنجەمیان وەرگرتووە.

هەر بەپێی ئەو دەئەنجامانە دەرکەوتووە کە لادانی پێوەری (١.١٥٢٨٦) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦١٣٢) بووە.

ئەوە دەریدەخات، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا لەرێگەی شیکردنەوە سیاسیەکانیانەوە ڕۆڵیان هەبووە لە ڕوونکردنەوەی راستی ڕووداوەکان و تێگەیشتنی جەماوەر لێیان، هەربۆیە زۆربەی بەشداربووان لەو بڕوایەدان کە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان توانیویانە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبێت خستنەڕووی ڕەهەندی راستیی ڕووداوەکاندا. بڕوانە خشتەی (٥٣).

**خشتەی (٥٣) شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، رەهەندی راستیی رووداوەکان رووندەکاتەوەو هاوکاردەبێت بۆ تێگەیشتنیان**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٣٧ | ١٥.٢ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٩ | ٤٠.٧ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٤ | ١٨.١ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٤٧ | ١٩.٣ | دووەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٦ | ٦.٦ | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| | لادانی پێوەری | ١.١٥٢٨٦ | | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | ٢.٦١٣٢ | | |

**٢. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و پێکەوەگرێدانی رووداوەکانی رابردوو و پێشبینیکردنیان:**

زۆربەی بەرتوێژان بە پلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان، کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بەشداریدەکات لە پێکەوەگرێدانی رووداوەکانی رابردوو و پێشبینیکردنیان لە ئایندەدا)، ئینجا ئەوانەی کە نازانن بە پلەی دووەم دێن. لە بەرامبەردا ئەوانەی پێچەوانەی ئەم رایەن و هاوڕانین ئەوا لەگەڵیدانین بە پلەی سێیەم دێن لەناو بەرتوێژان.

ئەنجامەکان ئەوەیان روونکردۆتەوە، کە لادانی پێوەری (١.١٥٢٠٢) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٢١٤) بووە.

ئەو دەرەنجامە ئەوە دەگەیەنێت، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا توانیویانە رۆڵیان هەبێت لەپێدانی زانیاریی لەشیکردنەوە

سیاسیەکانیان هەربۆیە بەشداربووان پێیانوایە کە شیکردنەوە سیاسیەکان بەشداردەبن لە لەپێکەوەگرێدانی ڕووداوەکان لەرابردوو و داهاتوودا. بڕوانە خشتەی (٥٤).

**خشتەی (٥٤) شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بە شداریدەکات لەپێکەوەگرێدانی ڕووداوەکانی رابردوو و پێشبینیکردنیان لە ئایندەدا**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٤ | ١٨.١ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٨٠ | ٣٢.٩ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٥ | ٢٢.٦ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٥٢ | ٢١.٤ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٢ | ٤.٩ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٥٢٠٢ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٦٢١٤ | | |

**٣. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و پێشکەشکردنی پوختە و دەرەنجامەکان:**

زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەم وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، ئەو پوختە و دەرە نجامانە پێشکەشی وەرگر دەکەن کە دەکرێ پەسەندبکرێن)، لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەدا رای جیاوازتر لەناو بەرتوێژاندا هەیە و ئەوانەی نازانن بەپلەی دووەم دێن و ئەوانەی لەگەڵیدا نین و هاوڕا نین پلەی سێیەمیان لەناو بەرتوێژاندا وەرگرتووە.

هەروەکو دەرکەوتووە، کە لادانی پێوەری (١.٠٨٨٣٥) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦٥٨٤) بووە.

ئەوە ئاماژەیە بۆئەوەی، کە شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا زیاتر پشتی بە لۆژیک و ئاستی تێگەیشتنیی جەماوەریی دەبە ستێت و لەو رێگەیەوە پەیام ئاڕاستەی جەماوەر دەکات بۆئەوەی زۆرترین کاریگەری دروست بکات و بەئاسانی پەیامەکان وەربگیرێن لەلایەن جەماوە رە و تێگەیشتن لێیان ئاسان بێت. بڕوانە خشتەی (٥٥).

**خشتەی (٥٥) شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، ئەو پوختەو دەرەنجامانەپێشکەشی وەرگر دەکەن کە دەکرێ پەسەندبکرێن**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٢٩ | ١١.٩ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٩ | ٤٠.٧ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٤ | ٢٢.٢ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٤٨ | ١٩.٨ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٣ | ٥.٣ | پێنجەم |
| | کۆی گشتی | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| | لادانی پێوەری | ١.٠٨٨٣٥ | | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | ٢.٦٥٨٤ | | |

**٤. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و پشتبەستن بە لێکدانەوەی زانستی و بابەتییانە:**

زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەم وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جێی متمانەن، چونکە پشت بە لێکدانەوەی زانستی و بابەتییانەی ڕووداوەکان دەبەستن)، هە روەها لەبەرامبەردا ئەو بەرتوێژانەی لەگەڵیدا نین پلەی دووەمیان وە رگرتووە. دواتر ئەوانەی نازانن بەپلەی سێیەم دێن.

هەروەها ڕونبۆتەوە، کە لادانی پێوەری (١.٢٣٩٩٧) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٨٣١٣) بووە.

لێرەدا جەخت لەوەکراوەتەوە، کە لەبەرئەوەی شیکردنەوەی سیاسی پێگە ئەلیکترۆنییەکان پشتبەستوون بەسەرچاوەی زانستیی و بابەتییانە زانیارییە

کان بڵاودەکەنەوە، دەتوانن کاریگەریی لەسەر جەماوەر دابنێن و ببنە جێگەی متمانەی وەرگران، و دواجار ئەوە وادەکات وەک سەرچاوەیەکی زانینی سیاسی پشت بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان ببەسترێت لەلایەن جەماوەرەوە بۆیە زۆربەی بەشداربووان پێیانوایە کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بابەتیانە زانیارییەکان بڵاودەکەنەوە. بڕوانە خشتەی (٥٦).

**خشتەی (٥٦) شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جێی متمانەن، چونکە پشت بە لێکدانەوەی زانستی و بابەتییانەی ڕووداوەکان دەبەستن**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٣٣ | ١٣.٦ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٨٧ | ٣٥.٨ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٣٥ | ١٤.٤ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٦٤ | ٢٦.٣ | دووەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٢٤ | ٩.٩ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٢٣٩٩٧ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٨٣١٣ | | |

### ٥. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و هێنانەکایەی هۆشیاریی کاتی:

زۆربەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە هاوڕان و لەگەڵ ئەوە دان کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتەهۆی هۆشیارییەکی کاتی، کە دەکرێ بە جەختکردنەوەی بەردەوام ڕەگداکوتێ)، هەروەها ئەوانەی نازانن پلەی دووەمیان وەرگرتووە. دواتر لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵیدا نین و هیچ لەگەڵیدا نین پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان وەرگرتووە .

هەر بەپێی ئەنجامەکان، لادانی پێوەری (١.٠٩٨٨٥) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤٥٢٧) بووە.

ئەوە دووبارە جەختکردنەوەی زیاتری رۆڵ و کاریگەریی پێگە ئەلیکترۆنییەکانە لەسەر هۆشیاریی سیاسی جەماوەر کە بەئاڕاستەکردنی پەیام و زانیاریی بەردەوام دەتوانرێت کاریگەری زۆرتر دروستبکات و ببێت بە بنەمای هۆشیارییەکی سیاسی ئاست بەرز لای وەرگر کە ئەوە بەپێی تێپەڕبوونی کات و جەختکردنەوەی زۆر و بەردەوام دەبێتە بنەمای زانینێکی قوڵی سیاسی. بڕوانە خشتەی (٥٧).

**خشتەی (٥٧) شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتە هۆی هۆشیارییەکی کاتی، کە دەکرێ بەجەختکردنەوەی بەردەوام رەگداکوتێ**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٣ | ١٧.٧ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠٧ | ٤٤.٠ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٦ | ١٨.٩ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٤ | ١٤.٠ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٣ | ٥.٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٩٨٨٥ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٤٥٢٧ | | |

٦. **شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و وێناکردن و دنیابینیی وەرگران:**

زۆربەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بە شێوەیەکی واقیعی گوزارشت لە وێناکردن و دنیابینیی وەرگران دەکات)، هەروەها ئەوانە ی نازانن پلەی دووەمیان وەرگرتووە. لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵیدانین پلەی سێیەمیان لەناو بەرتوێژان وەرگرتووە.

هەربەپێی ئەو ئەنجامانە، لادانی پێوەری (١.١١٢٣٠) بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٦١٧٣) بووە.

لێرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردستاندا توانیویانە پەیوەندییەکی لۆژیکی و

واقیعی لەگەڵ پێویستی و حەزی وەرگران دروستبکەن و رۆڵیان هەبێت لە گوازرشتکردن لە هزر و دنیابینیی وەرگران لەرێگەی ئەو شیکارییە سیاسیانەی پێشکەشی جەماوەری دەکەن. بڕوانە خشتەی (٥٨).

**خشتەی (٥٨) شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بە شێوەیەکی واقیعی گوزارشت لەوێناکردن و دنیابینیی وەرگران دەکات**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٣٥ | ١٤.٤ | چوارەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٤ | ٣٨.٧ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٨ | ٢٣.٩ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٤١ | ١٦.٩ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٥ | ٦.٢ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١١٢٣٠ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٦١٧٣ | | |

**٧. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و لێکترازانی جەماوەر:**

زۆربەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتە هۆی لێکترازانی جەماوەر و لاوازیی تەرکیزکردنیان)، هەروەها ئەوانەی کە نازانن پلەی دووەمیان لەناو بەرتوێژاندا وەرگرتووە، دواتر ئەوانەی کە لەگەڵیدا نین و هیچ لەگەڵیدا نین ئەوا پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان وەرگرتووە .

ئەو ئەنجامانە ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە لادانی پێوەری (١.٠٨٨١٠) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤٦٩١) بووە.

ئەوەی جێگەی سەرنج لێرەدا وادەردەکەوێت، کە شیکاری سیاسی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستان توانیویانە کاریگەری هەمەجۆر لەسەر وەرگران و جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی دابنێت، هەم کاریگەری پۆزەتیڤ و هەم نێگەتیڤ، هەروەکو لێرەوە ڕووندەبێتەوە کە شیکاریی سیاسی پێگە ئەلیکترۆنییەکان کاریگەری زۆری لەسەر جەماوەر دروستکردووە و تەنانەت بەرەو ئاڕاستەی لێکترازانی بردوون لەهەندێ حاڵەتدا و وایکردووە کە تەرکیزکردنیان کەمبێتەوە لەسەر ڕووداوەکان. بڕوانە خشتەی (٥٩).

**خشتەی (٥٩) شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتە هۆی لێکترازانی جەماوەرو لاوازیی تەرکیزکردنیان**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٣ | ١٧.٧ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠١ | ٤١.٦ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٣ | ٢١.٨ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٤ | ١٤.٠ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٢ | ٤.٩ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٨٨١٠ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٤٦٩١ | | |

**٨. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و جیاوازی و لێکترازانی سیاسیی:**

زۆربەی بەرتوێژان بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جیاوازی و لێکترازانی سیاسی لەناو جە ماوەردا قوڵتر دەکاتەوە)، و پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، ئەوانەی لەگەڵیدان پلەی دووەمیان وەرگرتووە. لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵیدانین و رای جیاوازیان هەیەپلەی سێیەمیان وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەدا ئەوانەی نازانن بەپلەی چوارەم دێن.

ئەنجامەکان ئەوە روونەدەکەنەوە، کە لادانی پێوەری (١.١١١٨٦) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٣٧٨٦) بووە.

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، جەماوەر بە شێوەیەکی گشتی لەو بڕوایەدان، کە شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا فاکتەرێکی کاریگەرە لەسەر قوڵکردنەوەی جیاوازییە سیاسییەکان، و هەندێکجار دەبێتە هۆی دروستبوونی لێکترازان لەناو جەماوەردا، ئەوە بەهۆی ئەو کاریگەرییەوە ڕوودەدات، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر جەماوەر دروستیدەکەن لە ڕێگەی پەیام و شیکارییە سیاسیەکانیانەوە. بڕوانە خشتەی (٦٠).

**خشتەی (٦٠) شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جیاوازی و لێکترازانی سیاسی لەناو جەماوەردا قوڵتر دەکاتەوە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٥٦ | ٢٣.٠ | یەکەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٧ | ٣٩.٩ | دووەم |
| ٣ | نازانم | ٣٩ | ١٦.٠ | چوارەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٤٤ | ١٨.١ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٧ | ٢.٩ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١١١٨٦ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٣٧٨٦ | | |

## ٩. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و وێناکردنی

**پێشوەختییە:**

زۆربەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، وێناکردنێکی خودی و مەزاجیی پێشوەختیە، و بۆ پاشخانی فیکری دەگەڕێتەوە)، هەروەها ئەوانەی نازانن بەپلەی دووەم دێن و ئەوانەی بەتەواو لەگەڵیدان بەپلەی سێیەم دێن. لەبەرامبەردا ئەوانەی لەگەڵیدانین و هیچ لەگەڵیدانین ئەوا لەپلەکانی چوارەم و پێنجەمدا دێن.

ئەوە روونکراوەتەوە، کە لادانی پێوەری (.٩٩٧٩٧) بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (٢.٤١٥٦) بووە.

ئەوەی شایانی باسکردنە، شیکردنەوەی سیاسی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا کاریگەری لەسەر پاشخانی فیکریی جەماوەر و وە رگران دروستکردووە، هەرچەندە لەسەرەتادا وێناکردنێکی خودی و میزاجی بێت بەڵام ئەم کاریگەرییە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانینی سیاسی بۆ وەرگران. بڕوانە خشتەی (٦١).

**خشتەی (٦١) شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، وێناکردنێکی خودی و مەزاجیی پێشوەختییە بۆ پاشخانی فیکری دەگەڕێتەوە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٠ | ١٦.٥ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠٨ | ٤٤.٤ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٤ | ٢٢.٢ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٦ | ١٤.٨ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٥ | ٢.١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | .٩٩٧٩٧ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٤١٥٦ | | |

**١٠. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و قوڵکردنەوەی جیاوازی:**

زۆربەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە ( لێکدابڕانە توندەکان لە شیکردنە وەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جیاوازیی دیمەنی گشتیی سیاسی قوڵتر دەکەنەوە)، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، هەروەها ئەوانەی تەواو لەگەڵیدان پلەی دووەمیان وەرگرتووە و بەهەمان شێوە هەڵبژاردەی نازانن-یان هەڵبژاردووە هەر پلەی دووەمیان وەرگرتووە. لەبەرامبەردا ئەوانە ی لەگەڵیدا نین و هیچ لەگەڵیدا نین لە پلەی چوارەم و پێنجەمدان.

ئەوە خراوەتەڕوو، کە لادانی پێوەری (.٩٦٨٤٥) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢٧٩٨) بووە.

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت، لێک نزیک بوونەوەیەکی زۆر لەناو ڕا جیاوازەکاندا هەیەو بەگشتی وادەردەکەوێت کە لێکدابڕانە توندەکان لە شیکردنەوەی سیاسی هۆکارێکی کاریگەربن لەدروستکردنی جیاوازی لەدیمەنی گشتی سیاسیدا لەهەرێمی کوردستاندا، ئەوە ڕۆڵ و کاریگەری پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەردەخات لەپێکهاتنی زانینیی سیاسی لەناو جەماوەردا لەڕێگەی شیکارییە سیاسیەکانیانەوە، ئەوە وایکردووە کە هەمیشە رای جیاواز دەربارەی سیاسەتی گشتی بوونی هەبێت لەناو جەماوەردا بەشێوەیەکی گشتی چونکە پەیام و شیکاری سیاسی جیاواز لەپێگەی ئەلیکترۆنی جیاوازەوە و بەستراتیژیەتی جیاواز ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێن. بڕوانە خشتەی (٦٢).

**خشتەی (٦٢) لێکدابڕانە توندەکان لەشیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جیاوازیی دیمەنی گشتیی سیاسی قوڵتر دەکەنەوە**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٦ | ١٨.٩ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٢٠ | ٤٩.٤ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٦ | ١٨.٩ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٢٥ | ١٠.٣ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٦ | ٢.٥ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | .٩٦٨٤٥ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٢٧٩٨ | | |

**١١. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و بەرجەستەکردنی هەڵوێستەکان:**

زۆربەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، هەڵوێستی ڕەوتە سیاسیەکان بە رجەستە دەکات، نەک هاووڵاتیان)، بەهەمان شێوە ئەوانەی تەواو لەگەڵیدان لەپلەی دووەمدان، و دواتر ئەوانەی نازانن لەپلەی سێیەم، لەبەرامبەردا ئەوانە ی لەگەڵیدانین و هیچ لەگەڵیدا نین لەپلەکانی چوارەم و پێنجەمدان.

هەروەها ئەوە روونبۆتەوە، کە لادانی پێوەری (١.٠٨١١٥) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢١٤٠) بووە

ئەو دەرەنجامە ئەوە دەگەیەنێت، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر گرنگی بەهەڵوێستی پارتە سیاسیەکان دەدەن لەشیکردنەوە

سیاسیەکانیاندا کە ئاڕاستەی جەماوەریان دەکەن، لەبەرامبەریدا وادەردەکەوێت کە کەمتر گرنگی بەهەڵوێستی هاووڵاتیان بدرێت لەلایەن پێگە ئەلیکترۆنییەکانەوە لەشیکارە سیاسیەکانیاندا. بڕوانە خشتەی (٦٣).

**خشتەی (٦٣) شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، هەڵوێستی ڕەوتە سیاسیەکان بەرجەستە دەکات، نەک هاووڵاتیان**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٧٠ | ٢٨.٨ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٤ | ٣٨.٧ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٤ | ١٨.١ | سێیەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٢٧ | ١١.١ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٨ | ٣.٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٨١١٥ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٢١٤٠ | | |

**١٢. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و هەڵوێستی پێگەیشتووی سیاسی:**

زۆربەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنی‌یە کوردییەکاندا، نابێتە هۆی دروستبوونی هەڵوێستی پێگەیشتووی سیاسی لای جەماوەر)، ئینجا ئەوانەی نازانن پلەی دووەمیان وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەدا ئەوانەی لەگەڵیدانین پلەی چوارەمیان وەرگرتووە.

ئەوە روونكربۆتەوە، كە لادانی پێوەری (١.١٢٩٣٧) بووە و  ناوەندی ژمێرەیی (٢.٥١٨٥) بووە.

ئەوەی شایانی ئاماژەپێكردنە، شیكردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیكترۆنییە كاندا، مەرج نییە ببێتە هۆی دروستبوونی هەڵوێستی پێگەیشتووی سیاسی لای خەڵک، لەگەڵ، ئەوە دەمانگەیەنێت بەو دەرەنجامەی كە لەوانەیە بەشێكی ئەو كاریگەریی پەیوەندیی بە شیكارییە سیاسیەكانی پێگە ئەلیكترۆنییەكانەوە هەبێت لەهەرێمی كوردستان و بەشێكی بەئاستی تێگەیشتنی جەماوەر و بەدواداچوونیان بۆ شیكارییەكان، چونكە لەبەرامبەردا رای جیاواز هەیە و بەرێژەی كەمێک جیاوازتر هاوڕانین لەگەڵ ئەم بۆ چوونەدا. بڕوانە خشتەی (٦٤).

**خشتەی (٦٤) شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، نابێتە هۆی دروستبوونی هەڵوێستی پێگەیشتووی سیاسی لای جەماوەر**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٢ | ١٧.٣ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ٩٩ | ٤٠.٧ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٢ | ٢١.٤ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٤ | ١٤.٠ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١٦ | ٦.٦ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.١٢٩٣٧ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٥١٨٥ | | |

**١٣. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و رۆشنبیریی جددیی سیاسیی:**

زۆربەی بەرتوێژان، بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، نابێتە هۆی دروستبوونی رۆشنبیرییەکی جددیی سیاسی لای جەماوەر)، بەهەمان شێوە ئەوانەی تەواو لەگەڵیدان لەپلەی دووەمدان، هەروەکو چۆن ئەوانەی نازانن بەهەمان شێوە لەپلەی دووەمدان، بەڵام ئەوانەی لەگەڵیدانین و تەواو لەگەڵیدانین پلەی سێیەم و چوارەمیان وەرگرتووە.

ئەنجامەکان ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە لادانی پێوەری (٩٨٢٦٧.) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢٥١٠) بووە.

لێرەوە دەردەکەوێت، کە بەهۆی ئەو کاریگەرییەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر جەماوەر دروستیانکردووە رای جیاواز هەیە و لە ئامارەکاندا روونبۆتەوە، کە (نازانم) رایەکی دیارو بەرچاوە، واتە بە شێوەیەکی گشتی پسپۆڕانی بواری رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی لەو بڕوایەدان، کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان، بە تایبەت لە کاتی پرۆسە سیاسیەکانی وەکو هەڵمەتەکانی دەنگدان و هەڵبژاردنەکاندا کاریگەرییەکی کاتی لەسەر هۆشیاریی و ئاستی زانینی سیاسی جەماوەر جێدەهێڵن. بڕوانە خشتەی (٦٥).

**خشتەی (٦٥) شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، نابێتە هۆی دروستبوونی رۆشنبیرییەکی جددیی سیاسی لای جەماوەر**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٥٠ | ٢٠.٦ | دووەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١١٧ | ٤٨.١ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٥٠ | ٢٠.٦ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ١٧ | ٧.٠ | سێیەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ٩ | ٣.٧ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | .٩٨٢٦٧ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٢٥١٠ | | |

**١٤. شیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان و کاریگەریی درێژخایەن:**

زۆرینەی بەرتوێژان لەگەڵ ئەوەدان کە (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، کاریگەریی درێژخایەن لەسەر بیروبۆچون و هە

ڵوێستی جەماوەر دروست ناکات)، ئەوانەی نازانن لەپلەی دووەمدان. بەڵام ئە وانەی لەگەڵیدا نین و کۆک نین لەگەڵ ئەم بیروڕایەدا لەپلەی چوارەمدان.

هەروەکو ئەنجامەکان ئەوەیان باسکردووە، کە لادانی پێوەری (١.٠٦٤٢١) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (٢.٣٩٥١) بووە.

ئەوە ئەوە دەردەخات، کە شیکاری سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییەکان لەهەرێمی کوردستاندا سەرەڕای ئەو رۆڵ و کاریگەرییانەی هەیانە لەسەر جەماوەرو ئاستی زانین و زانیاریی جەماوەر بەڵام لەهەمان کاتدا رای ئەوە هەیە کە ئەو کاریگەرییانەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر بیروڕا و هەڵوێستی جەماوەر دروستی دەکەن مەرج نییە درێژخایەن بێت. بڕوانە خشتەی (٦٦).

**خشتەی (٦٦) شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، کاریگەریی درێژخایەن لەسەر بیروبۆچون و هەڵوێستی جەماوەر دروست ناکات**

| ژ | وەڵام | ژمارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەواو لەگەڵیدام | ٤٥ | ١٨.٥ | سێیەم |
| ٢ | لەگەڵیدام | ١٠٩ | ٤٤.٩ | یەکەم |
| ٣ | نازانم | ٤٨ | ١٩.٨ | دووەم |
| ٤ | لەگەڵیدانیم | ٣٠ | ١٢.٣ | چوارەم |
| ٥ | هیچ لەگەڵیدانیم | ١١ | ٤.٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | ٢٤٣ | %١٠٠ | |
| لادانی پێوەری | | ١.٠٦٤٢١ | | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | ٢.٣٩٥١ | | |

### ١٥. (لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیی و Std.Error Mean)ی سەرجەم پرسیارەکان:

ئەم خشتەیە جیاوازییەکانی لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیی و ( Std. Error Mean)ی سەرجەم پرسیارەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، بەپێی ئە و ئەنجامانەی کە لەخشتەکەدا روونکراونەتەوە دەرکەوتووە کە پرسیاری (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەزیادکردنی رۆشنبیریی سیاسی)، زۆرترین لادانی پێوەری هەیە بەپلەی یەکەم بەبەراورد بەپرسیارەکانی تر بە رێژەی (١.٣٠٤٥٦)، و لەهەمان کاتدا هەمان پرسیار زۆرترین ([17] Std. Error Mean)ی وەرگرتووە لەناو پرسیارەکانی توێژینەوەکەدا بەڕێژەی (٠.٠٨٣٦٩). لەکاتێکدا پرسیاری (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جێی متمانەن، چونکە پشت بە لێکدانەوەی زانستیی و بابەتییانە ی رووداوەکان دەبەستن)، زۆرترین رێژەی ناوەندی ژمێرەیی وەرگرتووە بە ڕێژەی (٢.٨٣١٣).

سەبارەت بە کەمترین رێژە کە بۆ لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەیی و (Std. Error Mean) لەناو پرسیارەکان دەرچووە، بەپێی ئەنجامەکان پرسیاری (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەرتوێژن لەناساندنی تەنگژە و رووداوە نێودەوڵەتییەکان) نزمترین ئاستی ژمێریاری وەرگرتووە لەناو پرسیارەکانی توێژینەوەکەدا، هەروەها بەهەمان شێوە پرسیاری (لێکدابڕانە توندەکان لەشیکردنەوەی سیاسی لەپێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جیاوازی

---

[17] . (Std. Error Mean): هەڵەی پێوانەی بریتیە لە پێوانەی نزیکی جیاوازی لە مامناوەندی ئاماری، هەڵەی پێوانەی هاوکێشەیەک ئامارییە کە پێوانەی وردی دەکات لە مشتەیەک کە نوێنەرایەتی کۆمەڵێک دەکات. لە ئاماردا مشتە رادەی مامناوەندە کە دەرهاتوە لە رادەی کۆمەلەکە، کە پێیدەوتریت هەڵەی پێوانەیی.

دیمەنی گشتی سیاسی قوڵتر دەکەنەوە)، ئەوا کەمترین ئاستی تۆمارکردووە لە لادانی پێوەری بەڕێژەی (.٩٦٨٤٦)، هەمان پرسیار کەمترین ئاستی وە رگرتووە لە (Std. Error Mean) بەبەراورد بەپرسیارەکانی دیکەی توێژینە وەکە بەڕێژەی (.٠٦٢١٣) بڕوانە خشتەی (٦٧).

**خشتەی (٦٧) (لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێریاری و Std.Error Mean)ی سەرجەم پرسیارەکان**

| ژ | پرسیارەکان | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | Std. Error Mean |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی بەها بەرزیان سەبارەت بە کاروباری سیاسی بە گشتی پێشکەشکردووە. | ١.٢٧٢٧٣ | ٢.٥٥٥٦ | .٠٨١٦٥ |
| ٢ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی تێروتەسەلیان سەبارەت بە حزبەکان پێشکەشکردووە. | ١.٢١٢٠١ | ٢.٤٢٨٠ | .٠٧٧٧٥ |
| ٣ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی تێروتەسەلیان سەبارەت بە کەسێتییە سیاسیەکان پێشکەشکردووە. | ١.٢٢٨٠٥ | ٢.٦٥٤٣ | .٠٧٨٧٨ |
| ٤ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە ناساندنی تەنگژە و ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان. | ١.٠٦٤١٣ | ٢.١٨١١ | .٠٦٨٢٦ |
| ٥ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە مانەوەم لەسەر بەدواداچونی بەردەوام بۆ پەرەسەندنە سیاسیەکان. | ١.٠٧٦٩٥ | ٢.٢٤٢٨ | .٠٦٩٠٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە زیادکردنی رۆشنبیریی سیاسیم. | ١.٣٠٤٥٦ | ٢.٦٤٢٠ | .٠٨٣٦٩ |
| ٧ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە زیادکردنی هۆشیاریی سیاسیم. | ١.٢٧٤٦٥ | ٢.٤١٩٨ | .٠٨١٧٧ |
| ٨ | زانیاریی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بێسود بون و جێبایەخ نەبون. | ١.٢٤٦٢١ | ٢.٧١١٩ | .٠٧٩٩٤ |
| ٩ | ئەو زانیارییە سیاسیانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا دەخرێنەڕوو، هۆکارن بۆ شێواندنی وێنەی حزب و کەسێتییە سیاسیەکان. | ١.٠٤٢٧٢ | ٢.٢٠١٦ | .٠٦٦٨٩ |
| ١٠ | ئەو زانیارییە سیاسیانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا دەخرێنەڕوو، هاوکارن لە قەبەکردن (گەورەکردن)ی وێنەی ڕووداوەکانی جیهان. | ١.٠١٦٩١ | ٢.٢٩٢٢ | .٠٦٥٢٤ |
| ١١ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بونەتە هۆی دروستبوونی شکست و رەشبینی لای جەماوەر. | ١.١٦٠٧٨ | ٢.٢٧١٦ | .٠٧٤٤٦ |
| ١٢ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، ورد و راستگۆیانە زانیارییە سیاسیەکان ناخەنەڕوو. | ١.١٩٧٥٧ | ٢.٣٠٠٤ | .٠٧٦٨٢ |
| ١٣ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بابەتیی و بێلایەن نین لە خستنەڕووی زانیارییەکاندا. | ١.١٣٤٤٨ | ٢.٣٠٤٥ | .٠٧٢٧٨ |
| ١٤ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، رەچاوی بەرپرسیارێتییەکان ناکەن. | ١.١٤٦٣٢ | ٢.٢٢٢٢ | .٠٧٣٥٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، هۆکاری پشێوی نانەوەن لە کۆمەڵدا. | ١.١٥٨٣٨ | ٢.٥١٠٣ | .٠٧٤٣١ |
| ١٦ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی پڕۆژەی نەتەوەیی کورد. | ١.١٧٢٦٠ | ٢.٤٩٧٩ | .٠٧٥٢٢ |
| ١٧ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی پڕۆژەی عیراقی فیدراڵی فرەیی. | ١.١٥٥١٦ | ٢.٦٢٥٥ | .٠٧٤١٠ |
| ١٨ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی دیموکراسیی و بەشداریی سیاسی. | ١.١٥١٢٦ | ٢.٤٩٧٩ | .٠٧٣٨٥ |
| ١٩ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی ئازادییە گشتییەکان. | ١.٠٨٤٩٢ | ٢.٤١١٥ | .٠٦٩٦٠ |
| ٢٠ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ. | ١.٠٩٣١٢ | ٢.٣٧٨٦ | .٠٧٠١٢ |
| ٢١ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لە باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدرڕاڵ. | ١.١١٢٨٢ | ٢.٧٤٩٠ | .٠٧١٣٩ |
| ٢٢ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لە باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی | ١.٠٩٠١٨ | ٢.٧٣٢٥ | .٠٦٩٩٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دەوروبەردا. | | | |
| ٢٣ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لە باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی جیهان. | ١.١٣٠٨٣ | ٢.٦٩٥٥ | .٠٧٢٥٤ |
| ٢٤ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لەسەر بێتوانایی لە پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لەناو عیراقدا. | ١.٠٦١٦٢ | ٢.٥٠٦٢ | .٠٦٨١٠ |
| ٢٥ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەسەر جەختکردنەوە لە پێکەوەژیان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا. | ١.١٤٨٦٠ | ٢.٦٥٠٢ | .٠٧٣٦٨ |
| ٢٦ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە دەرخستنی لایەنە نەرێنییەکانی فرەیی سیاسی و حزبی. | ١.١٠٩٨٩ | ٢.٤٤٨٦ | .٠٧١٢٠ |
| ٢٧ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ئازادییە گشتیەکان. | ١.٠٦٩٣٧ | ٢.٤٩٣٨ | .٠٦٨٦٠ |
| ٢٨ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی دەرچوونی مافی مرۆڤ. | ١.١٢٢٠٣ | ٢.٥٩٢٦ | .٠٧١٩٨ |
| ٢٩ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە بانگهێشتکردن بۆ ساردکردنەوەی خەڵک لەبەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا. | ١.١٢٩٣٤ | ٢.٦٥٨٤ | .٠٧٢٤٥ |
| ٣٠ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، | ١.١٢٠٩٤ | ٢.٣٩٥١ | .٠٧١٩١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بەشداربوون لە برەودان بە رەشبینیی بەرامبەر ئاینده و چارەنووسی کێشەی کورد. | | | |
| ٣١ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە قوڵترکردنەوەی دواکەوتویی جەماوەر. | ١.١٠٠٦٩ | ٢.٥٨٠٢ | ٠.٧٠٦١ |
| ٣٢ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە برەودان بە گەلچێتی (پوپۆلیسم). | ١.١٦٤٤٨ | ٢.٧٦١٣ | ٠.٧٤٧٠ |
| ٣٣ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، رەهەندی راستیی رووداوەکان رووندەکاتەوە و هاوکاردەبێت بۆ تێگەیشتنیان. | ١.١٥٢٨٦ | ٢.٦١٣٢ | ٠.٧٣٩٦ |
| ٣٤ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بەشداریدەکات لە پێکەوەگرێدانی رووداوەکانی رابردوو و پێشبینیکردنیان لە ئایندەدا. | ١.١٥٢٠٢ | ٢.٦٢١٤ | ٠.٧٣٩٠ |
| ٣٥ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، ئەو پوختەو دەرەنجامانە پێشکەشی وەرگر دەکەن کە دەکرێ پەسەندبکرێن. | ١.٠٨٨٣٥ | ٢.٦٥٨٤ | ٠.٦٩٨٢ |
| ٣٦ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جێی متمانەن، چونکە پشت بە لێکدانەوەی زانستی و بابەتییانەی رووداوەکان دەبەستن. | ١.٢٣٩٩٧ | ٢.٨٣١٣ | ٠.٧٩٥٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٧ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتەهۆی هۆشیارییەکی کاتی، کە دەکرێ بە جەختکردنەوەی بەردەوام رەگداکوتێ. | ١.٠٩٨٨٥ | ٢.٤٥٢٧ | .٠٧٠٤٩ |
| ٣٨ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بە شێوەیەکی واقیعی گوزارشت لە وێناکردن و دنیابینیی وەرگران دەکات. | ١.١١٢٣٠ | ٢.٦١٧٣ | .٠٧١٣٥ |
| ٣٩ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتەهۆی لێکترازانی جەماوەر و لاوازیی تەرکیزکردنیان. | ١.٠٨٨١٠ | ٢.٤٦٩١ | .٠٦٩٨٠ |
| ٤٠ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جیاوازی و لێکترازانی سیاسی لەناو جەماوەردا قوڵتر دەکاتەوە. | ١.١١١٨٦ | ٢.٣٧٨٦ | .٠٧١٣٣ |
| ٤١ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، وێناکردنێکی خودی و مەزاجیی پێشوەختییە (بۆ پاشخانی فیکری دەگەڕێتەوە). | .٩٩٧٩٧ | ٢.٤١٥٦ | .٠٦٤٠٢ |
| ٤٢ | لێکدابڕانە توندەکان لە شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جیاوازیی دیمەنی گشتیی سیاسی قوڵتر دەکەنەوە. | .٩٦٨٤٥ | ٢.٢٧٩٨ | .٠٦٢١٣ |
| ٤٣ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، هەڵوێستی رەوتە سیاسیەکان بەرجەستە دەکات، نەک | ١.٠٨١١٥ | ٢.٢١٤٠ | .٠٦٩٣٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هاووڵاتیان. | | | |
| ٤٤ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، نابێتەهۆی دروستبوونی هەڵوێستی پێگەیشتووی سیاسی لای جەماوەر. | ١.١٢٩٣٧ | ٢.٥١٨٥ | .٠٧٢٤٥ |
| ٤٥ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، نابێتەهۆی دروستبوونی رۆشنبیرییەکی جددیی سیاسی لای جەماوەر. | .٩٨٢٦٧ | ٢.٢٥١٠ | .٠٦٣٠٤ |
| ٤٦ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، کاریگەریی درێژخایەن لەسەر بیروبۆچونء هەڵوێستی جەماوەر دروستناکات. | ١.٠٦٤٢١ | ٢.٣٩٥١ | .٠٦٨٢٧ |

## ١٦. (T-Test[١٨] و Mean Difference و Confidence Interval of the Difference )ی سەرجەم پرسیارەکان:

ئەم خشتەیە ئەنجامی سەرجەم پرسیارەکان و جیاوازییەکانی (T-Test) و (Mean Difference) و (%٩٥ Confidence interval of Difference)ی سەرجەم پرسیارەکان دەخاتەڕوو.

بەپێی ئەنجامەکان، ئەوە روونبۆتەوە کە پرسیاری (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشدارن لەجەختکردنەوە لەباشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەردا)، بەرزترین ئاستی (T-Test) وەرگرتووە، لەبە رامبەردا پرسیاری (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەرتوێژن لەزیادکردنی هۆشیاریی سیاسیم) کەمترین ئاستی (T-Test)ی وەرگرتووە لەناو پرسیارە کانی توێژینەوەکەدا.

ئەوە خراوەتەڕوو کە پرسیاری (شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جێی متمانەن، چونکە پشت بە لێکدانەوەی زانستیی و بابەتییانەی رووداوەکان دەبەستن)، زۆرترین ئاستی ( Mean Difference)ی بە بەراورد بەپرسیارەکانی تر وەرگرتووە، هەروەها هەمان پرسیار بەرزترین ئاستی لە (%٩٥ Confidence interval of Difference) وەرگرتووە. لەبەرامبەردا پرسیاری (پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەرتوێژن لەناساندنی تەنگژەو رووداوە نێودەوڵەتییەکان) ئەوا کەمترین رێژەی لەئەنجامی (Mean Difference) و هەروەها (%٩٥

[١٨] . (T.Test): ئاماژەیەکی ژمێرياریيە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی یان بەراوردکاری لەنێوان چەند گۆڕاوێک یان دۆزینەوە ئەگەرەکانی ناو توێژینەوەکان دەبێت. مەرج نییە ئەو گۆڕاوانە لەسەر هەمان شێوەی کارکردن بن وەک دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی لەوانەیە لەنێوان کەناڵێکی تەلەفزیۆنی و رۆژنامەیەکدا بێت.

Confidence interval of Difference)، بەبەراورد بەپرسیارەکانی تری ناو توێژینەوەکە بەدەستهێناوە. بڕوانە خشتەی (٦٨).

**خشتەی (٦٨) (t تێست و Mean Differenceو Confidence Interval of the Difference )ی سەرجەم پرسیارەکان:**

| ٩٥٪ Confidence Interval of the Difference | | Mean Difference | t | پرسیارەکان | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| Upper | Lower | | | | |
| ٢.٧١٦٤ | ٢.٣٩٤٧ | ٢.٥٥٥٥٦ | ٣١.٣٠١ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی بەها بەرزیان سەبارەت بە کاروباری سیاسی بە گشتی پێشکەشکردووە. | ١ |
| ٢.٥٨١١ | ٢.٢٧٤٨ | ٢.٤٢٧٩٨ | ٣١.٢٢٨ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی تێروتەسەلیان سەبارەت بە حزبەکان پێشکەشکردووە. | ٢ |
| ٢.٨٠٩٥ | ٢.٤٩٩١ | ٢.٦٥٤٣٢ | ٣٣.٦٩٣ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، زانیاریی تێروتەسەلیان سەبارەت بە کەسێتییە سیاسیەکان پێشکەشکردووە. | ٣ |
| ٢.٣١٥٥ | ٢.٠٤٦٦ | ٢.١٨١٠٧ | ٣١.٩٥١ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە ناساندنی تەنگژەو رووداوە نێودەوڵەتییەکان. | ٤ |
| ٢.٣٧٨٩ | ٢.١٠٦٧ | ٢.٢٤٢٨٠ | ٣٢.٤٦٤ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، | ٥ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەشداربون لە مانەوەم لەسەر بەدواداچونی بەردەوام بۆ پەرەسەندنە سیاسیەکان. | | | | |
| ٦ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە زیادکردنی رۆشنبیریی سیاسیم. | ٣١.٥٧٠ | ٢.٦٤١٩٨ | ٢.٤٧٧١ | ٢.٨٠٦٨ |
| ٧ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە زیادکردنی هۆشیاریی سیاسیم. | ٢٩.٥٩٣ | ٢.٤١٩٧٥ | ٢.٢٥٨٧ | ٢.٥٨٠٨ |
| ٨ | زانیاریی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بێسود بون و جێبایەخ نەبون. | ٣٣.٩٢٣ | ٢.٧١١٩٣ | ٢.٥٥٤٥ | ٢.٨٦٩٤ |
| ٩ | ئەو زانیارییە سیاسیانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا دەخرێنەڕوو، هۆکارن بۆ شێواندنی وێنەی حزب و کەسێتییە سیاسیەکان. | ٣٢.٩١٤ | ٢.٢٠١٦٥ | ٢.٠٦٩٩ | ٢.٣٣٣٤ |
| ١٠ | ئەو زانیارییە سیاسیانەی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا دەخرێنەڕوو، هاوکارن لە قەبەکردن (گەورەکردن)ی وێنەی رووداوەکانی جیهان. | ٣٥.١٣٧ | ٢.٢٩٢١٨ | ٢.١٦٣٧ | ٢.٤٢٠٧ |
| ١١ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بونەتە هۆی دروستبوونی شکست و رەشبینی لای | ٣٠.٥٠٦ | ٢.٢٧١٦٠ | ٢.١٢٤٩ | ٢.٤١٨٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | جەماوەر. | | | | |
| ١٢ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، ورد و راستگۆیانە زانیارییە سیاسیەکان ناخەنەڕوو. | ٢٩.٩٤٤ | ٢.٣٠٠٤١ | ٢.١٤٩١ | ٢.٤٥١٧ |
| ١٣ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بابەتیی و بێلایەن نین لە خستنەڕووی زانیارییەکاندا. | ٣١.٦٦٦ | ٢.٣٠٤٥٣ | ٢.١٦١٢ | ٢.٤٤٧٩ |
| ١٤ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، رەچاوی بەرپرسیارێتییەکان ناکەن. | ٣٠.٢١٩ | ٢.٢٢٢٢٢ | ٢.٠٧٧٤ | ٢.٣٦٧١ |
| ١٥ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، هۆکاری پشێوی نانەوەن لە کۆمەڵدا. | ٣٣.٧٨١ | ٢.٥١٠٢٩ | ٢.٣٦٣٩ | ٢.٦٥٦٧ |
| ١٦ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی پڕۆژەی نەتەوەیی کورد. | ٣٣.٢٠٧ | ٢.٤٩٧٩٤ | ٢.٣٤٩٨ | ٢.٦٤٦١ |
| ١٧ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی پڕۆژەی عیراقی فیدراڵی فرەیی. | ٣٥.٤٣٠ | ٢.٦٢٥٥١ | ٢.٤٧٩٥ | ٢.٧٧١٥ |
| ١٨ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی دیموکراسیی و بەشداریی | ٣٣.٨٢٣ | ٢.٤٩٧٩٤ | ٢.٣٥٢٥ | ٢.٦٤٣٤ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | سیاسی. | | | | |
| ١٩ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی ئازادییە گشتییەکان. | ٣٤.٦٤٩ | ٢.٤١١٥٢ | ٢.٢٧٤٤ | ٢.٥٤٨٦ |
| ٢٠ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە هاندان بۆ پشتگیریکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ. | ٣٣.٩٢٠ | ٢.٣٧٨٦٠ | ٢.٢٤٠٥ | ٢.٥١٦٧ |
| ٢١ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لە باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ. | ٣٨.٥٠٨ | ٢.٧٤٨٩٧ | ٢.٦٠٨٤ | ٢.٨٨٩٦ |
| ٢٢ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لە باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا. | ٣٩.٠٧٢ | ٢.٧٣٢٥١ | ٢.٥٩٤٨ | ٢.٨٧٠٣ |
| ٢٣ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لە باشکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی جیهان. | ٣٧.١٥٧ | ٢.٦٩٥٤٧ | ٢.٥٥٢٦ | ٢.٨٣٨٤ |
| ٢٤ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لەسەر بێتوانایی لە پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لەناو عیراقدا. | ٣٦.٨٠٠ | ٢.٥٠٦١٧ | ٢.٣٧٢٠ | ٢.٦٤٠٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لەسەر جەختکردنەوە لە پێکەوەژیان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا. | ٣٥.٩٦٨ | ٢.٦٥٠٢١ | ٢.٥٠٥١ | ٢.٧٩٥٣ |
| ٢٦ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە دەرخستنی لایەنە نەرێنییەکانی فرەیی سیاسی و حزبی. | ٣٤.٣٩٠ | ٢.٤٤٨٥٦ | ٢.٣٠٨٣ | ٢.٥٨٨٨ |
| ٢٧ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ئازادییە گشتیەکان. | ٣٦.٣٥٣ | ٢.٤٩٣٨٣ | ٢.٣٥٨٧ | ٢.٦٢٩٠ |
| ٢٨ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربون لە جەختکردنەوە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی دەرچوونی مافی مرۆڤ. | ٣٦.٠١٩ | ٢.٥٩٢٥٩ | ٢.٤٥٠٨ | ٢.٧٣٤٤ |
| ٢٩ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە بانگهێشتکردن بۆ ساردکردنەوەی خەڵک لەبەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا. | ٣٦.٦٩٥ | ٢.٦٥٨٤٤ | ٢.٥١٥٧ | ٢.٨٠١١ |
| ٣٠ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە برەودان بە رەشبینیی بەرامبەر ئایندەو چارەنووسی کێشەی کورد. | ٣٣.٣٠٧ | ٢.٣٩٥٠٦ | ٢.٢٥٣٤ | ٢.٥٣٦٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣١ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە قوڵترکردنەوەی دواکەوتویی جەماوەر. | ٣٦.٥٤٣ | ٢.٥٨٠٢٥ | ٢.٤٤١٢ | ٢.٧١٩٣ |
| ٣٢ | پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، بەشداربوون لە برەودان بە گەلچێتی (پوپۆلیسم). | ٣٦.٩٦٥ | ٢.٧٦١٣٢ | ٢.٦١٤٢ | ٢.٩٠٨٥ |
| ٣٣ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، رەهەندی راستیی رووداوەکان روونەکاتەوەو هاوکاردەبێت بۆ تێگەیشتنیان. | ٣٥.٣٣٤ | ٢.٦١٣١٧ | ٢.٤٦٧٥ | ٢.٧٥٨٨ |
| ٣٤ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بەشداریدەکات لە پێکەوەگرێدانی رووداوەکانی رابردوو و پێشبینیکردنیان لە ئایندەدا. | ٣٥.٤٧١ | ٢.٦٢١٤٠ | ٢.٤٧٥٨ | ٢.٧٦٧٠ |
| ٣٥ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، ئەو پوختە و دەرەنجامانە پێشکەشی وەرگر دەکەن کە دەکرێ پەسەندبکرێن. | ٣٨.٠٧٧ | ٢.٦٥٨٤٤ | ٢.٥٢٠٩ | ٢.٧٩٦٠ |
| ٣٦ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جێی متمانەن، چونکە پشت بە لێکدانەوەی زانستی و بابەتییانەی | ٣٥.٥٩٤ | ٢.٨٣١٢٨ | ٢.٦٧٤٦ | ٢.٩٨٨٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووداوەکان دەبەستن. | | | | |
| ٣٧ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتەهۆی هۆشیارییەکی کاتی، کە دەکرێ بە جەختکردنەوەی بەردەوام ڕەگداکوتێ. | ٣٤.٧٩٤ | ٢.٤٥٢٦٧ | ٢.٣١٣٨ | ٢.٥٩١٥ |
| ٣٨ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بە شێوەیەکی واقیعی گوزارشت لە وێناکردنء دنیابینیی وەرگران دەکات. | ٣٦.٦٨٠ | ٢.٦١٧٢٨ | ٢.٤٧٦٧ | ٢.٧٥٧٨ |
| ٣٩ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتەهۆی لێکترازانی جەماوەرو لاوازیی تەرکیزکردنیان. | ٣٥.٣٧٤ | ٢.٤٦٩١٤ | ٢.٣٣١٦ | ٢.٦٠٦٦ |
| ٤٠ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جیاوازی و لێکترازانی سیاسی لەناو جەماوەردا قوڵتر دەکاتەوە. | ٣٣.٣٤٨ | ٢.٣٧٨٦٠ | ٢.٢٣٨١ | ٢.٥١٩١ |
| ٤١ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، و ێناکردنێکی خودی و مەزاجیی پێشوەختییە (بۆ پاشخانی فیکری دەگەڕێتەوە). | ٣٧.٧٣٣ | ٢.٤١٥٦٤ | ٢.٢٨٩٥ | ٢.٥٤١٧ |
| ٤٢ | لێکدابڕانە توندەکان لە | ٣٦.٦٩٧ | ٢.٢٧٩٨٤ | ٢.١٥٧٥ | ٢.٤٠٢٢ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، جیاوازیی دیمەنی گشتیی سیاسی قوڵتر دەکەنەوە. | | | | |
| ٤٣ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، هەڵوێستی رەوتە سیاسیەکان بەرجەستە دەکات، نەک هاووڵاتیان. | ٣١.٩٢٢ | ٢.٢١٣٩٩ | ٢.٠٧٧٤ | ٢.٣٥٠٦ |
| ٤٤ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، نابێتەهۆی دروستبوونی هەڵوێستی پێگەیشتووی سیاسی لای جەماوەر. | ٣٤.٧٦٣ | ٢.٥١٨٥٢ | ٢.٣٧٥٨ | ٢.٦٦١٢ |
| ٤٥ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، نابێتەهۆی دروستبوونی رۆشنبیرییەکی جددیی سیاسی لای جەماوەر. | ٣٥.٧٠٩ | ٢.٢٥١٠٣ | ٢.١٢٦٩ | ٢.٣٧٥٢ |
| ٤٦ | شیکردنەوەی سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، کاریگەریی درێژخایەن لەسەر بیروبۆچون و هەڵوێستی جەماوەر دروستناکات. | ٣٥.٠٨٣ | ٢.٣٩٥٠٦ | ٢.٢٦٠٦ | ٢.٥٢٩٥ |

# بەشی پێنجەم: ئاست و ئاڕاستەی زانینی سیاسیی

# لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا

# (ناخشیکاریی)

لەپێناو ئاشکراکردنی ئاستی زانینی سیاسیی لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، مشتەیەکی ئامانجداری رێکخراو (عينة قصدية منتظمة) لەو راگەیاندنە وەرگیراوە، بۆ ناخشیکاریی ئەو هەواڵە سیاسییانەی، کە لە ماوەی ساڵێکدا لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)دا پەخش و بڵاوکراونەتەوە، ئەمە بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامگەلی ورد و دروست سەبارەت بە بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە و، پاشان شرۆڤەکردنیان لەلایەن توێژەرەوە.

**یەکەم: کورتەیەک دەربارەی مشتەی توێژینەوەکە**

**پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)**[١٩]:

**پێناسە**: لەپێگەی ئەلیکترۆنی بەم جۆرە پێناسەی تۆڕی میدیایی رووداو کراوەکە "گروپێکی میدیایی سەربەخۆی کوردیی ئازادە، لە بوارەکانی میدیای بیندراو و بیستراو (بەشێوەی کاخەز و دەنگ و رەنگ و ئەلەکترۆنی) بەرهەمەکانی پێشکەشی خەڵک دەکات".

تۆڕی میدیایی رووداو کۆمپانیایەکی قازانجویستە، بەڵام گەیاندنی زانیاریی راست و بەشداریکردن لەچەسپاندنی پایەکانی ئازادیی رادەربڕین بەگرنگتر دەزانێ لە دەستخستنی قازانجیمادی. هەروەها لەبڵاوکردنەوە و گەیاندنی بەرهەمەکانیدا خۆی بەسنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراوەوە نابەستێتەوە و دیدێکی جیهانییانەی هەیە بۆ کارکردن (Rudaw.net,٢٠١٨)[٢٠].

**ستراتیژ:** تۆڕی میدیایی رووداو دەیەوێ بەرهەمە میدیاییەکانی بگەنە زۆرترین ژمارەی خەڵک. هەروەها دەیەوێت گروپی نوێ بدۆزێتەوە کە تا ئێستا میدیا کوردییەکان نەیاندۆزیوەتەوە و نەیگەیشتوونەتێ. چونکە چەندە ژمارەی بەکارهێنەرانی بەرهەمە میدیاییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو زۆرتر بن، چانسی پەرەپێدان و باشترکردنی بەرهەمەکانیشی روو لەزیادبوون دەکەن، لەڕێگەی وەرگرتنی رێکلامی زۆرتر و دۆزینەوەی سپۆنسەر و سەرچاوەی داهاتی بەهێزتر.

**ستاف**: پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بەگشتی (٤٢) کارمەندی هەیە و (هێمن لهۆنی) بەڕێوەبەری پۆرتاڵی رووداوە و تەمەنی ستافەکە بەگشتی لەنێوان

---

[١٩] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هێمن لهۆنی) سەرنوسەری پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو) لە رێگەی ئیمەیڵەوە، لە رێکەوتی (٣٠/ ٣/ ٢٠١٨).

[٢٠] پێگەی ئەلیکترۆنیی رووداو

(٢٠ بۆ ٣٥) ساڵیدایه بەم شێوەیەش دابەشکراون بەشی سۆرانی (٦) کارمەند (٥) لە توخمی نێر و (١) کارمەند لە توخمی مێ، بەشی عەرەبی (٧) کارمەند کە (٥) کارمەندیان لە توخمی نێر و (٢) کارمەند لە توخمی مێ، هەروەها بەشی ئینگلیزی (١١) کارمەند کە (٨) کارمەند لە توخمی نێر و (٣) کارمەند لە توخمی مێ، بەشی تورکی (٥) کارمەند کە (٣) یان لە توخمی نێر و (٢)یان لە توخمی مێن، هەروەکو بەشی کرمانجی (٤) کارمەندن کە لە توخمی نێرن، هەروەها (٦) تەکنیکار کە (٢) تەکنیکی بەشی تورکی و کورمانجی و (٤) تەکنیکی بەشەکانی (سۆرانی، عەرەبی و ئینگلیزی)ن، هەروەها (٢) کارمەندی گرافیک.

**مێژوو**: پۆرتاڵی نوێی رووداو لە (١٦-٣-٢٠١٣)ەوە دەستبەکاربووە.

**زمان**: پۆرتاڵی رووداو بە زمانەکانی کوردی سۆرانی، کوردی کورمانجی، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی (٢٤) کاژێر هەواڵ و زانیاری هەموو جیهان بڵاودەکاتەوە.

**بەشەکانی**: کوردستان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست(عیراق،ئێران،تورکیا و سووریا)، جیهان، ئابووری، هەڤپەیڤین، بیروڕا، کولتوور و ستایل (خەڵک و پیشە)، وەرزشی، مەڵتیمیدیا و رووداوی تۆ.

**ناونیشانی ئەلیکترۆنی**: www.rudaw.net

**رانک و ئاستی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو**: بەپێی دوایین داتاکانی گووگڵ ئەنەڵتیکس، پۆرتاڵی رووداو بە جیاوازییەکی زۆر یەکەمە و تەنیا لەماوەی مانگێکدا، واتە مانگی ئۆکتۆبەری (٢٠١٧) پۆرتاڵی رووداو زیاتر لە (١٥) ملیۆن سەردانی هەبووە، بەمە لەپێشەوەی هەموو سایتە عیراقی و کوردستانییەکاندایە.

**دروشم**: (رووداوی تۆ هەواڵی ئێمەیە)

**خەڵاتەکانی پێگەی ئەلیکترۆنیی رووداو:** لەساڵی (٢٠١٨)دا لەلایەن دامەزراوەی (WAN-IFRA [٢١])ی ئەڵمانی خەڵاتی باشترین سۆشیال میدیا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرووداو بەخشرا.

**دووەم: رێکارەکانی ناخشیکارییەکە:**

هەنگاوەکانی ناخشیکارییەکە، سەرەتا لە ئامادەکردنی فۆرمێکی ناخشیکاریی بە شێوەی پاشینەپۆلێن (تصنيف بعدى)ەوە دەستیپێکرد، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**ا. بەدواداچون و چاودێرکاریی راستەوخۆ:**

توێژەر لە نێو کۆمەڵێ پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردیدا کە ئۆفیسی سەرەکییان لە هەرێمی کوردستانە، پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)ی هەڵبژارد، و لە رێگەی لێوردبونەوە لە پێگەکە و دواندنی چەند رۆژنامەنوسێکی پێگەکەوە تاوتوێیکرد، هەروا بابەت بڵاوکراوەکانی ماوەی دیاریکراوی دەستخست.

**ب. هەڵبژاردنی مشتەکە و دەستنیشانکردنی بابەتەکان:**

دیاریکردنی بابەتی ناخشیکارییەکە، کە توێژەر بەدەستیخستوە، هەمو هەواڵە سیاسییەکانی پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)ـە لە ماوەی (٢٠١٧/١/١ – ٢٠١٧/١٢/٣١)، توێژەر گشتەڕوماڵی بۆ کۆمەڵی توێژینەوەکە کرد، پاشان مشتەکەی هەڵبژارد بە رێگەی دروستکردنی (ساڵی دەستکرد)، بۆ هەر

[٢١] (WAN–IFRA): دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ رۆژنامەو دامەزراوە هەواڵییەکان، بنکەی سەرەکی لە وڵاتی ئەڵمانیانە.

مانگێک هەفتەیەک، واتە (١٢) هەفتە لە کۆی ساڵەکە، هەروا (١٩١٢) هەواڵی سیاسی لە کۆی هەفتە وەرگیراوەکان.

**ت. دەستنیشانکردنی یەکە و دەستەکانی شیکارییەکە:**

دوای خوێندنەوەی سەرەتایی و ورد بۆ بابەتی شیکارییەکە بۆ دیاریکردنی گرنگترین یەکە و دەستەکان کە بابەتی هەواڵە سیاسییەکانی ئەو پێگەیە لەخۆی دەگرن، هەروا زانینی دیارترین ئاراستەکانی پێگەکە، و گەیشتن بە داتا و زانیارییەکان و، نەخشەکێشانی فۆرمی شیکارییەکە بۆ دەستکەوتنی زانیارییە پێویستەکان، چونکە ئەو یەکانە پێوانەی بنچینەیی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکە پێکدێنن. توێژەر هەریەک لە یەکەکانی (جۆر و بوارو ناوەرۆک)ی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی ئەم یەکانە لەگەڵ کێشە و ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا گونجاون.

وەکچۆن توێژەر دەستە (الفئە)کانی توێژینەوەکەی داناوە بۆ ژماردن و پێوانەکاری بە پشتبەستن بەوەی توێژینەوەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان خستویەتییەڕو، هەروا دەستەی بابەت (چی گوتراوە)یان بەکارهێناوە. بڕوانە خشتەی (٦٩).

| پێناسە | یەکەکان | | ز |
|---|---|---|---|
| مەبەست لێی هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە کاروباری (باشووری کوردستان، پارچەکانی تری کوردستان، رەوەندی کوردی، عیراق، هەرێمایەتی، و نێودەوڵەتی)ـیە، لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو) لە ماوەی (٢٠١٧/١/١ – ٢٠١٧/١٢/٣١)دا. | هەواڵە سیاسییەکان | | |
| پێناسە | دەستەکانی | | |
| هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بەکاروباری (باشوری کوردستان) ـە،لە پێگەی ئەلیکترۆنیی ناوبراو لەماوەی دیاریکراودا: (پرسی چاکسازیی سیاسیی‌وکارگێڕیی لەباشوری کوردستاندا، پەیوەندییە دەرەکییەکانی باشوری کوردستان وولاتان، پرسی هەڵبژاردن و ریفراندۆم لەباشوری کوردستاندا، شەڕی تێرۆر وباشوری کوردستان، پارتەسیاسییەکان لەباشوری کوردستاندا، کەسێتییە ساسییەکان لەباشوری کوردستاندا، پرسی مافی مرۆڤ لەباشوری کوردستاندا، پرسی ئاین و ئاینزاکان لەباشوری کوردستاندا، پرسی ئاسایش و جەنگ لەباشوری کوردستاندا، پرسەنەتەوەییەکان لەباشوری کوردستان). | باشوری کوردستان | أ | |
| ئاماژەیە بۆ هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە کاروباری پارچەکانی تری کوردستان (باکور، خۆرهەڵات، خۆرئاوا)ـە، لە پێگەی ئەلیکترۆنیی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (دەستگیرکردنی کەسێتییە سیاسییەکان، رێگریکردن لە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز، گرژییەکانی باکوری کوردستان، ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا، کێشەی کورد لە تورکیا، بەشداریکردنی کوردانی رۆژهەڵات لە هەڵبژاردنەکاندا، بارودۆخی کۆڵبەران، چالاکیی جەماوەریی شارەکانی رۆژهەڵات بۆ پشتگیریکردنی باشوری کوردستان، دەستگیرکردنی چالاکوانانی سیاسیی لە شارە کوردییەکاندا، نەورۆز لەخۆرهەڵات، کوردانی خۆرهەڵات، پەرلەمانتارانی کورد لەتاران، کوردانی رۆژهەڵات لەناو داعشدا، ستراتیژی ترامپ بەرامبەر ئێران، رۆڵی روسیا لەرۆژئاوای کوردستاندا، هەڵبژاردن لەرۆژئاوای کوردستاندا، بەشداریکردنی کوردانی رۆژئاوا لەئۆپەراسیۆنی رەققە، پەیوەندیی کوردانی رۆژئاوا و | پارچەکانی تری کوردستان | ب | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | ئەمەریکا، پرسی پرچەککردنی رۆژئاوا، هێرش و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان، سوپای تورکیا لەرۆژئاوای کوردستان). |
| | ج | رەوەندی کوردی | مەبەست لێی هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە کاروباری (رەوەندی کوردی لە دەرەوە)یە، لە پێگەی ئەلیکترۆنیی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (زمانی کوردی و خەڵکانی بیانی، کۆنفرانس و کۆنگرەکانی پەیوەست بە پرسی کورد، جەژنە نەتەوەییەکان لە تاراوگە، بەشداریی کوردانی دەرەوە لە ریفراندۆمو هەڵبژاردنەکاندا، فێستیڤاڵی سەربەخۆیی کوردستان لە تاراوگە، کۆچکردنی کوردان بۆ تاراوگە، بارودۆخی کۆچبەرانی کورد، خوێندکارانی کورد لە تاراوگە، بەشداریی کورد لە گفتوگۆی جنێڤ، لایەنگرانی پەکەکە لە ئەڵمانیا، برێکزت و کوردانی بریتانیا، بەشداریکردنی کوردانی تاراوگە لە هەڵبژاردنی ئەو وڵاتانەی لێی نیشتەجێن). |
| | د | عیراق | بریتییە لە هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە کاروباری (عیراق)، لە پێگەی ئەلیکترۆنیی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (پرسی چاکسازیی سیاسیی و کارگێڕیی لە عیراقدا، پەیوەندیی دەرەکیەکانی عیراق و وڵاتان، پرسی هەڵبژاردن لە عیراقدا، شەڕی تیرۆر و عیراق، پارتە سیاسییەکان لە عیراقدا، کەسێتییە ساسییەکان لە عیراقدا، پرسی مافی مرۆڤ لە عیراقدا، پرسی ئاین و ئاینزاکان لە عیراقدا، پرسی ئاسایش و جەنگ لە عیراقدا، پەیوەندیی عیراق و هەرێمی کوردستان). |
| | ە | هەرێمایەتی | مەبەست لە هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە کاروباری هەرێمایەتی (وڵاتانی دەوروبەر)ـە، لە پێگەی ئەلیکترۆنیی ناوبراو لە ماوەی دیاریکراودا: (قەیرانی سوریا، قەیرانی قەتەر، شەڕی تیرۆر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پرسی مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) |
| | | | هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە کاروباری نێودەوڵەتی (جیهانی)یە، لە پێگەی ئەلیکترۆنیی ناوبراو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | و | نێودەوڵەتی | لە ماوەی دیاریکراودا: (پرسی دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی، کەسێتییە سیاسییەکان لە جیهاندا، پرسی مافی مرۆڤ لە جیهاندا، پرسی هەڵبژاردن و ریفراندۆم لەجیهاندا، پرسی ئاسایشی نێودەوڵەتی، پرسی کەمینەکان). |

**خشتەی (٦٩) یەکە و دەستەکانی شیکردنەوە و پێناسەکانیان**

**د. ڕێکخستنی یەکە و دەستەکانی شیکارییەکە:**

توێژەر بە پشتبەستن بە ڕێگە و ئامرازەکانی شیکارییە میتۆدییەکە، بابەتی هەواڵەکانی لەسەر بنچینەی جۆری بوارو بابەتەکانیان پۆلێنکردوە، هەروا دەستە سەرەکی و لاوەکییەکانی دەرهێناوە و لەگەڵ دەستەکانی تردا لێکیداون، پاشان یەکە پەیوەندداریەکانی شیکارییەکەی دیاریکردون.

ه. ئامارەشیکار (التحليل الإحصائي) و ئەنجامی توێژینەوەکە: ئەمەش بریتییە لە هەژمارکردنی دوبارەبوەکان لە ڕێگەی ژمارە، دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بە پێی بایەخبەندی (ئەولەویات) و ڕێکخستنییان و، پلەبەندکردنییان، هەروا دەرهێنانی دوائەنجامەکان، و دانانی داتاکان لە خشتەی گونجاو، پاشان شرۆڤە و راڤەکردنی ئەنجامەکان.

**سێیەم: ئەنجامی ناخشیکارییەکە**

**١. پۆلێنکاریی (رووداو) بۆ هەواڵەکانی:**

ئەنجامەکــان رونیــدەکەنەوە، لە روی جــۆرەوە، لە پــێگەی ئەلیکترۆنیــی (رووداو)ـدا، هەواڵـی (سیاسـی) پـلەی یەکەمـی وەرگرتـوە، دوای ئەو هەواڵـی (وەرزشــی) دێـت لە پـلەی دوەمـدا، پاشــان هەواڵــی (تەندروســتی) لە پـلەی سێیەمدا، وەک چۆن هەواڵەکانی (ئابوری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری) لە پلەکانی چـوارەم و پێنجەم و شەشـەم بەدوای یەکدا دێـن، جۆرەکـانی دیـکە پلەکـانی خوارتریان وەرگرتون. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، سیاسەت بوارێکی جێبایەخە لای رووداو، و پــرس و پێشــهاتە سیاســییەکان لە ئاســتە جیاوازەکانییانــدا، پانتــاییەکی فراوانــی هەواڵ و زانیــارییە بڵاوکراوەکــانی ئەو ئــامرازەی راگەیاندنیان داگیرکردوە. بڕوانە خشتەی (٧٠).

**خشتەی (٧٠) جۆری هەواڵەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو) لە رووی ناوەڕۆکەوە**

| ژ | جۆری هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سیاسی | ١٩١٢ | ٣٦.٥٣ | یەکەم |
| ٢ | ئابوری | ٤٠١ | ٧.٦٦ | چوارەم |
| ٣ | کۆمەڵایەتی | ٢٠٧ | ٣.٩٥ | پێنجەم |
| ٤ | کەشوهەوا | ٣٨ | ٠.٧٣ | هەشتەم |
| ٥ | وەرزشی | ١٨٥٦ | ٣٥.٤٦ | دووەم |
| ٦ | تەندروستی | ٤٧٧ | ٩.١١ | سێیەم |
| ٧ | هەمەڕەنگ | ٨ | ٠.١٦ | چواردەیەم |
| ٨ | زانستی | ١٠ | ٠.١٩ | سێزدەیەم |
| ٩ | کەلتور و رۆشنبیری | ١٤٢ | ٢.٧١ | شەشەم |
| ١٠ | خوێندن | ٢٠ | ٠.٣٨ | دەیەم |
| ١١ | راگەیاندن | ١١ | ٠.٢١ | دوازدەیەم |
| ١٢ | تەکنۆلۆژیا | ١١ | ٠.٢١ | دوازدەیەم |
| ١٣ | کاروباری ئاینیی | ٣٢ | ٠.٦١ | نۆیەم |
| ١٤ | ژینگە و کشتوکاڵ | ١٥ | ٠.٢٩ | یازدەیەم |
| ١٥ | هیتر | ٩٤ | ١.٨٠ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | | **٥٢٣٤** | **١٠٠** | |

### ٢. هەواڵە سیاسییەکانی (رووداو) لە روی پێگەوە:

بە گوێرەی ئەنجامەکان، لە روی شوێنەوە، لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)دا، هەواڵی سیاسیی پەیوەست بە (باشوری کوردستان) بە پلەی یەکەم دێت، ئینجا هەواڵی سیاسیی (نێودەوڵەتیی) پلەی دوەم وەردەگرێت، لە پلەی سێیەمدا هەواڵی سیاسیی پەیوەست بە (عیراق)، دواتر هەواڵی سیاسیی پەیوەست بە (پارچەکانی تری کوردستان) پلەی چوارەم داگیردەکات، و ئەوانیتر پلەکانی دواتر.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی شوێنی سەرەکی و چەقی کارکردنی (رووداو)، کە (باشوری کوردستان)ـە، و روبەڕی نیوەی زیاتری هەواڵە سیاسییەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکەی گرتوە، و گرنگیی تایبەتی بە پرس و پێشهاتە سیاسییەکانی پەیوەست بەو ناوچەیە داوە. بڕوانە خشتەی (٧١).

**خشتەی (٧١) پێگەی هەواڵە سیاسییەکانی پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)**

| ژ | پێگەی هەواڵی سیاسیی | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | باشوری کوردستان | ٩٩٠ | ٥١.٧٨ | یەکەم |
| ٢ | پارچەکانی تری کوردستان (باکور، خۆرهەڵات، خۆرئاوا) | ١٣١ | ٦.٨٥ | چوارەم |
| ٣ | رەوەندی کوردیی لە دەرەوە | ٣٥ | ١.٨٣ | شەشەم |
| ٤ | عیراق | ٢٦٨ | ١٤.٠٢ | سێیەم |
| ٥ | هەرێمایەتی (وڵاتانی دەوروبەر) | ٩٢ | ٤.٨١ | پێنجەم |
| ٦ | نێودەوڵەتیی (جیهانی) | ٣٩٦ | ٢٠.٧١ | دووەم |
| | کۆی گشتی | ١٩١٢ | ١٠٠ | |

**٣. هەواڵی سیاسیی پەیوەست بە باشوری کوردستان:**

بە پێی ئەنجامەکان، لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (باشوری کوردستان) لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستاندا) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، دوای ئەو هەواڵی تایبەت بە (پرسی ئاسایش و جەنگ لە باشوری کوردستاندا) دێت لە پلەی دوەمدا، پاشان هەواڵی تایبەت بە (پرسی هەڵبژاردن و ریفراندۆم لە باشوری کوردستاندا) لە پلەی سێیەمدا، هەواڵی تایبەت بە (پرسی مافی مرۆڤ لە باشوری کوردستاندا) لە پلەی چوارەم، و هەواڵی تایبەت بە (شەڕی تێرۆر و باشوری کوردستان) لە پلەی پێنجەم، و ئینجا هەواڵەکانی دیکە لە پلەکانی خوارتردا.

ئەمە ئاماژەیە بۆ: گرنگیدانی زۆری پێگەی رووداو بە رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە گۆڕەپانی سیاسی لەلایەک، و پەیوەندیی راستەوخۆیان بە بەڕێوەبردن و حکومڕانیی لە وڵاتەکەدا، لەلایەکیترەوە. بڕوانە خشتەی (٧٢).

**خشتەی (٧٢) هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە باشوری کوردستان**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پرسی چاکسازیی سیاسیی و کارگێڕیی لە باشوری کوردستاندا | ٨٧ | ٨.٧٩ | حەوتەم |
| ٢ | پەیوەندییە دەرەکییەکانی باشوری کوردستان و وڵاتان | ٦٦ | ٦.٦٧ | هەشتەم |
| ٣ | پرسی هەڵبژاردن و ریفراندۆم لە باشوری کوردستاندا | ١٢٨ | ١٢.٩٣ | سێیەم |
| ٤ | شەڕی تێرۆر و باشوری کوردستان | ١٠٩ | ١١.٠١ | پێنجەم |
| ٥ | پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستاندا | ١٨٦ | ١٨.٧٩ | یەکەم |
| ٦ | کەسێتییە ساسییەکان لە باشوری کوردستاندا | ٩٢ | ٩.٢٩ | شەشەم |
| ٧ | پرسی مافی مرۆڤ لە باشوری کوردستاندا | ١١٣ | ١١.٤١ | چوارەم |
| ٨ | پرسی ئاین و ئاینزاکان لە باشوری کوردستاندا | ٣١ | ٣.١٣ | دەیەم |
| ٩ | پرسی ئاسایش و جەنگ لە باشوری کوردستاندا | ١٤٦ | ١٤.٧٥ | دووەم |
| ١٠ | پرسە نەتەوەییەکان لە باشوری کوردستان | ٣٢ | ٣.٢٣ | نۆیەم |
| | کۆی گشتی | ٩٩٠ | ١٠٠ | |

**٤. هەواڵی سیاسیی پەیوەست بە پارچەکانی تری کوردستان:**

ئەنجامەکان رونیدەکەنەوە، لە چوارچێوەی هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پارچەکانی تری کوردستان) لە پێگەی ئەلیکترۆنیی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (خۆرهەڵاتی کوردستان) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، پاشان هەواڵی تایبەت بە (باکوری کوردستان) بە پلەی دوەم هاتوە، ئینجا هەواڵی تایبەت بە (خۆرئاوای کوردستان) لە دوا پلەدان.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ: فۆکەسی تایبەتی رووداو لەسەر پرس و پێشهاتە سیاسییەکانی ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان. بڕوانە خشتەی (٧٣).

**خشتەی (٧٣) پرسی هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە پارچەکانی تری کوردستان**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | باکوری کوردستان | ٤٨ | ٣٦.٦٤ | دووەم |
| ٢ | خۆرهەڵاتی کوردستان | ٥٠ | ٣٨.١٧ | یەکەم |
| ٣ | خۆرئاوای کوردستان | ٣٣ | ٢٥.١٩ | سێیەم |
| کۆی گشتی | | ١٣١ | ١٠٠ | |

**٥. هەواڵ سیاسییەکانی پەیوەست بەرەوەندی کوردی لەدەرەوە:**

ئەنجامەکان، روونیدەکەنەوە کە لەچوارچێوەی هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە(رەوەندی کوردی لەدەرەوە)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا هەواڵەکانی پەیوەست بە (فێستیڤاڵەکانی سەربەخۆیی باشوری کوردستان) لەوڵاتانی دەرەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی تایبەت بە (جەژنە نەتەوەییەکان لەتاراوگە) و (بارودۆخی کۆچبەرانی کورد) بەپلەی دووەم

هاتوون، دواتر هەواڵی تایبەت بە (زمانی کوردی و خەڵکی بیانی) و ( لایەنگرانی پەکەکە لەئەڵمانیا) بەپلەی سێیەم دێن، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی تر داگیردەکەن.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ: گرنگیدانی (پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو) بە پرسی سەربەخۆیی باشوری کوردستان، لەناو هەواڵەکانی پەیوەست بە رەوەندی کوردی لەدەرەوە، لەو روانگەیەوە بەشێکی زۆری پانتایی هەواڵەکانی رووداو پەیوەست بوون بە فێستیڤاڵەکانی سەربەخۆیی باشوری کوردستان لەوڵاتانی دەرەوە. بڕوانە خشتەی (٧٤).

**خشتەی (٧٤) پرسی هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە ڕەوەندی کوردی لەدەرەوە**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زمانی کوردی و خەڵکانی بیانی | ٣ | ٨.٥٧ | سێیەم |
| ٢ | کۆنفرانس و کۆنگرەکانی پەیوەست بە پرسی کورد | ١ | ٢.٨٦ | پێنجەم |
| ٣ | جەژنە نەتەوەییەکان لە تاراوگە | ٤ | ١١.٤٣ | دووەم |
| ٤ | بەشداریی کوردانی دەرەوە لە ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکاندا | ١ | ٢.٨٦ | پێنجەم |
| ٥ | فێستیڤاڵی سەربەخۆیی کوردستان لە تاراوگە | ١١ | ٣١.٤٣ | یەکەم |
| ٦ | کۆچکردنی کوردان بۆ تاراوگە | ٢ | ٥.٧١ | چوارەم |
| ٧ | بارودۆخی کۆچبەرانی کورد | ٤ | ١١.٤٣ | دووەم |
| ٨ | خوێندکارانی کورد لە تاراوگە | ١ | ٢.٨٦ | پێنجەم |
| ٩ | بەشداریی کورد لە گفتوگۆی جنێڤ | ٢ | ٥.٧١ | چوارەم |
| ١٠ | لایەنگرانی پەکەکە لە ئەڵمانیا | ٣ | ٨.٥٧ | سێیەم |
| ١١ | برێکزت و کوردانی بریتانیا | ١ | ٢.٨٦ | پێنجەم |
| ١٢ | بەشداریکردنی کوردانی تاراوگە لە هەڵبژاردنی ئەو وڵاتانەی لێی نیشتەجێن | ٢ | ٥.٧١ | چوارەم |
| | کۆی گشتی | ٣٥ | ١٠٠ | |

**٦. هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە عیراق:**

بەگوێرەی ئەنجامەکان، لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (عیراق)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (پەیوەندیی عیراق و هەرێمی کوردستان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دوای ئەویش هەواڵی (پرسی ئاسایش و جەنگ لە عیراقدا) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (پرسی هەڵبژاردن لە عیراقدا) لەپلەی سێیەمدایە، هەواڵی تایبەت بە (پەیوەندیی دەرەکیەکانی عیراق و وڵاتان) لە پلەی چوارەم، و هەواڵی تایبەت بە (شەڕی تێرۆر و عیراق) لە پلەی پێنجەم، و ئینجا هەواڵەکانی دیکە لە پلەکانی خوارتردا.

ئەمە هێمایە بۆ: فۆکەسی زۆری هەواڵەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەپلەی یەکەم، دواتر پرسەکانی جەنگ و ئاسایش پانتایی زۆریان لەناو هەواڵەکاندا داگیرکردووە. بڕوانە خشتەی (٧٥).

**خشتەی (٧٥) هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە عیراق**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پرسی چاکسازیی سیاسیی و کارگێڕیی لە عیراقدا | ١٤ | ٥.٢٢ | شەشەم |
| ٢ | پەیوەندیی دەرەکیەکانی عیراق و وڵاتان | ٢٥ | ٩.٣٣ | چوارەم |
| ٣ | پرسی هەڵبژاردن لە عیراقدا | ٣٣ | ١٢.٣١ | سێیەم |
| ٤ | شەڕی تێرۆر و عیراق | ٢٤ | ٨.٩٦ | پێنجەم |
| ٥ | پارتە سیاسییەکان لە عیراقدا | ٥ | ١.٨٧ | نۆیەم |
| ٦ | کەسێتییە ساسییەکان لە عیراقدا | ١٣ | ٤.٨٥ | حەوتەم |
| ٧ | پرسی مافی مرۆڤ لە عیراقدا | ٨ | ٢.٩٨ | هەشتەم |
| ٨ | پرسی ئاین و ئاینزاکان لە عیراقدا | ٥ | ١.٨٧ | نۆیەم |
| ٩ | پرسی ئاسایش و جەنگ لە عیراقدا | ٥١ | ١٩.٠٣ | دووەم |
| ١٠ | پەیوەندیی عیراق و هەرێمی کوردستان | ٩٠ | ٣٣.٥٨ | یەکەم |
| | کۆی گشتی | **٢٦٨** | **١٠٠** | |

**٧. هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە کاروباری هەرێمایەتی:**

بەپێی ئەنجامەکان، لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (کاروباری هەرێمایەتی)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (قەیرانی سوریا)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە بەجۆرێک پانتایی زیاتر لەنیوەی هەواڵە هەرێمایەتییەکانی داگیرکردووە، ئەوە دەریدەخات کە پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو گرنگی زۆری بەقەیرانی سوریا داوە لەناو هەواڵەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و توانراوە زانیاریی زۆری سیاسیی و سەربازی و دیپلۆماسی و ململانێی وڵاتان لەگۆڕەپانی سوریا بۆ وەرگران بگوازرێتەوە، دوای ئەو هەواڵی (شەڕی تیرۆر لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (قەیرانی قەتەر) لەپلەی سێیەمدایە، و هەواڵی تایبەت بە (پرسی مافی مرۆڤ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست) لە پلەی چوارەم و کۆتاییدایە،

ئەمە هێمایە بۆ: گرنگیپێدانی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بەهەواڵەکانی جەنگ و ململانێی وڵاتان و قەیرانە نێودەوڵەتیی و هەرێمایەتییەکان، بەتایبەتی قەیرانی سوریا، هەروەها هەواڵەکانی پەیوەست بەجەنگ و تیرۆر پێگەیەکی باشی لەناو هەواڵەکانی رووداو داگیرکردووە. بڕوانە خشتەی (٧٦).

**خشتەی (٧٦) پرسی هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە کاروباری هەرێمایەتی**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | قەیرانی سوریا | ٥٣ | ٥٧.٦١ | یەکەم |
| ٢ | قەیرانی قەتەر | ١٣ | ١٤.١٣ | سێیەم |
| ٣ | شەڕی تیرۆر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست | ٢١ | ٢٢.٨٣ | دووەم |
| ٤ | پرسی مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست | ٥ | ٥.٤٣ | چوارەم |
| | کۆی گشتی | ٩٢ | ١٠٠ | |

**٨. هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بەجیهان:**

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (جیهان)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (پرسی دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دوای ئەو هەواڵی (پرسی ئاسایشی نێودەوڵەتی) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (کەسێتییە سیاسییەکان) لەپلەی سێیەمدایە، و هەواڵی تایبەت بە (پرسی هەڵبژاردن و ریفراندۆم لەجیهاندا) لەپلەی چوارەم دایە، هەروەها هەواڵەکانی تر پلەکانی پێنجەم و شەشەمیان گرتووە.

ئەوە روونیدەکاتەوە، کە لەپێگەی ئەلیکترۆنی رووداودا گرنگی زۆر بەهەواڵە جیهانییەکان دراوە، لەپێناو پێدانی زۆرترین زانیاریی سیاسیی دەربارەی پرسە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان بەوەرگرانی کورد لەهەرێمی کوردستان و دەرەوە، بەتایبەتی دەربارەی پرسی دیپلۆماسیەت و ئاسایشی نێودەوڵەتی. بڕوانە خشتەی (٧٧).

**خشتەی (٧٧) هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە جیهان**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارە بونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پرسی دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتی | ١١٩ | ٣٠.٠٥ | یەکەم |
| ٢ | کەسێتییە سیاسییەکان لە جیهاندا | ٧٦ | ١٩.١٩ | سێیەم |
| ٣ | پرسی مافی مرۆڤ لە جیهاندا | ٥١ | ١٢.٨٩ | پێنجەم |
| ٤ | پرسی هەڵبژاردن و ریفراندۆم لەجیهاندا | ٦٠ | ١٥.٤٠ | چوارەم |
| ٥ | پرسی ئاسایشی نێودەوڵەتی | ٨٤ | ٢١.٢١ | دووەم |
| ٦ | پرسی کەمینەکان | ٥ | ١.٢٦ | شەشەم |
| | کۆی گشتی | **٣٩٥** | **١٠٠** | |

**یەکەم: هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە باشوری کوردستان:**

**٩. پرسی چاکسازیی سیاسیی و کارگێڕیی لە باشوری کوردستاندا:**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی چاکسازی سیاسیی و کارگێڕی لەباشوری کوردستاندا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دوای ئەو هەواڵی (خۆپیشاندانەکان) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (کێشەی مووچەی فەرمانبەران و حکومەت) لەپلەی سێیەمدایە، و هەواڵی تایبەت بە (هەوڵی حزبەکان بۆ چاکسازی لەحکومەت و کشانەوەی حزبە نارازییەکان لەحکومەت) لە پلەی چوارەمدان، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (لامەرکەزی کارگێڕی پارێزگاکان) پلەی پێنجەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵەکانی تر پلەکانی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمیان وەرگرتووە.

لێرەدا دەرکەوتووە، کە لە پێگەی ئەلیکترۆنی رووداودا بەهەواڵەکانی پەیوەست بە پرسی چاکسازی سیاسیی و کارگێڕی لەباشوری کوردستاندا، بەتایبەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کێشەی مووچەی فەرمانبەران، هەواڵی زۆریان دەربارە بڵاوکراوەتەوە بۆ وەرگران، چونکە ئەم کێشانە پەیوەندییەکی راستەخۆیان بەژیانی وەرگرانەوە هەیە. بڕوانە خشتەی (٧٨).

**خشتەی (٧٨) پرسی چاکسازیی سیاسیی و کارگێڕیی لە باشوری کوردستاندا:**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی | ٢٠ | ٢٢.٩٩ | یەکەم |
| ٢ | خۆپیشاندانەکان | ١٨ | ٢٠.٦٩ | دووەم |
| ٣ | هەوڵی حزبەکان بۆ چاکسازیی لەمووچەی فەرمانبەراندا | ٤ | ٤.٦٠ | شەشەم |
| ٤ | هەوڵی حزبەکان بۆ چاکسازی لەحکومەتدا | ١٠ | ١١.٤٩ | چوارەم |
| ٥ | کێشەی مووچەی فەرمانبەران و حکومەت | ١٣ | ١٤.٩٤ | سێیەم |
| ٦ | کەیسی فەرمانبەرانی نایاسایی | ٢ | ٢.٣٠ | حەوتەم |
| ٧ | دوورخستنەوەی بەرپرسان لە پۆستەکانیان | ٤ | ٤.٦٠ | شەشەم |
| ٨ | لامەرکەزیی کارگێڕیی پارێزگاکان | ٥ | ٥.٧٥ | پێنجەم |
| ٩ | داوای پێکهێنانی حکومەتی رزگاریی نیشتمانی | ١ | ١.١٥ | هەشتەم |
| ١٠ | کشانەوەی حزبە ناڕازییەکان لەحکومەت | ١٠ | ١١.٤٩ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | **٨٧** | **١٠٠** | |

**١٠. پەیوەندییە دەرەکییەکانی باشوری کوردستان و وڵاتان:**

ئەنجامەکان ئەوە نیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پەیوەندییە دەرەکییەکانی باشوری کوردستان و وڵاتان)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دوای ئەو هەواڵی (هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ راگرتنی شەڕی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی و سوپای عیراق) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (کۆبوونەوەکانی کونسوڵگەریی وڵاتان لەگەڵ کەسێتییە سیاسییەکان) لەپلەی سێیەمدایە، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەمیان وەرگرتووە.

ئەوە روونیدەکاتەوە: کە گرنگیپێدانی پرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی جیهان لەلایەن وەرگرانەوە، هۆکاربووە بۆئەوەی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو گرنگی زۆر بەم پرسانە بدات کە بنەمایەکن بۆ زانینی سیاسیی وەرگران. بڕوانە خشتەی (٧٩).

**خشتەی (٧٩) پەیوەندییە دەرەکییەکانی باشوری کوردستان و وڵاتان**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پەیوەندیی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەمەریکا | ٤ | ٦.٠٦ | پێنجەم |
| ٢ | پەیوەندیی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان و وڵاتان | ٥ | ٧.٥٨ | چوارەم |
| ٣ | هەماهەنگیی هاوپەیمانان لەگەڵ هەرێمی کوردستان | ٥ | ٧.٥٨ | چوارەم |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی کونسوڵگەریی وڵاتان لەگەڵ کەسێتییە سیاسییەکان | ٦ | ٩.٠٩ | سێیەم |
| ٥ | پەیوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ | ١٦ | ٢٤.٢٤ | یەکەم |
| ٦ | کردنەوەی نوێنەرایەتی و کونسوڵگەریی وڵاتان | ١ | ١.٥١ | حەوتەم |
| ٧ | هاووڵاتییە بیانییەکان لە هەرێم | ٦ | ٩.٠٩ | سێیەم |
| ٨ | هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ راگرتنی شەڕی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی و سوپای عیراق | ١٠ | ١٥.١٥ | دووەم |
| ٩ | هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ نێوەندگیری و دانوستاندن لەنێوان هەرێم و بەغداد | ٥ | ٧.٥٨ | چوارەم |
| ١٠ | سەردانی وەفدەکانی حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوەکانی تر بۆ وڵاتان | ٥ | ٧.٥٨ | چوارەم |
| ١١ | پرۆژە و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی | ٣ | ٤.٥٤ | شەشەم |
| | کۆی گشتی | **٦٦** | **١٠٠** | |

**١١- پرسی هەڵبژاردن و ریفراندۆم لەباشوری کوردستاندا:**

ئەنجامەکان ئەوە نیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی هەڵبژاردن‌و ریفراندۆم لەباشوری کوردستاندا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی باشوری کوردستان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە بەجۆرێک زیاتر پانتایی زیاتر لەهەواڵەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردن و ریفراندۆمی گرتووە، دوای ئەو هەواڵی (ریفراندۆم لە ناوچە دابڕێنراوەکان) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن بۆ ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکانی هەرێم) لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (بانگەشەی هەڵبژارن) بەپلەی چوارەم دێت، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمیان وەرگرتووە .

ئەوە ئاماژەیە بۆ: گرنگیپێدانی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بە پرسی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشوری کوردستان لە(٢٥)ی ئەیلولی (٢٠١٧) و دواخستنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان بەهەمان شێوە فاکتەر بوون، چونکە ئەنجامەکان دەریانخستووە هەموو ئەو هەواڵانەی پلەکانی پێشوەیان لەناو هەواڵەکانی تر وەرگرتووە پەیوەستن بەپرسەکانی هەڵبژاردن و ریفراندۆمەوە کە رووداوی گەرمی ساڵی (٢٠١٧) بوون. بڕوانە خشتەی (٨٠).

**خشتەی (٨٠) پرسی هەڵبژاردن و ریفراندۆم لەباشوری کوردستاندا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی باشوری کوردستان | ٥٢ | ٤٠.٦٤ | یەکەم |
| ٢ | دروستکردنی ئەپڵیکەیشن بۆ هەڵبژاردن | ١ | ٠.٧٨ | نۆیەم |
| ٣ | بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان | ١ | ٠.٧٨ | نۆیەم |
| ٤ | ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن بۆ ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکانی هەرێم | ١٤ | ١٠.٩٤ | سێیەم |
| ٥ | لیستی نویێ بۆ هەڵبژاردنەکان | ٢ | ١.٥٦ | هەشتەم |
| ٦ | بایۆمەتریی هەڵبژاردن | ١ | ٠.٧٨ | نۆیەم |
| ٧ | هەڵبژاردنی حزبەکان | ٥ | ٣.٩١ | شەشەم |
| ٨ | دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان | ٣ | ٢.٣٤ | حەوتەم |
| ٩ | ریفراندۆم لە ناوچە دابڕێنراوەکان | ١٥ | ١١.٧٢ | دووەم |
| ١٠ | کۆمیتەی (ئەنجومەنی) باڵای ریفراندۆم | ٢ | ١.٥٦ | هەشتەم |
| ١١ | نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران | ٣ | ٢.٣٤ | حەوتەم |
| ١٢ | تۆمارکردنی قەوارە سیاسییەکان لە کۆمسیۆن | ٢ | ١.٥٦ | هەشتەم |
| ١٣ | دەنگدەرانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان | ٥ | ٣.٩١ | شەشەم |
| ١٤ | تۆمارکردنی کاندید و لیستەکان | ١ | ٠.٧٨ | نۆیەم |
| ١٥ | بانگەشەی ریفراندۆم | ٨ | ٦.٢٥ | چوارەم |
| ١٦ | چاودێریکردنی هەڵبژاردن | ١ | ٠.٧٨ | نۆیەم |
| ١٧ | کەمپەین و کەرنەڤاڵەکانی ریفراندۆم لە شارەکانی هەرێم | ٢ | ١.٥٦ | هەشتەم |
| ١٨ | دواخستنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم | ٣ | ٢.٣٤ | حەوتەم |
| ١٩ | ریفراندۆمی باشوری کوردستان و کاردانەوە ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان و لێکەوتەکانی | ٧ | ٥.٤٧ | پێنجەم |
| | **کۆی گشتی** | **١٢٨** | **١٠٠** | |

**١٢. شەڕی تێرۆرو باشوری کوردستان:**

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (شەڕی تێرۆر لەباشوری کوردستان)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (رووداوی تەقەکردن و رفاندن لە شارەکان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە ، دوای ئەو هەواڵی (سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تێرۆر) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە لە شەڕی تێرۆردا) لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (شەهید و برینداربوونی پێشمەرگە لە شەڕی داعش) بەپلەی چوارەم دێت، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە .

ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە پرسی تێرۆر جێبایەخی زۆری پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بووە لەهەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە دەیەی رابردوودا و لەدوای رووخانی حکومەتی بەعسی پێشووی عیراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە لە (٢٠٠٣)ەوە گروپ و کردەوەی تێرۆریستی لەعیراق دەستیان بەچالاکی کرد، شەڕی گروپی تێرۆریستی (داعش) دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراق و شام، لەماوەی ساڵانی رابردوودا و بەرگرییەکانی هێزی پێشمەرگە و نزیکی شەڕ لەباشوری کوردستان فاکتەری کاریگەربوونە لە گرنگیپێدانی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بەهەواڵەکانی پەیوەست بە شەڕی تێرۆر لەباشوری کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٨١).

## خشتەی (٨١) شەڕی تێرۆر و باشوری کوردستان

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کردەوەو هێرشی تێرۆریستی | ٣ | ٢.٧٥ | هەشتەم |
| ٢ | شەڕی داعش و بەرەنگارییەکانی پێشمەرگە | ٨ | ٧.٣٤ | پێنجەم |
| ٣ | ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ و بەشداری پێشمەرگە | ٣ | ٢.٧٥ | هەشتەم |
| ٤ | هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە لە شەڕی تێرۆردا | ١١ | ١٠.٠٩ | سێیەم |
| ٥ | ڕووداوی تەقەکردن و ڕفاندن لە شارەکان | ١٩ | ١٧.٤٣ | یەکەم |
| ٦ | دەستگیرکردنی گروپی تێرۆریستی | ٧ | ٦.٤٢ | شەشەم |
| ٧ | دژە تێرۆری کوردستان | ١ | ٠.٩٢ | دەیەم |
| ٨ | بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن گروپە تێرۆریستیەکان | ١ | ٠.٩٢ | دەیەم |
| ٩ | یەکخستنەوەی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا | ٢ | ١.٨٣ | نۆیەم |
| ١٠ | ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی شەڕی تێرۆر | ٧ | ٦.٤٢ | شەشەم |
| ١١ | پێشمەرگەی دیل لەناو داعش | ٧ | ٦.٤٢ | شەشەم |
| ١٢ | تاوتوێکردنی قۆناغی دوای داعش | ٣ | ٢.٧٥ | هەشتەم |
| ١٣ | ئۆپەراسیۆنی حەویجە و پرسی بەشدارییپێکردنی پێشمەرگە | ٥ | ٤.٦٠ | حەوتەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٤ | سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تێرۆر | ١٧ | ١٥.٦٠ | دووەم |
| ١٥ | شەهید و برینداربوونی پێشمەرگە لە شەڕی داعش | ١٠ | ٩.١٧ | چوارەم |
| ١٦ | تاوانە مرۆییەکانی داعش | ٣ | ٢.٧٥ | هەشتەم |
| ١٧ | خۆرادەستکردنی خێزانی چەکدارانی داعش | ٢ | ١.٨٤ | نۆیەم |
| | کۆی گشتی | **١٠٩** | **١٠٠** | |

**١٣. پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستاندا:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پارتە سیاسییەکان لەباشوری کوردستاندا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (کۆبوونەوەی حزبە کوردستانییەکان دەربارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە بەجۆرێک پانتاییەکی زۆری لەهەواڵەکانی داگیرکردوە، دوای ئەو هەواڵی (رێککەوتنی حزبەکان) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (کۆبونەوەی حزبە کوردستانییەکان دەربارەی پرسی ریفراندۆم) لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (کاروباری ناوخۆی حزبەکان) بەپلەی چوارەم دێت، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ: گرنگیپێدانی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بە کارایی و چالاکی پارتە سیاسییەکان لەباشوری کوردستان، چونکە بەشێکن لەژیان و پرۆسەی سیاسیی و رۆڵی گرنگ و کاریگەرییان هەیە لەیەکلاکردنەوەی پرسە سیاسییەکان، بەتایبەتی لەچالاکی پارتە سیاسییەکاندا فۆکەس خراوەتە سەر کێشەی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٧) و رێککەوتنی حزبەکان و کۆبوونەوەیان دەربارەی پرسی ریفراندۆم. بڕوانە خشتەی (٨٢).

**خشتەی (٨٢) پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستاندا:**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رێککەوتنی حزبەکان | ٢٦ | ١٣.٩٨ | دووەم |
| ٢ | کۆبونەوەی حزبە کوردستانییەکان دەربارەی پرسی ریفراندۆم | ٢٥ | ١٣.٤٥ | سێیەم |
| ٣ | کۆبوونەوەی حزبە کوردستانییەکان دەربارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان | ٤٦ | ٢٤.٧٣ | یەکەم |
| ٤ | شەڕی راگەیاندن لە نێوان حزبە کوردستانییەکاندا | ٤ | ٢.١٥ | نۆیەم |
| ٥ | کاروباری ناوخۆی حزبەکان | ٢٠ | ١٠.٧٥ | چوارەم |
| ٦ | کێشەی سیاسیی نێوان حزبەکان | ١٠ | ٥.٣٨ | هەشتەم |
| ٧ | هەڵوێست و بەیاننامەی حزبەکان لە پێشهاتەکاندا | ١٣ | ٦.٩٩ | حەوتەم |
| ٨ | کێشەی سەرۆکایەتیی هەرێم و هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان | ٣ | ١.٦١ | دەیەم |
| ٩ | رێگریکردن لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان | ٣ | ١.٦١ | دەیەم |
| ١٠ | ناکۆکیی حزبە کوردستانییەکان لەسەر پرسی ریفراندۆم | ١٥ | ٨.٠٦ | شەشەم |
| ١١ | کێشە و ململانێی حزبە سیاسییەکان | ١٦ | ٨.٦٠ | پێنجەم |
| ١٢ | یەکەکە لەقەندیل | ١ | ٠.٥٤ | یازدەیەم |
| ١٣ | دواخستنی دانیشتنی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان | ٤ | ٢.١٥ | نۆیەم |
| | کۆی گشتی | **١٨٦** | **١٠٠** | |

**١٤. کەسێتییە ساسییەکان لە باشوری کوردستاندا:**

ئەنجامەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (کەسێتییە ساسییەکان لە باشوری کوردستاندا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (هاتنی کەسێتییە سیاسییەکان بۆ باشوری کوردستان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دوای ئەو هەواڵی (بەیاننامە و راگەیەندراوی کەسێتییە سیاسییەکان) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (مردنی کەسێتییە سیاسییەکان) لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (دەستلەکارکێشانەوەی کەسێتییە سیاسییەکان) بەپلەی چوارەم دێت، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە دەریدەخات: کە فۆکەسی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو لەسەر هاتنی کەسێتییە سیاسییەکان بووە بۆ باشوری کوردستان، بڕوانە خشتەی (٨٣).

**خشتەی (٨٣) کەسێتییە ساسییەکان لە باشوری کوردستاندا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تێوەگلانی کەسێتییە سیاسییەکان لە گەندەڵی | ٢ | ٢.١٧ | نۆیەم |
| ٢ | دەستبەردارنەبونی کەسێتییە سیاسییەکان لە پۆستەکانیان | ٢ | ٢.١٧ | نۆیەم |
| ٣ | گۆڕانکاری لە پۆستی کەسێتییە سیاسییەکان | ٧ | ٧.٦١ | پێنجەم |
| ٤ | بەیاننامە و راگەیەندراوی کەسێتییە سیاسییەکان | ١٦ | ١٧.٣٩ | دووەم |
| ٥ | مردنی کەسێتییە سیاسییەکان | ١٥ | ١٦.٣٠ | سێیەم |
| ٦ | ململانێی کەسێتییە سیاسییەکان | ٣ | ٣.٢٦ | هەشتەم |
| ٧ | دەستلەکارکێشانەوەی کەسێتییە سیاسییەکان | ٨ | ٨.٧٠ | چوارەم |
| ٨ | تێرۆرکردنی کەسێتییە سیاسییەکان | ١ | ١.٠٨ | دەیەم |
| ٩ | تەندروستی کەسێتییە سیاسییەکان | ٤ | ٤.٣٥ | حەوتەم |
| ١٠ | هاتنی کەسێتییە سیاسییەکان بۆ باشوری کوردستان | ٢٧ | ٢٩.٣٤ | یەکەم |
| ١١ | یادکردنەوەی کەسێتییە سیاسییەکان | ٦ | ٦.٥٥ | شەشەم |
| ١٢ | دەستگیرکردنی کەسێتییە سیاسییەکان | ١ | ١.٠٨ | دەیەم |
| | کۆی گشتی | **٩٢** | **١٠٠** | |

### ١٥. پرسی مافی مرۆڤ له باشوری كوردستاندا:

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی مافی مرۆڤ لەباشوری کوردستان)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (بارودۆخی ژیانی ئاوارەکان لە کەمپەکاندا)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (هاوکاریکردنی لێقەوماوانی بومەلەرزە لە کرماشان و شارەکانی هەرێمی کوردستان)دا دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (پێشێلکارییەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکوک و خورماتوو و شەنگال بەرامبەر خەڵکی مەدەنی) لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (هاوکاریی مرۆیی بۆ ئاوارەکان و جەنگ و ئاوارەبونی خەڵکی مەدەنی) بەپلەی چوارەم دێن، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (دەستگیرکردنی چالاکوانانی مەدەنی) بەپلەی پێنجەم دێت، دواتر هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە روونیدەکاتەوە: کە پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو فۆکەسی زۆری خستۆتە سەر پرسەکانی پەیوەست بەمافی مرۆڤ لەباشوری کوردستاندا و بەتایبەتی هەواڵەکانی پەیوەست بارودۆخی ژیانی ئاوارەکان لەکەمپەکانی کوردستان کە بەهۆی جەنگی دژی تێرۆرەوە لەزۆربەی شارەکان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووە. بڕوانە خشتەی (٨٤).

**خشتەی (٨٤) پرسی مافی مرۆڤ لە باشوری کوردستاندا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بارودۆخی ژیانی ئاوارەکان لە کەمپەکاندا | ٢٠ | ١٧.٧٠ | یەکەم |
| ٢ | هاوکاریی مرۆیی بۆ ئاوارەکان | ٨ | ٧.٠٨ | چوارەم |
| ٣ | جەنگ و ئاوارەبونی خەڵکی مەدەنی | ٨ | ٧.٠٨ | چوارەم |
| ٤ | بارودۆخی کوردانی ئێزیدی | ٥ | ٤.٤٢ | حەوتەم |
| ٥ | بەکارهێنانی منداڵ بۆ کردەوەی تیرۆریستی لەلایەن داعشەوە | ٣ | ٢.٦٥ | نۆیەم |
| ٦ | هاوسەرگیریی پێشوەخت | ١ | ٠.٨٩ | یازدەیەم |
| ٧ | دەستگیرکردن و هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان | ٣ | ٢.٦٥ | نۆیەم |
| ٨ | بارودۆخی منداڵان | ١ | ٠.٨٩ | یازدەیەم |
| ٩ | بێکاریی پەنابەران | ١ | ٠.٨٩ | یازدەیەم |
| ١٠ | ناردنی پێشمەرگە بریندارەکان بۆ دەرەوە | ٢ | ١.٧٧ | دەیەم |
| ١١ | بڕیاری لەسێدارەدان | ١ | ٠.٨٩ | یازدەیەم |
| ١٢ | گۆڕی بەکۆمەڵ | ٣ | ٢.٦٥ | نۆیەم |
| ١٣ | مافی ژنان | ٢ | ١.٧٧ | دەیەم |
| ١٤ | ژن و منداڵانی ئێزیدی لەناو داعش | ٥ | ٤.٤٢ | حەوتەم |
| ١٥ | رزگارکردنی کچانی ئێزیدی لەناو داعش | ٦ | ٥.٣١ | شەشەم |
| ١٦ | دەستگیرکردنی چالاکوانانی مەدەنی | ٧ | ٦.١٩ | پێنجەم |
| ١٧ | ئیدانەکردنی رووداوەکانی میانمار لە کوردستان | ٤ | ٣.٥٤ | هەشتەم |
| ١٨ | هاوکاریکردنی لێقەوماوانی بومەلەرزە لە کرماشان و شارەکانی هەرێمی کوردستان | ١٨ | ١٥.٩٣ | دووەم |
| ١٩ | بێبەشبونی منداڵە ئاوارەکان لە خوێندن | ٢ | ١.٧٧ | دەیەم |
| ٢٠ | پێشێلکارییەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکوک و خورماتوو و شەنگال بەرامبەر خەڵکی مەدەنی | ١٠ | ٨.٨٥ | سێیەم |
| ٢١ | کوشتنی رۆژنامەنووسان لەجەنگدا | ٢ | ١.٧٧ | دەیەم |
| ٢٢ | دەستدرێژیکردنە سەرژنان لەلایەن داعشەوە | ١ | ٠.٨٩ | یازدەیەم |
| | کۆی گشتی | ١١٣ | ١٠٠ | |

**١٦ .پرسی ئاین و ئاینزاکان لە باشوری کوردستاندا:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی ئاین و ئاینزاکان لە باشوری کوردستاندا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (بۆنە ئاینییەکان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (پزیشکی نەبەوی و سەلەفییەکان) دێن بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (لالش) لەپلەی سێیەمدایە، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە .

ئەوە بەڵگەی ئەوەیە: کە هەواڵە ئاینییەکان، پێگەی ئەلیکترۆنی رووداودا جێی بایەخ و گرنگیپێدان بوون، بۆیەشە گرنگی بەگواستنەوە و بڵاوکردنەوەیان دراوە، بەتایبەتی بۆنە ئاینییەکان، بەجۆرێک نیوەی زیاتری هەواڵەکانی پەیوەست بە پرسی ئایین و ئاینزاکانی لەباشوری کوردستاندا داگیرکردووە. بڕوانە خشتەی (٨٥).

**خشتەی (٨٥) پرسی ئاین و ئاینزاکان لە باشوری کوردستاندا**

| پلەبەندیی | % | دووبارەبونەوە | پرسی هەواڵ | ژ |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٥٨.٠٦ | ١٨ | بۆنە ئاینییەکان | ١ |
| چوارەم | ٣.٢٣ | ١ | سەردانی زانایانی ئایینی بۆ هەرێمی کوردستان | ٢ |
| سێیەم | ٩.٦٨ | ٣ | لالش | ٣ |
| دووەم | ١٢.٩٠ | ٤ | پزیشکی نەبەوی | ٤ |
| دووەم | ١٢.٩٠ | ٤ | سەلەفییەکان | ٥ |
| چوارەم | ٣.٢٣ | ١ | مەزاری ئاینیی | ٦ |
| | **١٠٠** | **٣١** | کۆی گشتی | |

**.١٧پرسی ئاسایش و جەنگ لە باشوری کوردستاندا:**

ئەنجامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی ئاسایش و جەنگ لە باشوری کوردستاندا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (گەڕانەوەی ئاوارەکانی جەنگ بۆ شوێنەکانیان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (بۆردومانی بارەگاکانی پەکەکە لەلایەن تورکیا لە هەرێمی کوردستان) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (ماددەی هۆشبەر) لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (مانۆڕی سەربازی وڵاتانی دراوسێ لە سنورەکانی هەرێم) بەپلەی چوارەم دێت، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە دەریدەخات: کە هەواڵەکانی پەیوەست بە پرسی ئاسایش و جەنگ لەباشوری کوردستان جێ بایەخ و فۆکسی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بوون،

بەتایبەتی هەواڵەکانی پەیوەست بەگەڕانەوەی ئاوارەکانی جەنگ بۆ شوێنەکانیان. بڕوانە خشتەی (٨٦).

**خشتەی (٨٦) پرسی ئاسایش و جەنگ لە باشوری کوردستاندا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ماددەی هۆشبەر | ٩ | ٦.١٦ | سێیەم |
| ٢ | پێکدادانەکانی پەکەکە و سوپای تورکیا لە سنورەکانی باشوری کوردستان | ٤ | ٢.٧٤ | حەوتەم |
| ٣ | دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلی ساختە و نایاسایی | ٦ | ٤.١١ | پێنجەم |
| ٤ | مانۆڕی سەربازی وڵاتانی دراوسێ لە سنورەکانی هەرێم | ٨ | ٥.٤٧ | چوارەم |
| ٦ | دەنگۆی برینداربونی فەرماندەکانی پێشمەرگە | ١ | ٠.٦٩ | نۆیەم |
| ٧ | بۆردومانی بارەگاکانی پەکەکە لەلایەن تورکیا لە هەرێمی کوردستان | ٤٠ | ٢٧.٣٩ | دووەم |
| ٨ | گرژییەکانی شەنگال لە دوای ئازادکردنەوەی | ٤ | ٢.٧٤ | حەوتەم |
| ٩ | گەڕانەوەی ئاوارەکانی جەنگ بۆ شوێنەکانیان | ٦٣ | ٤٣.١٥ | یەکەم |
| ١٠ | ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم | ٥ | ٣.٤٢ | شەشەم |
| ١١ | گەڕانەوەی روفاتی ئەنفالکراوان | ١ | ٠.٦٩ | نۆیەم |
| ١٢ | دروستکردنی هێزی حەشدی شەعبی لەکوردستان | ٢ | ١.٧٣ | هەشتەم |
| ١٣ | پوچەڵکردنەوەی مین | ٢ | ١.٧٣ | هەشتەم |
| ١٤ | تۆپبارانی ئێران لەسنورەکان | ١ | ٠.٦٩ | نۆیەم |
| | کۆی گشتی | **١٤٦** | **١٠٠** | |

**١٨. پرسە نەتەوەییەکان لە باشوری کوردستان:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسە نەتەوەییەکان لە باشوری کوردستان)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (جەژنەکانی راپەڕین و نەورۆز)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (یادکردنەوەی کارەساتە نەتەوەییەکان) دێت بەپلەی دووەم.

ئەوە دەیسەلمێنێت: کە پرسە نەتەوەییەکان، جێ بایەخن لای پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو، هەربۆیە گرنگی بە پرسە نەتەوەییەکان دراوە بەتایبەتی پرسە نەتەوەییەکانی وەکو جەژنەکانی راپەڕین و نەورۆز. بڕوانە خشتەی (٨٧).

**خشتەی (٨٧) پرسە نەتەوەییەکان لە باشوری کوردستان**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یادکردنەوەی کارەساتە نەتەوەییەکان | ٦ | ١٨.٧٥ | دووەم |
| ٢ | جەژنەکانی راپەڕین و نەورۆز | ٢٦ | ٨١.٢٥ | یەکەم |
| | کۆی گشتی | **٣٢** | **١٠٠** | |

**دووەم: هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە پارچەکانی تری کوردستان:**

**١٩. هەواڵەکانی پەیوەست بە باکوری کوردستان:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (هەواڵەکانی پەیوەست بە باکوری کوردستان)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (گرژییەکانی باکوری کوردستان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (دەستگیرکردنی کەسێتییە سیاسییەکان) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (دەستگیرکردنی کەسێتییە سیاسییەکان) لەپلەی سێیەمدایە، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە روونیدەکاتەوە: کە هەواڵەکانی پەیوەست بەباکوری کوردستان جێی بایەخ و گرنگی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بووە، بەتایبەتی هەواڵەکانی پەیوەست بەگرژییەکانی باکوری کوردستان. بڕوانە خشتەی (٨٨).

**خشتەی (٨٨) هەواڵەکانی پەیوەست بە باکوری کوردستان**

| پلەبەندیی | % | دووبارەبونەوە | پرسی هەواڵ | ژ |
|---|---|---|---|---|
| دووەم | ٢٢.٩٢ | ١١ | دەستگیرکردنی کەسێتییە سیاسییەکان | ١ |
| چوارەم | ١٢.٥ | ٦ | رێگریکردن لە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز | ٢ |
| یەکەم | ٤٣.٧٥ | ٢١ | گرژییەکانی باکوری کوردستان | ٣ |
| پێنجەم | ٤.١٧ | ٢ | ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا | ٤ |
| سێیەم | ١٦.٦٦ | ٨ | کێشەی کورد لە تورکیا | ٥ |
| | **١٠٠** | **٤٨** | کۆی گشتی | |

**٢٠. هەواڵەکانی پەیوەست بە خۆرهەڵاتی کوردستان:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (هەواڵەکانی پەیوەست بە خۆرهەڵاتی کوردستان)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (نەورۆز لەخۆرهەڵات)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (بارودۆخی کۆڵبەران) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (کوردانی خۆرهەڵات) لەپلەی سێیەمدایە، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە بەڵگەی ئەوەیە: کە هەواڵەکەیانی پەیوەست بەخۆرهەڵاتی کوردستان، جێی بایەخ و گرنگیپێدان بوون لای پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو، بەتایبەتی هەواڵەکانی پەیوەست بەجەژنی نەورۆز و بارودۆخی کۆڵبەران لەخۆرهەڵاتی کوردستان. بڕوانە خشتەی (٨٩).

**خشتەی (٨٩) هەواڵەكانی پەیوەست بە خۆرهەڵاتی كوردستان**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەشداریكردنی كوردانی رۆژهەڵات لە هەڵبژاردنەكاندا | ٥ | ١٠ | پێنجەم |
| ٢ | بارودۆخی كۆڵبەران | ١٠ | ٢٠ | دووەم |
| ٣ | چالاكیی جەماوەریی شارەكانی رۆژهەڵات بۆ پشتگیریكردنی باشوری كوردستان | ٢ | ٤ | شەشەم |
| ٤ | دەستگیركردنی چالاكوانانی سیاسیی لە شارە كوردییەكاندا | ٧ | ١٤ | چوارەم |
| ٥ | نەورۆز لەخۆرهەڵات | ١٢ | ٢٤ | یەكەم |
| ٦ | كوردانی خۆرهەڵات | ٨ | ١٦ | سێیەم |
| ٧ | پەرلەمانتارانی كورد لەتاران | ٢ | ٤ | شەشەم |
| ٨ | كوردانی رۆژهەڵات لەناو داعش | ٢ | ٤ | شەشەم |
| ٩ | ستراتیژی ترامپ بەرامبەر ئێران | ٢ | ٤ | شەشەم |
| | كۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ | |

**٢١.هەواڵەكانی پەیوەست بە خۆرئاوای كوردستان:**

ئەنجامەكان ئەوە پیشاندەدەن، كە لەنێو هەواڵە سیاسییەكانی پەیوەست بە (هەواڵەكانی پەیوەست بە خۆرئاوای كوردستان)، لەپێگەی ئەلیكترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (هێرش‌و هەڕەشەكانی توركیا بۆ سەر رۆژئاوای كوردستان)، پلەی یەكەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (كوردانی رۆژئاوا) دێت بەپلەی دووەم، ئینجا هەواڵەكانی تر پلەكانی دیكەیان وەرگرتووە .

ئەوە بەرچاو روونیدەدات، کە هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بەخۆرئاوای کوردستان، فۆکەسی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بوون، بەتایبەتی هێرش و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان. بڕوانە خشتەی (٩٠).

**خشتەی (٩٠) هەواڵەکانی پەیوەست بە خۆرئاوای کوردستان**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆڵی روسیا لەرۆژئاوای کوردستان | ٢ | ٦.٠٦ | سێیەم |
| ٢ | هەڵبژاردن لەرۆژئاوای کوردستان | ٢ | ٦.٠٦ | سێیەم |
| ٣ | بەشداریکردنی کوردانی رۆژئاوا لەئۆپەراسیۆنی رەققە | ٢ | ٦.٠٦ | سێیەم |
| ٤ | پەیوەندیی کوردانی رۆژئاوا و ئەمەریکا | ١ | ٣.٠٣ | چوارەم |
| ٥ | پرسی پرچەککردنی رۆژئاوا | ٢ | ٦.٠٦ | سێیەم |
| ٦ | هێرش و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان | ١٠ | ٣٠.٣١ | یەکەم |
| ٧ | سوپای تورکیا لەرۆژئاوای کوردستان | ١ | ٣.٠٣ | چوارەم |
| ٨ | کوردانی رۆژئاوا | ٧ | ٢١.٢١ | دووەم |
| ٩ | چەکدارانی بیانی لەرۆژئاوا | ٢ | ٦.٠٦ | سێیەم |
| ١٠ | یادی نەورۆز | ٢ | ٦.٠٦ | سێیەم |
| ١١ | شەڕی داعش و کردەوەی تێرۆریستی | ٢ | ٦.٠٦ | سێیەم |
| | کۆی گشتی | **٣٣** | **١٠٠** | |

**سێیەم: هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە رەوەندی کوردیی لە دەرەوە:**

**٢٢. هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بەرەوەندی کوردی لەدەرەوە:**

ئەنجامەکان، روونیدەکەنەوە کە لەچوارچێوەی هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە(رەوەندی کوردی لەدەرەوە)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا هەواڵەکانی پەیوەست بە (فێستیڤاڵەکانی سەربەخۆیی باشوری کوردستان) لەوڵاتانی دەرەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی تایبەت بە (جەژنە نەتەوەییەکان لەتاراوگە) و (بارودۆخی کۆچبەرانی کورد) بەپلەی دووەم هاتوون، دواتر هەواڵی تایبەت بە (زمانی کوردی و خەڵکی بیانی) و ( لایەنگرانی پەکەکە لەئەڵمانیا) بەپلەی سێیەم دێن، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی تر داگیردەکەن .

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ: گرنگیدانی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بە پرسی سەربەخۆیی باشوری کوردستان، لەناو هەواڵەکانی پەیوەست بە رەوەندی کوردی لەدەرەوە، لەو روانگەیەوە بەشێکی زۆری پانتایی هەواڵەکانی رووداو پەیوەست بوون بە فێستیڤاڵەکانی سەربەخۆیی باشوری کوردستان لەوڵاتانی دەرەوە. بڕوانە خشتەی (٩١).

**خشتەی (٩١) ڕەوەندی کوردیی لە دەرەوە**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زمانی کوردی و خەڵکانی بیانی | ٣ | ٨.٥٧ | سێیەم |
| ٢ | کۆنفرانس و کۆنگرەکانی پەیوەست بە پرسی کورد | ١ | ٢.٨٦ | پێنجەم |
| ٣ | جەژنە نەتەوەییەکان لە تاراوگە | ٤ | ١١.٤٣ | دووەم |
| ٤ | بەشداریی کوردانی دەرەوە لە ریفراندۆم و هەڵبژاردنەکاندا | ١ | ٢.٨٦ | پێنجەم |
| ٥ | فێستیڤاڵی سەربەخۆیی کوردستان لە تاراوگە | ١١ | ٣١.٤٣ | یەکەم |
| ٦ | کۆچکردنی کوردان بۆ تاراوگە | ٢ | ٥.٧١ | چوارەم |
| ٧ | بارودۆخی کۆچبەرانی کورد | ٤ | ١١.٤٣ | دووەم |
| ٨ | خوێندکارانی کورد لە تاراوگە | ١ | ٢.٨٦ | پێنجەم |
| ٩ | بەشداریی کورد لە گفتوگۆی جنێڤ | ٢ | ٥.٧١ | چوارەم |
| ١٠ | لایەنگرانی پەکەکە لە ئەڵمانیا | ٣ | ٨.٥٧ | سێیەم |
| ١١ | برێکزت و کوردانی بریتانیا | ١ | ٢.٨٦ | پێنجەم |
| ١٢ | بەشداریکردنی کوردانی تاراوگە لە هەڵبژاردنی ئەو وڵاتانەی لێی نیشتەجێن | ٢ | ٥.٧١ | چوارەم |
| | کۆی گشتی | **٣٥** | **١٠٠** | |

**چوارەم: هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە عیراق:**

**٢٣. پرسی چاکسازیی سیاسیی و کارگێڕیی لە عیراقدا**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی چاکسازیی سیاسیی و کارگێڕیی لە عیراقدا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لە حکومەتدا، و گەندەڵی لەسوپادا)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (خۆپیشاندانەکان دژی گەندەڵی و دوورخستنەوەی بەرپرسان لە پۆستەکانیان) دێت بەپلەی دووەم، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە دەریدەخات: کە پرسی گەندەڵی لەعیراقدا پرسێکی گەرم و گرنگ پێدرا و بووە لای پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو، بەتایبەتی پرسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە حکومەت و سوپادا. بڕوانە خشتەی (٩٢).

**خشتەی (٩٢) پرسی چاکسازیی سیاسیی و کارگێڕیی لەعیراقدا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لە حکومەتدا | ٣ | ٢١.٤٣ | یەکەم |
| ٢ | خۆپیشاندانەکان دژی گەندەڵی | ٢ | ١٤.٢٩ | دووەم |
| ٣ | هەوڵی حزب و رەوتە تائیفییەکان بۆ چاکسازیی | ١ | ٧.١٤ | سێیەم |
| ٤ | دوورخستنەوەی بەرپرسان لە پۆستەکانیان | ٢ | ١٤.٢٩ | دووەم |
| ٥ | نامەرکەزیی کارگێڕیی پارێزگاکان | ١ | ٧.١٤ | سێیەم |
| ٦ | پێداچونەوە بە سیاسەتی نەوت | ١ | ٧.١٤ | سێیەم |
| ٧ | گوشارەکانی کوتلەی سەدر لەسەر عەبادی | ١ | ٧.١٤ | سێیەم |
| ٨ | گەندەڵی لەسوپادا | ٣ | ٢١.٤٣ | یەکەم |
| | کۆی گشتی | ١٤ | ١٠٠ | |

**٢٤. پەیوەندییە دەرەکیەکانی عیراق و وڵاتان:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پەیوەندیی دەرەکیەکانی عیراق و وڵاتان)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ گفتوگۆی هەولێر و بەغداد)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (پەیوەندیی و هاوکاریی سەربازیی عیراق لەگەڵ تورکیا و ئێران) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (پەیوەندییەکانی عیراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و پەیوەندیی عیراق و ئەمەریکا) لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (هێزەکانی هاوپەیمانان لە عیراق) بەپلەی چوارەم و کۆتایی دێت.

ئەوە دەیسەلمێنێت: کە ئاڵۆزبونی پەیوەندییەکان هەرێم و بەغدا رەنگدانەوەی زۆری هەبووەو پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو فۆکەسی زۆری لەسەر بووە، هەربۆیە هەواڵەکانی پەیوەست بە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ گفتوگۆی هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان زۆرترین گرنگی لەرووداودا پێدراوە. بڕوانە خشتەی (٩٣).

**خشتەی (٩٣) پەیوەندیی دەرەکیەکانی عیراق و وڵاتان**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پەیوەندییەکانی عیراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ | ٣ | ١٢ | سێیەم |
| ٢ | هێزەکانی هاوپەیمانان لە عیراق | ١ | ٤ | چوارەم |
| ٣ | پەیوەندیی و هاوکاریی سەربازیی عیراق لەگەڵ تورکیا و ئێران | ٥ | ٢٠ | دووەم |
| ٤ | هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ گفتوگۆی هەولێر و بەغداد | ١٣ | ٥٢ | یەکەم |
| ٥ | پەیوەندیی عیراق و ئەمەریکا | ٣ | ١٢ | سێیەم |
| | کۆی گشتی | **٢٥** | **١٠٠** | |

**٢٥. پرسی هەڵبژاردن لە عیراقدا:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی هەڵبژاردن لە عیراقدا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (هەڵوێستە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر ریفراندۆمی باشوری کوردستان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (هەڵوێستی تورکیا و ئێران لەسەر ریفراندۆم لە کەرکوک و هەڵبژاردنەکانی عیراق) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (ریفراندۆم لە باشوری کوردستانو مەترسی لەسەر یەکپارچەیی عیراق) لەپلەی سێیەمدایە.

ئەوە دەرخەری ئەو راستیەیە: کە پرسی هەڵبژاردن لەعیراقدا گرنگی زۆری پێدراوە و بەلای پێگەی ئەلیکترۆنی رووداوەوە جێی سەرنج و بایەخ پێدان بووە، بەتایبەتی پرسی ریفراندۆمی باشوری کوردستان و هەڵوێستە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەربارەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی (٢٠١٧/٩/٢٥). بڕوانە خشتەی (٩٤).

**خشتەی (٩٤) پرسی هەڵبژاردن لەعیراقدا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ریفراندۆم لە باشوری کوردستان و مەترسی لەسەر یەکپارچەیی عیراق | ٤ | ١٢.١٢ | سێیەم |
| ٢ | هەڵوێستە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر ریفراندۆمی باشوری کوردستان | ١٣ | ٣٩.٤٠ | یەکەم |
| ٣ | هەڵوێستی تورکیا و ئێران لەسەر ریفراندۆم لە کەرکوک | ٨ | ٢٤.٢٤ | دووەم |
| ٤ | هەڵبژاردنەکانی عیراق | ٨ | ٢٤.٢٤ | دووەم |
| | کۆی گشتی | **٣٣** | **١٠٠** | |

### ٢٦. شەڕی تێرۆر و عیراق:

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (شەڕی تێرۆر و عیراق)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (شەڕی داعش)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (هاوکاری هێزی هاوپەیمانان لەبەرەنگاربونەوەی داعش) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (هێرش و کردەوەی تێرۆریستی) لەپلەی سێیەمدایە، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

لێرەوە دەردەکەوێت: کە شەڕی گروپی تێرۆریستی داعش لەعیراق جێی فۆکەسی زۆری پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بووە و گرنگی زۆری پێدراوە، لەناو هەواڵەکانی دیکەی پەیوەست بەشەڕی تێرۆر لەعیراقدا. بڕوانە خشتەی (٩٥).

**خشتەی (٩٥) شەڕی تیرۆر و عیراق**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شەڕی داعش | ١١ | ٤٥.٨٣ | یەکەم |
| ٢ | هاوکاری هێزی هاوپەیمانان لەبەرەنگاربونەوەی داعش | ٤ | ١٦.٦٦ | دووەم |
| ٣ | هاوکاری پێشمەرگە و سوپای عیراق لەبەرەنگاربونەوەی تیرۆر و شەڕی داعش | ١ | ٤.١٧ | پێنجەم |
| ٤ | پڕ چەککردنی هێزە عیراقییەکان بۆ شەڕی تیرۆر | ١ | ٤.١٧ | پێنجەم |
| ٥ | ئۆپەراسیۆنەکانی موسڵ و حەویجە | ١ | ٤.١٧ | پێنجەم |
| ٦ | کۆتایی هاتنی داعش | ١ | ٤.١٧ | پێنجەم |
| ٧ | بنیادنانەوەی عیراق لە دوای جەنگی تیرۆر | ٢ | ٨.٣٣ | چوارەم |
| ٨ | هێرش و کردەوەی تیرۆریستی | ٣ | ١٢.٥ | سێیەم |
| | کۆی گشتی | **٢٤** | **١٠٠** | |

**٢٧. پارتە سیاسییەکان لە عیراقدا:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پارتە سیاسییەکان لە عیراقدا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (دروستبوونی جوڵانەوە و حزبی سیاسیی تازە، و ململانێی حزبە سیاسییەکان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (پەیوەندی حزبە سیاسییەکان) دێت بەپلەی دووەم.

ئەوە ئاشکرایدەکات، کە پارتە سیاسییەکان لە عیراقدا لە گەشەکردنی بەردەوامدا بوونە، ئەوە وایکردووە ببنە جێبایەخی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو، چونکە پارتە سیاسییەکان هەمیشە لەململانێدان لە پرۆسە سیاسییەکاندا، ئەم ململانێ و پەیوەندییەکانی نێوان حزبەکان کاریگەریی زۆر بەجێدەهێڵن لەسەر ژیانی هاووڵاتیان، ئەوە فاکتەرێکی گرنگی بایەخپێدانی هەواڵی پارتە سیاسییەکانە لەلایەن رووداوەوە. بڕوانە خشتەی (٩٦).

**خشتەی (٩٦) پارتەسیاسییەکان لەعیراقدا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستبوونی جوڵانەوە و حزبی سیاسیی تازە | ٢ | ٤٠ | یەکەم |
| ٢ | پەیوەندی حزبە سیاسییەکان | ١ | ٢٠ | دووەم |
| ٣ | ململانێی حزبە سیاسییەکان | ٢ | ٤٠ | یەکەم |
| | کۆی گشتی | ٥ | ١٠٠ | |

**٢٨. کەسێتییە ساسییەکان لە عیراقدا:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (کەسێتییە ساسییەکان لە عیراقدا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (بەیاننامەی کەسێتییە سیاسییەکان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (سەردانی کەسێتییە سیاسییەکان) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (مردنی کەسێتییە سیاسییەکان) لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە .

لێرەدا دەردەکەوێت: کە زانیاریی و هەواڵی کەسێتییە سیاسییەکان جێی فۆکەس و بایەخ بوون لای پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو، بەتایبەتی بەیاننامەی کەسێتییە سیاسییەکان کە بایەخی زۆری پێدراوە و زۆرترین هەواڵ و زانیاری لەوبارەیەوە بڵاوکراونەتەوە. بڕوانە خشتەی (٩٧).

**خشتەی (٩٧) کەسێتییەسیاسییەکان لەعیراقدا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مردنی کەسێتییە سیاسییەکان | ٢ | ١٥.٣٨ | سێیەم |
| ٢ | سەردانی کەسێتییە سیاسییەکان | ٣ | ٢٣.٠٨ | دووەم |
| ٣ | دەستگیرکردنی کەسێتییە سیاسییەکان | ١ | ٧.٦٩ | چوارەم |
| ٤ | تێوەگلانی کەسێتییە سیاسییەکان لە گەندەڵی | ١ | ٧.٦٩ | چوارەم |
| ٥ | تیرۆرکردنی کەسێتییە سیاسییەکان | ١ | ٧.٦٩ | چوارەم |
| ٦ | گۆڕانکاری لەپۆستی کەسێتییە سیاسییەکان | ١ | ٧.٦٩ | چوارەم |
| ٧ | بەیاننامەی کەسێتییە سیاسییەکان | ٤ | ٣٠.٧٨ | یەکەم |
| | کۆی گشتی | ١٣ | ١٠٠ | |

### ٢٩. پرسی مافی مرۆڤ لە عیراقدا:

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی مافی مرۆڤ لە عیراقدا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (رەوشی ئاوارەکان لەکەمپەکاندا، و ئاوارەبوونی دانیشتوانی کەرکوک و خورماتو بەهۆی جەنگەوە )، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، و ئینجا هەواڵەکانی تر پلەی دووەمیان وەرگرتووە.

ئەوە بەڵگەی ئەوەیە: کە پرسەکانی پەیوەست بەمافی مرۆڤ لەعیراق و بەتایبەت پرسەکانی رەوشی ئاوارەکان لەکەمپەکاندا، و ئاوارەبوونی دانیشتوانی کەرکوک و خورماتوو بەهۆی جەنگەوە، پرسی گرنگپێدراو بوون لەلایەن پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو. بڕوانە خشتەی (٩٨).

**خشتەی (٩٨) پرسی مافی مرۆڤ لەعیراقدا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خراپی بارودۆخی کەمپی ئاوارەکان | ١ | ١٢.٥ | دووەم |
| ٢ | گێچەڵی سێکسی لە کەمپی ئاوارەکان | ١ | ١٢.٥ | دووەم |
| ٣ | رەوشی ئاوارەکان لەکەمپەکاندا | ٢ | ٢٥ | یەکەم |
| ٤ | رفاندنی هاووڵاتیانی مەدەنی | ١ | ١٢.٥ | دووەم |
| ٥ | ئاوارەبوونی خەڵکی مەدەنی بەهۆی جەنگەوە | ١ | ١٢.٥ | دووەم |
| ٦ | ئاوارەبوونی دانیشتوانی کەرکوک و خورماتوو بەهۆی جەنگەوە | ٢ | ٢٥ | یەکەم |
| کۆی گشتی | | ٨ | ١٠٠ | |

**٣٠. پرسی ئاین و ئاینزاکان لە عیراقدا:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی ئاین و ئاینزاکان لە عیراقدا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (کەمبونەوەی مەسیحیەکان لەعیراق)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (بۆنە ئاینییەکان، شەڕی مەزهەبی، و داخستنی کەنیسەکان لە عیراق) دێت بەپلەی دووەم.

ئەوە ئاماژەیە: بۆئەوەی کە پرسی ئاین و ئاینزاکان لەعیراق هەمیشە جێ بایەخ بوون و گرنگی زۆریان هەبووە بەلای پێگەی ئەلیکترۆنی رووداوەوە، بەتایبەتی هەواڵەکانی پەیوەست بەکەمبونەوەی مەسیحیەکانی عیراق لەماوەی ساڵانی رابردوودا بەهۆی شەڕە مەزهەبی و تائیفییەکانی عیراقەوە بوونەتە جێی بایەخی زۆری رووداو. بڕوانە خشتەی (٩٩).

**خشتەی (٩٩) پرسی ئاین و ئاینزاکان لەعیراقدا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بۆنە ئاینییەکان | ١ | ٢٥ | دووەم |
| ٢ | کەمبونەوەی مەسیحیەکان لەعیراق | ٢ | ٥٠ | یەکەم |
| ٣ | داخستنی کەنیسەکان لە عیراق | ١ | ٢٥ | دووەم |
| | کۆی گشتی | ٥ | ١٠٠ | |

**٣١. پرسی ئاسایش و جەنگ لە عیراقدا:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی ئاسایش و جەنگ لە عیراقدا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (ناکۆکی و پێکدادانەکانی سوپای عیراق و پێشمەرگە)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (هەڕەشەکانی حەشدی شەعبی، و ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (شەڕی داعش) لەپلەی سێیەمدایە، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە بەڵگەی ئەوەیە: کە پرسی ئاسایش و جەنگ لەعیراقدا جێی سەرنجی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بوون، بەتایبەتی هەواڵەکانی پەیوەست بەناکۆکی و پێکدادانەکانی سوپای عیراق و پێشمەرگە و گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان و عیراق، زۆرترین گرنگیان پێدراوە. بڕوانە خشتەی (١٠٠).

**خشتەی (١٠٠) پرسی ئاسایش و جەنگ لەعیراقدا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کردەوە و هێرشی تێرۆریستی | ٢ | ٣.٩٢ | چوارەم |
| ٢ | هەڕەشەکانی حەشدی شەعبی | ٤ | ٧.٨٥ | دووەم |
| ٣ | ئەنجومەنی ئاسایشی عیراق | ١ | ١.٩٦ | پێنجەم |
| ٤ | ناکۆکی و پێکدادانەکانی سوپای عیراق و پێشمەرگە | ٣١ | ٦٠.٧٨ | یەکەم |
| ٥ | ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ | ٤ | ٧.٨٥ | دووەم |
| ٦ | ئۆپەرسیۆنی ئازادکردنەوەی حەویجە | ٢ | ٣.٩٢ | چوارەم |
| ٧ | شەڕی داعش | ٣ | ٥.٨٨ | سێیەم |
| ٨ | هێزەکانی ناتۆ | ٢ | ٣.٩٢ | چوارەم |
| ٩ | هەژمونی سەربازی ئێران و تورکیا لەعیراق | ٢ | ٣.٩٢ | چوارەم |
| | کۆی گشتی | ٥١ | ١٠٠ | |

**٣٢. پەیوەندیی عیراق و هەرێمی کوردستان:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پەیوەندیی عیراقو هەرێمی کوردستان)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (پەیوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداد)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم، و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەسەر ریفراندۆم) لەپلەی سێیەمدایە، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکوک لەلایەن عیراق) بەپلەی چوارەم دێت، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە دەریدەخات: کە پەیوەندی عیراق و هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو ئاڵۆزییانەی لەساڵی (٢٠١٧) دروست بوون، بەتایبەتی لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی باشوری کوردستان، و کاردانەوەکانی بەغدا زیاتر پەیوەندییەکانی ئاڵۆز کرد، ئەوە بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا گرنگی زۆریان لەلایەن پێگەی ئەلیکترۆنی رووداوەوە پێبدرێت. بڕوانە خشتەی (١٠١).

## خشتەی (١٠١) پەیوەندیی عیراق و هەرێمی کوردستان

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پەیوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداد | ٢٤ | ٢٦.٦٨ | یەکەم |
| ٢ | پرسی فرۆشتن و گرێبەستە نەوتییەکان | ١ | ١.١١ | هەشتەم |
| ٣ | پرسی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان | ٣ | ٣.٣٣ | شەشەم |
| ٤ | هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک | ٢ | ٢.٢٢ | حەوتەم |
| ٥ | بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەسەر ریفراندۆم | ٨ | ٨.٨٩ | سێیەم |
| ٦ | داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم | ١٤ | ١٥.٥٦ | دووەم |
| ٧ | پارێزگاری نوێی کەرکوک | ٤ | ٤.٤٤ | پێنجەم |
| ٨ | داواکارییەکانی هەڵوەشاندنەوەی ریفراندۆم لە عیراق و ناوچەکەدا | ٢ | ٢.٢٢ | حەوتەم |
| ٩ | قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە کەرکوک | ٢ | ٢.٢٢ | حەوتەم |
| ١٠ | هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک | ١٤ | ١٥.٥٦ | دووەم |
| ١١ | کاردانەوەکانی بەغداد لە دوای ریفراندۆم | ٤ | ٤.٤٤ | پێنجەم |
| ١٢ | کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکوک لەلایەن عیراق | ٦ | ٦.٦٧ | چوارەم |
| ١٣ | ماددەی (١٤٠)ی دەستوری عیراق | ٢ | ٢.٢٢ | حەوتەم |
| ١٤ | پێشێلکارییەکانی دەستور لە عیراق | ٢ | ٢.٢٢ | حەوتەم |
| ١٥ | ئەمەریکا و ئایندەی عیراق | ١ | ١.١١ | هەشتەم |
| ١٦ | ئاگربەستی سوپای عیراق و پێشمەرگە | ١ | ١.١١ | هەشتەم |
| | کۆی گشتی | ٩٠ | ١٠٠ | |

**پێنجەم: هەواڵە سیاسییە هەرێمایەتییەکان:**

**٣٣. قەیرانی سوریا:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (قەیرانی سوریا)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (کۆنگرە و کۆبونەوە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەکێشەی سوریا)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (هەژمونی تورکیا و ئێران) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (هێزەکانی روسیا و ئەمەریکا و هاوپەیمانان و تورکیا لەسوریا، و شەڕی رەققە- دیمەشق) لەپلەی سێیەمدان، هەروەها هەواڵی تایبەت بە (تێرۆر و هەواڵەکانی جەنگ) بەپلەی چوارەم دێت، ئینجا هەواڵەکانی تر پلەکانی دیکەیان وەرگرتووە.

ئەوە ئاماژەیە بۆ: گرنگیپێدانی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بە هەواڵە سیاسییە هەرێمایەتییەکان، و لەناویاندا قەیرانی سوریا، و بەتایبەتی کۆنگرە و کۆبونەوە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە کێشەی سوریا، کە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کوردانی خۆرئاوا لە وڵاتی سوریاو کێشەی کورد لەو وڵاتە لەنێوان هەژمونی وڵاتانی زلهێزی ناوچەکەدا. بڕوانە خشتەی (١٠٢).

**خشتەی (١٠٢) قەیرانی سوریا**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆنگرە و کۆبونەوە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەکێشەی سوریا | ١٢ | ٢٢.٦٤ | یەکەم |
| ٢ | هێزەکانی روسیا و ئەمەریکا و هاوپەیمانان و تورکیا لەسوریا | ٧ | ١٣.٢١ | سێیەم |
| ٣ | شەڕی رەققە- دیمەشق | ٧ | ١٣.٢١ | سێیەم |
| ٤ | کۆبونەوەی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن | ٣ | ٥.٦٦ | پێنجەم |
| ٥ | رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لەسەر کێشەی سوریا | ٢ | ٣.٧٧ | شەشەم |
| ٦ | تێرۆر و هەواڵەکانی جەنگ | ٥ | ٩.٤٣ | چوارەم |
| ٧ | پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەگەڵ ئەمەریکا | ٢ | ٣.٧٧ | شەشەم |
| ٨ | هەژمونی تورکیا و ئێران | ١٠ | ١٨.٨٧ | دووەم |
| ٩ | رۆڵی چین | ١ | ١.٨٩ | حەوتەم |
| ١٠ | بۆردومانی سوریا لەلایەن ئیسرائیل | ٣ | ٥.٦٦ | پێنجەم |
| ١١ | دروستکردنی ناوچەی ئارام لەسوریا | ١ | ١.٨٩ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | | **٥٣** | **١٠٠** | |

**٣٤. قەیرانی قەتەر:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (قەیرانی قەتەر)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (قەیرانی ئابوری و سیاسیی قەتەر)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (کاریگەریی ئەمەریکا و وڵاتان لەسەر قەیرانی قەتەر) دێت بەپلەی دووەم، پاشان هەواڵی تایبەت بە (ململانێی ئێران و سعودیە لەسەر قەتەر، و ئابلۆقەی وڵاتانی عەرەبی لەسەر قەتەر) لەپلەی سێیەمدان.

ئەوە ئاماژەیە بۆ: ئەوەی کە کێشە هەرێمایەتییەکان جێی بایەخی زۆری پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بوون بەهۆی کاریگەرییان لەرووی جوگرافی و سیاسیی و ئابورییەوە، بە تایبەت کێشەی قەتەر و هەواڵەکانی پەیوەست بە قەیرانی ئابوری و سیاسیی قەتەر. بڕوانە خشتەی (١٠٣).

**خشتەی (١٠٣) قەیرانی قەتەر**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | قەیرانی ئابوری و سیاسیی قەتەر | ٦ | ٤٦.١٦ | یەکەم |
| ٢ | ململانێی ئێران و سعودیە لەسەر قەتەر | ٢ | ١٥.٣٨ | سێیەم |
| ٣ | ئابلۆقەی وڵاتانی عەرەبی لەسەر قەتەر | ٢ | ١٥.٣٨ | سێیەم |
| ٤ | کاریگەریی ئەمەریکاو وڵاتان لەسەر قەیرانی قەتەر | ٣ | ٢٣.٠٨ | دووەم |
| | کۆی گشتی | **١٣** | **١٠٠** | |

**٣٥. شەڕی تیرۆر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (شەڕی تیرۆر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (حزب الله لە لوبنان)، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (تاڵیبان لە ئەفغانستان، و شەڕ لە یەمەن) دێت بەپلەی دووەمدان، پاشان هەواڵەکانی تر پلەکانی سێیەم و چوارەمیان وەرگرتووە.

ئەوە روونیدەکاتەوە: کە شەڕی تیرۆر بەهۆی نزیکی لەباشوری کوردستان و بەرەنگاربونەوەی چەند ساڵەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر گروپی تیرۆریستی داعش، وایکردووە هەواڵەکانی پەیوەست بەشەڕی تیرۆر لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و بە تایبەتی گروپە تیرۆریستییەکان، جێی گرنگیی و بایەخی زۆری پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو بن. بڕوانە خشتەی (١٠٤).

**خشتەی (١٠٤) شەڕی تێرۆر لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | حزب الله له لوبنان | ٨ | ٣٨.١٠ | یەکەم |
| ٢ | روبەروبونەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و ئێران | ١ | ٤.٧٦ | چوارەم |
| ٣ | تاڵیبان لە ئەفغانستان | ٣ | ١٤.٢٩ | دووەم |
| ٤ | بەرەی نوسره | ١ | ٤.٧٦ | چوارەم |
| ٥ | شەڕی گروپی تێرۆریستی داعش لە عیراق و سوریا | ٢ | ٩.٥٢ | سێیەم |
| ٦ | شەڕ لە یەمەن | ٣ | ١٤.٢٩ | دووەم |
| ٧ | کردەوە و هێرشی تێرۆریستی | ٢ | ٩.٥٢ | سێیەم |
| ٨ | چەکدارە حوسیەکان | ١ | ٤.٧٦ | چوارەم |
| کۆی گشتی | | **٢١** | **١٠٠** | |

**٣٦. پرسی مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:**

ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن، کە لەنێو هەواڵە سیاسییەکانی پەیوەست بە (پرسی مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، لەپێگەی ئەلیکترۆنی (رووداو)دا، هەواڵی تایبەت بە (ئاوارەبوونی خەڵکی مەدەنی بەهۆی جەنگەوە، و رەوشی پەنابەران)، پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، دواتر هەواڵی (پشتیوانی بۆ فەلەستین) دێت بە پلەی دووەمی وەرگرتووە.

ئەوە ئاژەیە بۆ: فۆکەسی پێگەی ئەلیکترۆنی رووداو لەسەر مافی مرۆڤ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی هەواڵەکانی پەیوەست بەئاوارەبوونی هاووڵاتیانی مەدەنی بەهۆی جەنگەوە و رەوشی پەنابەران لەهەمان کاتدا، دوو پرسی جێ بایەخ بوون لای رووداو. بڕوانە  خشتەی (١٠٥).

**خشتەی (١٠٥) پرسی مافی مرۆڤ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست**

| ژ | پرسی هەواڵ | دووبارەبونەوە | % | پلەبەندی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
